زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# وەفایی لەنێوان شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆی سەڵاحەددین - هەولێر وەکو بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای زمانی کوردی لە ئەدەبی کوردی


لە لایەن
**سوزان برایم حمید**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر 2012
ماستەر لە ئەدەبی کوری - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر - 2016


بەسەرپەرشتیاری
**پ. د. ابراهیم احمد شوان**

هەولێر - کوردستان
کانوونی یەکەم 2023

## بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ، کە ئەم تێزی دکتۆرایە ، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە : ( وەفایی لەنێوان شیعری دڵداریی و ئاینی و سۆفیانەدا. )یە ، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە ، جگە لەو جێگایانەی ، کە بەئاشکرا پێشتر لە هیچ شوێنێك بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم ، بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە .

سوزان برایم حمید

2023 / /

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرای زمانی کوردی لە پسپۆری (ئەدەبی کوردی ) من پشتگیری دەکەم و ڕازیم ، کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت .

واژوو:

ناو: **پ . د. ابراهيم احمد شوان**

بەروار:   /   / 2023

پشتگیری دەکەم ، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار ، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ .

واژوو :

ناو : **د. سۆران مامند**

سەرۆکی بەشی کوردی

بەروار :   /   / 2023

پشتگیری دەکەم ، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە ، بۆیە رازیم ، کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ .

بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ

واژوو :

ناو : **پ.ی.د. جیهاد شکری رشید**

بەروار :   /   / 2023

## **بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە**

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە ، ئەو تێزی دکتۆرایەمان ، کە ناونیشانی بریتی بوو لە : ( وەفایی لەنێوان شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا. ) خوێندەوە قوتابیەکەمان ، کە ناوی (سوزان برايم حميد ) بوو ، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە ئێمە بڕیاردەدەین ، کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی دکتۆرای لە پسپۆری ( ئەدەبی کوردی ) تێدایە .

| | |
|---|---|
| واژوو : | واژوو : |
| ناو : | ناو : |
| ئەندام | ئەندام |
| بەروار : | بەروار |
| واژوو : | واژوو |

ناو :                                                    ناو :

ئەندام                                                    ئەندام

بەروار :                                                  بەروار

واژوو :                                                   واژوو :

ناو :                                                     ناو :

ئەندام و سەرپەرشتیار                                      سەرۆکی لێژنە

بەروار :                                                  بەروار :

واژوو :

ناو :

ڕاگری کۆلێژ

بەروار :

**پێشکەشە بە :**

ـ پێشکەشە بە ( دایك و باوکی ) بەڕێز و خۆشەویستم .

ـ پێشکەشە بە هاوسەر و هاوڕێ و هاوکاری ژیانم ( هەڵکەوت ) گیان ، کە پاڵپشتی سەرەکیم بووە لە نوسینی ئەم نامەیە .

ـ پێشکەشە بە جگەر گۆشەکانم : ( بەسۆز و ڕەوا و وەفا ) ، کە لەسەر حیسابی ژیانی ئەوان ئەم نامەیە تەواوکرا .

## سوپاس

ـ سوپاسێکی بێ پایان بۆ مامۆستای گەورەمان زۆر بەڕێز : ( پ. د. ابراهیم احمد شوان ) دەکەم ، کە بە پشوویەکی درێژ سەرپەرشتی ئەم نامەیەی کرد .

ـ سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێ و خزمانە دەکەم ، کە یارمەتیدەر و هاندەرم بوون لە نوسینی ئەم نامەیە .

ـ سوپاسی هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەم ، کە ئەم نامەیە دەخوێننەوە و بەسەرنج و تێبینییەکانیان کەم وکوڕی نامەکە تەواو دەکەن .

ـ سوپاسی سەرۆکایەتی بەشی کوردی و ڕاگرایەتی کۆلێژی زمان و مامۆستایانی خوێندنی باڵا دەکەین ، کە ئەو ماوەیە لەگەڵم ماندووبوون .

## پوختەی نامەکە

ناونیشانی نامەکە : " وەفایی لە نێوان شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدایە " لێکۆڵینەوەکە لە ڕێگەی ئەم ناونیشانەوە دەیەوێت ئەم مەبەستانەی شیعر لای وەفایی دەست نیشان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە ، نامەکە دابەشی سەر پێنج بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کراوە لە بەشی "یەکەم "دا هەندێ لایەنی تیۆری پەیوەست بە بابەتی نامەکە باسکراوە لەوانە : باسی ژیانی وەفایی و چەمك و پێناسەی شیعر و پەیوەندی شیعر بە دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە و پێناسەی دڵداریی و شیعری دڵداریی لە ئەدەبی کوردیدا پاشان باسمان لە : پێناسە و سەرهەڵدانی ئایین و ڕەنگدانەوەی ئایین لە ئەدەبی کوردی و چەند پێناسەیەکی سۆفیگەری و سەرهەڵدانی سۆفیگەری و ڕێبازەکانی سۆفیگەری لەکوردستان و ڕەنگدانەوەی سۆفیگەری لای شاعیرانی کورددا کردووە .

لە بەشی "دووەمدا "باسمان لە گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعر لای وەفایی کردووە دواتر بە پێی تایبەتمەندیی شیعری دڵداریی لای وەفایی باسی جۆرەکانی شیعری دڵدارییمان لای وەفاییدا کردووە . بەشی "سێیەمان " تایبەت کردووە بە شیعرە ئایینییەکانی وەفایی . بەشی" چوارەمی " لێکۆڵینەوەکەش تایبەت کراوە بە شیعرە سۆفیانەکانی وەفایی . بەشی " پێنجەمی " لێکۆڵینەوەکەش تایبەت کراوە : بە هەر سێ بابەتی لێکۆڵینەوەکە ؛ دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە واتە : لەم بەشەدا : لایەنی لێکچوون و جیاوازیی هەر سێکیان خراوەتەڕوو . لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەش گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا ؛ وەفایی سۆفی بووە و شیعری ئاینی و سۆفیگەریشی هەیە ، بەڵام ژمارەی شیعرە دڵدارییەکانی زیاترە لە سۆفییانەکانی ، بە حوکمی ئەوەی شیعرە سۆفییانەکانیشی بە شێوازی دڵداری داڕشتووە .


وشە کلیل : وەفایی . شیعر . دڵداری . ئاین . سۆفیگەری .

## ناوەڕۆك

| ناونیشان | لاپەڕە |
| --- | --- |

| | |
|---|---|
| بەڵێننامە | II |
| پشتگیری ڕەزامەندی سەرپەشتیار | III |
| بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە | IV |
| پێشکەشە بە | V |
| سوپاس | VI |
| پوختەی نامەکە | VII |
| ناوەڕۆك | VIII |
| پێشەکی | 6-1 |
| **بەشی یەکەم : شیکردنەوەی واتاکانی شیعر و دڵداری و ئاین و سۆفیگەری .** | **50-7** |
| تەوەری یەکەم : | 7 |
| ا- ژیانی وەفایی | 7 |
| 2 - چەمك و پێناسەی شیعر | 8 |
| 3 - پەیوەندیی شیعر بە دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە | 10 |
| 4 - 1 - چەمك و پێناسەی دڵداریی | 13 |
| 4- 2- شیعری دڵداریی لە ئەدەبی کوردیدا | 14 |
| 4 - 3 - مێژووی دڵداری لە خۆئاوا | 18 |
| 5 - پێوەندی نێوان دڵداریی و ئایین و سۆفیگەری | 21 |
| تەوەرەی دووەم : | |
| 1 - پێناسەی ئاین | 22 |
| 2 - کورتەیەك لەسەرهەڵدانی ئایین ، | 23 |
| 3 - پەیوەندیی نێوان ئایینی ئیسلام و ئەدەب | 24 |
| 4- کاریگەریی ئایین لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا | 25 |
| تەوەرەی سێیەم : | |
| 1 - 1 وشەی سۆفی لە چییەوە هاتووە ؟ | 28 |
| 1- 1 - زاراوەی سۆفی | 29 |
| 1- 2 - پێناسەی سۆفیگەری | 30 |
| 2 - سۆفیگەری بۆ ؟ سۆفیگەری لەنێوان شانازی و قبوڵ نەکردندا | 32 |
| 3- سەرهەڵدانی سۆفیگەری لەکوردستاندا | 36 |
| 4 - جۆرەکانی سۆفیگەری | 38 |
| 5 - ڕێبازەکانی سۆفیگەری لەکوردستاندا : | 40 |
| أ - تەریقەتەکانی کوردی شیعە : | 40 |
| ب - تەریقەتەکانی کوردی سوننە : | 40 |
| 1 - تەریقەتی قادری | 40 |
| 2- تەریقەتی نەقشبەندی | 42 |
| 2- 1- چەمك و وشەی نەقشبەندی : | 42 |
| 2- 2 - پێناسەی تەریقەتی نەقشبەندی : | 43 |

| | |
|---|---|
| 44 | 2- 3- مێژووی بڵاو بوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی |
| 45 | 2- 4 ـ تایبەتمەندیی ڕێبازی نەقشبەندی |
| 46 | 2 ـ 5 ـ مەولانا نەقشبەندی کێیە ؟ |
| 48 | 6 ـ جیاوازیی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی |
| 49 | 6- ئەدەبی سۆفیگەری چییە ؟ |
| 50 | 8 ـ کاریگەریی سۆفیگەری لەسەر شاعیرانی کۆنی کورددا |
| **92-51** | **بەشی دووەم : تایبەتمەندی و جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی** |
| 51 | یەکەم : گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی شیعر لای وەفایی |
| 51 | أ ـ ڕەنگدانەوەی بابەتی سروشت و شیعر و جوانی و خۆشەویستی : |
| 51 | 1 ـ پەیوەندی نێوان سروشت و جوانی |
| 53 | 2 ـ پەیوەندی نێوان جوانی ئافرەت و شیعر |
| 55 | 3 ـ پەیوەندی نێوان شیعر و عەشق |
| 58 | 4 ـ پەیوەندی نێوان عەشق و جوانی |
| 62 | ب ـ ئازار و دابڕان |
| 64 | ج ـ خەون و خەیاڵ و ئەندێشە |
| 66 | د ـ ڕەشبینی و غەمخواردن |
| 68 | دووم : جۆرەکانی شیعری دڵداریی لە شیعرەکانی وەفاییدا |
| 68 | أ ـ شیعری دڵداریی لای وەفایی : |
| 68 | وەفایی لەنێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا |
| 71 | وەفایی لەنێوان عەشقی مەجازی و حەقیقیدا |
| 73 | ب ـ جۆرەکانی شیعری دڵداریی لای وەفایی |
| 73 | 1 ـ شیعری دڵداریی جەستەیی : |
| 74 | أ ـ شیعری دڵداریی جەستەیی نیمچە کراوە |
| 75 | ب ـ شیعری دڵداریی جەستەیی کراوە |
| 77 | 2 ـ شیعری دڵداریی مەجازی : |
| 77 | 1 ـ شیعری دڵداریی بە پێی دوڵبەر |
| 77 | أ ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر(کچ) |
| 79 | ب ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر (پێغەمبەر ) |
| 80 | ج ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر (شێخ) |
| 82 | ـ شیعری دڵداریی هەستی (عوزری) : |
| 83 | أ ـ شیعری دڵداریی کچ وشێخ |
| 85 | ب ـ شیعری دڵداریی شێخ و پێغەمبەر |
| 88 | ج ـ شیعری دڵداریی کچ و پێغەمبەر |
| 90 | 3 ـ شیعری دڵداریی حەقیقی |
| **110-93** | **بەشی سێیەم : شیعری ئاینی لای وەفایی** |
| 93 | یەکەم : شیعری ئاینیی چییە ؟ |

| | |
|---|---|
| 94 | شیعری ئایینی لە ئەدەبیاتی کوردیدا |
| 95 | دووەم : ڕەنگدانەوەی شیعری ئایینی لەشیعرەکانی وەفاییدا |
| 96 | 1 ـ ستایش و پاڕانەوە |
| 104 | 2 ـ تیلنیشان(التلميح ) : |
| 105 | أ ـ ئایەت و فەرموودە |
| 107 | ب ـ بەسەرهاتی پێغەمبەران |
| **188-111** | **بەشی چوارەم : شیعری سۆفیگەری لای وەفایی** |
| 111 | یەکەم : وەفایی و رابەر و ڕێبازی سۆفیانە |
| 113 | ڕێوڕەسم و ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستان |
| 114 | پەیوەندی وەفایی بە رابەرەوە |
| 128 | دووەم : شیکردنەوەی چەمکی نەفس و دونیا |
| 130 | سەرەتاکانی سۆفیگەری لای وەفایی : |
| 130 | وەفایی و دەرکەوتنی عەشقی حەقیقی |
| 131 | وەفایی و دونیا پەرستی |
| 131 | وەفایی و دڵ وابەستەبوون بە یار 140 |
| 132 | وەفایی و گلەییکردن لە نەفسی خۆی |
| 133 | وەفایی و بوونە ئەهلی بەهەشت |
| 134 | وەفایی و وازهێنان لە مەدرەسە و چوونە ناو سۆفیگەری |
| 135 | وەفایی و وازهێنان لە مادەپەرستی |
| 136 | سێیەم : وشە و زاراوەی سۆفیگەری لای وەفایی . |
| 148 | چەمك و پێناسەی مەقام |
| 149 | چەمك و پێناسەی زاراوەکانی مەقام |
| 149 | 1- تۆبە |
| 149 | 2 ـ مەقامی زوهد |
| 150 | 3 ـ مەقامی فەقر |
| 150 | 4 ـ مەقامی سەبر |
| 151 | 5 ـ مەقامی ڕەزا |
| 152 | 6 ـ مەقامی شوکر |
| 152 | 7 ـ مەقامی خەوف و ڕەجا |
| 153 | 8 ـ مەقامی بەقا و فەنا |
| 153 | 9 ـ مەقامی تەجەڕوود |
| 154 | 1 ـ چەمک و پێناسەی حاڵ |
| 155 | 2 ـ چەمك و پێناسەی زاراوەکانی حاڵ |
| 155 | 1 ـ حاڵی قورب |
| 155 | 2- حاڵی وەجد و جەزبە |
| 155 | 3 ـ حاڵی جەمال و کەمال |

| | |
|---|---|
| 4 ـ حاڵی شەوق | 156 |
| 5 ـ حاڵی مەحەببەت | 156 |
| زاراوەی مەقامەکان لە شیعرەکانی وەفاییدا | 157 |
| زاراوەی حاڵەکان لە شیعرەکانی وەفاییدا | 163 |
| چوارەم : وەفایی و چەند بابەتێکی سۆفیگەری : | 166 |
| أ ـ وەفایی و عەشقی پەروانە | 166 |
| ب ـ وەفایی و خۆزگە خواردن بە مردن | 167 |
| ج ـ وەفایی و ڕەخنەگرتن لە زاهید | 168 |
| د ـ وەفایی و لاسایکردنەوەی رابیعەی عەدەوییە . | 169 |
| هـ ـ وەفایی و زوننار بەستن | 172 |
| و ـ وەفایی و لادانی پەردە ( حیجاب ) | 174 |
| ی ـ وەفایی و ڕێگەی عاشقان | 175 |
| پێنجەم : وەفایی لەنێوان سۆفیگەریی سوننی و فەلسەفیدا . | 179 |
| وەفایی و ڕێبازە سۆفیگەرییە فەلسەفییەکان : | 180 |
| یەکێتی بوون | 180 |
| یەکبوون | 182 |
| یەکێتی ئایینەکان | 184 |
| تیۆری مرۆڤی تەواو (کامل ) | 186 |
| راستی موحەمەدی | 187 |
| **بەشی پێنجەم : لێکچوون و جیاوازی شیعری دڵداری و ئاینی و سۆفییانە .** | **240-189** |
| تەوەرەی یەکەم : لایەنی لێکچوونیان بەنموونەی شیعری : | 189 |
| 1 ـ لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە | 189 |
| 2 ـ لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی | 203 |
| 3 ـ لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و سۆفیانە | 208 |
| 3 ـ لایەنی لێکچوونی شیعری ئایینی و سۆفیانە | 215 |
| تەوەرەی دووەم : لایەنی جیاوازییان بەنموونەی شیعری: | 221 |
| 1 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە | 222 |
| 2 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی | 226 |
| 3 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری ئایینی و سۆفیانە | 229 |
| 4 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و سۆفیانە | 234 |
| ئەنجام | 241 |
| لیستی سەرچاوەکان | R242 |
| پاشکۆ | A251-A250 |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | A |

# پێشەکی

## پێشەکی : -

### (0 / 1) ناونیشانی نامەکە

ناونیشانی نامەکە ؛ ( وەفایی لە نێوان شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا. ) یە ، وەفایی بە پێی سەردەم و تایبەتمەندییە ئەدەبییەکانی بە یەکێك لە شاعیرانی شیعری کلاسك دادەنرێت ، کە کەسایەتییەکی هونەری و ئەدەبی هەبووە و لەهەمان کاتیشدا کەسێکی خاوەن تەریقەت بووە و لە دەقی شیعرەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە و کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆن و بەرامەیەکی سۆفیانە و دڵدارییانەیان لێدێت ، بەکارهێنانی ناوی وەفایی هەر خۆی مەبەستێکی سۆفیانەی لە پشتەوە بووە ، یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعر لای وەفایی لە بەکارهێنانی زاراوەی سۆفیگەری سروشت و دڵداریی تێکەڵکردووە .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە هەر سێ ڕەهەندی شیعری لای وەفایی کراوە ، لە شیعری دڵداریی باس لە جۆرەکان و تایبەتمەندیی شیعری دڵداریی لای وەفایی کراوە ، شیعری دڵداریی مەجازی و حەقیقی و جەستەیی دەست نیشان کراوە ، گرنگی بە شیعرە ئایینییەکانیشی دراوە ، پاشان شیعرە سۆفیانەکانی خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ، دیارە هەڵبژاردنی ئەم سێ بابەتەش بەیەکەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە هەر سێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە ، شیعری دڵداریی و سۆفیانە نزیکایەتی و پەیوەندییەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە و شیعری ئاینی و سۆفیانەش بەهەمان شێوە ، واتە : شیعری دڵداریی و ئاینی بنەمان بۆ شیعری سۆفیانە ، بۆیە نەمان ویستووە هیچ یەك لەم بابەتە شیعرییانە فەرامۆش بکەین لە ژێر یەك ناونیشان لەم بابەتەمان کۆڵیوەتەوە .

### (0 / 2)هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

ئەوەندەی ئێمە ئاگەداربین ئەم بابەتە لەسەری نەنوسراوە و وەفایی لەرووی لێکۆڵینەوە کەمی بەرکەوتووە و شایەنی ئەوەیە : کە لەو لایەنانەوە لەشیعرە کوردییەکانی بکۆڵدرێتەوە ، ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەوە شیعرەکانی وەفایی بە شیعری دڵداریی ناسراون ، ئەگەرچی شیعری ئاینی و سۆفیانەشی هەیە ، ئینجا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ئەم بابەتە شەنوکەو بکەین ، ئەم ناونیشانەی : " وەفایی لە نێوان شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا . " بوو بە ناونیشانی ئەم نامەی دکتۆرایە .

دیارە باس کردن لە بابەتەکانی شیعری ئاینی و دڵداری و سۆفییانە کاری زۆری لە ئەدەبی کوردیدا لەسەر کراوە ، چونکە لەوەتەی ئەدەبی کوردی هەیە ئەم جۆرانەی شیعریش هەیە و سەرنجی لێکۆڵەرانی ئەم بوارەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و بۆتە هۆی لە دایك بوون و نوسینی چەندین کتێب و توێژینەوە و نامەی ئەکادیمی بە بەڵگەی ئەوەی ئێمە لەم تێزەدا سوودمان لە چەندین سەرچاوە وەرگرتووە و بەکارمان هێناوە ، واتە : خودی بابەتەکە بابەتێکی نوێ نییە و بەڵام پراکتیزەکردنی ئەم جۆرانەی شیعر لە شیعرەکانی وەفاییدا شتێکی نوێ و دەگمەنە ، چونکە وەفایی لە لایەنی کێش و مۆسیقا و لایەنی ڕەوانبێژی شیعرەکانی زیاتر ئیشی لەسەر کراوە ، بۆیە

ئیشکردن لە شیعرە دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەکانی بەتایبەتی تریش هەرسێکییان پێکەوە کارێکی نوێیە و ناونیشانێکی نوێیە لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا .

**(0 / 3)ئامانجی نامەکە**

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوەیە : شیعرە دڵداریی و ئاینی و سۆفیانەکانی وەفایی بناسرێن و لە هەمان کاتیشدا هەریەکە لەم مەبەستە شیعریانە لەیەکتری جیابکرێنەوە ، چونکە جۆرە تێکەڵییەك لەنێوانیان بەدی دەکرێت ، لەهەمان کاتیشدا ئەوە ساغ بکاتەوە ، ئایە شیعرەکانی وەفایی سۆفیانەن یان تام و بۆی دڵداریی و عەشقی مەجازی دەدات ؟ واتە ؛ دەست نیشانکردنی ڕێچکەی ڕاستەقینەی وەفایی لە بواری شیعر نووسیندا و یەکلاکردنەوەی جۆر و ئەرك و پەیامی دەقەکانی .

**(0 / 4 ) سنووری نامەکە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا تایبەتە بەشیعرە کوردییەکانی وەفایی بە دەر لە شیعرە فارسییەکانی شاعیر ، کە ئەویش لە ڕوانگەی هەر سێ مەبەستی شیعری دڵداریی و ئاینی و سۆفییانەدا شیکردنەوەیان بۆ کراوە ، بۆ ئەمەش دیوانی وەفایی ، موحەمەد عەلی قەرەداغیمان بەکارهێناوە ، کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی موحەمەد سەعید نەجاری ( ئاسۆیە ) چاپی سێیەم .

**(0 / 5 ) ڕێبازی نامەکە**

لە لێکۆڵینەوەکەدا ؛ ڕێبازی وەسفی و بە پێی پێویستیش ڕێبازی شیکاری بەکارهاتووە .

**(0 / 7 ) گرنگی نامەکە**

لێکۆڵینەوەکە چەند گرنگییەکی هەیە لەوانە :

ـ بە شێوەیەکی ورد و زانستییانە باسی بابەتی سۆفیگەری و گرنگی سۆفیگەری دەکات .

ـ جۆرەکانی شیعری دڵداریی لای وەفایی دیاری دەکات

ـ باسی شیعری ئاینی و سۆفیانە لای وەفایی دەکات و لە ڕێگەی شیعرەکانەوە بابەتی سۆفیانە لای وەفایی دەخاتەڕوو .

ـ خاڵی لێکچوون و جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە لە شیعرەکانی وەفاییدا دەستنیشان دەکات .

## (0 / 6 ) بەشەکانی نامەکە

نامەکە لە ( پێنج ) بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێك هاتووە ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

بەشی یەکەممان تایبەت کردووە بە چەند بابەتێکی تیۆری بۆ ئەوەی ڕێگا خۆشکەربێت بۆ چوونە ناو بابەتی پراکتیکی شیکردنەوەی شیعرەکان ، بەشەکەمان دابەشی سەر سێ تەوەرەی سەرەکی کردووە ، لە تەوەرەی یەکەمدا ؛ باس لە : چەمك و پێناسەی شیعر کراوە و پاشان باسمان لە بابەتی دڵداریی و ڕۆمانسیزم و بنەماکانی ڕۆمانسیزم کردووە ، مێژووی ڕاستەقینەی ڕۆمانسیزممان دەست نیشان کردووە ، پاشان باسمان لەپەیوەندیی نێوان دڵداریی و ئایین و سۆفیگەری کردووە ، کە چی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ئەمەش دەبێتە وەڵامی ئەو پرسیارەی ، کە بۆچی ئەم سێ بابەتە بەیەکەوە باسکراون و بوونەتە ناونیشانی نامەیەکی ئەکادیمی .

تەوەرەی دووەممان تەرخان کردووە : بۆ بابەتی ئایین و سەرهەڵدانی ئایین وپەیوەندی نێوان ئاینی ئیسلام و ئەدەب و کاریگەریی ئاینی ئیسلام لەسەر شاعیرانی کلاسیکدا و ڕەنگدانەوەی لە شیعرەکاندا ، ئەمەش بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە پیشان بدەین ، کە وەفایی یەکەم کەس نەبووە شیعری ئایینی نووسیوە ، بەڵکو پێش ئەویش ئەو جۆرەی شیعر هەبووە ، ئەمیش لاسایی پێش خۆی کردۆتەوە .

تەوەرەی (سێیەممان ) تەرخان کردووە ، بۆ باسکردن لە بابەتی سۆفیگەری ، لە ڕووەکانی : چەمك و زاراوەی سۆفیگەری و پێناسەی سۆفیگەری . پاشان باسمان لە بابەتێکی هەستیاری وەك : سۆفیگەری بۆ ؟ سۆفیگەری لەنێوان شانازی و قبووڵ نەکردندا کردووە هۆکاری باسکردنی ئەو بابەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ، کە لە ئێستادا دوو بۆچوونی دژ بەیەك هەنە ، هەندێك سۆفیگەری بە گرنگ و پێویستی دەزانن و هەندێکی دی دژی دەوەستنەوە ، ئینجا ئێمە بە پشت بەست و بەسەرچاوە و زانیارییەکان توانیومانە ئەم بابەتە بورووژێنین و بەشێوەیەکی بێلایەنانە باسی لێوبکەین و ڕاستییەکان بخەینەڕوو . پاشان باسمان لە : سەرهەڵدانی سۆفیگەری و ڕێبازەکانی و جۆرەکانی سۆفیگەری کردووە و ئینجا باسمان لە : ڕێبازەکانی قادری و نەقشبەندی کردووە ، باسی جیاوازیینێوان هەردوو ڕێبازەکەمان کردووە و پاشان هۆکاری دژایەتی نێوانیانمان باس کردووە .. ئینجا باسمان لە کاریگەریی سۆفیگەری لەسەر شاعیرانی کۆنی کورددا کردووە .

بەشی دووەممان دابەشی سەر دوو تەوەرەی سەرەکی کردووە ، لە تەوەرەی یەکەمدا باسمان لە : گرنگدیین بنەما و خاسیەتەکانی ڕۆمانسی لە شیعری وەفاییدا ، باسمان لە بابەتی سروشت و شیعر و جوانی و خۆشەویستی کردووە ، کە ئەمانە تەوەرەیەکی گرنگی شیعرە دڵدارییەکانی وەفایی پێکدەهێنن و تێکەڵ بەیەك بوونە ، بە حوکمی ئەوەی شیعر و عەشق بەیەکەوە دێنن و مەسەلەی عەشقیش پەیوەستە بە جوانییەوە ئەمە لە لایەك لە لایەکی دییشەوە تێکەڵکردنی بابەتی سروشت و خۆشەویستی یەکێکی دیە لە تایبەتمەندییەکانی شیعر لای وەفایی پاشان باسمان لە شەش بنەمای دیی شیعری ڕۆمانسی لای وەفایی کردووە ئەوانیش بابەتی : ئازار و دابڕان ، خەون و خەیاڵ ، ڕەشبینی و غەمخواردن ، هێمنی ، گۆشەگیری و خود تاکایەتی .

له تەوەرەی دووەمیشدا باسمان له : جۆرەکانی شیعری دڵداریی له شیعرەکانی وەفاییدا کردووه ، پێش ئەوەی جۆرەکانی شیعری دڵداریی باس بکەین ، باسمان له : وەفایی له نێوان حەزلێکردن و خۆشەویستیدا و وەفایی له نێوان خۆشەویستی و ئیرۆتیکدا و وەفایی لەنێوان خۆشەویستی مەجازی و حەقیقیدا کردووه ، پاشان جۆرەکانی شیعری دڵداریی جەستەییمان بۆ شیعری دڵداریی جەستەیی نیمچەکراوه و کراوه و ئیرۆتیك دابەشکردووه . پاشان شیعری دڵداریی مەجازی باسکراوه ، ئەویش به پێی دوڵبەر دابەشکراوه بۆ شیعری دڵداریی دولبەر کچ و پێغەمبەر ( د.خ ) و شێخ ، پاشان باسمان له شیعری دڵداریی هەستی ( عوزری کردووه ) ئەوانیش دابەشی سەر شیعری دڵداریی ـ شێخ و پێغەمبەر و ـ کچ و پێغەمبەر و باسکراوه ، له کۆتاییشدا باسی شیعری حەقیقیمان کردووه .

بەشی سێیەممان دابەشی سەر " دوو " تەوەر کردووه ، لەتەوەرەی یەکەمدا باسمان له : چییەتی شیعری ئایینی کردووه ، پاشان باسمان له شیعری ئایینی له ئەدەبیاتی کوردیدا کردووه ، له تەوەرەی دووەمیشدا باسمان له : ڕەنگدانەوەی شیعری ئایینی لەشیعرەکانی وەفاییدا کردووه .

له بەشی چوارەمدا باس له لایەنەکانی سۆفیگەری له شیعرەکانی وەفاییدا کراوه و دابەشی سەر ( پێنج ) تەوەر کراوه ، له تەوەرەی یەکەمدا باسمان له : پەیوەندی وەفایی به رابەر و ڕێبازی سۆفیانه کردووه ، له تەوەرەی دووەمدا : سەرەتاکانی سۆفیگەریمان له شیعرەکانی وەفایی دەستنیشان کردووه ، له تەوەرەی سێیەمیشدا باسمان له : وشه و زاراوەی سۆفیگەری کردووه ، له نێویشیاندا زاراوەی حاڵ و مەقامەکانمان له شیعرەکانی وەفاییدا دەستنیشان کردووه ، له تەوەرەی چوارەمیشدا باسمان له : چەند بابەتێکی سۆفیگەری کردووه ، له تەوەرەی پێنجەمیشدا باسمان له : وەفایی له نێوان سۆفیگەریی سوننی و فەلسەفیدا کردووه ، لایەنی سۆفیگەری فەلسەفیمان له شیعرەکاندا دەست نیشان کردووه وەکو : یەکێتی بوون ، که وەفایی بەرەو ئەو لایەن چووه .

باسمان له یەکبوون کردووه ، که وەفایی باس له یەکبوونی خۆی و دوڵبەر دەکات ، پاشان باسمان له یەکێتی ئاینییەکان کردووه ، که وەفایی باسی دەیر و کڵێسا و زوننار بەستنی مەسیحییانی کردووه ، وەفایی بەرەو تیۆریمرۆڤی تەواو چووه و پێی وابووه : پێغەمبەر ( د. خ ) له هەموو کەسێك کامڵ دی بووه ، ئینجا باسمان له راستی موحەمەدی لای وەفایی کردووه ، که وەفایی پێی وابووه خودا دونیای لەبەر پێغەمبەر (د.خ ) دروست کردووه .

بەشی پێنجەممان تەرخانکردووه بۆ هەڵسەگاندنی شیعره کوردییەکانی وەفایی له هەر سێ بواری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا ، دابەشی سەر دوو تەوەرەی سەرەکی کراوه ، له تەوەرەی یەکەمدا باسمان له : لایەنی لێکچوونیان به نموونەی شیعری کردووه ، له ڕووەکانی : لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا ، لەسەرەتادا لایەنی لێکچوونی هەر سێکیانمان خستۆتەڕوو ، پاشان باسمان له لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی کردووه ، پاشان باسی لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و سۆفیانه و دوادییش ئاینی و سۆفیانه کراوه .

له تەوەرەی دووەمیشدا باسمان له : لایەنی جیاوازییان بەنموونەی شیعری کردووه ، لەسەرەتادا باسمان له : لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانه بەیەکەوه کردووه ، دوادی باسمان له جیاوازیی شیعری ـ دڵداریی و ئایینی ـ ئایینی و سۆفیانه ـ دڵداریی و سۆفیانه کردووه .

له کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی ، کە لەمیانەی هەوڵەکاندا پێیگەیشتوین لە چەند خاڵێکدا کۆکراوەتەوە و خراوەتەڕوو . ئەو سەرچاوانەشی ، کە لە لێکۆڵینەوەکەدا سوودمان لێ وەرگرتوون لە کۆتایدا بە پێی ئەلفبێ لە لیستی سەرچاوەکان خراوەنەتەڕوو و پاشان کورتەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی خراوەتەڕوو .

## بەشی یەکەم : شیکردنەوەی واتاکانی شیعر و دڵداری و ئاین و سۆفیگەری .

**ژیانی  وەفایی**

**چەمك و پێناسەی شیعر**

**چەمك و پێناسەی دڵداری**

**چەمك و پێناسەی ئاین**

**چەمك و پێناسەی سۆفیگەری :**

## بەشی یەکەم : شیکردنەوەی واتاکانی شیعر و دڵداری و ئاین و سۆفیگەری

### تەوەرەی یەکەم :

### 1 - ژیانی وەفایی

ناوی مەلا عەبدوڕەحیمە و کوڕی مەلا غەفووری کوڕی مەلا نەسڕوڵڵایە ، لە ساڵی 1844ی زاینی ڕێکەوتی 1260 ی کۆچی مانگی لەشاری سابڵاغ بۆ لەدایکبوونی بەڕاست دەزانن ، هەر لەو شارەشدا خوێندنی بە پایان گەیاندووە ، پیری نەهری - شێخ عوبەیدوڵڵای غەریب - عاشقی شیعرەکانی بووە و وەفایی بانگ کردووە بۆ لای خۆی ئەویش چووە بۆ ئەوێ و بووەتە هاوڕازی شێخ و نووسەری تایبەتی ئەو واتا : وەفایی مورید و مەنسوبی تەریقەتی نەقشبەندی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە ئامێزی خانەقا و شێخانی شەمزینی بەسەربردووە ،[1] وەفایی دووجار دیدەنی ماڵی خوای کردووە و جاری سێیەم هاتۆتە سولەیمانی لەتەك شێخ سەعیدی حەفید و سەیید ئەحمەدی خانەقا و حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد بۆماڵی خوا ڕێکەوتووە و ساڵی 1320 ی کۆچی بەرامبەر بە 1902ی زاینی لە چۆڵی شامدا کۆچی دوایی کردووە و هاوڕێکانی لەو دەشتە ناشتوویانە .[2]

وەفایی پاش ئەوەی پەیوەندی بە شێخی نەهرییەوە دەکات ، ئیتر قۆناغێکی تری ژیانی دەست پێدەکات ، چونکە بەرەو جیهانی سۆفیگەری هەنگاودەنێت و دەچێتە ناو تەریقەتی نەقشبەندی و دەبێت بە سۆفی ، بێگومان ئەم وەچەرخانەش لە ژیانی وەفایی دەبێتە هۆی وەچەرخان لە شیعرەکانی وەفاییدا ، بە حوکمی ئەوەی شیعرەکانیشی بەرەو ئەو ئاڕاستەیە دەچن ، بۆیە شاعیر بەشێکی زۆری دیوانەکەی بۆ خۆشەویستی شێخ و پێغەمبەر و خوا تەرخان دەکات .

ئەوەی وەفایی جیادەکاتەوە لە شاعیرانی تر ئەوەیە ، کە وەفایی کتێبێکی داناوە بە ناوی ( تحفه المریدین ) ،کە وەفایی بیرەوەرییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردووە و باسی مێژووی بنەماڵەی نەهری دەکات ، ئاماژە بەوە دەکات کە چڵەکێشی کردووە و پەیوەندییەکی بەتینی بە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ عەبدوالقادری کوڕییەوە هەبووە تەنانەت شێخ عوبەیدوڵڵا هەر بە میرزا ناوی بردووە تەنیا لە یەك جێگەدا بە وەفایی ناوی بردووە ، ئەویش ئەو کاتە بووە ، کە وەفایی بە ڕەنجاوی مۆڵەت لە شێخ دەخوازێ و بۆ سابڵاخ دەگەڕێتەوە ، لە سابڵاخەوە شیعرێك بۆ شێخ دەنووسی ، کە ئەمە سەرەتاکەیەتی :

ندانم با وفـــــــــاداران جفــــــکاری چـــرا کردی ؟

چەنیکی از جفا دیدی ، کە بر جای وفا کردی

[1] دەشتی، عوسمان ، دیوانی وەفایی ، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ، 2011 ، ل 84.

[2] وەفایی ،دیوان ، لە ڕووی نوسخەکەی موحەمەد عەلی قەرەداغی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی موحەمەد سەعید نەجاری ئاسۆ ، چاپی سێیەم ، بڵاوکراوەی کوردستان ، 1395 ، ل 8 .

واته :

نازانـــم بۆچـــی لـــــەگەڵ وەفــــاداران ، جــــەفات نوانـد ؟

چ چاكەیەكت لە جەفا دیوە ، كە لە جیاتی وەفا دەیكەیت ؟

شێخیش وەڵامێكی بۆ دەنێرێتەوە ، كە سەرەتاكەی بەمە دەست پێدەكات

با اینهمه دشمنـــــــی كه كردی

باز ای كه دوستی همان است

واته :

بەو هەموو دوژمنایەتییـــەوە كــــە كــــردت

بێرەوە ، كە دۆستایەتیمان وەك خۆیەتی

پلە و پایەی وەفایی لای شێخ لە ئاستێكدابووە ، جگە لەوەی رازگر و میرزای تایبەتی شێخ بووە ، لە هەمان كاتیشدا بۆ زۆر كاروباری كێشەی سیاسی گرنگیش ، هەر وەفایی بە نوێنەرایتی خۆی دیاری كردووە ، وەفایی بۆ ماوەی چوارده ساڵ میرزای شێخ بووە و ئەو نامە نهێنی و گرنگ و دیپلۆماسییانەی شێخ نەهری بۆ دۆستان و لێپرسراوان و سەرانی هەردوو دەوڵەتی قاجاری و عوسمانی و باڵوێزانی بیانی دەینوسی ، وەفایی بۆی نوسیوە ، شێخ باوەڕێكی یەكجار زۆری بە وەفایی هەبووە و كیسە و مۆری شێخ هەمیشە لای وەفایی بوو وەفایی. [1]

## 2 ـ چەمك و پێناسەی شیعر

بەرلەوەی بچینە ناو كرۆكی بابەتەكە ، پێویست دەكات باسێك لە شیعر و ئەدەب بكەین ، چونكە بابەتەكەی ئێمە ؛ باس كردنە ، لەسێ : ڕەهەندی شیعری دڵداریی و ئاینی و سۆفیانە لای وەفایی ، دواجار ئەم" سێ مەبەستە شیعرییە " لە بۆتەی یەك دەفردا جێگای خۆیان دەكەنەوە ، زۆرجاریش لە یەك دەقدا بەریەك دەكەون .

ناساندن و پێناسەكردنی شیعر كارێكی دژوار و سەختە ، بەحوكمی ئەوەی بە پێی تیۆر و میتۆدە ڕەخنەییەكان خوێندنەوە و پێناسەی جیاواز بۆ دەقی شیعری كراوە ، بۆیە ئێمە لێرەدا ؛ ئەو پێناسانە دەخەینەڕوو . كە لەگەڵ ژینگەی لێكۆڵینەوەكەدا دەگونجێ هەندێك پێیان وایە : شیعر : ( دەنگدانەوەی ئیلهام و خەون و خەیاڵە ) [2] بە پێیی ئەم بۆچوونە بێت ، شیعر كاتێك لەدایك دەبێت ،

---

[1] بیرەوەرییەكانی وەفایی ( تحفه المریدین ) ، وەرگێرانی محەمەد حەمەباقی ، مەڵبەندی كوردۆلۆجی ، سلێمانی ، 2010 ، ل 20 - 27 .

[2] بەرزنجی، د. عثمان عبدول ، جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا ، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ، 2010 كانوونی دووەم . ، ل 150.

که ئیلهامت بۆ بێت ، بابەتی ئەم ئیلهامەش خۆی لە خەون و خەیاڵەکانی شاعیردا دەبینێتەوە ، بۆیە زۆر ئاساییە هەمووشتێك و ئایدییایەکی شاعیر ببێت بە ناوەڕۆکی شیعرێك ، چونکە لە دواجاریشدا ( شیعری هەر شاعیرێکی ناسراو ، خاسیەت و تایبەتمەندییی خۆی هەیە یان بە دەستەواژەیەکی دی بە دەروونناسی ئەو لە قەڵەم دەدرێت .) [1] دەکرێت لە ڕێگەی دەقەوە بە دەروونناسی شاعیر بگەین و خوێندنەوە بۆ دیوەشاراوەکەی ناوەوەی بکەین .

بۆچوونێکی تر پێی وایە : ( شیعر لە دایکبووی ساتەوەختێکی دیاریکراوە ، کە شاعیر پێشتر کۆمەڵێك زانیاری لە مێشکدا کۆبۆتەوە ، بەڵام پاڵنەرێك وا دەکات ، کە ئەو شیعرە لەدایك ببێت ) [2] واتا : باکگراوندێك و پاڵنەرێك لە پشت دروست بوون و لەدایك بوونی دەقەوەیە ، دەبێت زەمینەیەکی لەبار بڕەخسێت بۆ ئەوەی دەق تێیدا لەدایك ببێت ، چونکە هەندێك ڕیباز و قوتابخانە (شیعریان وەك دەربڕینێکی پڕ لە هەست و نەستی شاعیرەکان وەسف دەکرد .) . [3] لەمەوە دەگەینە ئەوەی کە وا بڵێین : پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعر پرۆسەیەکی دەروونی زیندووە ، گوزارشتکردنە لە خەون و خەیاڵی شاعیر ، پێویستی بە زەمینەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی لەدایك ببێت .

### 3- پەیوەندی شیعر بە بابەتی دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەوە

شیعر لە هەردوو دیوی فۆڕم و ناوەڕۆك پێك دێت ، ناوەڕۆکیش بەشێکە لە بیرکردنەوەی شاعیر ، شیعریش کاتێك لە دایك دەبێت ، کە زەمینەیەکی لەبار هەبێت کاتێك شاعیر هەست بە ڕبوونێکی دەروونی دەکات پەنا بۆ شیعر دەبات بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەست و سۆزەکانی بکات هەر وەك چۆن وۆردزئۆرز دەڵێت : (شیعر هەڵچوونێکی خۆیی سۆزە بەهێزەکانە . ) [4]واتا : شیعر کاتێك لە دایك دەبێت ، کە حاڵەتێکی هەڵچوونی دەروونی ڕوو لە کەسەکە بکات ، جا ئەم هەڵچوونەش ئەنجامی بیرکردنەوە و خەیاڵکردنی شاعیرە لەمەڕ ئایدیا و بابەتێك ، کە مێشکی شاعیر دەتەنێت ، شاعیریش جیایە لەکەسی ئاسایی بەشیعر و لە بۆتەی دەقێکی شیعری ژان و ئازاری خۆی دەردەخات .

ئەم جۆرەی شیعری دڵداری یان ئاینی یان سۆفییانە ئەرکێکی لەسەر شانە و وەسیلەیەکە بۆ گوزارشت کردن لە بیر و ئایدیای شاعیر واتە : لێرەدا شیعر یەکسانە بە ناوەڕۆك ، ئینجا ئەم ناوەڕۆکە دڵداریی بێت یان ئاینی یان سۆفیانە بێت ، لێرەدا ؛ شیعر دەبێتە وەسیلەیەك بۆ گەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو ، بۆیە دەبینین : شیعر لە کلاسیك بە گشتی و لە لای وەفایی بەتایبەت

[1] حوسێن، هیمداد ، ڕێبازە ئەدەبیەکان ، چاپخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، 2007 .
ل ؟ .

[2] حوسێن ، هیمداد ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چاپی یەکەم ، 2007 ،ل 45.

[3] ئیسماعیل ، ڕێبوار محەمەد،ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی 1920 - 1975،*گۆڤاری ئەکادیمیا*، 2020 ، ل 196 .

[4] حسین، م . ی . ناهیدە، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە 46 ، ل 211

ئامانجێكی هەیە ، كە ئەویش گوزارشت كردنە لە هەست و نەستی شاعیر واتا : شیعر لە خودی خۆیدا ئامانج نییە ، بەڵكو وەسیلەیەكە بۆ دەربڕینی فیكر و فەلسەفەی شاعیر ، بە بەڵگەی ئەوەیە ؛ وەفایی توانیویەتی چەندین دەقی شیعری بەرهەمبهێنێت ، كە ڕاستەوخۆ گوزارشت كردن بێت لە بیركردنەوەكانی خۆی ، لە ڕووەكانی دڵداریی وئاینی و سۆفیانەدا ، لەبەر ئەوەی ( زمانی شیعر زمانی دەربڕینی ویژدان و سۆز و خەیاڵە )[1] شیعر خۆی لە هەردوو دیوی فۆرم و ناوەڕۆكدا دەبینێتەوە ، ناوەڕۆك جەوهەری دروست بوونی دەقە ، چونكە بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێت ؛ زمان حاڵی ویژدان و سۆز و خەیاڵ شیعرە ، واتا : شیعر تەرجومانی خەیاڵ و سۆزە لای شاعیر ، هەر ئەمەش وایكردووە هەندێ لە میتۆدەكانی ڕەخنە دەق بكەن بە هۆكارێك و بنەمایەك بۆ گەیشتن بە ئایدۆلۆجیا و ژیانی شاعیر ، یان بەواتایەكی دی لە دەقەوە بۆ ژیانی شاعیر و ئایدۆلۆجیای شاعیر بچن .

كاتێك باس لە پەیوەندی نێوان شیعر و دڵداریی دەكەین ، ئەوا ؛ دەبینین پەیوەندیییەكی بەتین بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە ، لەبەر ئەوەی عەشق لە هەردووكیاندا هەیە و پاڵنەرێكی سەرەكییە ، بۆیە شیعر هۆكارە بۆ ئەوەی شاعیر عاشق ببێت و بە ناسكی لەدەوروبەری بڕوانێت ، لەهەمان كاتیشدا كاتێك كەسێك عاشق دەبێت ، پەنا بۆ شیعر دەبات بۆ ئەوەی گوزارشت لە هەستەكانی خۆی بكات و هەست و سۆزەكانی خۆی دەربب‌ڕێت ، واتا : شیعر و عەشق دوانەیەكی پێكەوە بەستراون و لەیەكدیی جیانابنەوە .

كاتێك باس لە پەیوەندی نێوان شیعر و ئایین دەكەین ، دەبێت ئاماژە بەوەبكەین ؛ كە لێرەدا شیعر لەخودی خۆیدا ئامانج نییە ، بەڵكو وەسیلەیەكە بۆ گەیاندنی پەیامێك و پەیامێك لە خودی خۆیدا هەڵدەگرێت ، دیارە ئەركی شیعریش تەنها گەیاندنی چێژ و خۆشی نییە ، بەڵكو فێربوون و گەیاندنی پەیامیشە ، بەحوكمی ئەوەی خودی شاعیر بەدەر نییە لە ئایدۆلۆجیا و بیركردنەوە ، بۆیە كاتێك دەقێكی ئەدەبی یان شیعرێك دەنووسێ دەكەوتە ژێر كاریگەریی بیركردنەوەكانی و ئایدۆلۆجیای خۆی لە دوو توێی شیعرەكانیدا بەرجەستە دەكات ، بەمشێوەیە ؛ شیعر دەبێتە هۆكار و ئامرازێك بۆ گەیاندنی پەیامی ئایینی .

كاتێك باس لە پەیوەندی نێوان شیعر و سۆفیگەری دەكەین ئەوا ؛ ( بەشی هەرە زۆری ئەوەی لە سۆفیگەری ماوەتەوە بەهۆی شیعرەوە بۆمان ماوەتەوە ڕەنگە ئەمەش هەر بەڕێكەوت نەبووبێ ، ئێستا هەر كە ناوی سۆفیگەری دێت ڕاستەوخۆ شیعریش دێت ، چونكە ئەوەی كە كلتورەكەی بۆ ئێمە گواستۆتەوە شیعرە ، تەنها گواستنەوەكە هی شیعر نییە ، بەڵكو شیعر وایكرد بە جیهانیشی بكات ، هەنگاوێكی دی بهاوێت لە جیهانی بوون واتە؛ شیعر بووە هۆی ئەوەی عیرفان بهێڵێتەوە و بیگوازێتەوە و بیكات بە جیهانیش . )[2] واتە : شاعیران لە كاتی سۆز و وەجدەكانیان پەنایان بۆ شیعر بردووە بۆگوزارشتكردن لەوحاڵەتە دەروونییە تێیكەوتوون ، ئەمە لەلایەك لەلایەكی دییشەوە شیعر ئەركی پاراستنی سۆفیگەریشی لە ئەستۆ گرتووە ، چونكە ئەگەر دەقی شیعرە سۆفیانەكان نەبوونایە ، ئێمە ئەدەبیاتی سۆفیگەریمان نەدەبوو و شاعیرانیشمان بەشێك لە ئەدەبیاتەكەیان دەفەوتا

---

[1] حوسێن، پ.ی.د. ، هیمداد ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی ، چاپی یەكەم ، 2007 ، ل ؟ .

[2] زەندی ، سیروان (د.) ، شیعر و عیرفان ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، كەناڵی سپێدە ، دەقەی : 8 ، 23/ 6/ 2016 .

نەدەگەیشت بە ئێمە ، گرنگییەکی دیکەی شیعری سۆفیانە لەوەدایە ، کە توانیوویەتی ئەم ئەدەبیاتە بە جیهانی بکات و بەخەڵکی بناسێنێت ، چونکە خەڵکێکی زۆر لە ڕێی دەقە شیعرییەکانەوە بە جیهانی سۆفیگەری ئاشنا بوونە و لەو وێستگەوە بۆ ناو سۆفیگەری هەنگاویان ناوە ، هەروەکو کاریگەریی ئەدەبی فارسی و عەرەبی بەسەر ئەدەبی کوردی و دەقەکانی مەولانا و حافزی شیراز و ... کە کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر ئەدەبی کوردی جێهێشتووە .

لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدات ؛ هۆکار چییە ؟ شیعر بۆ گوزارشتکردن لە جیهانبینی سۆفیگەری شیعر وەکو زەرورەتێك بێتە ناو سۆفیگەری ؟ دیارە سۆفیگەریش قسەیەکی بۆ کردن هەیە بەزمانی ئاسایی ناگوترێت شتەکی نادروست نییە بڵێم : 80% بەرهەمی سۆفیگەری ، کە مابێتەوە لە شیعرەکان ماوەتەوە ئەگەر ڕێگایەکی دی هەبووایە ، کە بەمورتاحی قسان بکەن ، پەنایان بۆ شیعر نەدەبرد ، کەواتە : شیعر لای ئەوان وەسیلەیە ئامانج نییە ، حاڵەتی دەروونی شیعر دەبێت لەناو کەسەکە هەبێت ، ئەو حاڵەتە لێکچونێکی هەیە لەگەڵ ئەو حاڵەت سۆفیانەی ، کە بۆ سۆفی دروست دەبێت ، کە دەچنە فەناوە لەخۆ بەتاڵدەبنەوە ، دەچنە ئەو جیهانەوە ، کە تەنها ڕۆح بۆی هەیە بچێ ، پڕە لە ڕەمز و پاڕادۆکس و لێکدژی (مەحەبەت ئاگرە و خۆشە ) ، چونکە ئەمە ئەو حاڵەتەیە ، کە لەوێ هەستی پێکردووە ئەو چۆتە جیهانێك کە کۆمەڵە بوونێك ، وشە نییە بۆی ، بۆیە دەبێت بە زمانێکی ناڕاستەوخۆ گوزارشتی لێبکات ، ئەو زمانە ناڕاستەوخۆیە ئەدەبێك دروست دەکات بە ئەدەبی ڕەمز نادیاری شتەکان دەڵێ . [1]

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا : بڵێیین زمانی شیعر و حاڵەتی سۆفیانە لەیەکتری نزیکن و هەردووکیان پێویستییان بە ئیلهام و ژینگە و کەشێکی گونجاو هەیە ، بۆیە هەرکاتێك ئەم ژینگەیە لەبار بوو لەدایك دەبن و خۆیان بەرجەستە دەکەن ، بۆیە زمانی شیعر و زمانی سۆفیانە هەردووکیان بریتینە لەڕەمز ، تەنانەت دەقی سۆفیگەری دووجار ڕەمزە ، لێرەدا شتەکان پێچەوانە دەبنەوە و لەگەڵ جیهانی واقیعدا ناگونجێ ، تەنانەت لەگەڵ فەرهەنگی شیعریش یەکناگرێتەوە ، تەنها دەبێت لەچوار چێوە و سیاقی سۆفیانەی خۆیدا واتاکانی لێکبدرێتەوە .

### 4 - 1 - چەمك و پێناسەی دڵداریی

دڵداریی وشەیەکە ، مەبەست پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دووکەسە ، بەڵام لە ڕووی چەمکەوە مەبەست لە دڵداریی وشەکانی : (( ئەوین ، حەزلێکردویی ، حەزلێکەری ؛ دڵخۆشی دانەوە ، عشق ، دلنوازی . )) یان بەمانای وشەکانی : ڕۆمانسی یان ئەڤینی یان عاشقانەی دێت . [2] لە فەرهەنگی خاڵیشدا بەهەمان شێوە بەمانای : ( عاشقێنی و دڵخوازی ) دێت [3]

---

[1] زەندی ، سیروان (د.) ، شیعر و عیرفان ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، کەناڵی سپێدە ، دەقەی : 8 ، 23/ 6/ 2016 . دەقەی : 8 .

[2] هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی ـ فارسی ، تهران ، سروش ، يك جلدی ، چاپ اول ، 1369،ل 295 .

[3] خاڵ ، شێخ محەمەدی ، فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی پەروەردە ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 187:2005) .

دەکرێ بگوترێت : دڵداریی هاوتای وشەکانی ڕۆمانسی و عەشق و خۆشەویستی و... دێت ، ((عەشق ئەوپەڕی ئەڤین و خۆشەویستییە )) [1] لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بەووردی لێیان بکۆڵینەوە هەریەکە لەمانە جیان لەیەکدیی و هەروەك لەبەشی دوادیدا دێین بە پێی خاسەتی شیعری جۆرەکانی شیعری دڵداریی دەست نیشانی دەکەین ، بەڵام خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم ووشانە خۆی لە خۆشەویستی نێوان دووکەسدا دەبینێتەوە ، کە دڵیان وابەستەی یەکدییە .

شیعری دڵداریی بریتییە لە : (( شیعری عاشقانە یان ئەویندارانە ، عەشقبازیی ، وەسف و باسکردن و پێداهەڵدانی جوانیی و خۆشەویستی و خەسڵەتەکانی تری ژن ، دەوروخولدان لە ژن ، ژن دواندن و بۆ ژن دوان ، سەرنجی ژن بۆ خۆ ڕاکێشان ، بیرکردنەوە لە خەیاڵ و خولیا و خواست و حەزەکانی سەردەمی لاوێتیی و گەنجبوونەوە و تازەبوونەوەی خولیاکان بۆ ڕەگەزی بەرامبەرە پیاهەڵدانی ئەندامی لەشی یان بەشێك لە جەستەی خۆشەویستە ، یادکردنەوەی ڕۆژانی بەیەکگەیشتن یان جیابوونەوەی نێوان دوو کەسە .)) [2] لێرەدا زیاتر باس لە دڵداریی نێوان دوو ڕەگەز دەکات ، کە پەیوەستیشی دەکات بە سەردەمی گەنجی و لاوییەتی ، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا حەز و ئارەزووەکانی چەکەرە دەکات ، یەکێکی دی لەتایبەتمەندییەکانی شیعری دڵداریی دەست نیشان دەکات ، کە باس لە ئەندامی جەستەی خۆشەویستەکەی دەکات . [1]

## 2-4 - شیعری دڵداریی لە ئەدەبی کوردیدا

پاش ئەوەی باسمان لە چەمك و پێناسەی دڵداری کرد ئینجا باس لە شیعری دڵداری لە ئدەبی کوردیدا دەکەین ، بۆ ئەمەش باس لە بۆچوونەکی دکتۆر عیزەددین مستەفا رەسول دەکەین ، کە پێی وایە شیعری دڵداریی ؛ (یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئەدەبیات و شیعر ، دەنگی شیعری دڵداریی ڕۆژهەلاتیش لەناو شیعری مرۆڤایەتیدا ئاوازێکی بڵندە . لەبەر ئەوە شاعیر و دیوان بێ سۆزی دڵداریی ناگونجێن ، لەئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتدا سێ جۆرە شیعری دڵداریی دیارە :

یەکەمیان : دڵداریی بۆ لاسایکردنەوە ، واتە: شاعیر هەر بۆ ئەوەی دیوانی شیعری لە مەبەستێکی گەورەی شیعر چۆڵ نەبێت ، شیعری دڵداریی وتووە .

دووەمیان : شیعری دڵداریی ڕاستەقینە ، کە ئەمەیان لای شاعیرانی سۆفی بە عەشقی مەجازی دادەنرێت . ئەم چەشنە زۆرتر واقیعییە ، با لە ڕووی ڕوخسارەوە ، وشەکاریی ناواقیعی بۆ بەکارهاتبێت ، دیارە جوانی دڵدار لەم بەشەدا زۆربەی بەدەوری جوانی لەشدا دەسوڕێتەوە .

سێیەمیان : ئەوەیە ؛ کە سۆفییان عەشقی حەقیقی پێ دەڵێن . سەرنەکەوتن لە عەشقی سەرزەمیندا شاعیر بەرەو خەیاڵ و عەشقی ئاسمان دەبات

---

[1] خورشید، قانع ، عەشق لەنێوان عەقڵ و ئایندا ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2005 ، ل 17 .

[2] حسەین ، د . هەڤاڵ ئەبوبەکر، غەزەل لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، 2012، ژمارە 141 ، ل 141 .

شیعری دڵداریی کوردی هەر ئەم دابەشکردنە هەڵدەگرێت و لادان لەم سێ چەشنە و بەرگی دابەشکردنی ئەدەبیاتی عەرەبیی بەزۆر بەبەربڕین لەزۆر لەخۆکردن و نەشارەزاییەوە دێت ) [1] بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێت ؛ شاعیر و دیوان بێ سۆزی دلداری نابێت ، دیارە ئەم بۆچوونەش لە شوێن خۆیەتی ، چونکە عەشق و شیعر پەیوەندییەکی بەتین لەنێوانیاندا هەیە ، هۆکاری دروست بوونی یەکترین ، لە عیشقەوە شیعر دروست بووە و لە شیعرەوەش عەشق لە دایك بووە .

بە گوێرەی ئەم دابەش کردنەی سەرەوە بێت جۆری یەکەمیان کە شاعیر بەمەبەستی لاسایی کردنەوە شیعری دڵداریی نووسیبێت ، دەچێتە قاڵبی شیعری حەزلێکردن ، کە لەبەشی دووەم باس لە جیاوازیی نێوان خۆشەویستی و حەزلێکردن دەکەین ، شاعیر دەکرێ بڵێین : شیعری دڵداریی لاسایکردنەوە یان تەقلیدی هەبێت ، بەڵام دواتر ئەم حەزەی دەبێتە واقیعی و دواجاریش شیعری جەستەیی کراوەی بەدوای خۆیدا دەهێنێ . جۆری دووەمیش ، کە خۆی لە شیعری دڵداریی ڕاستەقینە دادەبینێتەوە ، کە ئەمەش دەلالەت لە پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی خۆشەویستی نێوان شاعیر و کەسێك دەکات ، کە زۆرجاریش هۆکارە بۆ دروست بوونی خۆشەویستی حەقیقی و گوێزانەوەیەك دەبێت لە عەشقی مەجازی بۆ عەشقی حەقیقی ، ئەم جۆرەی شیعریش لای وەفایی دەبینرێت .

دکتۆر عیزەالدین مستەفا رەسول دەڵێت : ( ڕەخنەوان و تۆمارکەرانی مێژووی ئەدەبی عەرەبی شیعری دڵداریی عەرەبی دەکەن بە سێ بەشەوە : تەقلیدی و لەش پەرستی و عوزری . ئەم دابەشکردنە بۆ ئەدەبیاتی کوردی دەست نادات ، بەتایبەتی بەشی سێیەمیان ... هەندێك هەوڵی کزو لاوازی داسەپاندنی ئەو دابەشکردنە بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا دراوە . بەڵام دیارە شتێك کە بنەڕەتی زانستی نەبێت و لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسەن نەبێت سەرناگرێت ) [2] لە بەشی دوادیدا بەسوود وەرگرتن لەم دابەشکارییانەی سەرەوە و پراکتیزەکردنیان لە شیعرەکانی وەفایی شیعرەکان دابەشکراون .

بە پێی ئەم بۆچوونەی سەرەوە بێت ، ئەگەر بێین مێژووی شیعری دڵداریی دەستنیشان بکەین لە ئەدەبی کوردیدا ، دەکرێ بڵێین : دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی ، لە شیعرەکانی بابەتاهیری هەمەدانیش شعری دڵداریی دەبینرێ ، دواتریش لای نالی و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و ... وەفایش ئەمە دەبینرێ ، واتە : وەفایی بە داهێنەری شیعری دڵداری داناندرێ و بەڵکو پێش ئەویش ئەم جۆرەی نەمەتی شیعرە هەبووە و دیوانەکەیان پێ کامڵ کردووە . ئەمە جگە لەوەی سروشتی شیعر وایکردووە گرینگییەکی زۆر بە خۆشەویستی بدرێت .

جگە لەم هۆکارانەی سەرەوە هۆکارێکی تری سەرهەڵدانی شیعری دڵداریی ، بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم دەگەڕێتەوە ،چونکە دەستێکی باڵای هەبوو لە برەودان بەو جۆرەی شیعر ، چونکە (بڵاوترین بوار لە هەڵبەستی رۆمانسیدا خۆشەویستی بوو و شیعری رۆمانسی واتا و مەبەستەکانی لەسنوورە دیاریکراوەکانی ئەو سەردەمە دەربازکرد . [3] و قسەکردن لەسەر ڕۆمانسیزم لای کورد دەبێت لە دوو ڕوانگەیەوە بێت ؛ یەکێکیان سەرهەڵدانی خودی ڕۆمانسیزمە لای کورد بەگشتی و دووەمیش سەرهەڵدانی لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی . دیارە سەرهەڵدانی خۆشەویستی لە خۆرئاوا و لە لای کورددا جیاوازیی هەیە ( گرنگترین جیاوازییان خۆشەویستییەکە لای کورد

---

[1] ڕەسوڵ، د. عیزەدین مستەفا ، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2009 ، ل 50 .
[2] ڕەسوڵ، د. عیزەدین مستەفا ، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، ل 116 .
[3] پیربال، د. فەرهاد ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، کتێبخانەی بەڕێوەبەراتی گشتی و ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم، هەولێر ، 2004 ، ل 63 .

ڕۆحی بووە وەك لەوەی جەستەیی بێت لە ئەدەباتی فۆلكلۆر و داستانەكان .... بەزەقی هەست بەمەدەكرێ ، وەبێین بەو پێودانگەو بیبەینەوە سەر ئەوروپا ئەوە مایەی قبوڵكردن نییە ، چونكە ڕۆمانسیزمی كوردی سروشتی تایبەتی خۆی هەبووە و پەیوەندە بە كلتور و چێژ و زەوق و سەلیقەی كوردییەوە ) [1]

ئەگەر چاوێك بە فۆلكلۆری كوردیدا بخشێنین لە لاوك و حەیران و بەیت و داستان ... بەزەقی و بەڕوونی هەست بە ڕۆمانسیەت و خۆشەویستی دەكرێت ، بەڵام دەبینین لە ئێستادا پەیوەندییەكە پێچەوانەبۆتەوە بەرەو سێكس هەنگاوی ناوە ، چونكە شاڵاوی سێكسیزم كەپەیوەندیی بە گەورەبوونی شارەكان و كولتووری مەسرەفگەری شارەوە هەیە لە كۆمەڵگای ئێمەدا بۆتە هەڕەشەیەك بەسەر پەیوەندییە ئیرۆتیكیەكانەوە ، بۆتە هۆی لاوازبوون و ئاوابوونی خۆشەویستی بەو مانایەی كە لەشیعر و داستان و بەیتە كوردییەكاندا دەیبینین : ئەمڕۆ چیدی كەسمان بەهەمان مانای ئیرۆتیكییانەی خەج و سیامەند و جەزیری و سەلما و نالی و حەبیبە ناڕواننە خۆشەویستی و ئەڤینیش ناكەن ، خۆشەویستی لە كۆمەڵگای ئێمە وەك دەركەوتەیەكی ڕۆحی و مەعنەوی و پاشان وەك ئاستێك لە پەیوەندییی ئینسانیانە خەریكە شوێنی خۆی چۆڵ دەكات بۆ شتێكی دیكە كە دەشێت تەماعە جەستەییەكان بێت . واتا : لە خۆشەویستییەوە بۆ حەزلێكردن ، لە ئیرۆتیكاوە بۆ سێكسگەرایی و لەخۆ دروستكردنەوە بۆ مەسرەفكردن و لە ئیمانەوە بۆ سەرگەردانی [2]

ئەگەر باس لە شیعری كلاسیكی كوردی بكەین لە ڕوانگەی دڵدارییەوە دەكرێ بگوترێت : شیعرێكە لەنێوان ڕۆمانسییەت و كلاسیكدا واتا : شیعری كلاسیزمی كوردی بە شێوەیەكی گشتی خودییە و دەربڕی ناخی تایبەتی شاعیرە ، بوونی خاسیەت و ڕەهەندە بنەماكانی ڕۆمانسیزم لە شیعری كلاسیكی كوردی و شیعری نوێی كوردیدا ، جیاوازیی هەیە ، لە شیعری كلاسیكی كوردیدا ، شێوازی تایبەت بەخۆی ڕۆمانسییەتێكی تواوە لە دەقی شیعریدا بوونی هەیە ، بەشێوەیەكی گشتی گوزارشتكردن لە خۆشی و ناخۆشی و هەست و سۆز و خەیاڵ و بیروبۆچوونی شاعیر لەناو مەبەستە شیعرییەكانی وەك ستایش شانازی وخۆشەویستی .. ئامادەیییەكی تواوەی هەیە ، سروشتێكی خودی و لیریكی بەسەر كۆی مەبەستە شیعرییەكانی شاعیرانی كلاسیكدا زاڵە و بە جۆرێكی دی سروشتی شیعری كلاسیكی ئەم قوتابخانەیە لەزۆر لایەنەوە ، بەتایبەتی ناوەڕۆكێكی ڕۆمانسییەتی تواوەی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتووە ، بۆیە ناتوانین لەدەرەوەی خودییەت و بنەمای ڕۆمانسییەت لە شیعری كلاسیكی كوردی بڕوانین و هەست و سۆز و بنەماكانی دیی خودی بوون لەو قۆناغە دابڕین [3]

كلاسیزمی كوردی پڕە لە سۆز و دیدی ڕۆمانسییانە و توخمی ڕۆمانسیزم ، واتا : كلاسیزمی كوردی زۆر زوو چەند توخم و كەرەستە و بینینێكی ڕۆمانسسانەی تێ دەرژێ [4] بۆیە بەرهەمی شیعری كوردی ڕۆمانسیزم بوونی ئەو بنەما و خاسیەتانەی لە ڕێبازی شیعری كلاسیزمدا وایكردووە یەكانگیربێت ، دەبێ ئاگامان لەوە هەبێت ، كە پێشتر سیما و شەقڵی ڕۆمانسییەت لە

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل 52 .
[2] سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ل 239 - 240 .
[3] ئیسماعیل، د. ڕێبوار محەمەد ، ڕەهەندەكانی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم لە ڕەخنەی ئەدەبی كوردیدا لە ساڵانی 1920 - 1975 ، گۆڤاری ئەكادیمیا ، 2020 ، ل 202 .
[4] پیرباڵ، د. فەرهاد ، ڕێبازە ئەدەبییەكان ، ل 46 - 37 .

شیعری کوردیی شێوه گۆران (هەورامی) دا دەرکەوتووه ، بەتایبەتی کاریگەریی مەولەوی و خانای قوبادی و بێسارانی لەسەر شاعیرانی وەکو پیرەمێرد و گۆران بەئاسانی هەستی پێدەکرێت [1]

## 4 - 3- مێژووی دڵداری لە خۆرئاوا

بۆ قسەکردن لەسەر مێژووی خۆشەویستی یان دڵداری پێویست دەکات باس لە سەرەتاکانی پێکهێنانی خێزان بکەین ، چۆن دروست بووە و چۆن ژیاون ، سەرچاوەکان باس لەوەدەکەن ، کە خۆشەویستی لەناو خێزاندا شتێکی عەیبە بوو یان بەواتایەکی دی خێزان شوێنێك نەبوو بۆ دەربڕینی هەست و خۆشەویستی تاك ، چونکە لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە تا چاخەکانی لەوەدوا و تا سەدەی حەڤدەیەم ، هۆکاری بنەڕەتی بۆ خێزان پێکەوەنان بریتیبوو لە پاراستنی مافی خاوەندارێتی و هێشتنەوەی سامانی ئابووری لە ژێر چاودێری بنەماڵەدا بەرهەمهێنانی منداڵ وەك هێزی کار. ..

به مانایەك لەماناکان خێزان بەرلەوەی شوێنێك بێ بۆ پراکتیزەکردنی ژیانی هەستەوەرانە و سۆزگەرایی تاك مرۆڤ کارگەیەك بوو بۆ بەرهەمهێنانی هێزی کار و قەڵایەك بوو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوورییەکانی بنەماڵە ، ئەمەش پێمان دەڵێت : لە کۆمەڵگای ئەوروپی پێش مۆدێرندا زۆربەی هاوسەرەکان لەسەر بنەمای بەڵێن و پەیماندارییەوە بوون ، بەدەر لە هەڵبژاردنی ئازادانەی تاك خۆیی و ئەوەی بەلایانەوە گرینگ بوو پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بنەماڵە بوو ، بۆیە لەناو شێوەکانی خێزانی کۆندا ئەوەی پێی دەگوترا :پەیوەندی سۆزگەرایی نێوان ژن و مێرد ، ئاشکرا نەدەکرا و ئەم پەیوەندییە لە ژێر زەبری ئەرکەکانی خێزانداریدا سەرکوت دەکرا ، بۆشاییەکی روحی لەو نێوەندەدا دروست بوو ، ئینجا بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا بۆ دڵداری برا . بەم شێوەیە : بەر لەسەرهەڵدانی خۆشەویستی دڵداریانە لە ڕەوتی مێژووی سەدەی حەڤدەیەمدا مرۆڤ هەستەکانی خۆی ، کە سەرچاوەکەیان ئازار و تلانەوە بوو لە ژیانی هاوسەردارییەتی بەدوور دەگرت ڕچەشکێنانی ئەم ڕێبازە لەو بڕوایەدا بوون خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ دەبێت لە دەرەوەی چێوارچێوەی ژیانی هاوسەرداریيەوە بێت .بۆیە نووسەر دەڵێت : دەبێ ئەو کۆمەڵگایە چ هەڵومەرجێکی بەسەر سۆز و هەستەوەریی مرۆڤدا سەپاندبێت ؟ تاکو ئاوا قسان بکات !؟ لێرەدا ئەوان نەیانتوانی ئەو بیرە چارسەر بکەن کە تاك خۆی ئازادبێ کێ هەڵدەبژێرێ و بە ئازادانە مامەڵەی هەست و سۆزەکانی بکات ، بەڵکو دژی خێزان وەستانەوە ، لە دەرەوەی خێزان ئەم کارەیان کرد ، بۆیە ئەمەش خاڵی جیاوازیی نێوان ڕۆمانسیزمی ئەوروپی و کوردییە ، کە هەریەکەیان سروشتی تایبەتی خۆی هەیە و تایبەتن بە ژینگە و کلتوری خۆیان .

ئەنتۆنی گیدنز لەو بڕوایەدایە : زۆربەی پەیوەندی نێوان ژن و مێردەکان لە چوارچێوەی خێزاندا ، ساردو سڕو خاڵی بوون لە متمانە ، ئەو هۆکاری ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ کەشوهەوای ژیانی ئەرستۆکراتیانە ، کە چۆن لەناو خانووی گەورەدا ژیاون و هەریەك لە ژن و مێردەکان ژوور و خزمەتکاری تایبەت بە خۆیان هەبووە و بە دەگمەن لەخەڵوەتدا پێکەوە بوون ، بێگومان ئەم بارودۆخەش مەودایەکی لە نێوانیاندا دروست کردووە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی گونجانی

[1] حوسێن، هیمداد ، رێبازە ئەدەبیەکان ، ل ؟ .

سۆزگەرایانە و پێکەوە بوونی جەستەیی شتێکی بە ڕێکەوت بێت ئەمەش هۆکارێکی دیی ساردوسڕی پەیوەندی خێزانییە کە ئەم کەش و هەوایە خوڵقاندوویەتی .

بێجگە لەمەش لەناو دەوڵەمەندەکان و هەژارانیشدا بڕیاردان لەسەر ژیانی هاوسەرداری لەدەرەوەی دەسەڵاتی کەسەکانەوە دەدرا و بنەماڵە و خزمان لەمەدا بڕیاردەربوون نەك دووکەسەکە ... دەکرێ لەم بۆچوونەی گیدنزەوە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین : " خۆشەویستی ڕۆمانتیکی لە ئەنجامی قەیرانێکەوە هاتە ئاراوە کە ژیانی ڕەسمی و جووتەکی ژن و مێردایەتی (لە سەر رەزامەندیی کۆمەڵایەتی و ئایینی دامەزرا) [1] هەموو ئەوانە تاکیان بێ ئومێد کرد و بەرەو ئاقارێکی دییان ئاڕاستەکردن ، کە خودی پێکهێنانی خێزانیشیان لای ناشیرین کردن .

خۆشەویستی سەرەتا لەناو چینی ئەرستۆکراتیدا سەریهەڵدا و بابەتێ بوو بۆ خۆسەرگەرم کردنی ئەندامانی ئەو چین و توێژە ، ئەو خۆشەویستییە پڕ تلانەوە و ئارام نەگرتووە و هەورە بروسکە ئاسایەی ، کە زۆربەی کاتیش سیمای دیس و تۆقینی بەخۆوە دەگرت ، دەیویست لەدەرەوەی ژیانی ژن و مێردانەوە بێت ... بەم جۆرە خۆشەویستی لەدەرەوەی ژیانی جوتەکی و ڕەسمی خۆی هەوڵی دروستکردنی دەدرا ، دەیکردە پانتاییەك بۆ دەربڕینی هەستەوەرەی و سۆزدارییانەی تایبەت بەخۆی ، ئەمەش پێمان دەڵێت : بەشێوەیەکی گشتی ، ژیانی هاوسەردارییەتی لەسەر بناغەی هەستەوەرەی و سۆزدارییەوە دا نەدەمەزرا هێندەی ئەوەی لەسەر بناغەیەکی عەقڵانییەوە بوو [2]

ئەوەی لەم جۆرە خۆشەویستییەدا گرنگی پێدەدرا : لەباڵاخوازی و بەپیرۆزکردنی ئازار و تلانەوە و حەسرەتەکانی مرۆڤ ئەمەش بەهۆی ماوەی دووردرێژی چاوەڕوانیی کاتی دەزگیرانداریيەوە بەرجەستەدەبوو ئەو ماوەی چاوەڕوانییە مرۆڤی دەسوتاند ئازارەکانی زیاد دەکردن و مەیلی دیداری تازەدەکردەوە و حەسرەت و ئاهو ناڵەکانی ئەڤینداریشی قوڵتر دەکردنەوە ، بەجۆرێ کە تەنیا مردن دەیتوانی دوو دڵداران لێکدی هەڵاوێرێ [3] واتا : بایەخێکی زۆریان بە ئازا و سوتان و ... دەدا خۆشەویستی ڕۆمانسییان لەوەدا بەرجەستە دەکات ، بۆیە دەتوانین بڵێین : سەرهەڵدانی ڕۆمانسییەت لە خۆرئاوا و لای کورد جیاوازی هەیە ، لە ئەوروپا ڕۆمانسییەت لە ئەنجامی قەیرانی خۆشەویستییەوە سەریهەڵداوە ، چونکە ژیانی ژن ومێرد لە پەیوەندییەکی ڕەسمی دابوون وەك لەوەی لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی دابن ، بەڵام لای کورد بە پێچەوانەوە درك بەم سۆز و خۆشەویستییە دەکرێ ، تەنانەت هەر وەکو لە پێشوو تریش ئاماژەمان بێدا لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر بە زەقی هەست بەمە دەکرێ ، بۆیە دەتوانین بڵێین : شیعری دڵداری یان ڕۆمانسی لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە ، تەنانەت لە مێژووی سەرهەڵدانیشییانەوە جیاوازن لە یەکتری ،

---

[1] سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم ، 2004 ، ل 35 - 51 .

[2] سەرچاوە ی پێشوو ، ل 51 .

[3] بڕوانە سیوەیلی ، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ل 52 .

## 5 - پەیوەندیی نێوان دڵداریی و ئایین و سۆفیگەری .

شیعر ڕەنگدانەوەی ناخ و بیرو هەستی شاعیره ، جا شاعیر چی مەبەست بێت و لە شیعرەکەیدا ڕەنگدەداتەوه ، جا بابەتی دڵداریی بێت یان ئاینی بێت یان سۆفیگەری بێت ، بۆیە دەبینین : ئەم سێ ڕەهەندە لە شیعرەکانی وەفاییدا ڕەنگییاندایتەوه ، هەرسێکیان لەو خاڵەدا یەکدەگرنەوه ، کە دەلالەت لە ئایدیا و هزری شاعیر دەکەن .

لەهەر سێکیاندا پابەندبوون هەیە ، کە دەبێت پابەندی بن تاوەکو دەگەن بە ئامانج و دڵی یار بەدەست دەهێنن ، دڵدارێك لە پێناو بەدەستهێنانی دڵی یارەکەی ئامادەی قوربانیدانە و بەندەیەك لەپێناو ڕازیکردنی خالقەکەی وابەستەی فەرمانەکانیتی و تاوەکو خودا لێی رازی بێت و ڕێبوارێکیش لە پێناو گەیشتن بە حەزرەتی حەق و گەیشتن بە ئەو چەندین ئازار دەچێژی و تەرکی دونیا دەکات .

سۆفیگەری سوودی لە خۆشەویستی و ئاین وەرگرتووه ، یان بەواتایەکی دی خۆشەویستی و ئاین بناغەی دروست بوون و سەرهەڵدانی سۆفیگەرین . ئاین بۆ ڕێنمایی کردن هاتووه بۆ ئەوه هاتووه مرۆڤ چۆن لە دونیا بژی تاوەکو بگات بە خالق و دروستکەری خۆی ، لە ئاییندا مەخلوق و خالق هەیە لە عەشق و سۆفیگەریشدا عاشق و مەعشوق ، بنەمای پەیوەندییەکەش خۆی لە خۆشەویستیدا دەبینێتەوه . سۆفیگەری و دڵدارییش هەردووکیان لەناخی شاعیر و شیعردا لەوەدا یەکدەگرنەوه ، کەوا : بەشێکن لە خەیاڵ (( لە کاتێکدا خەیاڵیش خۆی بەشێکە لە رەنگدانەوەی هەڵچوونی دەروونی )) [1]

ئامانجی سۆفیگەری و عەشقی حەقیقی یەك شتە پاکبوونەوەی ڕوح و گەیشتن بەیار لەو پێناوەدا کەسی عاشق ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدانێکە بە حوکمی ئەوەی (( عەشق کیمیایە مرۆڤەکان دەگۆڕێت هەر وەك عەلی شەریعەتی دەڵێت : ئەگەر عەقڵ گەورەترین هۆکاری دروستبوونی شارستانییەت بووبێت لەکۆمەڵگادا ئەوا : عیشقیش گەورەترین هۆکارێك بووه ، کە مرۆڤی شارستانی ( متمدن ) ی دروستکردووه . واتا : چۆن کیمیا ماددە لەدۆخێکەوه بۆ دۆخێکی دی دەگۆڕێت ، بەهەمان شێوە عەشقیش مرۆڤ لە حاڵەتێکەوه دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی دی دەکرێ کەسێکی توندووتیژ بگۆڕێت بۆ کەسێکی نەرم و نیان و لەسەرەخۆ ... هەر ئەمەش وای لە شەریعەتی کردووه کەوا بڵێت : عەشق مرۆڤی شارستانی دروست دەکات ، لە لایەکی دیەوه

[1] محەمەد، سمکۆ ، دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست ، ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین ،2021 ، ل 17 .

عاریفێك دەڵێ : ( ( ترس ئاگرێکی ڕووناکە سکاڵا نوورێکی ڕووناك . عەشق و موحیبەتیش ڕووناکی ڕووناکییەکان ) ) [1]ە )) ، واتا : عەشق تاریکییەکان ڕووناك دەکاتەوە .

**تەوەرەی دووەم :**

**1 - پێناسەی ئایین**

وشەی ئایین لە وشەی ( دین) ی عەرەبییەوە هاتووە ، وشەی دینیش لە ئەسڵ و بنچینەی زماندا دوو واتای هەیە : ( یەکەم ، سزا و پاداشت ، ، دووەم گەردنکەچی و فەرمانبەریی ، بەڵام قورئان ، کە وشەی ناوبراوی بەکارهێناوە ، وێرای دوو واتا ئەسڵییەکەی واتایەکی دیکەی سێیەمیشی بۆ زیاد کردوە ، کە هەردووك واتا پێشووەکەشی تێدان ، ئەویش ئەوەیە کە دین واتە : بەرنامە و پەیڕەوی ژیان ، جا ئەو بەرنامەیە سەرچاوەکەی خوا بێ یان نا ، ڕاست بێ یان هەڵە . [2] ) واتا : بریتییە لەو پەیڕەو پرۆگرامەی ، کە خەڵکی لەسەری دەڕۆن ، پەیوەستە بە ژیانیانەوە ، جگە لەمەش دین بە واتای : ڕۆژی دواییش دێت ( مالك یوم الدین ) و بە واتای : سزا و پاداشت ) یش دێت ( وان الدین لولقیع ) الذاریات .

ئەمەی سەرەوە شیکردنەوەی چەمکی ئاین بوو ، بەڵام ئەگەر بێت و پێناسەی ئایین بکەین ، ئەوا دەکرێ بڵێین : ئایین ( دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەسەر جیاکردنەوەی پیرۆز و ناپیرۆز ، دوو لایەنی هەیە ، یەکێکیان مەعنەوییە و لە بیروباوەڕ و هەستی سۆزداری پێك

هاتووە ، ئەوی دییان ماددییە ، لە ڕێوەسم و داب و نەریتی پێکهاتووە ) [3] دامەزراوەیەکی خواییە بۆ ڕێکخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی ، گرنگی ئەم پێناسەیە لەوەدایە ؛ کە ئاماژە بە هەردوو لایەنی مادی و مەعنەویی ئایین دەکات ، ئەمە لە لایەك ، لە لایەکی دییشەوە ئایین بە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی ناو دەبات ، چونکە بەشێکی ئایین پەیوەستە ؛ بەلایەنی خوڕەوشت و ئاکار ، بەشەکەی دییش ؛ پەیوەستە بە خۆت ، یان بەواتایەکی دی ، بەشێکییان بریتییە ؛ لە خوداپەرستی و ئەمە پەیوەندی بە نێوانی خۆت و خوداوە هەیە ، بەشەکەی دییشی پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەکردنت لەگەڵ خەڵکیدا ، لە ئایندا هەموو ئەمانە ڕێکخراون و بەشێوەیەکی سیستیماتیك دەڕۆن بەڕێوە .

لە لایەکی دییشەوە فەیلەسوفە مۆدێرنەکان جەختیان لەسەر چەند مانایەکی ئایین کردۆتەوە ، لەوانە : ((کۆمەڵێك تێگەیشتن و بیروباوەڕ و کردارێك ، کە لە ئەنجامی خۆشەویستی بۆ خودا و پەرستنی بۆ خودا و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دێتە پێشەوە ! )) [4] ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان بەندە و خودادا دەکاتەوە ، کە خودی ئاین ئەوەیە : کە دەبێت تێیبگەیت و باوەڕت پێی هەبێت و دواتر بەکردار جێبەجێی بکەیت . لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : ئاین ئەو

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ،چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 26 .
[2] باپیر، عەلی ، خواناسی ، ئایین ، ئیمان ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2008 ، ل 225 .
[3] صلیبا ، جمیل ،المعجم الفلسفي،المجلد الأول ، دارالکتاب اللبناني بیروت ، ،1978م، مادة الدین ص573 .

[4] النشار ، مصطفی ، مدخل جدید الي فلسقة الدین ، الدار المصریة اللبنانیة ، طبع الطبعة الثانیة ، 2015 ، ص 19 .

بەرنامە و پێرە و پرۆگرامەیە ، کە خەڵکی بۆ پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی ژیانیان سوودی لێدەبینن .

## 2 ـ کورتەیەك لە سەرهەڵدانی ئایین

ئەگەر باس لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئایین بکەین ، ناتوانین بە ڕۆژ و ساڵ ئەو مێژووە دیاری بکەین ، چونکە پەیوەستە بە مێژووی پەیدابوونی مرۆڤایەتی ، واتا : دەکرێ بڵێین هەر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤەوە ئایینیش سەریهەڵداوە و پەیدابووە ، دیارە بە پێی تیۆری ئایینیش دروست بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ ئادەم سەلامی خوای لێبێت ، بەو پێیە دەکرێ بڵێین : سەرەتای دروست بوونی مرۆڤ ، سەرەتای دروست بوونی یەکەم ئایینیشە ، چونکە مرۆڤ بێ ئایین نابێت .

هەر لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ ئایینیش بەخشرا ، بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چەندین ئایینی ئاسمانی و زەمینی سەریان هەڵداوە ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت ، کە مرۆڤ بێ ئاین نابێت ، تەنانەت بێ باوەڕیش سەر بە ئاینێکە ، کە خۆی باوەڕی پێیەتی ئەویش ؛ بێباوەڕییە .

## 3 ـ پەیوەندی نێوان ئایینی ئیسلام و ئەدەب

ئەگەر باس لە پەیوەندی نێوان ئاینی ئیسلام و ئەدەب بکەین ، ئەوە دەکرێ بڵێین : ئەدەب پێش ئاینی ئیسلام هەبووە و بەتایبەتی لای عەرەبیش بایەخێکی زۆر بە شیعر و ئەدەب دراوە ، بەڵام بە پەیدابوونی ئاینی ئسلام ئەدەبیش خۆی لەگەڵ گونجاندوو لە گەڵی نوێبۆوە ، بە حوکمی ئەوەی (هەموو ئاینێکی نوێ ، کۆمەڵێك گۆڕانی بنەڕەتی لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆمەڵگا و تاکەکانی سەر بەئایینەکە دەهێنێت ، لەڕاستیدا خودی ئایینەکە بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی و بەرنامە داڕێژییەکی نوێ بۆ مرۆڤایەتی دێت ، لە کۆمەڵگای عەرەبیشدا بە هاتنی ئاینی ئیسلام شاعیران ، مەسەلەی شیعریش کەوتە بەر ئەو نوێکارییە ، بێگومان لەسەرەتادا عەرەبەکان لە هۆنینەوەی شیعری پێشینی خۆیان ، کە بەشیعری جاهیلی ناو دەبرێت ، بەردەوامبوون ، پاشتر ئاینی ئیسلام داوای پابەندی لە شاعیران دەکرد ، جڵەوکردنیی شاعیران بەهۆی ئایەتی قورئانی پیرۆزەوە بەرنامە بۆ دانراو بوو ، لێرەوە هەموو شاعیرێکی موسڵمان پابەندبوونی خۆی بە ئایینەکە و داواکانی خوداوە لە شیعر جێبەجێ کردووە ، بەڵام چەندێتی و چۆنییەتەکە بەدیهێنانەکە جیاوازە .) [1] واتە : پاش بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلامیش شیعر و ئەدەب قەدەغەنەکرا ، بەڵکو چوارچێوەیەکی بۆ دانرا و سنوور بەند کرا بەوەی دەبوایە ؛ لە چوارچێوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدابێ ، دژی بەها باڵاکان نەبێت ، بۆیە عائیشە (ر.خ ) دەگێڕێتەوە ، کە (( پێغەمبەر (د.خ ) لە مزگەوت سەکۆیەکی بۆ (حسان)

---

[1] کەسنەزانی ، بوشرا ، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی ، چاپخانەی سەردەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، 2019 ، ل 172 .

دانابوو شیعری لەسەر دەخوێندەوە ، هەموو جارێکیش دەی فەرموو : ( خودا لەگەڵتایە و فریشتەکان پشتگیریت دەکەن ) ))[1] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ؛ کە پێغەمبەر (د.خ) پشتگیریی شیعر و شاعیرانی کردووە و بگرە هانیشیداون .

هەر لەم بارەیەشەوە ، عومەری کوڕی خەتتاب دەڵێ : ((شیعر ئاڵای نەتەوەکەیەتی و هیچ ئاڵایەکیش لەو ئاڵایە باشتر نییە )) [2] ، ئەم بیرو بۆچوونە گرنگی و ماهیەتی شیعرمان بۆ دەردەخات ، کە چۆن شیعر بۆتە چەکێکی کاریگەر تەنانەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە جەنگ و شەڕەکاندا ، ئەمە جگە لەوەش دەتوانێت ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و کارا ببینێت بۆ هۆشیارکردنەوەی تاك و پەروەردەکردنی منداڵانیش ، پەیامی شیعر دەوەستێتە سەر ناوەڕۆك و ئەرکی شیعر ، بەوەی دەیەوێت ئەرکی هەست دەربڕین ببینێت یان ئەرکی فێرکردن .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : (( وەزیفەی ئەدەبی ئیسلامی ئەوەیە ، کە ئەو خۆشەویستییە دەربخات ، کە لە نێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا هەیە و پاشان دەرخستنی ئەو خۆشەویستییە لەنێوان مرۆڤ و پەروەردگاردا هەیە و ، پاشان دەرخستنی ئەو خۆشەویستییە لە نێوان سەرجەمی مرۆڤایەتی و بۆ ئەوەی لەم خۆشەویستییە جوانی ژیان و رێککەوتنی نێوانیان دەربکەوێ ، ئەدەبی ئیسلامی ئەدەبی تیۆرە فەلسەفیەکان و ئامۆژگارییە ئاکارەکییەکان نییە و ئەدەبی سۆزە هەڵچووەکان و هونەری ئەبستراکت (تجرید) یش نییە ، بەڵکو ئەدەبێکە گرنگییەکی بێ وێنە بە راستییەکان و رەوشت و هەست و خوست و ئێستاتیکا هونەرییەکان دەدات .) ) [3]

## 4 ـ کاریگەریی ئایین لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردیدا

دیارە شیعری کلاسیکی کوردی لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەر لەدایك بووە ، یەکێ لەو هۆکارانە کاریگەریی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ، ئەگەر لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە تەمەشا بکەین ، دەبینین : ئایینی ئیسلام لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە ، بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئایینین ، بەڵام شاعیرانی دواتر دەکرێت بڵێین : لە چەندین لاوە کارگەریی ئایینیان بەسەرەوە بووە ، لەوانە : لە حوجرە و خانەقاکان خوێندوویانە و لەوێشەوە دیوانی شاعیرانی عەرەب و فارسیان خوێندووە ، ئەمە لە لایەك لەلایەکی دیشەوە ، خۆیان پابەندییەك و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەبوو و ڕۆشنبیرییەکەیان ڕۆشنبیریەکی ئیسلامی بوو .

بەحوکمی ئەوەی (( شاعیرەکان بەهۆی زانینی زمانی عەرەبی چوونەتە قووڵایی شیعری عەرەبی و لەگەڵ خوێندنە ئایینیەکانیشدا ( زانستی عەرووزی فەراهیدی ) یان خوێندووە .. شیعریان پێ هۆنیوەتەوە و بەناو دیوانی شاعیرانی عەرەبیشدا گەڕاون .. زیاتر بەم شیعرانە سەرسام بوونە ، کە باسیان لە گەورەیی پێغەمبەر (د.خ) کردووە وەکو شیعرەکانی (حەسانی کوڕی سابیت و کەعبی

[1] میران ، علی صالح،پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب ، ل 23 .
[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل 4 .
[3] میران ، علی صالح،پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب ، ل 59 .

کوڕی زوهەیر و دواتر بایەزیدی بەستامی و پاشانیش مەولانا جەلالەدین و محیدین ئیبن و عەرەبی .. هەروەها قەسیدەی ( کەعبی کوڕێ زوهەیر ) کاری زۆری تێکردوون و زۆربەی شاعیرانی دێرینی کورد هەوڵیان داوە لەم بوارە لاسایی دانەری ئەم قەسیدە جوانە بکەنەوە ... ))[1] هەموو ئەوانە بوونە هۆکاری ئەوەی ئایین کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەدەبەکەیان .

بۆیە دەبینین : (( بەگشتی دیوانی شیعری شاعیرانی ڕۆژهەڵات خاڵی نییە لە بابەتە ئایینەکان ، ئەدەبیاتی کوردیش هەر لەشاعیرانی گۆرانەوە پێش غەزەلی ئیسلامی و دوا پەیدابوونیشی ئەدەبیاتێکی بارگاوی بە ئایینە ، ئەمەش هەر لەبنەڕەتی گاتاکانی ئاڤێستاوە تا هاتنی ئایینی ئیسلام و ئایینی یارسان و مەزهەبە جوداکانی ، وەك حورفییە و بابەتە شەرعییەکانی دی بەڵام ئەوەی وەك سەرەتا لەبەردەستدایە لە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا غەزەلەکانی مەلای جزیری و داستانی ئەحمەدی خانییە ، وەك پەیڕەوکەری ئەدەبی ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی ، مەلای جزیری هۆنراوەکانی تەنها پاڕانەوە و موناجاتی ئاسایی نین بۆ خزمەتی ئایینەکە ، بەڵکو لە بازنەیەکی فراوانتر لە غوفران و ترس دایە ،، لەگەڵ سەرنامەی دیوانەکەیدا بابەتە فکرییەکانی لەنێو شیعرە یەزدانییەکانیدا دەچنێت ))[2] ، هەروەها بەنیسبەت بابەتاهیر و مەلا پەرێشانیش بەهەمان شێوە واتا : پێش هاتنی ئایینی ئیسلامیش ئایین کاریگەریی لەسەر سەرهەڵدان و پێگەیاندنی ئەدەبدا هەبووە ، لەبەر ئەوە دەکرێ بگوترێت : زۆرجار ئایین و ئەدەب ئەرکی یەکدیی دەبینن .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : غەزەلی ئیسلامی پاش تێکەڵبوونی فەرهەنگی نەتەوەکان لەژێر سایەی ئیسلامدا ، پەیدابوونی ئەدەبیاتی تایبەت لەناو ئەدەبی کوردیدا دروست بوو و ئەدەبیاتی ئێمە بۆ بابەتاهیر و مەلا پەرێشان و مەلای جزیری دەگەڕێتەوە ، سیمای تایبەتی ئەم غەزەلە ، هەڵگری خەسڵەتەکانی غەزەلی ئیسلامییە ، بەتایبەتمەندی غەزەلی فارسی ، پەیڕەوکەرانی ڕۆشنبیری ئیسلامی غەزەلەکانیان دەبێتە ناوەندی خستنەڕووی هزر و جیهانبینی ئایینی و ئایینزا و ڕێبازی سۆفیزمیان تەنانەت سەرکەشی و لادانەکانیشیان وەك بیر و هزر بەرامبەر بە شەریعەتی باوی مەلایانی ئیسلام نمایش دەکەن

لەمێژووی ئەدەبی کوردیماندا ئەدیب و شاعیرانی پەیامدار بۆ پاراستنی گیانی ئایین و نەتەوە و نیشتمان ( خانی و مەحوی و نالی و حاجی قادری کۆیی و حەمدی و مەلا محەمەدی کۆیی و پیرەمێرد و فایق بێ کەس و ..) کە لە ئەستێرەی بەرز و پڕشنگدارەکانی ئاسمانی ئەدەبی کوردین بە زمان و پێنووسیان بۆ گەل و نیشتمان و ئایینەکەیان درێغیان نەکردووە و جێی تایبەتی خۆیان هەیە ، زۆربەی شاعیرە کوردە دێرینەکانمان ، کە پەروەردەی مزگەوتەکانن دیوانەکانیان بێ شیعری ئایینی نەبووە ، بەڵام وەکو سەرەتایەکی پابەندایەتی ، زۆر لە شیعرەکانیان دەچنە خانەی ئەدەبی ئیسلامییەوە ، جگە لە شیعرە پڕ لە پەندەکانی ( خانی و مەحوی ) [3]

---

[1] میران ، علی صالح،پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب ، ل 103 .
[2] کەسنەزانی ، بوشرا ، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی ، ل 172 .

[3] میران ، علی صالح،پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب ، ل 64 .

## تەوەرەی سێیەم :

### 1 - 1 ـ وشەی سۆفی لە چییەوە هاتووە ؟

بەر لەوەی بچینە ناو کرۆکی بابەتەکە ، وا پێویست دەکات ، چەمك و واتای وشەکە ڕوون بکەینەوە ، دیارە لەبەرامبەر وشەی سۆفی چەندین وشەی وەکو : " سۆفیگەری ، سۆفیيزم ، تەسەوف ... تەنانەت هەندێ جار وشەی عیرفانیشی لەبەرامبەردا بەکاردێت ، بەڵام عیرفان لە سۆفیگەری گەورەترە ، بۆیە ئێمە لێرەدا ؛ ئەم وشەیە لەڕووی چەمك و زاراوەییەوە شیدەکەینەوە :

وشەی سۆفی لەهەموو وشەکانی دی باوترە ، ( لە هیچ کام لە دەقەکانی قورئان و سونەتدا نەهاتووە و زیاتر ئەهلی ڕێبازەکانی تەسەوف بۆ خۆیانیان بەکارهێناوە ، زانا و توێژەران بیروڕای جیاوازیان هەیە ، بۆ وشەی سۆفی ، بۆ وێنە (ابن تیمیة) لەو بارەوە گوتویەتی وشەی سۆفی لە سێ وەچەکان (االقرون الثلاثة )دا باو نەبووە ، بۆیە بۆچوونی جیاواز هەیە گوتراوە پاڵ دراوەتە لای (اهل الصفة) ، بەڵام ئەوە هەڵەیە ئەگەر نا دەبوو گوترابایە (صفّيّ) وە گوتراوە : پاڵدراوە لای ریزی پێشەوەی نوێژ ، بەڵام ئەمیش هەڵەیە ، چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو گوترابایە (صف ) وەگوتراوە پاڵدراوەتە لای خەڵکی هەڵبژردەی خوا (الصفوة من خلق الله) بەڵام ئەمیش هەڵەیە ، چونکە ئەگەر وابوایە دەبوو بگۆترێ (صفوي) وە گوتراوە ، کە ئەمەش باوترە ـ پاڵدراوەتە لای پۆشینی بەرگی (الصوف) ) .[1]

ئەمەش دەکرێ هەندێ ڕاستی لەخۆیدا هەڵبگرێت ، بەحوکمی ئەوەی ئەوان کەسانێکی دونیا نەویست بوونە و دژی ماددە و دونیا پەرستی بووینە ، بۆیە دەکرێ بڵێین : زیاتر لە بۆچوونەك بەڕاست بزانرێ و هەڵگری واتای وشەی سۆفی بێت . هەندێکی دی پێیان وایە : لە وشەی ( ( الصفاء ) واتە ؛ پاك و ڕوونی دڵ ، ئەوەتا ؛ بشیر بن ئەلحارس حافی دەڵێت :

(الصوفی من صفا قلبه لله) واتە سۆفی ئەو کەسەیە ، کە دڵی بۆ یەکتا پاك و ڕوون بێت ساف بێت . یان لە وشەی (سۆفۆ) ی یۆنانی وەرگیراوە ، بە بەڵگەی بۆچوونەکانی (اخوان الصفا) [2] ) دەکرێ ؛ ئەم بۆچوونەی ئەلحارس تاڕادەیەك بەڕاست دابنرێت ، کە دەڵێت : وشەی سۆفی واتای پاك و

[1] باپیر ،عەلی ، ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی یەکەم ، 2005، ل 24 .
[2] وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی ڕۆمی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر ، 2013 ، ل 106 .

ڕوونی دڵ دەگەیەنێت ، بەڵام لە هەمووی ڕاستتر ئەوەیە : کە وشەی سۆفی لە وشەی ( صوف ) ەوە وەرگیراوە : صوف + ی = صوفي ، چونکە لەگەڵ واتا و چەمکی سۆفیگەری یەکدەگرێتەوە و زیاتر لێیەوە نزیکترە وەك لە لێکدانەوەکانی دی.

## 1 - 1 - زاراوەی سۆفی

سۆفی بایەخ بەلایەنی هەست و سۆز دەدەن و لەوپێناوەدا وەرزش و کۆششێکی زۆر دەکەن ، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بگەن بە خودای گەورە ، بۆیە دەکرێ بگوترێت : زاراوەکە : بریتییە لەو چەمکەی کە ناوەڕۆکی ئەزموونی سۆزداری لە ڕەفتارەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە و خۆیان وەرزش دەکەن بۆ ئەوەی پەیوەندی یان بەریەککەوتنی خودایی بەدەستبهێنن .

لەلایەکی دییشەوە هەندێك پێیان وایە : زاراوەی سۆفی : (( وشەسازییەکە ، کە سۆفیەکان بەکاریدەهێنن بۆ دەربڕینی ئەزموونە ڕۆحییەکانیان لە نزیکبوونەوە لە خودای گەورە و (لە ئەنجامی تامکردن یان ئاشکراکردن)) . پەیوەندییەکەی تێیدا ڕاستەوخۆیە لە نێوان سۆفی و پەروەردگارەکەیدا ، پاشان زاراوەی سۆفیگەری دەبێتە نیشانەی نیشانەزانی و نیشانە هێمادارەکان ، کە ئاماژە و ئاماژەن و تەنها لەلایەن ئەو پیادەرەوانەی ئاواتخوازان و شێخەکان و زانایانی تایبەتمەندەوە تێبگەن ، کە لە نزیکەوە یان لە دوورەوە سۆفیگەرییان پراکتیزە کردووە و ئێستاش پراکتیزەی دەکەن .[1] لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : سۆفیگەری لە ڕووی زاراوەییەوە پراکتیزەکردنی ئەزموونی ڕوحییە ،پەیوەندی بەستنی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ خودادا ، لەو پەیوەندییەدا کۆمەڵێك دەرکەوتەی نیشانە و ڕەمز و هێما هەن ، کە خەڵکی گشتی تێیناگەن ، مەگەر ڕێبوار و شێخی ئەو ڕێگایە نەبێت .

## 1 - 2- پێناسەی سۆفیگەری

پاش ئەوەی لەڕووی چەمك و زاراوەییەوە وشەی سۆفی و سۆفیگەریمان باس کرد ، دێین باس ؛ لە پێناسەی سۆفیگەری دەکەین : سەرەتا بە کۆنترین پێناسەی سۆفیگەری دەست پێدەکەین ، کە ئەویش پێناسەی مەعروفی کەرخییە ، کە لە ساڵی 200 کۆچی مردییە پێش کۆتایی سەدەی

---

[1] هداجي ، محمد ، اصطلاحات الصوفية ، اشراف : نورالدين سعيداني ، ريسالة ؟ ، كلية الآداب والغات قسم اللغة والأدب العربي 2015،ص 2 .

دووەمی کۆچی کەرخی گوتوویەتی : ( سۆفیگەری دەستگرتنە بە راستییەکان و بێئومێدبوونە لەوەی لە دەست خەڵکیدایە [1] )

گرنگی ئەم پێناسەیە لەوەدایە ؛ ئاماژە بەوەدەدات ، کە سۆفی بەدوای ڕاستییەکاندا وێڵە و دەیەوێت بگات بە هەقیقەت ، هیچ شتێك هێندەی گەیشتن بە هەقیقەت لای خۆشەویست نییە ، بێبەرییە لەوەی لە دەستی خەڵکی دایە و پشت و پەنای تەنها بە خودای گەورە قەیمە و تەنها داوا لەو دەکات و ئەو بە سەرچاوەی هەموو شتەکان دادەنێت ، دیارە ئەمەش ئامانجی سۆفیگەرییە ، کە مرۆڤ پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات و خۆی زەلیلی دەست نەفس و دونیا و خەڵکی نەکات ، بەسەربەرزی بژی .

هاوکات لەگەڵ ئەمەش"جونەید" پێناسەی سۆفیگەری وا کردووە و دەڵێ : ( سۆفیگەری ئەوەیە ؛ نە هیچ موڵکێکت هەبێت و نە موڵکی کەسیش بیت ، سۆفیگەری بەر لەوەی زانست بێت ئاکارە ) [2] گرنگی ئەم پێناسەیە لەوە دایە ، ئاماژە بە سێ شتی گرنگ دەکات لەوانە دەڵێ : یەکەم هیچ موڵکێکت نەبێت ، واتا : دڵت وابەستەی ماددە نەکەی ، چونکە ئەوانەی گیرۆدەی ماددەپەرستی بووینە ، ناتوانن بەسەر نەفسی خۆیان زاڵ بوون و دڵ و دەروونیان پاك ڕابگرن ، بەمەش لە خۆشەویستی خودای گەورە دوور دەکەونەوە و بەرەو نەفس و هەواپەرستی هەنگاودەنێن ، چونکە هەروەکو دەڵێن: دوو خۆشەویست لە دڵێکدا جێگای نابێتەوە ، کاتێك تۆ حەزەکانی خۆت پێشبخەی ، بێ گومان خۆشەویستی خودای گەورە دەکەوتە دوای ئەم و بەمەش لە خودای گەورە دوور دەکەویەوە .

دووەم دەڵێت : موڵکی کەس نەبیت ، ئەمە بەو واتایە دێت ، تۆ پشت و پەنات تەنها خودای گەورە بێت و تەنها چاوت لە دەستی ئەو بێت ، نەوەکو خەڵك و وەسیلە و هۆکارەکان بەسەرچاوەی ڕزق و ڕۆزی و شتەکانی دی بزانیت ، چونکە بەمە لە خودای گەورە دوور دەکەویەوە ، تووشی نائومێدی و دڵتوندی دەبی ، ئەمە لە لایەك لەلایەکی دییشەوە کاتێك وەسیلەکان دەکرێنە سەرچاوە و ئامانج ، ئەوا : تۆ هاوبەش بۆ خودا بڕیار دەدەی و خەریکە لەسەرچاوەی ڕاستەقینەی شتەکان دوور دەکەویەوە ، بەمەش تۆ لەهەقیقەتی شتەکان دوور کەوتییەوە .

لە ئاماژەی سێیەمدا دەڵێت : سۆفیگەری بەر لەوەی زانست بێت ئاکارە ، واتا : سۆفیگەری تەنها زانستێکی موجەڕەد و ڕووت نییە ، بەڵکو پەیوەستە بە ڕەوشت و ئاکارەوە ، چونکە بەشێکی سۆفیگەری پەیوەندی بە وەرزشی جەستەیی و گیانی هەیە و ئەوی دیی پەیوەستە بە ڕەفتار و سلوکی سۆفی لەگەڵ خەڵك و دەورووبەرەکەی ، بەوەی چۆن هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵیان ، دیارە خودی ئاین و نەریتی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك خۆی لە خودی ڕەوشت و ئاکاردا دەبینێتەوە .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی ، کەوا بڵێین : سۆفیگەری ((ڕێبازێکی دنیا نەویستانەیە لەسەر بنەمای ڕێسا شەرعییەکان و پاکژکردنەوەی دڵ و دەروون و پشت هەڵکردن لە دنیا ، بە ئامانجی گەیشتن بە

[1] وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی رۆمی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2013 ، ل 114 .
[2] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 8 .

هەقیقەت و کامڵبوون ، بۆیە سۆفیگەری پێگەیەکی جموجوڵدار و پڕ لە گۆڕانکاری هەیە کە لەخاکی بوون و دنیا نەویستییەوە دەست پێدەکات و لە بەتەواوی وازهێنان لە دونیا دەگاتە دیۆپك و قۆناغی کۆتاییشی وێناکردنی مانا و شێوازەکانی (وحدة الوجود) و عەشق و فەنایە ، لە نێوان ئەم دەستپێکردن و کۆتاییەدا هەڵگری چەندەها ڕەنگ و وێنە و شێواز و مانای جیاوازە )) [1]

ئەم پێناسەیە ، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە سۆفیگەری ڕێبازێکە پەیوەستە بە شەریعەت ، گرنگی بە پاککردنەوەی نەفس دەدات و دونیا وەلا دەنێت ، کە ئەمانەش کردارێکی چاك و باشن سوود بە تاك و دەورووبەرەکەشی دەگەیەنێ ، ئامانجیش لێیی گەیشتنە بە هەقیقەت ، مەبەستیش لە هەقیقەت گەیشتنە بە زاتی حەق و فەنابوونە تێیدا و دەرککردنە بە یەکێتی بوون .

## 2 ـ سۆفیگەری بۆ ؟ سۆفیگەری لەنێوان شانازی و قبوڵ نەکردندا

سەرهەڵدانی هەر ڕێباز و ڕێچکەیەك کۆمەڵێك پێویستی و هۆکارێك هێناویەتە کایەوە ، ڕێبازی سۆفیگەریش لە ئەنجامی رەخنەگرتن لە زوهد و دژی دونیا پەرستی هاتەکایەوە ، چونکە ڕەخنەیان لە زاهیدەکان دەگرت ، بەوەی لەترسان خودای گەورە دەپەرستن و چاویان لە بەهەشتە ، بەڵام ئەوان بە پێچەوانەی زاهیدەکان خۆشەویستی و عەشقیان کرد بە بنەما و پرەنسیپی ڕێبازەکەی خۆیان و تەنانەت ئەوەیان ڕەتدەکردەوە ، کە لەبەر بەهەشت خودا بپەرستن ، بەڵکو دەیان : گۆت ئێمە ؛ تەنها لەبەر خۆشەویستی خودای گەورە ئەو دەپەرستین و ئەگەر وادەی دیداری ئەومان هەبێت ، بەهەشتمان ناوێت ! ! هەروەکو چۆن لای سۆفیەکان و شاعیری سۆفیش چەندین گوتە و دەقی لەم جۆرە هەیە ، لە بەناوباگترینیان وتەکەی رابیعەی عەدەوییە .

واتە : سۆفیگەری زوهد باو بووە ، بۆیە وەك بەرپەرچدانەوەی ئەم ڕەوت و ڕێبازە سۆفیگەری سەریهەڵدا و هاتەکایەوە ، ( چونکە زوهد بریتی بوو لە تەماح کردنە لە ڕۆژی دوایی و ترسان لە سزای خودا ، بەڵام سۆفیگەری پەیوەندی بەخوداوە دەبەستێت و لەسەر هۆگربوون بە خودا دروست دەبێت ، چونکە لە سۆفیگەریدا کەسی عاشق بێ ترس بە موحیبەت و خۆشەویستییەوە ، بەرەو ڕوی خودا دەڕوات و زۆرترین موناجاتی لەگەڵ دەکات ، هەرچی زاهیدە لە پێناو ڕەحمەت و لەترسی

[1] ئەحمەد ئاوایی ، عەبدوڵڵا مەلا ئەحمد ، نەقشبەند و نەقشبەندییەکان ، چاپی یەکەم ، 2018 ، ل 36 .

عەزاب خودا دەپەرستێت ، تەرکی دونیای بۆ دەکات زۆر لە خودا دەپاڕێتەوە و دوعا دەکات تاخودا لێی خۆشبێت . )[1]

دەکرێ هەردوو گروپەکە ، چ زاهیدەکان و چ سۆفییەکان ، بیرکردنەوەکانیان بەشێك لە هەقیقەتی تێدابێت ، چونکە بوونی ترس لە خودای گەورە دەبێتە هۆی خۆشەویستی و ڕاکردن بەرە و ئەو ، واتە ؛ سەرئەنجام ترسەکەش بە خۆشەویستی دەگەڕێتەوە ، ئامانجیشیان ئەوەبوو خۆیان لە ئاگری دۆزەخ بپارێزن ، بەمەش دەیان ویست بچنە بەهەشت ، واتە : خاڵی دەستپێکیان لەگەڵ سۆفیگەری جیاوازبوو ، چونکە سۆفییەکان خۆشەویستیان پێش هەموو شتەك دەخست ، ئامانجیان گەیشتن بوو بە دیداری حەزرەتی حەق .

بێگومان ئەگەر کەسێك نەچێتە بەهەشت ناتوانێت بەدیداری حەقیش شاد بێت ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی دییشەوە خۆشەویستی پاڵنەرێکی بەهێز و کاریگەرە بۆ ئەوەی شتە قورسەکانیش لەسەر مرۆڤ ئاسان بێت و لەباری توندوتیژی و زۆرداریییەوە بگۆڕێت بۆ هەڵبژاردن و حەزی کەسەکان خۆیان ، بۆ نمونە : نوێژێك لەترسان بکرێت جیاوازیی هەیە ، لەگەڵ ئەو نوێژەی بە حەز و خۆشەویستییەوە دەکرێت ، کاتێك درك بەمە دەکرێت ، کە تۆ لە بەرامبەر خودای گەورە وەستاوی و قسەی لەگەڵ دەکەی و موناجات دەکەی لەگەڵی ، ئەم نوێژە لەگەڵ نوێژەکەی دی جیاوازیی هەیە و چێژی زیاترە و لەسەر شانیش سوکترە و بە پێچەوانەشەوە کاتێك لە ترسان بێت ، ئەرکە ئاینییەکان لە ئەرکەوە دەبنە حەزێك هەست بە هیچ پاڵەپەستۆیەك ناکرێت .

کەواتە : سۆفیگەری دژی ڕەوتی زوهد سەریهەڵدا ، وەچەرخانێکی گرنگ بوو ، لە ژیانی مرۆڤایەتی ، رزگارکردنی مرۆڤ بوو لە چنگی ماددە پەرستی . بۆیە دەکرێ بگوترێت : ئەوانەی شانازی بە سۆفیگەرییەوە دەکەن لەوێوەیە ، چونکە سۆفیگەری توانی مرۆڤ بگەڕێنێتەوە سەر هەقیقەتی خۆی و دووری بخاتەوە لە پەرستنی نەفس و هەوا و ئارەزووەکانی ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە سۆفیگەری برەوی بە خۆشەویستی دا ، گرنگی خۆشەویستیش لەوەدایە ؛ کاتێك کە ( خۆشەویستی پەرەدەسەنێت و دەگەیشتە چڵەپۆپە ترس ماڵئاوایی لێدەکات ، چونکە ترس ناتوانێت لەبەر هێرشی عیشقدا خۆی ڕابگرێت ) [2] ئەمەش گرنگی سۆفیگەریمان بۆ دەردەخات ، کە چۆن جێگا بە ترس لەق دەکات و مرۆڤ دەگەیەنێت بە ئامانجی خۆی ، ئیرادەیەکی بەهێزی پێدەبەخشێت بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن ، بۆیە عاریفەکان کاتێك لە عەشق دواون باوەڕیان وابووە ، کە (عەشق مرۆڤ تێر دەکات ، نەوەك برسی و بە راشکاوانە دەیانووت : عەشق ئارامی و سوکنایی بە مرۆڤ دەبەخشێت نەوەك دڵەڕاوکێ و بێ ئۆقرەیی . [3] واتا : عەشق قەناعەت و متمانە دروست دەکات و مرۆڤ ساکین و چەسپاو دەکات .

سۆفیگەری ڕێبازێکی گۆشەگیری تاك لایەنە نییە ، بەڵکو سۆفیگەری دیاردە و بزوتنەوەیەکی رۆحانی ـ کۆمەڵایەتییە و کاریگەریی خۆی بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆحی و ئەدەبی کۆمەڵگە و گرووپە مرۆییە جیا جیاکاندا داناوە ، لە قۆناغەکانی دواتری دەرکەوتنیدا ، سۆفیگەری لەوە دەردەچێت بەتەنها بریتی بێت لە زیکر و خەڵوەتگیری و مومارەسەی رۆحانییەت ، بەڵکو

---

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 234 - 235.

[2] حسین، ناهیدە (م . ی . )، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، ل 204.

[3] غەریب ، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، گۆڤاری هەژان، ژ. 13 ، ل 25.

دەگۆڕێت بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگە و دەوڵەتدا شێخەکان و تەریقەتەکانی سۆفیزم لە ئاسیا و ئەفریکا بەگشتی و لەکوردستان بەتایبەتی ئەو راستییەیان پیشاندا ، کە بە تەنها پابەندی کاری رۆحانی نین ، بەڵکو لە هەمان کات رێبەر و سەرکردەی سیاسی و هێزی کۆمەڵایەتی وزە بەخشی دژی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارانیشن . [1]

واتە : سۆفیگەری بەگشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆی هەیە ، تەنها پەیوەست نەبووە بە خانەقا و بچێتە گۆشەیەکی خانەقا و تەکیەوە ، بەڵکو سۆفیگەری لەناو خەڵکدا دروست بووە ، تێکەڵی بوارەکانی دیی ژیان بووە بەشدارییەکی کارای لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگادا کردووە ، هەر وەکو چۆن هەندێك پێیان وایە ، کە سۆفیگەری تەنها پەیوەستە بە تاکەوە و نایەتە ناو خەڵك ، بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەمەوە دەتوانین چەندین پەیوەندی گرنگ لە ژیانی سۆفیدا دەست نیشان بکەین ، لەوانە :

1 ـ پەیوەندی کەسەکە بە کۆمەڵگاوە .

2 ـ پەیوەندی بە کەسەکەوە هەیە لە گۆڕان لە چاکەوە بۆ چاکتر .

3 ـ پەیوەندی کەسەکە بە خوداوە . [2]

ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە ، کە سۆفی لە چەندین پەیوەندی دایە ، نە لەخۆی و نە لە خودا و نە لە خەڵك بێئاگا نابێت ، کە ئەسڵی ژیانیش خۆی لەم سێ ڕەهەندەدا دەبینێتەوە ، بەوەی پەیوەندییەکی باش و کارای هەبێت لەگەڵیان بەوەی برە و بە خودی خۆی بدات و خەریکی چاکسازی و پاکسازی ناخ و دەروونی خۆی بێت ، لەلایەکی دیشەوە پەیوەندییەکی باش و کارای لەگەڵ خودای گەورە هەبێت و هەمیشە لە هەست و هۆشی دابێت و لەبیری نەکات .

خاڵێکی دیی گرنگتر لەمە ، پەیوەندی کەسی سۆفییە بە خەڵك و کۆمەڵگاوە ، چونکە ئەمەش لە دوو پەیوەندییەکەی دی گرنگییەکەی کەمتر نییە ، چونکە مەرجی ڕەزابوونی خوا لە ڕەزابوونی دەورووبەر و خەڵك دایە ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دووپات دەکاتەوە ، کە بابای سۆفی دابڕاو نییە لەخەڵك و کۆمەڵگا و دەبێت تێکەڵی خەڵك بێت ، چونکە ئەگەر وانەبێت تەنها سودی بۆ خۆی دەبێت و بەڵکو بگرە دەبێتە ئەرکیش لەسەر خەڵك و کۆمەڵگا ، کاتێکیش ئەمە ڕوودەدات ، خەڵکانێك دژی سۆفیگەری دەوەستنەوە و قبوڵی ناکەن ، بەمەش ئەم ڕەوتەی بیرکردنەوە دەبێتە مایەی ڕەخنەلێگرتن و ڕەتکردنەوەی بەهەموو شێوەیەك لە لایەن خەڵکەوە .

ڕێبازەکانی سۆفیگەری جیاوازن و تەنانەت خودی سۆفیگەریش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت ، چونکە لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا پێویستیمان بەو بزووتنەوە و ڕێبازانە هەیە ، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ نێوەندگیرییەك لەبەینی مادده و لایەنی ڕۆحانی تاك دروست بکات ، بەحوکمی ئەوەی شاڵاوێك لە مادده پەرستی بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە و بێبەشی کردووە لە بەختەوەرەی و لایەنی ڕۆحانی ، کە سەرچاوەی ئاسوودەیی و ئارامی دڵەکانن ، هەروەك چۆن بۆچوونەك هەیە و

[1] عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، 1مارە یەکی ساڵی 2008، ل 7.

[2] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 100.

دەڵێ : ( رۆح گەورە دەبێت و باڵغ دەبێت ، ڕێگای ئەو گەورەبوونەش عاشق بوون و ئەزموونی روحیە ، هەر ئەمەشە ئەریك فرۆم بە ( هەست بە تەنیایی ) ناوی دەبات ، دەڵێت : پێشکەوتنی تەکنەلۆجی ژیانی ئێمەی گۆڕی ، بەڵام هەرچی زێتر پێشکەوتن و گۆڕان هەستی تەنیایی لای ئێمە قوڵترکردەوە مرۆڤی نوێ تەنیایە ، تەنیا لە کۆمەڵ ، تەنیا لە مانا ، تەنیا لە ئەزموونی روحی ) [1]

ئەم بۆچوونەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ، کە لە ئێستادا مرۆڤ هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحی دەکات ، هەرچەندیشە تەکنەلۆژیا پێشکەوتووە ، بەڵام ئەمە لەلایەکی دیەوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر خەڵك دروست کردووە ، کە مرۆڤ بۆ پڕکردنەوە و بۆشاییە مەعنەوی و ڕۆحییەکانی خۆی پەنایان بۆ دەبات ، ئەمەش نەك هەر مرۆڤی لەتەنیایی ڕزگار کردووە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێندەی دی تەنیای کردووە و دابیڕیوە لە کۆمەڵگا و تەنانەت لە خودی خۆشی دابیڕێوە .

بۆیە دەتوانین بڵێین : سۆفیگەری دابڕان نییە لە کۆمەڵگا ، سۆفیگەری مانەوەیە لەناو کۆمەڵگا ئێمە دوو جۆر لە سۆفیگەریمان هەیە ؛ ( سۆفیگەرییەك لە فەنا کۆتایی دێت ، بەڵام هی نەقشبەندییەکان لە فەنا کۆتایی نایەت ، بەڵکو بەرەو بەقا دەچێتەوە ، چونکە ئەگەر هەر لەفەنا بمێننەوە ، نەسوودەی خۆیانی دەبێت نە سوودی دەوروبەریان دەبێت ، بەڵام ئەگەر لەفەنا بپەڕنەوە بۆ بەقا ئەو کاتە سوودی خۆیان و دەوروبەریشیان دەبێت ، لە سۆفیگەریدا گرینگ ئەوەیە خوا لەناو دڵ و دەروونیاندا بێت ، کەواتە : سۆفی دەبێت ڕێگای تاریك بۆ خەڵکی ڕووناك بکاتەوە ، سۆفی ئەوەنییە بچێ خەڵوەبکێشێ و لە ڕێبازی نەقشبەندی ئەوەنییە ! دەبێ لەناو خەڵك بێ و ڕێبەری خەڵك بکات . )[2]

لەمەوە دەگەینە ئەوەی ، کە ئەمە ڕێباز و کەسەکانن ئەزموونی سۆفیگەری پراکتیزە دەکەن ، ناکرێ کەسێك یان ڕێبازێك لە سۆفیگەری بکرێت بە پێوەر بۆ وەسفکردنی هەموو سۆفیگەری ، چونکە لەسەرەوە ئەو ڕاستیانە خرانەڕوو ، کە سۆفیگەری قازانجی زیاترە لە زیان ، لەئێستاشدا پێویستیمان بە فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی سۆفیگەری هەیە ، بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروونەکان و گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ خودی خۆی و گەیشتن بە هەقیقەت .

### 3 ـ سەرهەڵدانی سۆفیگەری لەکوردستاندا

سەرهەڵدانی سۆفیگەری دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار هەروەکو لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا ، دژی زوهدگەری بوو لە هەمان کاتیشدا هۆکارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و .. ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی سۆفیگەری وەك بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و بێزاری خەڵك دژ بە دۆخێکی کۆمەڵایەتی ، ئابووری داسەپاو بە تەنها کە ئەنجامی دەرکەوتنی چەند پێشەوا و ڕێبەرێکی ڕۆحانی نەبوو بەڵکو شانبەشانی دەرکەوتنی ئەمانە فاکتەری کۆمەڵایەتی هۆکارێکی بنەڕەتی گەشەکردنی سۆفیزم بوو ، بارودۆخی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی هاوشانی هێز و توانای ڕۆحی و مەعنەوی

[1] غەریب ، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 42 .
[2] شوان ، د. ابراهیم احمد (د.) ، دەیری عەشق ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، کەناڵی سپێدە ، 10 / 6/ 2016 .

ڕێبەرانی ڕێبازەکانی سۆفیزم زەمینەی بۆ هاتنی بزوتنەوەکە خۆشکرد و دواتریش لە پرۆسەی کار لە یەکتری کردندا گەشەیکرد و بوو بە دیاردەیەکی کاریگەر لە ژیانی هەمەلایەنی خەڵکیدا ،

واتە : لە هەموو ئەو ڕووانەی سۆفیزم تەنیا دیاردەیەك نەبوو تەنها لە پێناوی دونیا و کاروبارەکانی دونیادا دەرکەوتبێ ، بەڵکو بێزاری و ناڕازی بوونێك بوو لە ڕێگەی زوهد و خواپەرستیەوە لەبەرانبەر ئەو شەڕ و چاوچنۆکیەی ، کە بەشی هەرە گەورەی خەڵك ڕوویان تێکردبوو .

سەرەتای سەرهەڵدانی سۆفیگەری ڕێچکەیەکی ئاینی و ئیسلامی بەخۆیەوە وەگرتبوو ، بۆیە ئەو بۆچونەش هەڵەیە ، کە هەندێك پێیان وایە : شێخ و پێشەوا و سەرقافڵەکانی سۆفیگەری ئەو ڕێ و شوێنەیان داهێناوە و شتێك بووە هێناویانە و ڕچەیەك بووە خۆیان شکاندوویانە ! بەڵام لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونە وانییە و جگە لەوەی دوورە لە ڕاستییەوە و تۆمەت و بوختانێکی زلیشە ، کە ئاڕاستەی ئەو پێشەواو مامۆستا و صاڵح و پایەبەرزانە دەکرێ ! چونکە بێگومان هەموو هەوڵ و کۆششی پێشەوایانی وەك ( شێخ جنید البغدادی و أبو سلیمان الدارانی و أبراهیم بن أدهم ...پاشان أبو حامد الغزالی و عبدالقادر الگیلانی و بهاءالدین نقشبند و ... هتد ) بۆ ئەوە بووە کە خۆیان بە وردیی و موو بەموو بە ڕێبازی پێغەمبەردا بڕۆن و لەپاشان بەکەسیشیان نەگوتووە شوێن ڕێبازی جنید یان گەیلانی ... بکەون بەڵکو گوتوویانە : شوێن ڕێبازی پێغەمبەر بکەون .

ئینجا هۆی ئەوەش کە لە پاش خۆیان و ڕچە و ڕێ و ڕەسمەکانیان وەك ڕێباز (طریقة) بەناوی خۆیانەوە ناونراون و گوتراوە : ڕێبازی گەیلانی ، ڕێبازی سوهرەوەردی ... ئەوەبووە ، کە شوێن کەوتووەکانیان نەیانتوانیوە ئەو ڕێبازەی ئەوان ـ کە سوننەت و ڕێ و شوێنی پێغەمبەری (د.خ) ببەنەوە بنەوان و لەبەر تیشکی دەقەکانی قورئان و سوننەتدا پێیەوە پابەندبن ، بۆیە بەرەبەرە بە تێپەربوونی کات کەم و زیادیان تێدا کردووە و گۆڕاون و شێوێنراون خەڵکەکەش لەبەر بێ ئاگایی و نەشارەزاییانەوە وردە وردە ئەسڵ و بنەڕەتی ئەو شێخ و پێشەوایانەیان فەرامۆشکردووە و دەقیان بە بارە ناشەرعی و هەڵە و ناڕاستەکەیانەوە گرتووە و پێیان وابووە هەرچی بەناوی عبدالقادر و بهاءالدین نقشبند ئەنجام دەدرێ و مومارەسە دەکرێ ئەوە خودی ئەو شێخانە دایان هێناوە [1]

مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕێبازەکانی سۆفیگەری لە کوردستان بەپێی ژمارەیەك سەرچاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگارێك ، کە ڕێبازەکانی تەریقەتی شازلی ، نوربەخشی ، عەلەوی ، کە لقێکی تەریقەتی خەلوەتیەیە لە کوردستاندا بوونیان هەبوو ، لێکۆڵینەوە لە مێژووی سۆفیگەری لە کوردستان ئەوەمان بۆ دەردەخات ، کە ڕۆڵی عارفانی کورد لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ژمارەیەك لە تەریقەتەکان دیار و بەرچاوە تەریقەتی روفاعی دامەزرێنەرەکەی کوردێك بووە بەناوی ئەبو وەفا ، ڕیشەی تەریقەتی خەلوەتیش دەگاتەوە بە عارفانی کورد و فارس و تورك ، لەمەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، کەپەیوەندی کورد و سۆفیزم پەیوەندییەکی کۆنتر لەپەیوەندی دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندیە لە کوردستاندا ، ئەمە لەلایەك لە لایەکی دیکەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ، کە عارفانی کورد کاریگەریی گەورەیان بەسەر بڵاوکردنەوەی

[1] باپیر ،عەلی ، ڕێگای صاڵح بوون و بەرەو خوا چوون ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی یەکەم ، 2005، ل 244 .

تەریقەتەکانی سۆفیگەریەوە نەك تەنیا لە نێو کوردستان ، بەڵکو لەدەرەوەی کوردستانیشدا هەبووە .[1]

## 4 ـ جۆرەکانی سۆفیگەری

سۆفیگەری بە پێی سەرچاوەی دروست بوونی چەندین جۆری هەیە ، بۆیە هەر ئەمەشە وایکردووە ، کاتێك حوکم لەسەر باشی و خراپی سۆفیگەری دەدرێت بەیەك چاو تەمەشای هەموو جۆرەکانی سۆفیگەری بکرێت و لەیەکدیی جیانەکرێتەوە ، بۆیە لێرەدا گرنگترین جۆرەکانی سۆفیگەری دەخەینەڕوو :

ـ سۆفیگەری هەیە لە دەرەوەی بازنەی ئاینە .

ـ سۆفیگەری هەیە هەڵقوڵاوی ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامە .

ـ سۆفیگەری هەیە لەو دیو شورە و پەرژین ، یان بازنەی ئیسلامە .[2]

واتە : مەرج نییە هەموو سۆفیگەرییەك پەیوەست بێت بە ئاینی ئیسلام ، یان بەمانایەکی تر سۆفیگەری مەرج نییە پەیوەست بێت بە ئایین ، بەڵکو دەکرێ وەکو فەلسەفەیەك و ڕێچکەیەکی بیرکردنەوە کۆمەڵە کەسانێك پەیڕەوی بکەن ، بەم پێیە دەتوانین سێ جۆر لە سۆفیگەری دەست نیشان بکەین :

1ـ سۆفیگەری سوننی : کە ئەم جۆرەیان جێگای بڕوایە و پشتگیری کراوە لەلایەن ئەهلی تەسەوف ، چونکە تەنها پشتیان بە قورئان و فەرموودە بەستووە و پێشی دەوترێ (تەسەوفی شەرعی ) ، چونکە پەیوەستە بە شەریعەتی ئیسلامەوە . ڕێبازی ئەم تەسەوفەش دونیا و دواڕۆژیشی گرتۆتەوە و گرنگی بە هەردوو دونیا دەدەن و نە واز لە دونیا دەهێنن نە دواڕۆژیش واتە : پیاوی دونیا و دواڕۆژن .

ئەم جۆرە لە سۆفیگەری خزمەت بەسۆفی و کۆمەڵگاش دەکات ، چونکە سنووری ناوەندگیری پەیڕەو دەکەن و دونیایان لە پێناو دواڕۆژیاندا دەوێت ، لەهەمان کاتیشدا لە

چوارچێوەی شەرع و سوننەتدایە و دوورە لە شتی خوڕافە و ناشەرعی ، نموونەی لەم جۆرەمان زۆرە ، بەڵام ڕەنگە بەدرێژایی مێژوو لە ڕێچکەی سەرەکی خۆی لایدابێت و شتی دیکەی تێکەڵ کرابێت و لە ئامانجی سەرەکی خۆی دوور خرابێتەوە .

---

[1] عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، 1مارە یەکی ساڵی 2008، ل 31 ـ 32 .

[2] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015 ، ل 55 .

2 ـ سۆفیگەری بیدعی : کە ئەمانە پشت گوێ خراوە و جێگای بڕوا و پشت پێ بەستن نییە ، لەلای ئەهلی سۆفیگەری پشت بەستوو بە قورئان و فەرمووده ، ئەم کۆمەڵەیەش ئەوانەن ، کە شتێکی زۆر ناشەرعییان خستۆتە پاڵ سۆفیگەری ، کە لە شەریعەتدا هەر نین ، کاتێك کە لە شەرع لایدا ئەم جۆرەی سۆفیگەری دروست دەبێت ، هەر ئەم جۆرەی سۆفیگەریشە ، کەزۆرترین ڕەخنە و توانجی ئاراستە دەکرێت و تەنانەت رووی سۆفیگەریشی ڕوو زەرد کردووە ، خستوویەتیە بەر پەلامار و هەڕەشە .

3 ـ سۆفیگەری فەلسەفی : کە ئەمەشیان لەلای ئەهلی سۆفیگەری وەرنەگیراوە و پیشتگوێخراوە و جێگای باوەڕو متمانە نییە ، چونکە پەیوەستە بە فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی و هیندی و ئێرانی ، لە ڕێگەی شەریعەت لای داوە .[1] ئەم جۆرە لە سۆفیگەری لە لای هەندێ لە سۆفییە ئیسلامییەکانیش تێکەڵ بە سۆفیگەری بووە ، بەڵام جیاوازیشی هەر هەیە وەکو لە بابەتەکانی ( یەکێتی بوون و یەکبوون و .. ) چونکە ئەمجۆرە دەبێتە دوو بەشەوە :

1 ـ پێڕەوانی هەوڵ دەدەن لەگەڵ ئیسلام بیگونجێنن .

2 ـ بە تەواوی لە دەرەوەی شەریعەتە .

کە لەبەشی چوارەمدا بەتێر و تەسەلی باسی دەکەین و بەنمونەوە ڕوونی دەکەینەوە . بەم شێوەیە : سۆفیگەری بەپێی سەرچاوە و فەلسەفەی بیرکردنەوەی ، دەکرێ بەچەند بەشێك و هەر یەکەی ئاراستەیەکی جیاو سەربەخۆ وەردەگرێت ، کە جیایدەکاتەوە لەوی دیکە ، بۆیە ناکرێت بە یەك چاو تەمەشای سۆفیگەری بکەین و پێویستە هەر یەکەی بەپێی خۆی و لەچوارچێوەی خۆیدا ، خوێندنەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت ، نەوەك بەپێی بیرو بۆچوونی خۆمان و لەچوارچێوەی سۆز و عاتیفەدا بریاربدەین .

## 5 ـ ڕێبازەکانی سۆفیگەری لەکوردستاندا

چەندین ڕێبازی سۆفیگەری لەناو کورد بەتایبەتی و لە کوردستاندا بەگشتی سەری هەڵداوە ، کە بەگشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە :

### أ ـ تەریقەتەکانی کوردی شیعە :

ئەم جۆرەی تەریقەت پەیوەستە بە شیعەگەرییەوە ، کە ئەمیش دەکرێت بە دوو جۆری سەرەکییەوە :

یەکەمیان : تەریقەتی نیعمەت ئیلاهی : کە دامەزرێنەرەکەی : (شاه نورالدین سید نعمةالله بن سید عبدالله ) یەو لە 735 ك یان 731 ك لە کوهسانی سەر بە هیرات لەدایك بووە و لە 832 ك مردووە ، سۆفییەکی شارەزابووە و کۆمەلێ دانراوی لە دوا بەجێماوە .

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 103 ـ 104.

دووەمیان : تەریقەتی خاکسارییە : دامەزرێنەرەکەی (جلال الدین حیدر) ە و چەند کتێبێکی سۆفیگەری داناوە لەوانە : (تحفه درویش و گنجینهء اولیاء) رێبوارانی هەژار و سواڵکەرن و بە گەورەکانیان دا هەڵدەڵێن ، لە شاری کرمانشان خانەقایان هەیە . [1]

## ب ـ تەریقەتەکانی کوردی سوننە :

تەریقەتەکانی کوردی سوونەش دەکرێن بە دوو بەش و جۆرە :

### 1 ـ تەریقەتی قادری

ئەم تەریقەتە بەناوی دامەزرێنەرەکەی ناونراوە ، کە شێخ عەبدوالقادری گەیلانییە و لە ساڵی (1166) ز . مردووە ویردەکانیان بە دەنگی بەرز، بەدانیشتنەوە یان بەڕاوەستانەوە دەخوێنن و جموجۆڵ و سەمایشی لەگەڵدا دەکەن . شێخ و مورشید لە تەریقەتی قادریدا گەرەکە سەید بن و نەوەی ئیمام عەلی بن پەیڕەوانی قادری لە کوردستاندا بەسەر دەروێش و دێوانە و خەلیفەدا ، دابەش دەبن ، ئەو جێگەیەی شێخانی قادری و قادرییان تێیدا پێڕەوی

تەریقەتەکەیانی تێدا دەکەن ، پێی دەگوترێ : تەکیە ) [2] ئەمە خاڵی جیاکردنەوەی تەریقەتی

قادرییە ، لە تەریقەتەکانی دی ، کە ئەسڵ و بنچینەی خۆیان دەگەڕێننەوە سەر پێغەمبەر ، دەیکەنە مەرجیش ، کە شێخ و مورشید دەبێت سەید بن ، واتا : سنووری بوونە شێخ و مورشیدیان بەرتەسککردتەوە و لەلایەکی دییشەوە بووە بە سیستەمی پشتاوپشتی ، کە ئەمەش هەندێك ناساز و نەگونجاوە لەگەڵ هەقیقەت ، چونکە لە ئایندا وەرەسە و میراتگر نییە ، بەڵکو دەکرێ کەسێکی باش منداڵ و نەوەیەکی خراپی هەبێت یاخود بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە .

دەڵێن : تەریقەتی قادری لە بنچینەوە لە (شێخ جونەیدی بەغدادی) یەوە هاتووە ، شێخ کاکۆ لەسەدەی حەوتەمی هیجریدا (تەریقەتی قادری و تەریقەتی تەیفوری) هێناوەتە کوردستان بەڵام تەیفوری لە کوردستان سەری نەگرت و سەرنەکەوت و خۆی نەگرت و پەرەی نەسەند و بلاونەبۆوە ، هەرچی تەریقەتی قادرییە سەری گرت و بڵاو بۆوە و شوێن کەوتەی لەکوردستان گەلێك زۆرە ، سەیدەکانی بەرزنجەش هەموویان سەیدن و تەریقەتی قادری لەوانەوە و بەهۆی ئەوانەوە لەکوردستان بڵاو بۆتەوە .

تەریقەتی قادری دژایەتی لەگەڵ شەریعەت نەبوە و بەڵکو لە خزمەت شەریعەتیش دابووە و هەوڵی بۆ زیندووکردنەوە و بڵاوبوونەوەی شەریعەت و هەم تەریقەتەکەی خۆشی داوە ، دژی تەمبەڵی و تەوەزەلی بووە و داوای کارکردن و ئیشکردنی لە دەروێش و سۆفی و لایەنگرانی خۆی کردوە . ئەمەش بەرپەرچی ئەو بۆچوونە دەداتەوە ، کە پێی وابووە بابای سۆفی هەموویان لەسەر زگی خەڵکی ژیاون و تەمبەڵ بوون و خەریکی خەڵوەکیشان و گۆشەگیری بووینە .

[1] شوان ، ابراهیم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، ل 71.
[2] شاکەلی ، ئەمجەد ، خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، چاپی یەکەم ، تاران ، 2019 ، ل 64 .

تەریقەتی قادری لە کوردستان چەند باڵێکی لێ بۆوە لەوانەش : بەرزنجی ، کەسنەزانی ، تاڵەبانی . لە قەزای ئاکرێش بەهۆی (شێخ عبدالعزیز) تەریقەتی قادری دادەمەزرێ و دوای مردنی خۆشی یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی (شمس الدین) چۆتە شوێنی و بە (شمزین) ناوبانگی دەرکرد و ئێستاش پێی دەڵێن : نەوەکانی شمزینیان ، بەڵام ئێستا شەمزینییەکان نەقشبەندین ، ئەم تەریقەتەش هەر بەکوردستانەوە نەوەستا و لە چەندین شوێن و دەوڵەتانی دونیادا بڵاوبۆوە و هەوادارانی بۆ پەیدابون و تەکیە و خانەقایان بەناوی قادری دروست کردووە .[1] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ، کە تەریقەتی قادری بوو بە تەریقەتێکی جیهانی و بە دەوڵەتانی تردا بڵاوبۆوە ، بۆیە ئاساییە لەئەنجامی ئەم بڵاوبوونەوەیە چەندین بیر و بۆچوونی جیاوازیی تێکەڵ ببێت و شتێکی جیاوازتر بێت وەك ئەوەی ، کە لە سەرەتادا هەبووە .

## 2- تەریقەتی نەقشبەندی

ئێمە لێرەدا زیاتر هەڵوەستە لەسەر تەریقەتی نەقشبەندی دەکەین بەحوکمی ئەوەی وەفایی سەر بەتەریقەتی نەقشبەندی بووە ، بۆیە گرنگی بەم تەریقەتە دەدەین و هەوڵدەدەین لە چەندین ڕووەوە گەنگەشەی ئەم بابەتە بکەین :

### 2- 1- چەمك و وشەی نەقشبەندی :

بەر لەوەی باس لە مێژووی سەرهەڵدانی تەریقەتی نەقشبەندی بکەین ، بە پێویستی دەزانین مانای : نەقشبەند ڕوونبکەینەوە : ( ئەم وشەیە وشەیەکی فارسییە و لە دوو بەش پێکهاتووە (نقش ) وێنەی ئەو مۆرەیە ، کە لەسەر مۆم و شتی دی دەدرێ ، (بند ) بە واتای چەسپان و نەکوژانەوە ، کەوابوو وشەکە بەگشتی بەواتای ئەوە دێت ، کە زیکری خوا کار لە دڵ دەکا و لە ناخیا دەچەسپێ [2] ، واتا : کاتێك سۆفی زیکر دەکات ، ئەم زیکرە لەناخ و دەروونی کار دەکات و لەدڵیدا وەکو مۆر و وێنەیەك دەچەسپێ . ئەم واتا و لێکدانەوەیەش لەگەڵ چەمکی بەکارهێنانەکەی دەگونجێ .

### 2- 2- پێناسەی تەریقەتی نەقشبەندی :

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 111 - 113.

[2] شوان ، ابراهیم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، چاپخانەی هێڤی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، 2014، ل 77)

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە ، دێین باس : لە پێناسەی ئەم ڕێبازە دەکەین ، لەڕوانگەی هەندێ لە زانایان ، بە پشت بەستن بە وتە و بیروڕای شێخان و زاناکانی سەر بەم تەریقەتە پێناسەی ئەم تەریقەتە دەکەین :

خواجە یوسفی هەمەدانی فەرموویەتی : ( ئەم ڕەوشەی ئێمە سەدە سەدە دوای سەدە لەحەزرەتی ئەبوبەکری سدیقەوە گەیشتووە بە ئێمە و تا قیامەتیش بەردەوام دەبێت . ) بە پێی ئەم بۆچوونە بێت ، هەر لەسەردەمی خەلیفە ئەبوبەکرەوە ئەم تەریقەتە هەبووە وئومێدیشیان بەبەردەوامبوونی هەیە .

محەممەدی کوڕی شێخ سولەیمانی بەغدادیش دەڵێت : بە ڕاستی ڕێبازی هاوەڵانی پێغەمبەری پێشەوایە بێ زیاد و کەمکردنەوە ، ئەویش عیبارەتە لە بەردەوامی بەندایەتی بە ئاشکرا و نهێنی بە تەواوی پابەندبوون بە واجبات و سونەتەوە و بە تەواوی دووری کردن لە تەواوی بیدعەت و ئاسانکاریەکان لە تەواوی هەڵسوکەوت و لە عادەت بێت یا موعامەلە ، لە هەمانکات لەگەڵ دەرخستنی تەواوی ملکەچی بۆ خوداوەندی تاك و باڵادەست [1] گرنگی ئەم پێناسەیە لەوەدایە ، کە ئاماژەیە و دووپاتکردنەوەی تێدایە ، بەوەی ئەم ڕێبازە ڕێبازی پێغەمبەرە و پابەندە بە قورئان و سوننەتەوە و دوور لە شتی داهێنرا و خوڕافی ، پابەند بوون بە فەرمانەکانی خودای گەورە .

**2 - 3- مێژووی بڵاو بوونەوەی ڕێبازی نەقشبەندی**

ڕابەر و دامەزرێنەری ڕێبازی نەقشبەندی شێخ بەهائەدین محەمەد نەقشبەندی محەمەدی کوڕی محەمەد بوخارایە (717 هـ ـ 719 هـ ) ، ئەم پیاوە شارەزایەکی زۆری لە علومی ئیلاهی هەبووە ، هەروەها پلە و مەقامێکی گەورەی هەبووە لە ئاین و بە پێشەوایەکی ڕۆحانی دەژمێردرێ ، بەڵام بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی تەریقەتی نەقشبەندی لە کوردستان لە لایەن (مەولانا خالیدی شارەزووری ) یەوەیە ، کە تەریقەتەکەی لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا بڵاوکردووەتەوە . [2]

---

[1] وەزیری ، ئەمیر نەقشبەندی لە کوردستان وەرگێرانی : عەلی میر زا عارف هەورامی ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی ، چاپی دووەم ، 2020، ل 102- 104

[2] تەوەککولی ، محەمەد ڕەئوف ، مێژووی تەسەوف لەکوردستان ، و یوسف زاهیر هەورامی ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 226- 230.

پێش ئەم تەریقەتە تەنها تەریقەتی قادری هەبوو لە کوردستاندا ، تەریقەتی نەقشبەندی تا سەدەی (13) هەمی کۆچی بڵاونەبۆوە ، ئەو کاتەش سەردەمی میرنشینی بابان دەبێ و شێخ مارفی نۆدێهیش لەو کاتەدا بڵاوکەرەوە و ڕابەری تەریقەتی قادری دەبێ ، لە پێش نەقشبەندی هەبووە ، بەڵام کە مەولانا خالید بوو بە رابەری تەریقەتی نەقشبەندی خەڵك لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکرد و لەسەر دەستی ئەو تەریقەتەکەیان وەرگرت . [1]

نەقشبەندییەکان وەك هەموو تەریقەتە سۆفیینەکانی دیکە ، پەیامبەر موحەمەد بەو کەسە دەژمێرن ، کە هەموو تەریقەتەکانی لێوە هاتوون ، ئەویش سەرەتا و دەسپێکی تەریقەتەکەیانە ، یەکسەر دوای پەیامبەر ، زنجیرە دەبێتە دوو بەشەوە ، نەقشبەندییەکان بە پێچەوانەی هەموو تەریقەتەکانی دیکەوە ، کە دەگەڕێنەوە سەر ئیمام عەلی کوڕی ئەبو تالیب (661 - 600 ز) تەریقەتەکەیان دەگێڕنەوە سەر ئەبوبەکری سددیق (573 - 634 ز) و خۆیان بە سددیقی (بەکری) دادەنێن و زۆربەی تەریقەتەکان دەگەڕێننەوە سەر ئیمام عەلی ، گەلێ سەرچاوە لەمەڕ سۆفیگەری ، ئیمام عەلی ، بە دەستپێك و مامۆستای تەسەوف دادەنێن و ئەویش حەسەن ئەلبەسری فێرکردووە و لەویشەوە گەیشتووەتە داوود ئەلتائی و لەویشەوە بۆ جونەید ، کە شێخی تایەفەکە بووە و لەوێشەوە ئیدی لق و چڵی لێ بووەتەوە و بەنێو هەڤالانیاندا تەسەوف بڵاوبووەتەوە [2]

بێجگە لە ئایین ، تەریقەتی نەقشبەندی لایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبووە ، لەدەڤەرەکانی دیانس سەکسۆنیا ، ڕوسیا و ئاسیای نێوەڕاست ، ئەم تەریقەتە ڕۆڵی خۆی بینیوە و لە سەردەمی تیمووریییەکاندا لەسەدەی پێنجەمدا پێشەوا ئایینییەکان بوون بە پێشەوای سیاسی [3]

## 2 - 4 - تایبەتمەندیی ڕێبازی نەقشبەندی

هەر تەریقەتێك کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندیی خۆی هەیە ، بۆیە ڕێبازی نەقشبەندیش کۆمەڵێك تایبەتمەندیی هەیە ، کە بریتیە لەوەی : بانگەوازی خەڵکی دەکەن بۆ خواپەرستی بە ئاشکراو بەنهێنی و لەناو ئەواندا زیکرکردن بە دەنگ بەرزکردنەوە نییە ، هاوار و زەرگ لە خۆدان و شیربازیش نییە ، زۆر خۆبرسیکردن و کەم نوستنیش هەر نییە ، پەیوەستن بە شەریعەت ، شەریعەتیش مام ناوەندییە . [4] واتا : ئەم تایبەتمەندییانە وەکو لایەنی جیاوازیی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندیش وەربگرین ، واتا : تەریقەتێکە جگە لەوەی لەگەڵ شەرعدا دەگونجێ بەڵکو لەگەڵ عەقڵ و مەنتیقیشدا گونجاوە و کێشەی نییە .

---

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 107.

[2] ئەمجەد شاکەلی. خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی. تاران : هاوسانی، 2019، ل 81 - 82 .

[3] ئەمجەد شاکەلی. خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی. تاران : هاوسانی، 2019، ل 137 .

[4] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 107.

## 2-5 ـ مەولانا خالیدی نەقشبەندی کێیە ؟

مەولانا خالید لە هۆزی میکاییلی جافە و لە شارۆچکەی قەرەداغ ، هاتۆتە دنیا و ساڵی لە دایکبوونی مەولانایان (1192 ـ 1193) داناوە ، مەولانا لە پێشدا لە قەرەداغ ، قورئانی پیرۆز و وانە سەرەتاییەکانی فارسی و عەرەبی فێر دەبێ و پاشان لە شوێن دەرس و دەور ئەکەوێتە گەڕان و گەیشتنە خزمەت زانایان . لە ساڵی (1220 ك ) مەولانا بۆ بەجێهێنانی حەج بەرەو حیجاز کەوتەڕێ و لە موسڵ و دیاربەکر و زەها و حەڵەب و شارەکانی دیی شام و فەلەستین لایدا و لەگەڵ زانایان و پارسایانی ئەو شارانە دانیشت و وەك لە شامدا بە خزمەتی شێخ موحەمەدی (کزبری) مامۆستای (دار الحدیث) و شێخ موستەفا کوردی کە هەریەکەیان لەباری زانست و ئاکارەوە ، ناوازەی شار و عەللامەی ڕۆژگاریّ بوون ....

ئیجازەی گێڕانەوەی فەرموودە و خوێندنەوەی ویرد و زیکری وەرگرت و داب و دەستووری تەریقەتی قادری ناسی پاش گەیشتنە مەککە و بەجێهێنانی حەج بەرەو مەدینەی پیرۆز کەوتەڕێ مەولانا خالید دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی ،وەکو پێشوو دەرس گوتنەوەی دەستپێکردەوە لەکاتەکانی دییشدا خەریکی خوێندنەوە و عیبادەت و زیکر و نزا و سکاڵا دەبوو ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە چاوەڕوان بوو دەروویەکی لێ بکرێتەوە و چاوی بە دیتنی شێخێکی گەورەی نەقشبەندی ڕوون ببێتەوە .

ساڵی (1224 ك ) پارسایەکی دنیاگەڕ بەناوی میرزا ڕەحیمی عەزیم ئابادی هیندستانی ، ئەگاتە سلێمانی و لەوێوە ئەچێتە مەدرەسەی مەولانا .... بەم شێوەیە کابرای میوان دەڵێ : من مورشیدم ڕایسپاردووم لێرە بم و ئەتۆ بۆ لای ئەو بەرم و ئەوا ماوەیەك چاوە چاوی هەڵێکم ڕاسپێرییەکەم ڕابگەیەنم ئێستا ئەگەر دڵت لەسەر قسەکانم دامەزراوە ، بەزووترین کات خۆت ئامادەی ئەو سەفەرەی بکە با بەڕێکەوین ! مەولانا کە دەبینێ ئاواتە گەورەکەی ئەوا خەریکە دێتە دی ، وەخۆ دەکەوێ و دەرس و کاری مەدرەسە وەلا دەنێ و ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکات و بەرەو هیندستان دەکەوێتە ڕێ .

مەولانا بەیانی ڕۆژی 26ی زیلحیجەی ساڵی (1224) گەیشتووە خانەقای شا عەبوڵڵا و دوای نیوەڕۆی هەر ئەو ڕۆژە چاوی بە مورشیدی خۆی کەوتووە ، شا عەبدوڵڵا هەر لە یەکەم چاوپێکەوتندا بە چاوی دڵ مەولانا لە هەموو بارێکەوە شیاوو ئامادەی وەرگرتنی تەرقەتی نەقشبەندی دەبینێ و دەیخاتە ژێر چاودێری تایبەتی خۆیەوە و فێری چۆنا و چۆنی زیکر و فیکر و داب و دەستووری ئەو تەریقەتەی دەکات ... پاش پێنج مانگ ئەگاتە ڕادەی بەرچاوکرانەوە (حضور و مشاهدة) و سەرەنجام دوای ساڵ و نیوێك لە پلەی فەنا و بەقای تەواویش سەردەکەوێ و دەرەجەی

کەماڵی دەست دەکەوێ و ئەوجا شا عەبدوڵڵا ئیجازەی پێ دەدا و بەدەستی خۆی خەڵاتی کەڵبۆسی دەروێشانەی لەبەر دەکات ،

مەولانا دوای وەرگرتنی ئیجازە ، بیری گەڕانەوەی دەکەوێتە سەری بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان و سەرەتا چەند ڕۆژێك لەشاری (سنە) لایدا و لە حوجرەیەکی مزگەوتی قەڵابەگیدا چەند کەسێکی بە تەریقەتی نەقشبەندی ئاشنا کرد و پاشان گەڕایەوە سلێمانی ، پاش چاوپێکەوتنی خزم و کەس چوو بۆ بەغدا و ماوەی پێنج مانگ لە کونجێکی مەرقەدی شێخ عەبدوالقادری گەیلانیدا بە ڕیازەتکێشان و سەیر و سولووکەوە لانشینی کرد و لە ڕۆحی پاکی ئەو پیاوە پیرۆزە یارمەتی خواست ، ئەمجا گەڕایەوە سلێمانی و کاری ناساندنی ڕێبازی نەقشبەندی و بانگەواز و ئیرشادی خەڵکی دەست پێکرد و وردە وردە خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەوە و وای لێ هات تاقمێ لە مەشایخی قادری هەستییان بە مەترسی کردو دەستیان کردە ئازار پێگەیاندن و ئەزیەتدانی [1]

مەولانا لەبەر ئەوەی خۆی مەلای دوانزە عیلم بوو ئاوڕێکی لە شەریعەت دایەوە توانی پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان تەریقەت و شەریعەت دروست بکات ، چونکە ئەو کاتە لەیەکتری دوورکەوتبوونەوە و خەڵکی هاندەدا بۆ ئەوەی ڕێز لە زانایانی ئایینی بگرن دەروێش و سۆفییەکان روویان لە ئایین کرد و خانەقای سلێمانی باوەشی بۆ فەقێ و مەلای ئاینی کردەوە .

مەولانا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی خۆی لەسەر بیر و بۆچوون و هزری خەڵکی دانا تا بەو شێوەیە ، کە لە ریوایەتی تەریقەت و سۆفییەتیدا ، ئاڵ و گۆڕێکی نوێی بەدیهێنا ، ئەم ئاڵو گۆڕە بە جوانی لە زیکر و تەهلیلەی عاریفانە لەنێو خانەقاکاندا بەبەرچاو دەکەوت و تا ئەو ڕادەیە ، کە زیکر و تەهلیلەکردن بە دانیشتن و بەشێوەیەکی بێدەنگ و هێمندی خۆی نواند . [2] واتە : تەریقەتی نەقشبەندی لەسەر دەستی مەولانا توانی گۆڕانکارییەکی نوێ بێنێتە کایەوە و جیاوازبێ لە تەریقەتی قادری و هەر ئەمەش بوو وای لەخەڵکی کردبوو بەرەو پیری ئەم تەریقەتە بچن و لەدواجاریشدا بووە هۆی دروست کردنی کێشە لەلایەن شێخانی تەریقەتی قادری و دروست بوونی ناکۆکۆکی لەنێوانیاندا .

### 2 - 6 - جیاوازیی نێوان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی

هەروەکو لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لەڕووی مێژووی سەرهەڵدانیانەوە جیاوازییان هەیە ، بەڵام هەندێ جیاوازیی دیش لەنێوانیاندا دەبینرێ ، کە لەخوارەوە لەچەند خاڵێکدا کورتی دەکەینەوە :

1- ڕێژەی خوێندەواریی رابەری تەریقەتی نەقشبەندی لە هی قادری زیاترە .

[1] ئاوایی ، ئەحمەد ، نەقشبەند و نەقشبەندییەکان ،چاپی یەکەم ، 2018، ل 98 - 103 .
[2] عەبدوڵڵا و دەروێش ، عەلی ، حەبیب محەمەد ، مەولانا خالید موسافیرە بێ نیشتمانەکە ، چاپی یەکەم ، 2012 ، ل 110 - 111.

2- له قادریدا دەروێش بەهۆی وەرزشی جەستەیی دەگاتە ئەنجام ، بەڵام له نەقشبەندی بەسۆز و جەزبە دەست پێدەکا و لەش ئازاردانی تێدا نییە .

3 ـ زکری قادریەکان بە دەنگ و دەف لێدانە ، بەڵام هی نەقشبەندیەکان زیاتر بەدڵە و نەهێنییە ، زیکر لای نەقشبەندییەکان بریتییە له ؛ نەهێشتنی بێ ئاگایی ، که ئەمەش دوو جۆرە بە (زوبان و دڵ ) وە زیکری (دڵ) یش تایبەتە بەم تەریقەتە ، هەر بۆیەش مەلا و خوێندەوار بەگشتی حەزیان له زیکری دەرونیە و زیاتر لەگەڵیان دەگونجێت .

4 ـ تەریقەتی نەقشبەندی سەرەتا بە سۆز (جزبە) ڕاکێشان و بردن . دەست پێدەکا و وەرزشی لەشی ، قورسی تێدا نییە و بەخۆشی هەزم دەکرێ ، بەڵام قادری وەرزشی لەشی قورسی تێدایە .

5 ـ هەوادارانی تەریقەتی ( قادری = تەکیە ) دەکەنە بارەگای خۆیان ، بەڵام هەوادارانی تەریقەتی ( نەقشبەندی = خانەقا ) دەکەنە بارەگای خۆیان [1]

6 ـ شێخی نەقشبەندی زانایە و هی قادری مەرج نییە زانابێ .

ئەو جێگەیەی نەقشبەندییەکان تێیدا کۆدەبنەوە پێی دەگوترێ خانەقا ، خانەقاش جێگەی نوێژ ، یادکردنەوە ، کۆبوونەوە ، بەجێهێنانی بۆنە و ئاهەنگە ئایینییەکان و جێگەی وانەگوتنەوە و خوێندن و ئامۆژگاریکردن و جێگەی دیتنی شێخ و مورشیدە و هەندێ جاریش دەبێتە جێگەی حەوانەوە و مانەوەی میوانان [2] ئەم پێناسە و وەسفە بۆ تەکیەش هەمان شتە ، چونکە ئەمیش ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ ، تەنها ئەوەیە هەریەکەیان ناوێکن بۆ شوێنی تەریقەتەکان .

## 6 ـ ئەدەبی سۆفیگەری چییە ؟

ئەدەبی سۆفیگەری ، یەکێکە لەو ئەدەبانەی ، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی سۆفیگەری ئەدەبی سۆفیگەریش سەریهەڵداوە و پەیدابووە ، یان بەواتایەکی دی سۆفیگەری لەڕێی ئەدەبەوە پارێزراوە و گەیشتووە بە ئێمە ، خودی ئەو ئەدەبەش بریتییە له ( هەست و نەستی دەروونی ڕاستگۆیانەی سۆفیگەری دەردەبڕێت ، وێنەیەکە له ڕامانی سۆفیگەری ، هێزی واتا و دەگمەنی ئەندێشە و وێنەی جوانی تێدایە ، سودیان له ئەدەبی هەستی وەرگرتووە و کردوویانەتە واتای گیانی ، ئەو هەڵبەستانەی دنیای هەستی دەردەبڕن کردوویانەتە سۆزی گیانی [3] ، واتە : ئەدەبێکە گوزارشت له سۆفیگەری دەکات و وێنەکان لەجیهانی ماددە وە دەگوازێتەوە بۆ جیهانی واتا و گیانی و بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت .

---

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی له ئاوێنەی مێژوودا ل 114 .

[2] ئەمجەد شاکەلی. خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، ل 138 .

[3] وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی ڕۆمی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2013 ، ل 260 .

لە ئەدەبی سۆفیگەریشدا پەخشان و شیعری سۆفیگەریمان هەیە و تەنانەت وتە و قسەی ئەدەبی سۆفیگەریشمان هەیە ، بەڵام شیعری سۆفیگەری وەك بەشێك لە ئەدەب لەتەك ـ شیعری سیاسی ـ شیعری ئاکاری ـ شیعری ئامۆژگاری و ستایشی ، بوون بە بەشێك لە مژارەکانی شیعر دوو سەدەی یەکەم و دووەمی کۆچی دنیانەویستی (زوهد) باوبوو ، ئەدەبی زوهد بە تایبەتی شیعر ـ پێشەکییەکی باش بوو بۆ دەرکەوتنی شیعری سۆفیگەری و بە چەندان شێوە هەر تێیدا مایەوە .

هۆنراوەی سۆفیگەری ، لەسەر بنچینەی هۆنراوەی ئاسایی رۆنراوە ، لە هەردوو لای بابەتی و هونەری ، بەڵام لەسەرەتای سەدەی شەشەمی کۆچییەوە تایبەتمەندیی خۆی لێ پەیدابوو ، ئەم تایبەتمەندییانەی لە جیهانی شیعری نەبڕیوە ، سەرەتای سەرهەڵدانی هۆنراوەی سۆفیگەری لەسەر دەستی پێشەنگانی سۆفیگەری لەسەدەی دووەمی کۆچی و بەتایبەتی لە دوو سەدەی سێ و چوارەمی کۆچی پێگەیشت . شیعری سۆفیگەری پێویستییەك هێنایە کایەوە ، چونکە شیعری سۆفیگەری لە خودی خۆیدا ئامانج نەبوو ، بەڵکو وەسیلەیەك بوو بۆ گواستنەوە و دەربڕینی وەجد و حاڵەکەیان [1]

## 7 ـ کاریگەریی سۆفیگەری لەسەر شاعیرانی کۆنی کورددا

بابەتی سۆفیگەری پانتاییەکی فراوانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا گرتووە ، بەتایبەتی لە شیعری شاعیرانی کۆندا و لەشیعری کلاسیکدا بەتایبەتی ، ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە وەربگرین ، کە شیعری سۆفیانەی هەبووە و لە دوو توێی دوو بەیتەکانی هەڵدەقوڵێن .

لە دوای ئەمیش ئەدەبیاتی گۆران بە ئەهلی حەق و ئیسلامەوە ، بە شیعر و پەخشانەوە هەموویان هەندێکیان لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەرەو لایەنی سۆفیانە چووە ، هەروەها ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو هەر لەفەقێ تەیران و مەلای جزیریەوە تاوەکو ئەحمەدی خانی و شێخ نوورەدینی بریفکانی بەشێك لە شیعرەکانیان بەرەو لایەنی سوفیانە چوونە .

شاعیرانی کرمانجی خواروش هەرچەندە نالی سۆفی نەبووە و دژیان بووە ، بەڵام زاراوەی سۆفییانەی بەکارهێناوە ، واتە : ئەمیش ئەم لایەنەی شیعری فەرامۆش نەکردووە . دوای ئەمانیش مەحوی و صابریی و وەفایی و ... چەندین شاعیری دی ئەم ڕێچکەیان بەرنەداوە و شیعری سۆفیانەیان نووسیوە .

---

[1] وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی رۆمی ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ، 2013 ، ل 261 - 263 .

## بەشی دووەم : تایبەتمەندی و جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی

یەکەم : گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعر لای وەفایی

دووەم : جۆرەکانی شیعری دڵداریی لە شیعرەکانی وەفاییدا :

1 ـ شیعری دڵداریی جەستەیی :

2 ـ شیعری دڵداریی هەستی (عوزری )

3 ـ شیعری دڵداریی حەقیقی .

## بەشی دووەم : تایبەتمەندی و جۆرەکانی شیعری دڵداری لای وەفایی

### یەکەم : گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعر لای وەفایی

### أ ـ ڕەنگدانەوەی بابەتی سروشت و شیعر و جوانی و عیشق

یەکێك لە گرنگترین خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی شیعری دڵداری لای وەفای خۆی لەم بابەتە سەرەکییانەدا دەبینێتەوە ، چونکە پەیوەندییەکی یەکانگیر و دیالێکتیکی لەنێوانیاندا هەیە و بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە ، لە خوارەوە گرنگدیین ئەو بەرکەتە و پەیوەندییە دیالێکتیکییانە دەخەینەڕوو ، کە لە ناو شیعردا ئاوێتەی یەکدیی دەبن و جەستەی شیعر داگیردەکەن .

### 1 ـ پەیوەندی نێوان سروشت و جوانی

یەکێکی دی لەو تایبەتمەندیی و خاسیەتانەی شیعر لای وەفایی چ لە شیعری دڵداری بێت یان شیعری سۆفیانە و ئاینی بێت ، سروشت و جوانی دەکەونە بەرامبەر یەك بۆیە دەبینین : لەیەك دەقدا شیعری سروشتی تێکەڵ بە شیعری دڵداریی دەبێت یان بەواتایەکی دی جوانی سروشت لەناو شیعری دڵدارییدا یان ئاینی و سۆفیانەدا ڕەنگدەداتەوە ، ئەوەی لێرەدا پەیوەستە بەم بابەتە مەسەلەی جوانییە ، بۆیە لێرەدا دەپرسین : ئایە سروشت بەرهەمهێنەری جوانییە ؟! یان ئاوێنەی سروشت جوانییە ؟!

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەکرێ بگوترێت : سروشت یەکەمین سەرچاوەی جوانییە ، چونکە ( مرۆڤ یەکەمجار لەناو سروشتدا جوانی ناسیوە و هۆی جوڵاندنی هەستەکانی بووە ، بۆیە دەبینین : سروشت بۆتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنانی بابەتی هونەری و ئەدەبییەکان ) [1] لەبەر ئەوەیە نووسەران و ئەدیبان بەرهەم و داهێنانی زۆریان لە دەقەکانیان کردووە بەتایبەتی لە دەقی شیعری کلاسیك بەگشتی و لە شیعرەکانی وەفایی بەتایبەتیدا پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە و خۆشەویستی یارەکەی دەبەستێتەوە بە جوانی سروشت و تەنانەت یارەکەی لە سروشتیش بە جوانتر دەزانێت .

ئینجا دێینە سەر ئەوەی ئەی چەمکی جوانی چیە : (چەمکی جوانی چەمکێکی ئاڵۆزە و فرە لایەنە ، پەیوەستە بە زۆر لایەنی ژیانەوە ، بەخۆشەویستی و سێکس و باری دەرونی و باری بوونی (وجودی) مرۆڤەوە[2] واتا : ناتوانین جوانی دەست نیشان بکەین ، بەڵکو بە پێی باری دەروونی و هەستی خۆشەویستی و ناسکی و ... کەسەکان دەگۆڕێت ، واتا : جوانی شتێکی ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت . بۆیە دەکرێ بڵێین : سروشت هەستی جوانی لای مرۆڤ دروست کردووە و سروشتیش لە ئاوێنەی جوانیدا خۆی دەبینێت لەبەر ئەوەیە ( زۆربەی شاعیرانی کورد هەوڵیان داوە لە وەسفەکانیاندا هەژاندنە دەروونیەکانیان بەرجەستە بکەن واتا بەمەش

---

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 23.

[2] حەسەن، پ.ی.د. لەتیف محەمەد ، ڕەهەندەکانی جوانی کچ لە هۆنراوەی بۆ کچیکی بێگانەی گۆراندا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ. 17ی نیسان ، 2006 ، ل 166 .

وێنەکانی دەرەوە و ناوەوەی ناخیان ڕەنگیداوەتەوە شاعیر وێنەی هەژاندنە دەروونییەکانی خۆی و هەستکردنی قووڵی بە جوانی سروشت ئەنەخشێنێ و )[1] لەسروشتدا جوانی و عەشق و سوتان و ... وەردەگرێت و لەگەڵ وێنەکەی ناخی خۆی یەکانگیری دەکات بۆیە دەبینین لە لای وەفاییدا ( شیعری دڵداریی و وەسفی سروشت چونەتە ناو یەکەوە ، بەزۆری سروشت وەك هەوێنێك بۆ دڵداریی بەکاردێنێ . ) [2] ، جوانی خۆشەویستی یارەکەی دەبەستێتەوە بە جوانی سروشتەوە ناخی خۆی و سروشت تێکەڵ بەیەکدیی دەکات . بۆنمونە لە غەزەلی ژمارە (77) دا دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 238)

قەد گوڵ و ڕوو گوڵ و دەرمانی گوڵە ڕاستە ئەمڕۆ گوڵە خەرمانی گوڵە

تا بە تای زولفی کە شێواوە بەڕوو سونبولستانی گوڵستانی گوڵە

ڕۆژ بەدەرناکەوێ تا سوبحی عوزار هەڵ نەیێ شەو کە لە گریانی گوڵە

قەد و ڕوخساری یارەکەی گوڵە و وە یارەکە بە گوڵ و خەرمانێکە لە گوڵ ، لك لكی زولفت کە ڕووتی داپۆشیوە سونبولستانێکە لە نێوان گوڵستانێکی گەورەتردا . هەتا یار ڕوخساری دەرنەخا ، ڕۆژ هەڵنایێ ، شەو ، کە بۆ گوڵ دەگریێ بە دیتنی ڕوخساری دەبێتە ڕۆژ .

بۆ دڵی شیفتە بۆچی بگریم ؟ بەستەیی چاو و زەنەخدانی گوڵە

زولفی تورکانە لەسەر عاریزی یار ئەوە چەتری سەری سوڵتانی گوڵە

ڕوو بە میحرابی برۆ پەرچەمی خاو کافری تازە موسوڵمانی گوڵە

عەتریی خەندەی گوڵی باغانە کە دێ یا هەناسەی دەمی خەندانی گوڵە ؟

غولغولەی شۆری وەفایی کە دەڵێی بولبولی گۆشەیی بوستانی گوڵە

بۆچی بۆ دڵی عاشق و شەیدام بگریم لەکاتێکدا دڵەکەم بەستراوی چاو و چەناگەی یارە ، ڕوخساری بە گوڵ و هەناسەشی بە عەتر و بۆنی گوڵەباخ چوواندووە داد و هاواری خۆشی بە دەنگی بولبولی گۆشەی گوڵستان چوواندووە کە لەحەیبەت گوڵ چەهچەهە لێدەدا .

[1] بەرزنجی، د. عثمان عبدول ، جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، 2010کانوونی دووەم ، ل111.

[2] خەزنەدار، مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی ئاراس ، بەرگی چوارەم ،2004، ل 351.

## 2 - پەیوەندی نێوان جوانی ئافرەت و شیعر

شیعر باس لە عەشق و جوانی دەکات ، سەرچاوەی عەشق و جوانیش خۆی لە جوانی ئافرەتدا دەبینێتەوە ، وێنەی جوانی ئافرەتیش بە پێی ئێستاتیکای شوێن و کات گۆڕانکاری بەسەر دادێت ، ئەگەر تەمەشا بکەین جوانی ئافرەت لە شیعری کلاسیکدا ( هەمان ئەو وێنە و وەسفانەن ، کە لە شیعری فارسی و عەرەبیدا هەیە واتا : جوانییەکی بابەتییە کە بەژنی وەك ئەسپ و ئەبرۆ کەوان و بەژن باریك و خونچە لێو گوڵ ڕوخسار .. " واتا: ئەدەبێکە ژن تیایدا تەنیا لە چاو و برۆ و دەم و لێودا کۆکراوەتەوە و ، بۆیە دەبینین : شیعری دڵداریی کوردی لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا ئەدەبێکە تەنیا لەدەوری وەسفی جوانی بەژن و باڵا و ڕوخساردا دەسوڕێتەوە ، کە تیایدا ئەندامەکانی ئافرەتیان بە سروشت چواندووە ) [1]

چێژو ئێستاتیکای جوانی لە سەردەمێك بۆ سەردەمێك و لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی دیکە جیاوازە ، وێنە و هێماو چێژە کلاسیکەکان لە شیعری کلاسیکدا یەك شتن و دەبێت شاعیر پێوەیان پابەند بێت و لێیان لانەدات ، بۆیە دەبینین : وێنەی ئافرەتێك و وێنەی شێخ یان پێغەمبەر یان هەندێ جار حەزرەتی حەقیش ، بەیەك وێنەو لەجەستەی ئافرەتێکدا وێنا دەکرێت و شاعیر سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ ئەو جەستەیە دەردەبڕێت .

ئەوەی ئافرەت و شیعر بەیەکەوە دەبەستێتەوە خودی جوانییە ، بۆیە دەبینین ؛ ئەدگار ئێدر ئاڵن پۆ لە شرۆڤەی شیعردا دەڵێت : ( شاعیر بە چاکە و خراپە یان دزێوی کاری نییە ، تەنیا جوانییە مێشکی دەتەنێ ، ئەرکی شاعیر گەیشتن بە جوانییەکی بەربڵاوە ، کە جوانیی دونیا شەبەقێك لەوە ) [2] بەلای وەفایی شیعر ئامانج نییە ، بەڵکو وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە جێگەیەکی دیکە ، لەبەر ئەوەی وەفایی شیعر بۆ شیعر نانوسێت ، مەبەستی ئەوەیە لە ڕێگەی شیعرەوە لەگەڵ خۆی بدوێت .

بەشێکی زۆری شیعرەکانی وەفایی لەم چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە ، ئینجا لە غەزەلی ژمارە 99 دا دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 289)

کار و پیشەی ئەم دڵەم چ بکەم خودا هەر زارییە ؟

سەیلی فرمێسکم وەکوو جۆگە لە چاوم جارییە

واتە : مەبەستی ئەوەیە : کار و پیشەی ئەو دڵەی من هەر گریانە و سێڵاوی فرمێسکم وەك جۆبارە .

بێ قسە وەختی تەبەسوم سەد هەزارانی دەکوشت

یا نە غیلمان ، یا پەری ، یا حوورە ، یا گوڵزارییە ؟

---

[1] عزیز، م . ی. ڕەنجدەر ازاد; کریم، باوەددین م.ی. شاخەوان ، جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی 2 ، ژمارە 2 بەهار2019 ، ل 73 .

[2] قارەمانی، جەعفەر; ، شێخ ئەحمەدی سەید ئەسعەد ، جوانیناسی و شیعری هێمن ، پژوهشنامە ادبیات کردی سال سوم ، پاییز و زمستان شمارە 4 1396، ل 167 .

کاتێ بزەی دێتێ ئەگەر درۆ نەبێ یان بێ ئەوەی قسان بکا هەزاران نەفەر دەکوژێ ، ئەرێ ئەمە بەهەشتییە یان خەڵکی وڵاتی گوڵزارە ؟ لێرەدا جوانی یارەکەی دەردەخات و بەوەی حۆری بەهەشتە یان لەناو گوڵ و گوڵزاردا لەدایك بووە .

### 3- پەیوەندی نێوان شیعر و عیشق

جاری وا دەبێت بۆ ئەوەی لە عەشق تێبگەین دەبێت شیعر بخوێنینەوە ، بە پێچەوانەشەوە بۆ ئەوەی لە شیعر تێبگەین و شیعر بناسین ، پێویستیمان بەوەیە عەشق بناسین چییە ؟! چونکە شیعر و عیشق دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون تەنانەت دەکرێ بگوترێت : عەشق بێ شیعر و شیعر بێ عەشق بوونی نییە ، لەبەر ئەوەی عەشق میهرەبانی ناسکی جوانی ... دەبەخشێت بەمرۆڤ ، زۆرجار مرۆڤ ، کە عاشق دەبێت ، دەبێت بە شاعیر بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە ، بۆیە دەبینین :( زۆر جار شیعر و عەشق لای شاعیر ئاوێتەی یەکدیی دەبن و لەیەك جەمسەردا دەبن ، جا پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا شیعر دەتوانێت دەرەقەتی ئەو فەرمانە بێت ، کە تەعبیرکردنە لە عەشق؟ ) [1] واتا : شاعیر بۆ ئەوەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە لەو سۆز و هەڵچوونەی تێیکەوتووە ، پەنا بۆ شیعر دەبات ، شیعر لێرەدا ئامرازێکە بۆ خۆ خاڵی کردنەوە ، هەروەك ئەفلاتوون دەڵێت : (هەر کەسێك تووشی خۆشەویستی ببێت ، دەبێت بە شاعیر ) [2]، بەڵام لەدواجاریشدا شیعر ناتوانێت هەموو هەست و نەستەکان بکات بە هێما و لەشیعردا بەرجەستەی بکات ، چونکە هەستی عاشقانە ناتوانێت بە تەواوەتی وەسف بکرێت و گوزارشتی لێ بکرێت ، هەروەکو چۆن دەڵێن : عەشق وەسف ناکرێت ، دەبێت بیچێژی . هەر لەم بارەیەوە ئەکادیمستی گەورەی کورد پ . د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ دەڵێت : (کارێکی وا ئاسان نییە وا بیربکەینەوە شیعر لە خۆشەویستی دابڕین و وابزانین وێنەی ئافرەتی تێدا نییە ، شاعیرە کوردەکانیش لەسەر ڕێوشوێنی شاعیرە رۆژهەڵاتییەکان و بەکاریگەریی ئەوان ستایشی جوانی و خۆشەویستییان کردووە و ئافرەتیش وەك رەمزی جوانی و ئەڤین و خۆشەویستییە دەرخراوە ) [3]

عەشق و خۆشەویستی هۆکارێکی سەرەکین بۆ هەڵڕشتنی مروارییە شیعرییەکانی شاعیر ، عەشق پاڵ بە شاعیرەوە دەنێت ، بۆ داهێنان و بەرجەستەبوونی خەیاڵ ئەندێشە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا ، جا ئەم عیشقە دڵی ئاوەدان کردۆتەوە بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لە شیعرەکانیدا [4] هەروەکو فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی دەڵێ : من پێش ئەوەی عاشق بم شیعرم نووسیوە بەڵام دوادی ، کە عاشق بووم شیعرەکانم بە جۆرێکی دی دەرکەوتن ، کە ڕەنگدانەوەی ئەو عیشقە بوون

---

[1] محەمەد، پ . د. محەمەد دلێر ئەمین; میرە ، محەمەد ڕەشید م.ی ئەحمەد ، گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە ـ ی شێرکۆ بێکەس ) دا ، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە ، ژ. 76 ، ل 78 .

[2] حسین ، م . ی . ناهیدە ، م . ی . ناهیدە، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژ. 46 ، ل 213 .

[3] بەرزنجی ، د. عثمان عەبدول ، خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، 2012 ، ژ. 141 ، ل 78 .

[4] حسین ، م . ی . ناهیدە ، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، ل 215 .

به هەموو خۆشی و تاڵییەکانییەوە ، عەشق و شیعر دووانەن و بێ یەك نابن [1] واتا : بە جۆرێك دەتوانین بڵێین : بەلای شاعیرەوە مەعشوق شیعرە و شیعریش مەعشوق

لای وەفایی شیعر یەکسانە بە خۆشەویستی ، بۆ ئەوەی جیهانی عەشقی وەفایی ببینین دەبێت شیعرەکانی بخوێنینەوە ، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە ، یان بە واتایەکی دی عیشقەکەی هۆکاربووە بۆ ئەوەی شیعر بنووسێ ، لەهەمان کاتیشدا خۆشەویستی شیعر وایلێکردووە ببێت بە عاشق و قۆناغەکانی عەشق بوونی بەسەرکەوتووی ببڕێت ، چونکە لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا گیرۆدەی یارێك و دولْبەرێك بووە و شیعرەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە ، تەنانەت زۆرجار ئاوێتەبوون و دەقئاوێزانێك لە ناو شیعرەکانیدا دەبینرێ ، کە ناتوانرێت بە ئاسانی جیابکرێنەوە لەیەکدیی و وێنە شیعرییەکانیان هەمان وێنەن ، بەڵام دولْبەرەکانیان جیاوازن . بۆنمونە لە غەزەلی ژمارە 49 دا دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 159)

ئەو چاوانەی واخوماری نازن

بە ئیما ئیمانم لێ دەخوازن

لێرەدا وەفایی لە ڕێگەی شیعرەوە خۆشەویستیی خۆی بۆ یارەکە دەردەبڕێت و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە ، واتا : شیعر وەسیلەیەکە بۆگوزارشت کردن لەناخی شاعیر لەهەمان کاتیشدا عەشق بۆتە هەوێنی لەدایك بوونی چەندین تێکست و شیعری ناوازە لای وەفایی ، چونکە ئەگەر شاعیر خۆی ڕاستەوخۆ نەکەوێتە ناو پرۆسەی عیشقەوە ، مومکین نییە شیعرێکی زیندوو فەراهەم ببێت . دەڵێت : ئەو چاوانەی یار کە خومار و مەستی نازن بە ئیشارە داوای ئیمانم لێ دەکەن ، واتا : دەیانەوێت ئیمانم لێ بستێنن ، عیشقەکەی وەفایی لێرەدا عیشقێکی مەجازییە و کەوتۆتە داوی کچێك و لە شیعردا هەست و دڵی خۆی بۆ باس دەکات .

ئەوانەی عاشقن بە چاو و زارت

تا ئەبەد سەرخۆش مەحرەمی ڕازن ل 160

هەر لەبارەی عیشقەکەیەوە دەڵێت : ئەو کەسانەی عاشقی چاو و دەمی تۆن تا قیامەت مەست و ڕازدارن ، چاوت مەیخانە و دەمت چکۆلەیە . واتا : من هەر کە چاوی تۆم بینی عاشقت بووم ، عیشقیشم تا قیامەت بۆت نابڕێتەوە ، چونکە چاوت وەکو مەیخانە وایە و منی سەرخۆش کردووە ، تا قیامەت دێت من بە هۆش خۆم نایەمەوە ، ئەمانە هەمووی وێنەی شیعرین ، کە عەشق و خۆشەویستییەکەی هۆکار بووە بۆ ئەوەی چەندین شیعر و وێنەی شیعری بەرهەمبهێنێت .

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل 216 .

قەفەسی بەدەنم تەنگ و تاریکە

بازی دڵ و مورغی جان ، هەردوو پەروازن

وەفایی ناژی بە تاری زولفت

سەرتاپای ئازای جێی ماران گازن

بەدەنم وەکو قەفەسێکە تەنگ و تاریك و دڵ و گیانیشم وەکو بازێکی ڕاوچی وایە خەریکە هەڵفڕێ واتا : خەریکە بمرم ، یان بەواتایەکی دی ؛ دڵم زۆر توونده و خەریکە گیانم دەردەچێت ، چونکە وەفایی بێ زولفی تۆ ناژی و تەواوی ئەعزای گیانی وەك جێ برینی مارانگەستەیە ، چونکە بێ عەشقی تۆ ناژیم ! ئەی یار ؛ بێ تۆیی تۆ مارێکە هەموو جەستەمی گەستووە ، واتا : عیشقت سەراپای جەستەمی داگیرکردووە !؟

## 4 پەیوەندی نێوان عەشق و جوانی

پاش ئەوەی باسمان لە پەیوەندی نێوان شیعر و عەشق کرد دواتریش بەنمونەی شیعری لای وەفایی دەست نیشانی ئەو ڕەهەندەی شیعریمان کرد ، ئێستا پێویستە باس لە بابەتێکی گرینگ بکەین :ئەویش پەیوەندی نێوان عەشق و جوانییە ، ئایە خودی عەشق چییە ؟هەروەها چ پەیوەندییەکی بەجوانیشەوە هەیە ؟

عەشق و خۆشەویستی پێویستییەکی ڕوحی ژیانی مرۆڤە ، چونکە ( لای مرۆڤ لەدوای هەستی برسێتی ، هەستی خۆشەویستی دێتە ئاراوە ، کە ئەمەش خۆی لە هەستی جوانیدا دەبینێتەوە، چونکە توانای مرۆڤ لە وەرگرتنی هەستی جوانیدا ،پەیوەندی بە هەستی جنسییەوەیە ، لانی کەم "خۆشەویستی " هەرئەوەندە خولقێنەری جوانییە ، کە جوانی خولقێنەری خۆشەویستییە ، بەحوکمی ئەوەی خۆشەویستی پیاو بۆ ئافرەت زۆر جار هۆکارە بۆ ئەوەی پیاو بنەماکانی جوانی تێدا بەدی بکات و لەلای لە هەموو شتێکی سروشت جوانتربێت . ) [1] ئەم بۆچوونەش پێ وایە : هەستی خۆشەویستی دوای غەریزەی برسێتی دێتە ئاراوە ، ئەمەش خۆی لە هەستی جوانیدا دەبینێتەوە ، لێرەدا پرسیارێك سەرهەڵدەدا ئایە جوانی چییە ؟ بۆچونێك جوانی گرێدەدات بەپەیوەندی جنسییەوە ، کە ئەمانەش بەشێك لە ڕاستییان وتووە ، بەشەکی دی پێیان وایە : جوانی شتێکی ڕێژەییە و دەکرێ : جوانی جوانی ناخ بێت ، بۆیە دەبینین : لەسەر ئەم بابەتە دوو جۆر لە عەشق سەرهەڵدەدات : عیشقێك جوانی ڕوخسار دەکەنە پێوەر و لەسەر ئەو بنەمایە عیشقەکەیان بنیات دەنێن ، هی دووەمیشیان عیشقەکەیان لەسەر لایەنی ڕووحی بنیات دەنێت ، عیشقەکەیان دوور لە سێکس و

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 21.

ئیرۆتیکە و بەرەو لایەنی ڕووحی دەچن . دەست نیشان کردنی پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و جوانیش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ، کەخۆشەویستی دروستکەری جوانیە وە بەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە . بۆ نمونە کاتێك کەسێك یەکێکی خۆش دەوێت ، ئەوە ئەو کەسە بەجوانی دەبینێت و کەم وکوڕیەکانیشی لا جوانە بۆ نمونە : نالی کاتێك وەسفی چاوی حەبیبە دەکات ، نەك هەر نایبینێ خێلە بەڵکو زۆریشی لا جوانە ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات : ( ئامانجی ئەوین بە پێچەوانەی ئەوشتەی کە تۆ بۆی دەچی خودی جوانی نییە .... پڕپیتکردنی جوانییە ) [1] واتا : ئەوە چاوی ئێمەیە شتەکان چۆن دەبینێت و چۆن وێنایان دەکات ، جا خۆشەویستی دێت ، شتە جوانەکان بەرەکەتدار و پتەوتر دەکات و زیاتر دەریدەخات و دەیانناسێنێت ، بەشێوەیەکی گشتی خۆشەویستی جوانی خوڵقاند و دەریخست بە پێچەوانەشەوە کاتێك کەسێك یەکێکی جوان دەبینی دەچێتە دڵیەوە و خۆشی دەوێت ، هەروەکو لای وەفایی دەبینین ؛ چەند کارەکتەرێکی یار لای وەفایی دەبینرێن . هەر لەم بارەیەوە لە غەزەلی ژمارە 99 دا دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 288)

دڵی دێوانە لەسەر زولفی لەعالەم بەرییە

قەد ڕەهایی نییە لەو داوە کە بەستەی پەرییە

لێرەدا ؛ شاعیر دڵەکەی خۆی بە شێت وەسف دەکات ، چونکە لەلایەك لەسەر زولفی یار لە دونیا بێ بەشە و لەلایەکی دیەوە پەری شێتی کردووە ، بۆیە ڕەهایی نابێت واتا : ئازاد نابێت و خۆی وابەستەی یار کردووە لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا وەفایی عاشقێکی سەرشێتە و دەڵێت بە یارەکەی ؛

بە وەفا بە کە دەشمکوژی بە میهرم وەرە سەر

دا نەڵێن عاشقی بێ میهر و وەفا سەرسەرییە

دەڵێت : ئەگەر دەشم کوژی بەمیهرەوە سەرمبڕە با نەڵێن : عاشقی بێ میهر و وەفا بێ عەقڵ و شێتە ، واتا : لەخەمی خۆی دانییە و خەمی یارەکەیتی تاوەکو خەڵکی بە خراپە باسی یارەکەی نەکەن ، ئەو پەری سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ عیشقەکەی دەردەبڕێت ئینجا دەڵێت :

چیت لە دڵ داوە عەزیزم وەرە نێو دیدەیی من

دڵ هەموو ئاورە ، چاو مەنزەرەیی دوو دەرییە

---

[1] ئەحمەدی، بابەك ، هەقیقەت و جوانی وانەکانی فەلسەفەی هونەی ، و. بابایی، مەسعود ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم، دهۆك ، ل 73 .

هێشتا ناسکتر دەڕوانێت و دەڵێت : ئازیزم کارت بە دڵم دانەبێ وەرە نێو چاوم ، دڵ ئاگرە ، بەڵام چاوم وەك باڵەخانەی دوودەری وایە لەوێوە سەیری دونیا بکە . واتا : سۆز و خۆشەویستیی تۆ دڵی گەرم کردووم ، هەروەها سۆز و خۆشەویستی و جوانی تۆش دەچی لەسەر دڵم دەنیشێ ، دەترسێم بسوتێی، بۆیە وەرە نێو چاوم و تەمەشای دونیا بکە واتا : دڵت داگیرکردوم چاوەکانیشت دەدەمێ من بەتۆوە تەمەشای دونیا دەکەم ، جوانی دونیاش بە جوانی تۆوە دەبینم ، دەبێت چ عیشقێك بێت ، کە دڵ و چاوی خۆی پێشکەش کردووە وەفایی هەرهێندە یارەکەی ڕازیبێت . ئینجا دێت وەسفی جوانیەکەی دەکات و دەڵێت :

قامەتی تۆ کە گوڵ و بەی بەری بێ ، بێ بەری بێ

بۆ چ دەڵێن ئیدی سنەوبەر بەری بێ بێ بەرییە ؟

ئەگەر بەژن و باڵات وەکو گوڵ بێ بەهێ بەرەکەی بێت ، ئەی بۆچی دەڵێن : سنەوبەر بەری نییە ، واتا یارەکەی ئەوەندە بەژنی باریك و درێژە وەکو سنەوبەر وایە ، کەچی بەریشی هەیە ، لێرەدا ؛ وەسفی جەستەی یارەکەی دەکات و دەیەوێت لە ئیرۆتیکییەت نزیك ببێتەوە . عیشقەکەی بەرەو جوانی ئاراستەی کردووە و لە جوانیشەوە بۆ ئیرۆتیك ، هەر ئەمەش پاڵنەری ئەوەیە کە خۆشەویستی ئەو کچە وای لە وەفایی کردووە ، کە لە هەموو جوانیەکانی سروشت دا لای جوانتربێت ، لەهەمان کاتدا وێنەیەکی پارادۆکسیشی دروست کردووە ، کە ئەویش ئەوەیە : سنەوبەر بەری هەیە و بەهێ دەگری ، ئەمە لە واقیعدا ڕاست نییە ، بەڵام لە فەرهەنگی عەشق و جوانی شاعیردا وێنە و هێمای جیاواز دروست دەبن ، کە دەلالەت لەو عەشق و خۆشەویستییە دەکات ، کە لەنێوانیاندا هەیە .

بۆیە سووتاوم ئەمن عاشقی بەدناوم ئەمن

دڵەکەم غەمزەدەیی غەمزە و نازی پەرییە

وەفایی دەڵێ : بۆیە من سووتاوم و عاشقێکی بەدناوم ، چونکە دڵەکەم عاشقی ناز و غەمزەی پەرییە ، دەیەوێت لەم ڕێگایەوە جوانی یارەکەی پیشان بدات ، کە یارەکەی وەکو پەرییە .

سەرووی گوڵزاری( وەفایی )یە کە گوڵزاری جەمال

خەندە گوڵ ، گوڵ بەرییە ، هەم گوڵە هەم گوڵ پەرییە

یار سەوڵی گوڵزاری وەفاییە لە جوانیدا ، پێکەنینی گوڵە سەمەری هەر گوڵە و ناویشی گوڵپەرییە . دیسانەوە جوانی و عەشق بەریەك دەكەون و جوانی عەشقی بەرهەمهێناوە و عەشقیش دووبارە وێنەی جوانی زۆری لەناو شیعردا بەرهەمهێناوە . بۆیە دەتوانین بڵێین : (عەشق و موحیبەت پەیوەندی بەجوانی و زەوقی مرۆڤەوە هەیە و ئەمەش شتێکی خودیە عەشق یەکێکە لە دەرکەوتەو تەجەلیاتی بوون . کەواتە عەشق دیاردەیەکی دەرەوەی مرۆڤ نییە . بەڵکو شوعلەیەکە لە دەروونی مرۆڤدا ) [1] جا توانای مرۆڤەکان لەیەکتری جیاوازن شاعیرێك جوانی زووتر کاری تێ دەکات دواجار لە ژێر کاریگەریی ئەو عەشق و جوانیەدا شیعر بەرهەمدەهێنێت ، بۆیە ئەو شاعیرەی ئەو دەرکەوتەیەی تێدا دەردەکەوێت ، شیعرێکی خۆرسك و ڕەسەن بەرهەم دەهێنێت . لە شیعرێکی بەزۆر دروستکراو دەستکرد .

**ب ـ ئازار و داپڕان**

یەكێك لە خەسڵەتەکانی تری شیعری دڵداری لای وەفایی خۆی لە لە ئازار و سوتان و داپڕاندا دەبینێتەوە ، ئینجا لە شیعری دڵداریی بێت یان سۆفیانەبێت ، وەفایی باس لە ئێش و ئازارەکانی خۆی دەکات لەدووری یارەکەی و هیوای گەیشتن بەیارەکەی دەخوازێت . بۆنمونە لەشیعری ژمارە 42 دا (وەفایی و ئاسۆ 1395، 200) وەفایی دەڵێت :

پەنجەی لە حەنا بەستووە ئایا گوڵم ئەمڕۆ ؟

دەستی لە دڵی کوشتەیی خۆی خستووە یا خۆ؟

باکم دڵ و ڕۆحم نییە تۆ زیز مەبە قوربان !

ئەو ڕۆحە بەسەرگەردی سەرت بێ وەرەوە تۆ

ئایا یارم ئەمڕۆ خەنەی لە دەستداوە ؟ یان پەنجەی بە خوێنی عاشقانی سوورە ؟ واتا : دەیەوێت بڵێت : یارەکەم منی لە خەم و خەفەتدا کوشتووە و خۆشی پەنجەکانی لە خۆشیان لە خەنە گرتووە و دڵخۆشە !؟ یان بە واتایەکی دی یارەکەم بەکوشتنی من دڵخۆشە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە یارەکەی دەڵێت : ئەی یار بەس تۆ زیز مەبە و ئەوجارە وەرەوە ، من هیچ باکم بە دڵ و ڕۆحم نییە بەقوربانی تۆی دەکەم . لێرەدا ؛ وەفایی باسی ئازار و ناخۆشی خۆی لە مەڕ دووری یارەکەی دەکات و دەڵێ :

پەیوەستە غەریقی ئەسەری ئاتەش و ئابم

بۆ ئابی ڕوخت سینەمە وەك مەجمەری پشکۆ

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 25 .

تۆبی و سەری خۆت مەمخەرە زیندانی جودایی

خوێنم نییە ، ها ! بمکوژە بەم خەنجەری ئەبرۆ

من بەردەوام نوقم بووی نێو ئاو و ئاگرم ، سینەم بۆ ئاوی ڕوخساری تۆ وەك پشکۆی نێو ئاگردانی لێ هاتووە ، واتا زۆر دەگریێم و سینەشم بۆ دووریت وەك ئاگر دەسوتێ ، بەڵام بینینی ڕوخساری تۆ ئاوە و پشکۆی دڵم دەکوژێنێتەوە ، تۆبی و سەری خۆت لە زیندانی جوودایی خۆتم مەکە واتا : بەس وەرە و بتبینم ئەگەر بە خەنجەری برۆکەشت دەمکوژی من ئامادەم ، خوێنم بۆ تۆ حەڵاڵە و بمکوژە ، مەبەستی لە کوشتنەکەی واتا یارەکەی بێت بۆ لای ، بە بینینی ئەویش جوانییەکەی یار وەفایی دەکوژێ .

بولبول سیفەت هەر لەحزە لەدەوری گوڵی زارت

ناڵینمە هەی ڕۆ ! گوڵەکەم ڕۆ ! دڵەکەم ڕۆ

بۆچی نەگریم هەر دەمە بۆ حاڵی وەفایی

جان خەستە و دڵ عاشق و دڵدار جەفاجۆ

وەفایی دەڵێ : هەر وەکو بولبول لەدەوری دەمی تۆ دەناڵێم و دەڵێم : وای بە حاڵێ من گوڵەکەشم ڕۆیی دڵەکەشم ڕۆیی ، لێرەدا وەفایی لەو پەڕی ئازار و ناخۆشیدایە بەوەی دڵەکەی عاشق بووە و لای خۆی نەمایە و ئەو یارەشی کە دڵی بردووە و ڕۆیشتووە لای نەماوە ئینجا یارەکەی بەجەفاکار و زاڵم ناودەبات .

سووتاوم و شێواوم و سەودایی و مەستم

بەو عاریزە بەو پەرچەمە بەو چاوە خومارە

لێرەدا وەفایی سوتان و سەرسامی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی دەردەبڕێت ، کە ئەمەش وێنەیەکی جوانی ڕومانسیزم نیشان دەدات ، کە توانیویەتی جوانی سروشت و بەهار تێکەڵ بە هەستە دڵدارییەکەی بکات .

## ج ـ خەون و خەیاڵ و ئەندێشە

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری وەفایی بەکارهێنانی  خەیاڵ و ئەندێشەیە ، کە دەکرێ بگوترێت ( خەیاڵ شوێنگرەوەی دنیای واقیعە ، ئەو دنیایەی بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە سروشت و سادەییەوە پیس و ئاڵۆزبووە ، مرۆڤ دەبێ  بە دوای پیویستییە ڕوحیەکانی خۆیدا بگەڕێ . شیعرەکانیشی بریتی بێت : لە گوزارشتکردن لەو جیهانە خەیاڵییە . ) [1] وەفایی لە ڕیگەی خەیاڵی شیعرییەوە توانیویەتی جیهانێك لە عەشق و خۆشەویستی بونیات بنێت ، کە  بەختەوەری خۆی تێدا ببینێتەوە و بەئامانج بگات و دەست لەملی یار بکات لێی جودانەبێتەوە .

ئەندێشە ڕەگەزێکی سەرەکی داهێنانە و پەیوەندییەکی بەتینی بەسۆزەوە هەیە ، هەروەك چۆن وۆردز وۆرث ئەڵێ : (ئەندێشە هاوێنەیەکی ئاڵتونییە و شاعیر بابەتەکانی لەناودا ئەبینێ و لە شێوە و رەنگدا سەرنجیان لێ ئەدات ) [2]  ئەم سییانە پەیوەندییەکی بەهێزیان لە نێوان دایە ، چونکە ئەمانە چاویلکەی بینینی یار و پێنووسی نووسینی شیعرن بۆ کەسی عاشق ، ئەگەر تەمەشا بکەین وەفایی یارەکەی دەینتە پێش چاوی خۆیی و تێکەڵ بە جیهانی خەون و خەیاڵی خۆی دەکات ، هەر بەخەیاڵ پێی دەگات و لێشی جیادەبێتەوە ، جا ئەمە چ لە شیعری سۆفیانە بێت یان شیعری دڵداریی بێت ئەمە یەکێکە لە بنەماو خاسیەتەکانی شیعری وەفایی ، چونکە دڵداری و سۆفیگەری دەچنەوە ناو یەك و هەردووکیان گوزارشتکەری عیشقن .

لەم بارەیەوە لە غەزەلی : 111 دا دەڵێ : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 316)

کە شانەی دا لە زولفی تارو ماری

لەهەر تایێکی بارێ نافە باری

کاتێك یار زوڵفی ڕەش و تاڵ تاڵی وەك ماری شانەکرد لەهەودایەکی بەقەد باری وڵاغێ میشك باری

بەبەردا زولفی بەرداوە کەتاتا

شەوی گێرا بە ڕۆژ باغی هەناری

کاتێ زولفی بەسینگیدا بەرداوە ، بوو بەشەو ، بەڵام باغەکەی شەوەکەی کرد بە ڕۆژ . لێرەدا : ئەمانە هەموو خەون و خەیاڵی شاعیرن و جۆرێك لە ئەندێشە و خەیاڵی شاعیرانەیان بەرهەمهێناوە .

لەبەر شەوقی فیراق و ئیشتیاقت

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل 198 .
[2] ئەمین، عبدالقادر محەمەد ، وێنەی شیعری لە ڕێبازی ڕۆمانسیی کوردی دا ،  دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2002 ، ل 63 .

فەراقی کرد دڵم تۆقی بە زاری

بە جارێ بمکوژە ، خوێنم بڕێژە

خەلاسم کە لە دەردی ئینتیزاری

برۆی تێکنا بە ڕوودا ئارەقی ڕشت

لە ماهی قەوسدا شەبنم دەباری

لە داخی دووری تۆدا مردم و لە تامەزرۆی دیداری تۆدا زراوم چوو و تۆ هەر نەهاتی ، مادەم وایە ؛ ئەی یار : وەرە بەجارێ بمکوژە و خوێنم بڕێژە ، کۆتایم پێ بێنە و با هیچی دی چاوەڕوانی تۆ نەکەم و چاوەڕوانیم کۆتایی پێبێت ، یار لەمن تووڕەبوو و برۆی گرژکرد ، وەها عارەقی دەرشت دەتگوت : لە پاییزدا شەونمە دەبارێ ئەوانە هەموو وێنە و خەیاڵی شیعرین ، کە شاعیر جۆرێك لە دیالۆگ و حیواری لەنێوان خۆی و یاردا دروست کردووە .

## د ـ ڕەشبینی و غەمخواردن

یەكێك لەخاسیەتەکانی شیعری وەفایی خۆی لە ڕەشبینی و غەمخواردندا دەبینێتەوە ، بەوەی بۆ عیشقەکەی دەتلێتەوە و دەردری دووری ئازاری دەدات و دەناڵێنێت و خۆی بە بولبول و پەروانە دەچوێنێت وەفایی لەم ڕووەوە دەستێکی باڵای هەیە ، کە سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ یارەکەی خۆی دەردەبڕێت و باسی دووری و بەیەك نەگەیشتنی خۆی لەگەڵ یار دەکات . بۆ نمونە لە غەزەلی ژمارە 44 دا دەڵێ : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 131)

کە هەستا زولفی ڕووی داپۆشی من لەو داغە سووتاوم

ئیلاهی ! ئەی ڕەقیب ، ڕۆژی قیامەت بێیە پێناوم

کە یار هەستا و زولفی ڕووی داپۆشی منیش لە داخ و حەیفان سووتام ، خودایە لە ڕۆژی قیامەت بێیە جوابم و ئەو زوڵمە هەڵنەگری ، کە یار چیم پێ دەکات و چیم لێ دەکات . وەفایی خەم دەخوات بۆچی بە یارەکەی ناگات .

له لایێ بارشی چاوم ، لەلایێ سۆزشی جەرگم

نە پێی دەمرم ، نە پێی دەگرم ، کەبابی نیوە برژاوم

لە سۆزی گریە جەرگم ڕەش بووە ، چارم چییە چ بکەم ؟

وەکو ماسی بەنێو ماوم نە سووتاوم نەخنکاوم

هەست و خەمی خۆی لە ڕێگای ئەو شیعرە دەردەبڕێ و دەڵێ : لە لایێ گریانی چاوم وەك بارانە و لە لایێ جەرگم دەسووتێ ، واتا ؛ بارانەکە ئاگری دڵ و دەروونم ناکوژێنێتەوە و دابمرکێنێتەوە ، بەو سووتان و بەو ئاوپێداکردنە نە ئەوەیە بمرم و نەئەوەیە بتوانم بە پێوە ڕاوەستم ، زیندوو نیمە و بەڵام مردووش نیمە ، کەچی ئەو خەم و ئازارە چۆکی شکاندوومە و ناتوانم بە پێوە ڕابوەستم هەر دەڵێی ؛ کەبابی نیوە برژاوم .

وەفای زیاتر وێنەی خەم و ڕەشبینی خۆیمان پیشان دەدات و دەڵێ : لەبەر کوڵی گریانم جەرگم ڕەش بووە ، چارم چییە ؟! وەکو ماسی هەر بەناو ماوم ، چونکە زگم ڕەشبۆتەوە ، هەروەها نە دەسوتێم و نەدەشخنکێم ، مەبەستی ئەوەیە ، ئاوی چاوی واتە : گریانەکەی وا نییە بیخنکێنێ ، ئاگری دەروونیشی ئەو ئاگرە نییە بیسوتێنێ ، لەو نێوانەدا زگی ڕەشبووە و نازانێت چی بکات .

لە دەست ئەو شۆخە وا زولفان بەناز دێنێ و دەبا ، هاوار !

وەفایی ڕۆژی لێ کردوومە شەو ، عومری بە با داوم

نازانم چی بکەم لەدەست ئەو شۆخە جوان و بەنازە کاتێك زوڵفەکەی دەینی و دەبا هاوار ؟! ڕۆژی لێ کردوومە شەو و هەموو عومری بەباداوم . لێرەدا وەفایی زۆر ڕەشبینانە بیردەکاتەوە و کە ئەو خۆی کردە قوربانی و نە بە یارەکەی گەیشت ، نە ژیانیشی بە خۆشی بردە سەر ، بەڵکو عیشقەکەی تووشی دۆخێکی ناخۆشی کردوو و ئەو خۆشییەی هەیبوو نەما ، ژیانیشی لە ڕێی هات و نەهاتی یار دانا ، لێرەدا بەدیار دەکەوێ گیرۆدەی داوی کچێك بووە عاشقی بووە.

## دووەم : جۆرەكانی شیعری دڵداریی لە شیعرەكانی وەفاییدا

### أ ـ شیعری دڵداریی لای وەفایی

بەرلەوەی باس لە جۆرەكانی شیعری دڵداریی بكەین ، پێویستە لە دوو تەوەرەدا باس لە وەفایی و شیعرەكانی بكەین ، ئەویش : "وەفایی لەنێوان حەزلێكردن و خۆشەویستیدا " ئەمەش وەڵامی كۆمەڵێك پرسیارمان دەداتەوە و یارمەتیدەریشمان دەبێت بۆ شیكاركردن و شرۆڤەكردنی شیعرەكانی وەفایی لەم ڕووەوە ، دواتر لە تەوەرەی دووەمدا باسی وەفایی لەنێوان خۆشەویستی مەجازی و حەقیقی دەكەین ئەمەش یارمەتیدەرمان دەبێت بۆ جیاكردنەوەی شیعرەكانی وەفایی لەم ڕووەدا . پاش ئەم تەوەرانە دێن بە پێی ئەم تیۆرەی سەرەوە جۆرەكانی شیعری دڵداریی لای وەفایی دەست نیشان دەكەین .

### 1 ـ وەفایی لەنێوان حەزلێكردن و خۆشەویستیدا

حەزلێكردن و خۆشەویستی دووشتی جیاوازن ، لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بەم بابەتەوە ئەوەیە ؛ ئایە وەفایی چۆتە پرۆسەی خۆشەویستییەوە ، خۆشەویستی كردووە یان نا ؟ شیعرە دڵدارییەكانی وەفایی ئایە پەیوەستن بە تەقلیدەوە یان (پڕكردنەوەی كەموكوڕیەكانی دیوانە) یان جۆرێكە لە گوزارشتكردنی ئەزموونی دڵدارییانەی خۆی ؟ ئەگەر دڵداریی كردووە ؟ یارەكەی وەفایی كێیە ؟ ناوی چییە ؟ جا بۆ ئەوەی شیعرەكانی وەفایی لەم دوو لایەنەوە لێكبدەینەوە ، پێویستە ئەم دوو چەمكە شیبكەینەوە :

ڕێبوار سیوەیلی لەم بارەیەوە دەڵێت : حەزلێكردن ( بەو پرۆسە تاكەكەسییە پێناسە دەكەم ، كە مەرج نیە جەمسەری دووەمی خۆی بدۆزێتەوە و جووتی خۆی پەیدا بكات و یان دەنگ و پەیامی بگاتە ئەویدی ، واتا : پرۆسەیەكی كۆنترۆڵ نەكراوی تاكە كەسانەیە ، لە گۆڕانێكی بەردەوامدایە و تەنیا لەئاستی جەستەییدا پەیوەندییمان بە كەسەكەی ترەوە دیاری دەكات و مەرجیش نییە ئەم پەیوەندییە یەكسان و لە هەر دوو لاوە بێت و تەنانەت مەرجیش نییە بەریەك كەوتنی جەستەیی لە نێوانیاندا ڕووبدات ) [1]

ئەگەر بە پێی ئەم پێناسەیە بێت ، وەفایی ناوی چەند كچێك لە شیعرەكانیدا دەبینرێ ، كە ئەمەش دەكرێ بە پێی ئەم تیۆرە شیكاربكرێت ، چونكە ( دۆست و دڵبەر و دڵدارەكانی وەفایی یاخود ئەو كچ و ژنانەی خۆشیویستوون و لە شیعرەكانیدا ناوی بردوون و چەند ناوێك هاتوون لەوانەیە:

[1] سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ل 25 ـ 26 .

ناوەکان کەسی حەقیقی و ناسراو بووبن دەشبێ ناوی مەجازی و دڵبەر و دڵخوازی شاعیرانە بووبن لەوانە :

ـ گوڵەندام کە بە پێی تۆماری ئیدارەی نفووسی مەهاباد دایکی میرزا ئەحمەد بووە .

ـ شای شەکەر لێوان پوورە مریەم ژنی میناغای کوڕی قادر ئاغای ئێندرقاشێ بووە.

ـ سوێبە (سوبیا) کچە دێهاتییەکی شاروێرانی بووە ماڵە بابی هاتوونوتە سابڵاغێ .

.ـ زارا (سارا خاتوون ) خێزانی وەفایی بووە ، لەشیعرەکانی ناوی نەهاتووە و پێیدا هەڵنەگوتووە

ـ دلارام ناوێکیش هاتووە

ـ شیرینیش لە شیعرەکانی وەفاییدا ناوی هاتووە ئەوا قسە و باسێکی زۆر هەیە ، کە ئایە شیرین کچە کەنیزەکێکی ماڵە شێخانی نەهری بووە وەکو گیوموکریانی گوتوویەتی ، یا ژنێکی ماڵە قازییانی سابڵاغێ ؟ یاخود وەکو ئەیوبییان بۆی چووە ؛ کچی ئەو باغەوانەی بووە ، کەماڵیان لە گوزەری کوچەی (باغی سێوان) هەڵکەوتووە ؟یان هەر لە بنەڕەتەوە کەسێك بەو ناوەی نەبووە و وەفایی (شیرین)ی وەکو ناوێکی خواستراوی شاعیرانە و وەسفێك بۆ دڵخوازەکەی بەکارهێناوە ئەوا بەڵگە و دەلیلێکی یەکلاکەرەوەمان لەبەر دەست دانییە تا هەموو شك و گومانێك بڕەوێنێتەوە [1] ) . ئەمە جگە لەو ناوانە (گوڵ پەریش)مان لە شیعرەکانی بینیوە .

سەروی گوڵزاری (وەفایی ) یە کە گوڵزاری جەمال

خەندە گوڵ ، گوڵ بەرییە ، هەم گوڵە هەم گوڵ پەرییە ل 289

لەمەوە دەکرێ بگوترێت ؛ ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی وەفایی هەر کچێکی پێ جوان بووبێت شیعری لە سەر نووسیوە و لە دڵی خۆیدا کەوتبێتە داوی خۆشەویستی ئەو کچە و بەبێ ئەوەی کەسی دووەم ، کە کچەکەیە ئاگای لێ بووبێت ، وەسفی جوانییەکەی دەکات و لەگەڵی دەکەوێتە ژوان ، چونکە ( لە پرۆسەی حەزلێکردندا ژمارەیەکی زۆر لەکەسی چاوەڕواننەکراو هەن ، کە وزەی حەزلێ کردنەکەیان بەرەو ئاراستە دەبێت ، بەڵام لە خۆشەویستیدا یەك کەسی دەستنیشانکراو هەیە ، کە بە هیچ کەسانێکی دی جێگەکەی پڕنابێتەوە )[2] ئەمەش بەڵگەیەکی ترە لەوەی وەفایی خۆی وابەستەی کەسێکی دیاریکراو نەکردووە بەڵکو هەر جارێ ناوێك دەبێت بە یاری وەفایی ، ( بەڵام گوڵئەندام لە هەموویان زیاتر ناوی لە شیعرەکانیدا دەبینرێ ) ، ئەمەش وەڵامێکی لۆژیکییانەیە و یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی کە پێی وایە ؛ شیعری دڵداریی تەقلیدی بۆ پڕکردنەوەی دیوانە و شاعیر ناکەوێتە پرۆسەی ڕاستەقینەی خۆشەویستییەوە .

حەزلێکردن ئەگەر هەستی شاعیر بێت بەرامبەر بەکەسێك بەبێ ئەوەی لەگەڵ ئەو کەسە بکەوێتە بواری پڕاکتیکی عیشقەوە ، هەر وەکو چۆن بۆچوونێك هەیە باس لە لاسایکردنەوەی شاعیران دەکات لە بابەتی دڵداریی بۆ ئەوەی دیوانی شیعرییان پێ تەواو بکەن ، ئەم پێوەر و قسەیە بۆ بەشێك لە شیعرەکانی وەفایی ڕاستە ، بەڵام لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی تری شیعریدا شیعری دڵداریی

[1] دەشتی، عوسمان ، دیوانی وەفایی ، ل 92 .
[2] سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، 2004 ، ل 28 .

دەبینرێ ، بەحوکمی ئەوەی ناوەکانیشیان دەهێنێت ، ئینجا ناوەکان چ واقیعی بن یان ڕەمز و سومبولێکبن ئەم حاڵەتەش ئەم دوو گریمانەیە لەخۆی دەگرێ :

گریمانەی یەکەم : ناوەکان ناوی واقیعی بن بە بەم بەڵگانەی خوارەوە :

یەکەم : شیعرەکان دەکرێ بڵاو نەبوونەوە و تەنها لای شاعیر خۆی بوو بێ .

دووەم : هەندێ لە ناوەکان توانراوە کەسایەتەکانیان لەو سەردەمەدا بناسرێنەوە .

کەواتە : وەفایی بەهەردوو قۆناغدا تێپەربووە ، ناکرێ بگوترێت ؛ وەفاییێك بەو هەموو شیعرە جوان و ناوازانەی کە هەیەتی ئەمە لەلایەك لەلایەکی دییشەوە بە پێی دیوان و بە پێی فیدباکی خەڵکیش بێت بە شاعیری دڵداریی ناسرابێت هەر وەك کامەرانی شاعیر ، کە شیعری دڵداریی نووسیوە دەڵێ : (بەلای منەوە ئەو شاعیرەی بڵێ : دڵدارییم نەکردووە و خاوەنی هۆنراوەی دڵداریی تێر و پڕ بێ ، ئەوا : بێ پەردە دەڵێم : ڕاست ناکات منیش منی شەیدای جوانی ئافرەت و خاکەکەم .... بەڕاستی لە کوڵی دڵمەوە شەیدا بووم . ئەگەر چی یەکەیەکە هۆنراوەکانم بەسەر کەسێکی دیاریکراودا هەڵنەدراون ، بەڵام نیگارێکی حەقیقی کاری لە دڵم کردووە . )[1] واتا : دەکرێ هەستێکی دڵدارییانە بوونی هەبێت ، بەڵام ئەوەی بە پراکتیکی و کەسی دووەم ئاگای لێبێت یان نا ئەوە شتێکی ترە و دەچێتە خانەی حەزلێکردنەوە ، واتا : لە هەردوو پڕۆسەی حەزلێکردن و خۆشەویستیدا کەف و کوڵی دڵدارییانە هەیە و لە شیعرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە .

ئەگەر عیشقێکی ڕاستەقینە بوونی نەبێت ، یار سەلامەت نابێ و دەبێتە زەمینەی حەزەکانی عاشق ، بەوپێیەی کاتێك هەندێك لە شیعرەکانی وەفایی بە پێی لایەنی جەستەیی شیکردنەوەی بۆ دەکەین ، دەلالەت لە حەزو ئارەزووەکانی شاعیر دەکەن ، بەڵام شتێکی تر دێتە پێشەوە ئایە داخراوی و پابەندبوونی کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەدا چۆن ڕێگا بە شاعیرێك دەدات ، باس لە هەستی دڵدارییانەی خۆی بۆ کچێك دەرببڕێ و ناوی بزڕێنێ ؟! نمایشی عیشقێکی ئارەزوو پەرستی بکات ، بەحوکمی ئەوەی عەشق و هەواپەرستی ناتوانن بەیەکەوە کۆببنەوە و ئاوێتەی یەکدی ببن بە هاتنی یەکێکیان ئەوی دییان بوونی نامێنێت ! چونکە (ئەگەر عەشق بە عەشقی نەما ، ئەوا ؛ دەبێتە هەواپەرستی ، بۆیە هەروەك چۆن عەشق هەیە و وەهمی عیشقیش هەیە ، زۆرجار زەینی ئێمە حاڵەتێکی وەهمی عیشقمان وەك عەشق پێ نیشان دەدات [2]

## 2 ـ وەفایی لەنێوان عەشقی مەجازی و حەقیقیدا

شیعری دڵداریی ، یەکێکە لەو شیعرانەی کە پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە لە دیوانی وەفاییدا ، تێڕوانینی وەفایی بۆ ژن لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا تێڕوانینێك نییە تەنها لەسەر بنەمای

[1] بەرزنجی، عثمان عەبدول ، خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، کانوونی دووەم ، 2012 ، ل 77 .
[2] غەریب, تەحسین حەمە ، عیشق و دین و ئومێد ، ل 37 .

جەستەی ژن بونیادنرابێت ، چونکە هەندێ جار لەو جۆرە تێڕوانینە نزیك دەبێتەوە کە لە مێژووی ئەدەبیاتدا بەخۆشەویستی پاك (الشعر العذري) ناودەبردرێـت . هەروەکو گریکییەکان پێیان وایە: (خۆشەویستی دووبەشە یەکەمیان : حەز یا خۆشەویستی لەش ، کە وشەی خوای خۆشەویستی بۆ وەسف کردنی بەکاردێت دووەمیان : خۆشەویستی عوزری (ئەگاپیە) یە [1] )

ئەگەر بەپێی ئەمە بێت هەردوو جۆری شیعری دڵداریی لە شیعرەکانی وەفاییدا دەبینرێ.

دڵداریی و وەفایی دوانەیەکی پێکەوە گرێدراون ، ئەگەر دڵداریی لە شیعرەکانی وەفایی دەربهێنین شتێك نامێنێت بە ناوی شیعر ، چونکە سەرەتای نووسینی شیعری هەر بە عەشق دەستی پێکردووە و هەر بەعیشقیش کۆتایی پێ هێناوە ، وەفایی شاعیرێك بووە عاشق بووە ، ئەزموونی عەشقی هەبووە و لە جۆرێکی شیعری دڵداریی و ئەزمونێکی ژیانیدا یارێکی گرتووە و بە باڵای ئەو یارەیدا هەڵیداوە و کردویەتی بە بووکی شیعرەکانی ، سەبارەت بە عەشقی حەقیقیش وەفایی لە ڕێگەی عەشقی مەجازییەوە بەرەو ئەم عیشقە چووە و هەنگاوی ناوە ، چونکە ( خۆشەویستی خوایی بە دوو ڕێگە دەکەوێتە دڵ و دەروونی عاشقەوە : یان ڕاستەوخۆ نوورێکەدەڕژێتە دەروونەوە و ڕوناکی دەکاتەوە یان لەڕێگەی خۆشەویستی مەجازییەوە دەگوازرێتەوە بۆ عەشقی حەقیقە . [2] ) واتا : وەفایی ئەزمونێکی دڵدارییانەی هەبووە و پراکتیزەی کردووە لە عیشقە حەقیقییەکەشیدا ، جیاوازێکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نابینرێ درێژکراوەی عیشقەکەی پێشوتریتی ، پاشان لەوێوە بەرەو سۆفیگەری هەنگاو دەنێـت ، چونکە دوو جۆر شێوازی شیعری دڵداریی هەیە ، یەکێکیان کە وەکو کچێك وەسفی دەکات و ماکی ئاینی و سۆفیانەی پێوەدیارنییە و ئەوی دییشی بە پێچەوانەوە هەست بەم لایەنە دەکرێـت تێیدا .

**ب ـ جۆرەکانی شیعری دڵداریی لای وەفایی**

دەتوانین چەند قۆناغێك لە شیعرەکانی وەفایی دەست نیشان بکەین :

[1] بەرزنجی، عثمان عەبدول ، خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری مەدهۆش . ل 76 .
[2] شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد سۆفیگەری لە شیعرەکانی "صابری" ، ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری ، کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ، چاپخانەی کوردستان ، لە ڕۆژانی 8و 9 /11/ 2009 لەشاری کەرکوك ، ل 14 .

دەستنیشانکردنی کات و مێژوویێك بۆ شیعرەکانی وەفایی دیارە کارێکی ئەستەمە ، کەچی دەبینین زۆر جۆری مەبەستی شیعر دەبینرێ لە دەقەکانیدا هەر جارەی یار دەبێت بە کەسێك و زۆر جاریش تێکەڵەیەك و بەریەك کەوتنێك لە ناو خودی یەك دەقدا دەبینرێ ، کە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ ئاخۆ دەبێ یار کێ بێت ؟ بەحوکمی ئەوەی عەشق لای وەفایی سەنتەرە ،لەهەر دەوروزەمانێکدا بەجۆرێك دەخولێتەوە و بە بەژن و باڵای یارێکدا هەڵدەڵێت ، زۆربەی کات وەفایی دڵدارە و بەدوای دوڵبەردا وێڵە ، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە و زانستییانە خەیاڵی شیعری وەفایی بخەینە ڕوو بە پێویستی دەزانین ؛ جۆرەکانی شیعری دڵداریی لای وەفایی بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکەین :

## 1 ـ شیعری دڵداریی جەستەیی

لەم جۆرەی شیعردا شاعیر خۆشەویستی خۆی بۆ جەستەی ئافرەت دەردەبڕێت و وەسفی دەکات و بە بەژن و باڵای ئافرەتدا هەڵدەدات حەسیب قەرەداغی پێی وایە : ( شیعری دڵداریی بریتییە لەو غەزەلانەی پڕیانە لە هەڵڕشتنی ئاخ و داخ و سەوداسەری بەدوای یارا و پیاهەڵدان بە جوانی و چاوی رەش و زوڵفی لوول و باڵای بەرز و ئەبرۆی کەمانیی ... [1] ئەمەش بە پێی شیعرەکانی وەفایی دەکرێ بە چەند بەش و جۆرێك کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

### أ ـ شیعری دڵداریی جەستەیی نیمچە کراوە

لەم جۆرەی شیعردا شاعیر باسی جەستەی ئافرەت دەکات ، جارجارەش بە شێوەیەکی نیمچە کراوە ئەندامەکانی وەسف دەکات . هەروەکو لە غەزەلی ژمارە (9) دا دەڵێت :

لێوەکەی ئاڵت دەڵێن عاشق لەسووتان بەردەدا

زەڕڕەیەك نوورە بەڵێ ئاگر لە ئینسان بەردەدا

من لە سیڕڕی حیکمەتی چاوت عەجەب ماوم ، عەجەب

---

1 بەرزنجی، عثمان عەبدول ، خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری مەدهۆش . ل 77 .

ئەو نەخۆشە خوێنی قەلبی من بە موژگان بەردەدا (وەفایی و ئاسۆ 1395، 37)

لێرەدا شاعیر وەسفی جوانی یارەکەی دەکات و لەلایەکی دییش باس لە کاریگەریی ئەو جوانییە لەسەر خودی خۆی دەکات ، پێی وایە : لێوی یار عاشقان دەسوتێنێ ، زەرڕەیەك نوورە ، بەڵام مرۆڤیش دەسووتێنێ ، لێرەدا دژیەکییەك هەیە ، ئەگەر نوور بێت، نوور مرۆڤ ناسوتێنێت ، بەڵام دەیەوێت بڵێت : عیشقەکەی عیشقێکی زەمینییە . وەفایی دەڵێت : هەرچەندە چاوەکانی یار نەخۆشن لە جیاتی ئەوەی بێتاقەت بێت ، کەچی خوێنی دڵی من دەرژێنێ و من بریندار دەکات ، لە پاشان وەفایی بەردەوام دەبێت و لە دێرەکانی کۆتایدا دەڵێت :

لێوی یاقووتت ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە

پێم بڵێ وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بەردەدا

زاری تۆ گوڵزارە خۆ ، بۆچ ئابی حەیوانی هەیە؟

سەرووی تۆ ئازادە ، بۆچ نارنج و ڕوممان بەردەدا ؟ (وەفایی و ئاسۆ 1395، 38)

لەم شیعرەدا دەیەوێت بەرەو ئیرۆتیکییەت بچێ ، چونکە لێوی دوڵبەر دەکاتە خۆراکی عاشقان و زاریشی بە گوڵزار چواندووە ، بەڵام شاعیر لە مەبەستەکەی خۆی بادەداتەوە و دەڵێت : ئەی بۆچی ئاوی ژیانی هەیە ، ئێمە خۆ دەزانین ؛ گوڵ ئاوی نییە ، سیفەتی جوانی ناسکی لە گول وەردەگیرێ ، بەڵام شاعیر مەبەستێکی شاراوەتری هەیە ، کە مەبەستی ماچ کردن و مژینی لێوی یارە ، کە هۆکارە بۆ زیندووکردنەوەی ژیانی ئەو .

شاعیر لە تەواوی غەزەلەکەدا وەسفی لێو و موژگان و چاو و زوڵف و خاڵی هیندوو و زار وقەد و... باڵای یاری کردووە ، دەیەوێت بڵێت : بەژن و باڵای تۆ وەك داری سەرووە ئەوەندە بەرزو درێژە ، بەڵام جیاوازیی تۆ لەگەڵ ئەو دارە ئەوەیە تۆ بەرت هەیە ، نارنج و هەنار دەگرێت ، لێرە بە شێوەی خوازە هاتووە مەبەست لێی مەمکی یارە ، بەڵام شاعیر مەبەستی نەبووە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەمە بڵێت ؟!

لێوی ئاڵت چاوی کاڵت بوونە فیتنەی دین و دڵ

حەقیەتی ـ باللە ـ "وەفایی " دەست لە ئیمان بەردەدا (وەفایی و ئاسۆ 1395، 39)

وەفایی دان بەوەدادەنێت ، کەجوانیی یارەکەی دین و دڵی بردووە ، بۆیە کەوتۆتە نێوان دوو بەرداشدا ؛ یان یار یان ئیمان ، بەڵام جوانی یار دینەکەی بردووە و بۆیە ئەویش دەست لە ئیمانی بەردەدا. دەکرێ ئەم شیعرە بەسەرەتاکانی قۆناغی عیشقیش لای وەفایی دابنێین بەوەی وەفایی لە سەرەتادا بەخۆشەویستی ئافرەت دەستی پێکردووە ، دواتر بە عەشقی ئاینی و ئاسمانی کۆتایی بە عەشقەکەی هێناوە

**ب ـ شیعری دڵداریی جەستەیی كراوە**

ئەم جۆرەی شیعر بە پێچەوانەی شیعری دڵداریی نیمچەكراوەیە ، چونكە ڕاستەوخۆ و بەبێ پەردە باس لە ئەندامەكانی یار دەكات و بۆیە دەتوانیین بڵێین : ئەم جۆرەی شیعر ئیرۆتیك بەرهەم دەهێنێت بۆنمونە شاعیر لە غەزەلی ژمارە (70 ) دا وەسفی خۆشەویستەكەی دەكات دەڵێ :

ڕۆژی تەرەب و وەختی گوڵ و فەسڵی بەهارە

یاران گوڵەكەم كوا كە دەمی بووس و كەنارە

ئێستا بەهارە و كاتی شادی گوڵە و ئەی هاوڕێیان یارەكەم كە وەكو گوڵە لەكوێیە ؟ ئێستا كاتی باوەش و ماچكردنە ، واتا هەست و خۆشی خۆی دەبەستێتەوە بە جوانییەكانی سروشت و ئێنجا بەردەوام دەبێت لە وەسفكردنی قەد و باڵای یار و كوڵم و زوڵف و برۆ و ..ئینجا دێت وەسفێكی جەستەی یارەكەی دەكات ، لەسەرەتادا بە شێوەیەكی نیمچە كراوەیی و دواتر بەئاشكرا وەسفی دەكات و دەڵێ :

بەو قامەتە حەیرانی شكۆڤەی قەد و باڵام

قەد نارەوەنە و باغی گوڵان باغی هەنارە

دەڵێ : من شێتی ئەو باڵایەی تۆم . كە قەدت لەداری نارەوەنە و ڕوخسارت گوڵە و سینەشت باغی هەنارە ، من لەبەر ڕوخسارت سووتاوم ولەبەر پەرچەمت شێواوم و لەبەر ئەو چاوە خومارەشت مەست و سەودام .

گوڵ دەستە ، نیگەهـ مەستە ، دەهەن پستە ، گوڵ ئەندام

زولفی كە هەموو داوی دڵی عاشقی زارە

بەو دوو مەمە زولف و ڕوخی تۆ نۆبەری سەرون

هەر عەدیە بە تا هەر گوڵ و نارنجە بە بارە

پرسیم : چییە ؟ تەبخاڵە لەسەر ئەو لەبە ؟ فەرمووی :

جێی ماچی وەفایی ئەوە نیشانەیی یارە

لێرەدا باسی سنگی یارەکەی دەکات و تەنانەتە دەگاتە ئەو شوێنەش باسی ماچی یارەکەی دەکات .

## 2 ـ شیعری دڵداریی مەجازی

لەم جۆرەی شیعری دڵدارییدا شاعیر هەست و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە یار دەردەبڕێت ، شیعرێکە باسی جەستەیەك دەکات و وەسفی دەکات و سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ ئەم جەستەیە دەردەبڕێت واتا : زۆر ئاساییە یارەکەی هەر کەسێ بێت ، بەڵام جیاوازیی ئەم جۆرەی شیعر لەگەل شیعری دڵداریی جەستەیی ئەوەیە : لێرەدا خۆشەویستییەکە روحیە بەدەر لە بەها چێژ و سێکسییەکان . واتا : کلێشەیەکی شیعری هەیە کۆد و کلیەکانی یار دەست نیشان دەکەن ، بۆیە لەم تەوەرەدا ئەو شیعرانە دەخرێتە ڕوو

## 1 ـ شیعری دڵداریی بەگوێرەی دوڵبەر

لەبەر ئەو ئاڵۆز و وردیەی لە شیعرەکانی وەفاییدا هەیە، بە پێویستمان زانی بە جیا و بەتەوەرەی سەربەخۆ باس لە هەر شیعرێکی دڵداریی بکەین ، کە یار هەرجارێ کەسێکە و بەشێوەیەکی لێکچووش شاعیر وەسفیان دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت :

### أ ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر(کچ)

لەم جۆرەی شیعردا بە ئاشکرا هەست بەمە دەکرێت ، کە ئەمەی بۆ کچێك گووتووە جا چ بەناوهینان بێت ، یان بە ئاماژەیەك بێت ، کە دەلالەت بکات لە شیعرێك کە بۆ مێ نووسرابێت ، بەڵام لەم جۆرەی شیعردا هەست بە ئیرۆتیکییەت و لایەنی جەستەیی ناکەین ، بەڵکو لە چوارچێوەی ڕوحیەت و عیشقێکی ڕووحیدا دەسوڕێتەوە ، بۆنمونە لە غەزەلی (42) دەڵێت :

لە داغی زولفی یار و عاریزی وەك لالە سووتاوم

بە ڕەنگی لالە بۆیێ داغدار و غەرقی خوێناوم

لە داخی ڕەشیی زولفی یار و سووری ڕوخساری وەك چرای دەستی گڕم گرتووە ، هەر بۆیە وەکو گوڵی هەڵاڵە خەرقی خوێنم و داغدارم لە چەنگی جوانی یار ، واتا : لێرەدا ئاماژەیەکی جەستەیی نابینرێ ، باس سوتان و خۆشەویستی هەستی دەکرێت .

لەبەر چاوت کە ڕەمزی نوکتەبازی مەکتەبی حوسنە

وەها مەستم لە ڕەنگی حەرفی مەعنا لەوحی شۆراوم

لێرەدا باسی جوانی یار دەکات و جوانی یارەکەی و خۆی بەراورد دەکات و دەڵێت : من لەبەر چاوی تۆ وەها قسەزان و ئەهلی قسەم ، بەڵام لەمەدرەسەی جوانی تۆدا دەرێی : تەختەڕەشی مەدرەسەم ، لە حەرف پاککراومەتەوە و هیچ مەعلوماتێکم نییە !؟ واتا : من دەمەوێ وەسفی جوانی تۆ بکەم ، من خۆم زۆر قسەزانم بەڵام ، کە دێمە سەر جوانی وەسفی تۆ هیچ شتێکم بۆ نایەت لایەق بە وەسف و جوانی تۆ بێت .

عیزار و زولفی تۆ ـ بێ شك ـ شەو و ڕۆژ پێکەوەن ئەمما

شەو و ڕۆژ پێکەوە ؟ لەو وەجهە من حەیران و داماوم

تەلیسمی بابلە ، سیحری حەڵاڵە ـ قەد ڕەها نابم ـ

وەفایی ! یا بە داوی زولف و ڕەمزی چاوەگیراوم

ڕوخسارت دەڵێی : ڕۆژە و زوڵفت دەڵێی شەوە ، کە پێکەوەشن ، ئەرێ دەکرێ ؛ شەو ڕۆژ پێکەوەبن !؟ ئاخر ئەوە شتێکی مەحاڵە ، من بۆیە سەرگەردان و دەرماندەم ، لێرەدا جوانی یارەکەی بە شەو و ڕۆژ چواندووە و سەرگەردانی خۆی لەمەڕ جوانی یار دەربڕیوە . بەردەوام دەبێت و دەڵێ : ئەرێ وەفایی ئەو شتەی منی تێکەتووم زیندانی بابلە یان عاشقییە یان بە زولف و ڕەمزی چاوی یارەوە ئەسیر بووم ؟ تکایە تۆ بۆم ڕوون بکەوە ؟ وەفایی ئەو دۆخەی تێکەوتووە بە زیندانی چوواندووە و چونکە ئەو تەنهایە لەگەڵ عەشقەکەی ، ئەمەش وێنەیەك و نمونەیەکی جوانە ، مانای ئەوەیە ؛ تەنها عەشقەکەی لە مێشکی دایە ، چونکە زوڵف و چاوەکانی یار وەفاییان کۆت و زیندانی کردووە .

**ب ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر (پێغەمبەر )**

بەشێکی زۆری شیعرەکانی وەفایی لەو چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە ، تەنانەت خۆشی ئاماژە بەوە دەکات ، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئەو تەرخان کردووە ، کەچی خەڵکی وادەزانن شیعرەکانی دڵدارییین بۆ کچێك گووتراون ، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لەنێوان ئەم دوو بۆچوونە دژ

بەیەکەدا بکەین ، دەکرێ بڵێین : جۆرێك لەڕاستی لە لای هەردوولا هەیە، کاتێك وەفایی دەڵێ : بۆ پێغەمبەرم نووسیون دەکرێ بڵێن : ڕاستە **!؟** بەڵام بە هەناسەیەکی عاشقانە نووسراون ، هەر ئەمەش وایکردووە خەڵکی بەو چاوە تەماشای بەشێکی زۆری شیعرەکانی بکەن ، ئەمەش بۆ خوێندنەوەی دەقی شیعرەکانی وەفایی شتێکی ئاساییە ، چونکە دەق کراوەیە بە پێی کات و شوێن و خوێنەر دەکرێ خوێندنەوە جیاجیای بۆبکرێت

لە غەزەلی (66) وەفایی دەڵێت :

سەرگەشتە و شێواوە وەکو سایە لە دووتە

گۆیا سەری زولفت وەکو من عشقی ڕووتە

زەنگی و فەڕەنگی سەفی کێشاوە بە قەتڵم

غەمزە و موژە دێن بۆ دڵی دێوانە بە جووتە

زوڵفت گۆیا وەکو من عاشقێکی هەژاری ڕوخسارتە و پەرێشان وەکو سێبەر بەڕووتا دێ سەری زوڵفت ناهێڵێت جوانیت ببینم ، چونکە ئەویش وەکو من هەر تەنها تۆی هەیە و هیچ شوێنێکی دیی نییە و بێ ماڵ و حاڵە .

نوورانیە عالەم لە سایەی سەری زولفت

سایەی سەری تۆ سایەی مولك و مەلەکووتە

هەرچی هەیە جەننەت بە گوڵ و نافە نەنازێ !

عەکسی ڕوخ و عەتری شکەن و تایەکی مووتە

عالەم لە ژێر سێبەری زوڵفی تۆ ڕووناك بووە، سێبەری سەری تۆ سێبەری مادی و مەعنەوییە بەهەشت با هێندە بە بۆنخۆشی و گوڵزاری خۆیەوە فەخر نەکات ، جوانییەکەی شەوق دانەوەی ڕوخساری تۆ و بۆنخۆشی زولفی تۆیە ، ئەم شیعرە دەکرێ بگوترێت ؛ بۆ حەزرەتی حەق یان پێغەمبەر نووسرایە ، یان شیعرێکی دوولایەنە .

## ج ـ شیعری دڵداریی دوڵبەر (شێخ)

لەم جۆرەی شیعردا شاعیر سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ شێخەکەی دەردەبڕێت هەروەکو لە غەزەلی ژمارە (51) دا وەفایی دەڵێت :

لەو ڕۆژە کە دوور بۆتەوە سایەت لەسەری من

سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من

جەرگم هەموو لەتلەت بوو بە سێڵاوی سروشکم

چ بکەم کە بە دەریا چووە لەعل و گوهەری من

لەو شیعرەدا باسی دوورکەوتنەوەی یارەکەی دەکات ، شیعرەکە شیعرێکی هەستی ، عیشقێکی پاك و ڕووحییە ، جا لە لایەنی ئیرۆتیك و سێکس ، کە لە فۆرمێکی دڵدارییانە نووسراوە لە سەرەتادا وا دەزانرێ ؛ بۆ کچێك نووسراوە ، بەڵام لە کۆتاییدا دەزانرێت ، کە بۆ شێخەکەی نووسیویەتی : لەو ڕۆژەوە سێبەری تۆ لەسەری من کەم بۆتەوە لێم ناپرسی ، جا چ بە تووڕەبوون بووبێ یان بەسەفەر و دوورکەوتنەوە بوو بێ ، سایەی یاری بەسەرەوە نەمایە ، لە تاوان هەموو گیان و جگەرم سووتایە ، لەبەر لافاوی فرمێسکم ، جەرگم لەت بووە و عیلاجم چییە ؟! لەعل و گەوهەر و ئەو بەردە بەنرخەی من کە مەبەست دڵی من کەوتۆتە دەریا . واتا : کەوتۆتە دەریا و من نایدۆزمەوە و ڕۆیشتووە و لەو لاوەش جەرگم لەت بووە و نازانم چی بکەم ؟! لێرەدا دڵداری و عەشق و سووتان و دابڕانیش هەستی پێدەکرێت

زوڵفت سەبەبی جەزبی دڵم بوو ، بەبرۆی تۆ

کافر بووە بۆ قیبلەیی من ڕاهبەری من

خۆش بەو دەمە ساقی لە دەری مەیکەدە فەرمووی :

ئەو جامە لەمن بگرە (وەفایی) بەسەری من

دڵم جەزبی برۆکانت بوو ، بەڵام زوڵفت بووە باعیس یان بەواتایەکی دی من موعجیبی برۆکانت بووم بەس جوانی زوڵفت جوانی برۆتی لەبیر بردمەوە ، تەمەشاکە زوڵفە ڕەشەکانت ، وەکو کافر بووە بە ڕابەر و ڕێنمونیکەری من بۆ سەر قیبلەی موسوڵمانان ، کە وەك برۆی تۆ وایە مەبەستی ئەوەیە زوڵفەکانت بەرەو برۆکانتم ئاراستە دەکەن ، بۆچی کافر چونکە منی لە برۆکانت کرد ، بۆیە دەکرێ بڵێین : ئەی کافر چۆن دەبێتە ڕێنیشاندەری موسوڵمانان ، نەخێر کافر بانگەشە بۆ خۆی دەکات ، زوڵفەکانیشت جوانی خۆیم نیشاندەدەن ، یان دەکرێ بگوترێت مەبەست لە وشەی کافر ڕەشی زوڵفەکان بێت . شاعیر وێنەیەکی جوانی دروست کردووە یاری بەوشەکان کردووە و واتای دووەم و سێیەمی لێوە دروست کردوون .

خۆزگەبەو ڕۆژەی ساقی لە دەرکەی مەیخانە فەرمووی تۆ مەرگی من ئەو جامەش لە دەستی من وەرگرە و بیخۆوە ، واتا : لێرەدا وەفایی یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە کە شێخەکەی جامێك لە مەی دایتێ و تاوەکو پێی بێهۆش بێ و بە دیداری  یارەکەی بگات .

## 2 ـ شیعری دڵداریی هەستی (عوزری)

لەم جۆرەی شیعردا دڵدارییەکی ڕوحی و سۆفی

انە هەست پێ دەکرێت ، تەنانەت کەسی عاشق بە چاوی یاری حەقیقی تەمەشای دونیا و دەوروبەری دەکات ، عیشقە مەجازییەکەی دەکاتە هۆکار و پەیژەیەك بۆ چوون بەرەو عیشقە حەقیقییەکەی ، بۆیە (لە دیدی عاریفانەوە جیهانی هەستپێکراو محسوس سایە و سێبەری جیهانی نادیارە وەك بڵێی : ئەوەی لە جیهاندا هەیە هەمووی سێبەری حەقیقەتە و بە شێوەیەکی گشتی جوانی و عەشقی ئەم جیهانە خۆی سێبەری جوانی و عەشقی ئەزەلییە ، بۆیە عەشقی مەجازی خۆی بەدوای عەشقی حەقیقیەوەیە وە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە عەشقی حەقیقی و ڕاستەقینە ، عەشقی مەجازی تێپەڕینە لە عالەمی ناسوت ماددە ە وە بۆ عالەمی لاهوت رۆح )[1] ئینجا کەسی عاشق پاش ئەوەی زانی جوانییەکی باڵاتر هەیە و چێژە ڕووحییەکان لە چێژە جەستەییەکان باڵاترن ، بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاودەنێت ( لێرەدا عەشق چ زەمینی بێت چ ئاسمانی ، ناسکی و تێربوون لە جیاتی برسیەتی ، لە جێگەی دڵەڕاوکێ و دوودڵی  ئارامی دەهێنێت خۆش گوفتار و جوان کردار لە جیاتی خراپ گوفتار و ناشیرین کردار بەرهەم دەهێنێت و ئەم بەخششانە بە مرۆڤ دەبەخشێت . [2]

یەکێ لە بۆچوونەکان پێی وایە : خۆشەویستی و عەشق  : (کردەیەکی ویژدانی و ڕۆحییە ، پاك بوونەوەی ڕۆح بەو مەرجەی لە دەرەوەی چێژە جەستەییەکانەوە بێت ) [3] مەبەستی عەشق ، لێرەدا : عیشقێکی ڕوحی و هەستییە ، کە دەروون ئارام دەکاتەوە و بەدەر لە خۆشەویستییەکی جەستەیی ، چونکە ئەم جۆرەی خۆشەویستی بەرە و چێژە جەستەییەکان مرۆڤ ئاراستەدەکەن ، پێوەریش بۆی جوانی جەستەیە ، لەدەرەوەی حەزە خۆویستییەکانی  تاکدایە ، چونکە لێرەدا مەعشوق یار سەنتەرە نەك خودی نەفس و خۆویستی کەسی عاشق ، چونکە ( بە عەشق، تەنها بە عەشق دەتوانرێت لە( بەندیخانەی من ) ئازاد ببین )[4] واتا بە پێی ئەم بۆچونە بێت خۆشەویستی ڕاستەقینە بەشێکە لە سۆفیگەری و لایەنی ڕووحی ، ئەمەش ئەو پرسیارە دەورژێنێت : دەکرێ دڵداریی

---

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، ل 50 .
[2] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، ل 53 .

[3] حسین، م . ی . ناهیدە، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، ل 202 .
[4] شەریعەتی، د. عەلی ، عاریفانەییەکان ، و. باخەوان ، چاپخانەی هێڤی ، ساڵی چاپ ؟ ، ل 111

ڕوحی تێکەڵ دڵداریی جەستەیی بێت ، ئەم گریمانەیە زۆرێك لەو شیعرانە ڕەتدەکاتەوە ، ڕەنگە شاعیر بۆ مەبەستی عیشقێکی حەقیقی نووسیبێت ، بەڵام لە ڕواڵەتدا گوزارشتبن لە دڵداریی جەستەیی ، لەبەر ئەوە جۆرەکانی شیعری دڵداریی هەستی لای وەفایی دەکرێت بەم بەشانەی خوارەوە :

**أ ـ شیعری دڵداریی کچ وشێخ**

تام و بۆی عیشقێکی هەستی پاك لەم جۆرەی شیعر دەبینرێت ، کاتێك لەبەردەم دەقێکی شیعری لەم جۆرەدا دەوەستین دەکرێ دوو جۆر لە یار لەناو دەقەکەدا ببینین : ئەویش یەکێکیان شێخەکەی وەفاییە و ئەویدیکەشیان دوڵبەرێکی کچە زۆرجاریش وایە ئەم دووانە دەبن بەیەك و لە ناو یەك دەقدا ئاوێتەی یەکدیی دەبن .لە غەزەلی (40) دەڵێت (وەفایی و ئاسۆ 1395، 124)

تا بادی خەزان دایە گوڵ و بەرگی ڕەزانم

سەد جێ وەکو بولبول لە جگەر داغی خەزانم

لەو ڕۆژەوە بای پایز گەڵای باخە دیێکەی منی گەستووە وەکو بولبول داغ بووم و لە جگەرمدا داغی پاییز لە سەد جێ دیارە ، واتا : یارەکەی پیربووە و ئەو جوانییەی نەماوە ، یان بەواتایەکی دی جوانییەکەی نەماوە و زەردهەڵگەڕاوە ، جا زەرد هەڵگەڕانیش نیشانەی نەخۆشی و خەم و پەژارەیە ، منیش وەکو بولبول هەر هاوار دەکەم و دەناڵێنم ، نازانرێ یار کێیە لەگەڵ کێیتی شاعیر ؟!

تۆ چونکە لە لەیلا گەلێ شیرینديی بۆیە

مەجنوونی دەر و دەشتم و فەرهادی زەمانم

بە یارەکەی دەڵێت ، تۆ لە لەیلا گەلێ جوانتر و شیرنتری ، بۆیە من بوویمە ئەو مەجنوونەی دەچووە دەشت و دەر و فەرهادی ئەو زەمانەی . لێرەدا دەشێ بڵێین : یار شێخە یان لەگەڵ کچێکیتی ، چونکە هەردووکیان هەر ڕاستە ، بەحومکی ئەوەی ؛ لە چوارچێوەی ستایش و وەسفی کچێك وەسفی خۆشەویستەکەی دەکات ، جیاوازییەك نابینرێ لە نێوانیان پاشان دەڵێت :

جەزبەی نیگەهت خۆشی نەهێشتم ـ بە برۆی تۆ ـ

قیبلەم چووە تا مەستی مەیی پیری موغانم

فەرمووی : کە لەگەڵ هاتم ئەتو ڕۆح بدە ، چاوم

سا ساقی ، دەجا جامێ کە هەروا نیگەرانم

بەڵام بە پێی ئەم دێرەی سەرەوە بێت دیارە لێرەدا دەبێت لەگەڵ شێخەکەی بێت ، کە " شێخ عوبەیدوڵڵایە " سوێند بە بڕۆی تۆ جیلوەی تەمەشاکردنت خۆشی نەهێشتووم لەو ڕۆژەوە مەستی مەیی پیری موغانی نیگای چاوەکانی تۆ بووم مەیلی کەعبەی بڕۆکانتم نەماوە . من بەس بە تەماشایەکی نیگاکانی من خۆشیم نەماو هەموو شتێکی جوان و خۆشم لەبەر چاو کەوت ، ئەی ئەگەر زیاتر لێت نزیك ببمەوە دەبێ چی ڕووبدات .

لێرەدا سەرەتای ناسین و خۆشەویستی شێخ لە دڵی وەفاییدا دەبینرێ ، بۆیە لەم شیعرە تێکەڵ و ئاوێتەیە هەردوو یارەکەی وەفایی دەکەونە ململانێ و کێبڕکێ لەکۆتاییدا دەبێ یەکێکیان بۆ ئەوی دیکەیان چۆڵی بکات و وەفایش خۆی بۆ دولبەرێك یەکلابکاتەوە **!؟**

چاوت بە نیگەهـ کردن و زارت بە تەبەسسوم

هاتن بەتەمای غارەتی عەقڵ و دڵ و جانم

چاوت بەتەماشاکردن و زارت بەخەندە و پێکەنین هاتن بەتەمای ئەوەن عەقڵ و دڵ و جانم تاڵان بکەن . واتا : بە نیگات و خەندەی لێوت ، منتان تاڵان کرد ، لێرەدا دەپرسین چییان دەوێ ؟ ئەو سێ شتەی کە ژیانی مرۆڤی پێوە بەندە : (عەقڵ ، دڵ ، جان ) وەفایی لێرەدا زۆر جوان مامەڵە لەگەڵ ئەم سییانەدا دەکات ، کە مرۆڤ خۆی بەشە مەعنەوییەکەی بریتییە ؛ لە عەقڵ و بەشە مادییەکەشی بریتییە ؛ لە دڵ ، کە شوێنی خۆشەویستییە ، خودی ڕوح و گیانیش هەردووکیان بەڕێوە دەبات ، وەفایی هەموویان دەکاتە قوربانی یارەکەی ، هەرچیی هەیە لەو پێناوەدا دایدەنێت .

کێو هاتە سەداو ناڵە و بەهاواری وەفایی

جارێکی لەتۆ کاری نەکرد ئاهـ و فوغانم

بە ئاهـ و ناڵەی وەفایی کێو کەوتە ناڵە و کەچی ئاهـ و زاری من جارێك لە تۆ کاری نەکرد ، وادیارە یارەکەی وەفایی دڵی زۆر ڕەقە و بە هانای داد و فوغانی وەفایی نەهاتووە و ئەمە جۆرە گلەیی و گوزارشتانە بەرامبەر بە کچێك دەگوترێت وەك ئەوەی بۆ شێخەکەی بگوترێت ، واتا : لێرەدا دووبارە گوزارشتەکان لێك جیا دەبنەوە **!**

## ب ـ شیعری دڵداریی شێخ و پێغەمبەر

هەردووکیان لەناو تەوەرەی خۆشەویستی شیعرەکانی وەفاین ، جا جیاکردنەوەیان کارێکی ئەستەمە ، تەنانەت لەناو یەك تێکستیشدا ئاوێتەی یەکدیی بوون ، جا هەندێ لە شیعرەکانی بە شێوازێك نووسراون دەچنە قاڵبی دڵداریی و بە تەنزێکی دڵداریانە نووسراون ، چونکە شێخ وەسیلەیەکە بۆ گەیشتن بە عەشقی حەقیقی و نۆشکردنی خۆشەویستی خوایی و پێغەمبەر ... بۆ نمونە لە غەزەلی ژمارە (101 ) دەڵێت : (وەفایی و ئاسۆ 1395، 293)

سەحەر مەستانە ڕابوردم بە بەر دەرکی کلیسایێ

کەچی دەستی دڵی گرتم خەرامان بەچچە تەرسایێ

ئیرەم بوو عەنبەری زولفی ، ئەسیری چەنبەری زولفی

کەراماتی سەری زولفی بەهەر تایێ مەسیحایێ

کاتێك بەبەردەرکی کڵێسایەکی مەسیحیدا ڕەتبووم کەچی منداڵێکی مەسیحی دڵی بردم و عاشقی بووم ، بۆنی زوڵفی لە باغی بەهەشت دەچوو زوڵفی کەڕاماتی هەبوو هەر تاڵێکی بۆ شیفای مردووان مەسیحایەك بوو .

پەرێشان زولفی زوننارى ، درەخشان روویی گوڵناری

لەزاری گوڵ شەکەرباری ، کە ئەی مەجنوونی لەیلایێ !

وەرە بڕوانە مەیخانە ، چ مەعموورە چ وێرانە !

لە هەر لایێ دڵ ئارایێ ، لە هەر گۆشێکی شەیدایێ

زولفی وەك زوننارى و کولمی وەك گوڵناری و لە دەمی شەکەر دەباری و دەیگوت : ئەی مەجنوونی شەیدا وەرە تەماشای مەیخانە بکە چ ئاوەدانەکان و چ وێرانەکان لەهەر لایەك مەعشوق و لەیلایەکی لێ ڕاوەستاوە . دەکرێ مەبەست لە لەیلا پێغەمبەر بێت یان حەزرەتی حەق بێت .

لە جێگایێ تەجەللا دەم دەم بێ (لن دیانی) بێ

بە قوربانی دڵی عاشق هەزار وەك تووری سینایێ

ئەگەر لە جێگایەك دیداری تەجەللای نووری حەق بە بێ وشەی لن ترانی بێ قەت نامبینی دەستکەوێ هەزار تووری سینا بە قوربانی دڵی عاشق بێ ، لێرەدا بۆ حەزرەتی حەق گوتراوە

سروشکم هاتە خوارێ ، دوور لە چاو و گەردنی ساقی

بەسەر حەوز و فوارەی عاشقان ئاخ جام و مینایێ

دوور لە چاوو و گەردنی یار فرمێسکم هاتە خوار ، ئاخ لەسەر ئەو حەوز و فوارەی ئاشقان پیاڵەیێ شەرابم هەبوایە ، لێرەدا مەبەست پێغەمبەر یان شێخە

بە شەوقی ئاتەشی ڕووی تۆ ، بە بادەی جادووی تۆ

سەراپا بوومە کۆی ئاور ، ئەمان ساقی سەراپایێ

بە ساقی دەڵێ : کە دەکرێ شێخ یان حەزرەت یان خۆشەویست بێت هەستە سەرپێ و دەورێ دیکە تێکە بە شەوقی ئاگری ڕوخساری تۆ و بەبادەی چاوی جادووگەرانت سەراپا بوومەتە ئاگر.

ئەمان شۆخی خەراباتی ! کە بۆ دین و دڵ ئافاتی

بفەرموو بۆ چ کە تۆ هاتی لەمن دەنگ و سەدا نایێ

وەفایی ماوە دەست بەردان ، لە دەوری نوقتە سەرگەردان

ئەمان یا قوتبی ڕەببانی ، مەدەد یا شای بوخارایێ .

ئەرێ شۆخی مەیخانە کە هۆی ئافەتی دین و دڵی من بۆچی ، کە تۆ هاتی من ناتوانم هیچ بڵێم وەفایی دەست بەرداو و ماوە و سەرگەردانی دائیرەیە ئەی شاهی بوخارا مەبەشت شێخ عوبەیدوڵلایە یان عوبەیدوڵلای کاشغرییە کۆمەکیم بکە .

**ج ـ شیعری دڵداریی کچ و پێغەمبەر**

ئەم بەشە باس لەو شیعرانە دەکات ، کە بۆ عەشقی کچێك یان پێغەمبەردا نووسراون واتە شیعر و عیشقەکە لە نێوان دوڵبەری کچ و پێغەمبەر دایە واتە : نازانرێت یار پێغەمبەرە یان کچ؟! هەروەکو لە غەزەلی ژمارە ( 10 ) دەڵێ :

ما رأيت الليل من لحظة صار الغدا

في الذوايب وجهك أم في الدجي شمس بدا ؟

قەت نەهاتە دەست و جارێ نەبووە ئارامی دڵم

تاقیامەت داغی زولفانت لە جەرگی ئێمەدا

بمکوژی ، سەد جار دەرم کەی ، ڕووی من و خاکی دەرت

كيف يحرم سائل من بابك حاز الندى؟ ل 39

ئێمە پێمان وایە؛ ئەم شیعرە بۆ وەسفی پێغەمبەر (د.خ) دانراوە ، بەوەی کە ڕوخسارەکەی ڕۆژە و دەدرەوشێتەوە وە شاعیر لێی تێکچووە نازانی نە ڕوخساری یارەکەیتی تاریکی ڕوناك کردۆتەوە ، یان ڕوخساری ڕۆژی یارەکەیتی کە تاریکایی داپۆشیوە ، دەڵێ : ئەگەر سەد جار بشمکوژی و دەرم بکەی من هەر ڕووم لە خاکی دەرکەی تۆیە کە، خۆی بە سواڵکەرێك دەچوێنێ ، کە ئەگەر بزانێ بەخششی دەست دەکەوێ ، چۆن نائومێد دەبێ و دەڕوا ، بۆیە منیش نائومێد نابم ! واتا : لێرەدا دەردەکەوێت ، کە شاعیر ئەمەلێکی هەیە یار خۆی پێ نیشان بدات .

دین و دڵ سەبرو قەرارم چۆتە ڕێگای یەك نەزەر

تۆ بڵێی ئەو شۆخە واسەرمەستە قەت بێتە ڕەدا

بۆ چ برۆم لێ تێکدەنێی ڕووت وەردەگێڕی چاوەکەم ؟

کابە کەچ بوو ؟ قیبلە گۆڕا ؟ ماچێکم لەو لێوە دا

پاشان شیعرەکە لەدێری 9 ەوە وەردەگەڕێ ؛ بۆ وەسفی کچێك و چونکە باس لەوەدەکات دین و دڵی لە پێناوی یەك قەولی یار داناوە هێشتا دوودڵیشە دەڵێ : تۆ بڵێ ی یار بەو قیمەتی دین و دڵە ڕازیبێ و قەولی بداتێ ، دیارە وەفایی ماچی یارەکەی کردووە و گلەیشی لێ دەکات ، بۆچی لەسەر یەك ماچ لێی تووڕەبووە ؟ ماچێکی لە لێوی کردوو خۆ کاعبە نەڕووخا .

لە غەزەلی 36 دا وەفایی دەڵێ :

نیگارا ! دڵبەرا ! نامیهرەبان ! یاری جەفا کارم

بە زاری کوشتمت ! تاکەی دەفەرمووی من وەفادارم ؟

دەڵێ : مورغی شەباهەنگە لە دەوری سوبحی دیدارت

لە حەلقەی زولفی تۆ دێ دەم بەدەم ناڵەی دڵی زارم

بە دەردێ موبتەلابووم جاهیل و دانا کە حەیرانن

مەگەر چاوی نەخۆشی تۆم نە مەخموورم نە هۆشیارم

وشەی نیگار لە ئەدەبیاتدا بۆ کچیش هاتووە و بۆ پێغەمبەریش هاتووە ، گلەیی لە یارەکەی دەکات کە ئەوی کوشتووە بەدەردێ گیرۆدەبووە ، کە زانا و دانا چارەسەریان پێناکرێت ، دیارە ئەم دەردەش نەخۆشی عیشقە و وەفایی دەڵێ : وەکو چاوەکانی یارەکەم هەم نەخۆشم و هەم مەستم و هەم هۆشیاریشم .

گەهێ سووتاوی ئەبرووتم ، گەهێ پابەندی گیسووتم

لە لایەك ڕوو لە میحرابم ، لە لایەك ڕوو بە زوننارم

نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم زاهیرە یەعنی :

فەرەنگی خەت و زەنگی زولف و هیندوو خاڵە دڵدارم

لێرەدا وەسفەکە نازانرێت یارەکەی کێیە ، بەڵام ، کە دەڵێ : ڕوخساری فەرەنگییە واتا : سوورو سپییە زولفی قەلەرەشەیە ، خاڵەکەشی ڕەشە پێدەچێت مەبەستی پێغەمبەر (د.خ ) بوویێت ، بەڵام دیسانەوە وەکو کچێك وەسفەکەی دەکات و وەسیەت دەکات لەبەر بەژنی یارەکەی تابوتەکەی لە عەرعەر دروست بکەن تاوەکو خەڵك بزانێت .

## 3 - شیعری دڵداریی حەقیقی

ئەم جۆرەی شیعر پەیوەستە بە شیعری دڵداریی ، کە باس لە خوودی خاڵق دەکات ، بەڵام بەشێوەیەکی ئاینی و سۆفیانە نا ، بەڵکو بە شێوەیەکی دڵدارییانە ، عاشق لێرەدا کەسێکە عاشقی خودا دەبێت (( یاخود عاشقی ڕەمز و شتێکی پیرۆز دەبێت کە دەلالەت لە خوا دەکات ، ئاشکرایە کە مەبەستی ئەفلاتوون عیشقێکی پاك و بێگەردە ، کە هۆکارێکە بۆ پاك بوونەوەی ڕۆح ، بەو مەرجەی لەدەرەوەی چێژە جەستەییەکانەوە بێت .))[1] وەفایی لەم جۆرەی عیشقدا پاش ئەوەی کۆمەڵێك ئەزموونی عەشق دەبڕێت لە دواجاردا بەرەو عەشقی حەقیقی هەنگاودەنێت و زۆربەی شیعرەکانی بۆ ئەم بابەتە تەرخان دەکات و هەموو شتێکی لێ دەبێت بە یار واتا : (( کاتێك عەشق بەکەماڵی خۆی گەیشت هێزەکانی عاشق تێکدەشکێنێ و هەستەکانی لەکاردەخات و نەفسی بۆ خواردن دەمرێنێ جگە لە قسەکردن لەسەر یار بەهەموو شتێکی دی مەلوول دەبێ )) [2] هەروەك لە غەزەلی ژمارە (2) (وەفایی و ئاسۆ 1395، 24)

---

1 حسین، م . ی . ناهیدە، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ) دا ، ل 202 .

2 سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ل 31 .

سەری کوڵمت لە نێو زوڵفی سیادا ئیشارێکە لە نووری شەوچرادا

سجوودی بردە ئەبرۆت ڕۆژ لەسەر ڕوو شەوی دوێنێ کە تۆ زولفت وەلادا

ئەمن چاوم لە ڕۆژ وا پڕ لە خوێن بوو کە ئاوێنەی جەمالی خۆی جەلادا

لێرەدا بە شێوەی دڵدارییەکی روحی و پاك و حەقیقی دەبینرێ : باسی یارێکی حەقیقی دەکات ، کە زاتی حەزرەتی حەقە ، بەڵام لە شێوەی وەسفی کچێك ، باسی کوڵم و زوڵف و جوانی ئەو دەکات دەڵێ : ڕۆژ سوجدەی بردە بەر تاقی ئەبرۆت کە ئاوێنەی و ڕووناکی ڕوخساری خۆی بەدیار یەخست چاوم لە ڕووناکی ئەو ڕۆژە ڕووناك و جوانە پڕلە خوێن بوو .

لەبەر تاقی برۆت بمرم چ نابێ کە من شابم لە بن باڵی هومادا

مورادی ڕۆحمە بۆیە وەفایی ! بە دڵ ماچێ لە غونچەی لێوی نادا

ئەگەر من لە تاقی برۆکانت دا بمرم وەك ئەوە وایە :شابم لە ژێر باڵی هوما دابم واتا : ئەگەر لە دونیادا لە تۆ نزیك ببمەوە ئەوە لە ئاواتەکەم نزیك دەبمەوە وەك ئەو کەسەی سێبەری هومای لەسەر سەریەوە بێ و ببێتە پاشا ، منیش دەگەم بەیار و ماچێکی لێدەکەم ، ماچ لێرە کینایەیە لە بەکگەیشتن بە یار .ـ لە کۆتایی بە تەواوەتی دەزانرێ : کە ئەمە باس لە عەشقی حەقیقی دەکات ، یار ماچێکم لە لێوی خۆی ناداتێ هەرچەندە من دڵی خۆم دایتێ ، چونکە ئەو موراد و حەزی ئەوەیە ڕۆحی خۆی بدەمێ ئەمەش دەلالەتێکی دیە کە عەشقەکەی دوای مردن پێی دەگات

بەشی سێیەم : شیعری ئاینی لای وەفایی

یەکەم : شیعری ئاینیی چییە ؟

شیعری ئایینی لە ئەدەبیاتی کوردیدا

دووەم : ڕەنگدانەوەی شیعری ئایینی لەشیعرەکانی وەفاییدا

1 ـ ستایش و پاڕانەوە

2 ـ تیلنیشان(التلمیح ) :

أ ـ ئایەت و فەرموودە

ب ـ بەسەرهاتی پێغەمبەران

## بەشی سێیەم : شیعری ئاینی لای وەفایی

### یەکەم : شیعری ئاینیی چییە ؟

ئاین یەکێکە لە مەبەست و ناوەڕۆکەکانی شیعر هەر لە کۆنەوە شیعر بایەخێکی تەواوی بە ئایین داوە ، بێ گومان پەیوەندی نێوان شیعر و ئایین پەیوەندییەکی مێژووییە ، تەنانەت لەسەردەمی جاهیلیشدا ، شیعر لە پێداویستییە گرنگەکانی کومەڵایەتی بووە و لەگەڵ باری رامیاری و ئابووری و ئایینی و سەربازیدا پەیوەنداریش بووە ، واتە : توانیویەتی لەگەڵ زۆربەی بوارەکانی ژیاندا خۆی بگونجێنێت .

سەرهەڵدانی شیعری ئایینی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك لەوانە : ئایەتەکانی قورئان لەبارەی وەسفکردنی خۆشیی بەهەشت و ناخۆشیی دۆزەخ و چۆنیەتی باسکردنی مردن و جیهانی دوای مردن و بەکەم زانینی ژیانی جیهان و خۆ ئامادەکردنی موسوڵمانان بۆ ڕۆژی دوایی ، سەرەڕای رامانی شاعیران لە ژیانی پێغەمبەر و یارانی ، ئەمانە و جگە لەو بار و زروفە تەنگەی ناوەخۆییەی ، کە بووە هۆی پەیدابوونی بارێکی تەنگی ئابووری و رامیاری ، ئەم هۆیانە بەگشتی و شەهید کردنی ئیمامی عوسمان و عەلی بەتایبەتی بوونە هۆی چەسپاندنی شیعری ئایینی وەکو مەبەستێکی سەربەخۆ توانی بوونی خۆی بسەلمێنێ و لەناو دڵ و دەروونی موسوڵماناندا و شوێن پێی خۆی بکاتەوە.

لەهەمان کاتیشدا قورئان و فەرمووده کاریگەرییەکی زۆریشیان هەبووە لەسەر شاعیرانی کلاسیکی کوردیمان و هەروەها کاریگەریی کردۆتە سەر ئەورووپاش لەوانە : تۆڵستۆی و لامارتین و پۆشکین و بەردناشۆ بۆیە دەکرێ بڵێین : هیچ نووسەرێکی گەورەی ئەورووپی نییە نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی تەورات و ئینجیل و قورئانەوە و شاعیرانی کلاسیکی کوردیش هەر هەموویان لە مزگەوت و حوجرەکان پەروەردەبوون بۆیە زۆر ئاساییە ئەگەر دەقە ئەدەبییەکانیان دەقئاوێزانی قورئان و فەرموودە ببێت و کاریگەریی ئایینی بەسەرەوەبێت . [1]

بابەتەکانی غەزەلی ئیسلامی گەلێك زۆرن و خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە : ئەویندارى ، ئایینی ، سۆفیزم ، ئاینزانی ، لاواندنەوە ، ستایش ، شانازی ، نەتەوەیی ، نیشتمانی ، قەڵەندەریات ، مەیخۆری ، داشۆرین و ... [2] بە گشتی شیعری ئایینی چەند سیفەتێکی هەیە لەوانەش : زۆر بەکارهێنانی ناوی (الله ) و بێژەی قورئان و کتێب و فورقان و ناوی هەندێ سورەتی قورئان ، هەروەها بەکارهێنانی وشەی (رسول ، نزیر ، بشیر ) ئەمە و جگە لەو وشانەی ، کە تایبەتن بە فەرهەنگی ئیسلام ، بۆنمونە : مؤمن ، هدی ، هداية ، ضلالة ، كفرة الحاد ، شرك ، صلاة ، مسجد ، صوم ، زكاة ، جهاد ، مجاهد ، شهيد ، ... [3]

---

[1] رەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی (نەوزاد کەلهور ، 2008،ل7)

[2] کەسنەزانی ، بوشرا ، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی ، ل 72 - 73 .

[3] شوان ، ابراهيم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، ل 195 .

## شیعری ئایینی لە ئەدەبیاتی کوردیدا

ئەدەبیاتی کوردی بە شیعری ئایینی دەستی پێکردووە و باباتاهیری هەمەدانی گەلێ لە دووبەیتەکانی بەرە و ئەم لایەنە دەچن و نزا و پاڕانەوە و خۆ بەگوناهبارزانین لە دوو توێی بەیتەکانی هەڵدەقوڵێن ، لە دوای ئەمیش ئەدەبیاتی گۆران بە ئەهلی حەق و ئیسلامەوە ، بە شیعر و پەخشانەوە هەموویان لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئایینین و هەندێکیشیان بەرەو لایەنی سۆفیانە چوون .

هەروەها ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو هەر لەفەقێ تەیران و مەلای جزیریەوە تاوەکو ئەحمەدی خانی و شێخ نوورەدینی بریفکانی هەموویان بەشێك لە شیعرەکانیان ئاینی بووە و بیر و باوەڕی خۆیانیان تێدا دەربڕیوە و بەر لە شاعیرانی بابان کەوتبوون .

شاعیرانی کرمانجی خوارووش بەهەمان شێوەی ئەوانی دیکە ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاوداوە و ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەکردووە و پێشەنگیان نالی بووە و هەردوو قەسیدەی (ئەی ساکینی ریازی مەدینەی مونەوەرە ) و ( ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حیرسی وێرانە ) بوونەتە سەرمەشقی شاعیرەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆی [1] لە ڕێگای چەند هونەرێکەوە وەك (ئیقتیباس ) و (تەلمیح) و هونەری (عەقد) ـ ەوە ئایەتی قورئانی لە شیعردا بەکارهێناوە .[2]

ئەو ڕۆژگارەی نالی لە ژیاندا بووە لەشاری سولەیمانی ، سەردەمی فەرمانڕەوایی بابانەکان بووە ، میرەکانی بابان توانیبوویان زەمینەیەکی لەبار دروست بکەن بۆ تەقاندنەوەی بەهرەی شیعری شاعیرانی وەکو (نالی و سالم و کوردی و مەلاوەسمان ) ، دیارە ئەمەش وای لە لێکۆڵەرانی شیعری کوردی کردووە ، کە بڵێن ؛ لە پاش هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ کوردستان ، هیچ سەردەمێك وەکو سەردەمی بابانەکان ، کوردستان بوژانەوە و گەشەکردنی بەچاوی خۆی نەبینیوە . [3]

## ڕەنگدانەوەی شیعری ئایینی لەشیعرەکانی وەفاییدا

وەفایی ئەوەندەی بایەخی بەشیعری دڵداریی و سۆفیانە داوە ، ئەوەندە شیعری ئایینی نییە ، بەڵکو ئەگەر شیعری ئایینیشی هەبێت تێکەڵە لەگەڵ شیعرە دڵداریی و سۆفیانەکانی ، هەروەکو مارف خەزنەدریش لە مێژووی ئەدەبیاتەکەی ئاماژەی بەم لایەنە داوە و پێیوایە ؛ (( دیوانی وەفایی شیعری ئایینی تایبەتی نییە ، بچێتە ناو مەبەستی موناجات و (ئیلاهییات) بۆ خودا و نەعت بۆ پێغەمبەر ، بەڵکو کۆمەڵێك شیعری تێکەڵاوی هەیە دەتوانین بەنموونەی ئەو مەبەستەیان دابنێین ، هەروەها ئەمەی تێکەڵ بە ستایشی سەرانی تەریقەتی کردووە و بەگشتی دەتوانرێ ئەم شیعرانە بە

[1]شوان ، ئیبراهیم ئەحمەد ، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس ، 2010چاپخانەی سپیرێز ، دهۆك . ل 162 .

[2] عیرفان و وڵاتپارێزیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا (سەلام ناوخۆش ، 2022، ل 27)

[3] کەڵهوڕ ، نەوزاد ، ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی یەکەم ، 2008 ، هەولێر ، ل 9 .

بەرهەمی ئایین بژمێردرێن . ))[1] بۆیە دەتوانین بڵێین : شیعرە ئاینییەکانی وەفایی لە پەنجەی دەست تێپەڕناکەن ، ئەوانیش خۆیان لە مانەی خوارەوەدا دەبیننەوە : ـ

## 1 ـ ستایش و پاڕانەوە

ئەمە ، یەکێکە لەو تەکنیکانەی شیعری ئایینی لای وەفایی ، کە تێیدا لە خودا و پێغەمبەر دەپاڕێتەوە و ستایشیان دەکات ، واتا : هەردوو فۆرم و تەکنیکی ستایش و پاڕانەوە بەیەکەوە دێن ، چونکە کاتێك تۆ داوا لەکەسێك دەکەی پێش ئەوەی داواکەی ئاراستە بکەی ، پێشوەختە ڕێگا بۆ داواکارییەکەت خۆش دەکەی و هەوڵ دەدەی مەدح و ستایشی کەسەکە بکەی ئینجا داواکەی ئاراستە دەکەی .

وەفایی لە شیعری 27 ، کە لە ( بیست و یەك ) دێر پێکهاتووە ، لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە بۆ ئەوەی شەفاعەت و تکای بۆ بکات تا وەکو خودا لێیی خۆش بێت ، لەهەمان کاتیشدا باسی گەورەیی پێغەمبەر بەسەر پێغەمبەرەکانی دییش دەکات :

یا ڕەسولەڵڵا دەخیلەك ڕووم نییە بێمە حوزوور

وەك دزان گەردەن کەچ و شەرمەندە وێستاوم لە دوور

گەرچی سەرمایەم نییە خۆ موستەحەققی ڕەحمەتە

ڕەنگی زەرد و ڕوویی ڕەش ، موویی سـپی و فرمێسکی سوور

وەك لەگۆشەی بێشەدا مەل بێتە تووشی دام و داو

تووشی نەفس و تووشی شەیتان بووم غەریب و بێ شوعوور ل 86

ئەم شیعرە لە سەرەتادا باس لە شەرمەزاری و گوناهباری خۆی دەکات ، پاشان ڕوو لە پێغەمبەر (د.خ) دەکات ، کە تکای بۆ بکات پێدەچێت ئەم شیعرە لە مەدینە گوترابێ ، لەبەرامبەر ڕەوزەی پێغەمبەر بێت ، بەحوکمی ئەوەی دەڵێت : ئەی پێغەمبەر ڕووم نییە بێمە خزمەتت ئەوەندە

[1] خەزنەدار، مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی ئاراس ، بەرگی چوارەم ،2004، 358.

گوناهبار و تاوانبارم ، بۆیە وەکو دز مل کەچ و شەرمەزارم لە دوورەوە وەستاوم ، ئەگەرچی سەرمایە و توێشووی قیامەتم نییە ، بەڵام ئەوەندە گریاوم و ئەوەندە ترساوم فرمێسکم بۆتە خوێن و ڕەنگم زەرد و ڕەش هەڵگەڕاوە و پرچیشم سپی بووە ، خۆی بەو باڵندەیە دەچوێنێت ، کە لە دارستانێکدا تووشی داو و دان بووە ، بەڵام دەڵێت : نەفسم و شەیتان فریویان دام و غەریب و بێ شعور بووم ، بەم شێوەیە ؛ باسی حاڵی خۆی دەکات داوا لە پێغەمبەر دەکات کە شەفاعەتی بۆ بکات و دەڵێ :

موستەحەققی ڕەحمەتم ، ئەی مەستی حەق ! ئەی دەستی حەق !

دەســـتی مــن بگرە لەنـــار و بمـــخە نێو دەریایی نـــوور

ڕۆح لەسەر لێوم نەفەس گیرە ، لەنێو خەوف و ڕەجا

چاوەڕێی فەرمانی تۆیە ، بچتەدەر ، یا بێتە ژوور    ل 86

تابی گێسووت وەقتی خەندە تابشی ڕووت بوو ، وتم :

نەردەبانی عەرشە پایەی لامەکان مایەی حوزوو    ل 87

وەفایی خۆی بە شیاوی لێخۆشبوون و ڕەحمەت و بەزەیی خودا دادەنێت و پێغەمبەر (د.خ ) بە مەستی حەق و دەستی حەق ناو دەبات ، داوای ئەوەی لێدەکات ، کە دەستی ئەو بگرێت لە ئاگر و بیخاتە ناو دەریای نوور و ڕووناکایی و بەرەو بەهەشتی ببات ، وەفایی دەترسێت و دەڵێت : ڕۆحم لەسەر لێوە یان پەندێکی کوردی هەیە ، دەڵێ ؛ ڕووحم لەنێو دەستمە ، واتا : ئەوەندە قەلەقم و دەترسێم ! داخوا خودا لێم خۆش دەبێت یان نا ؟! وەفایی دەڵێ : بۆیە من داوا لەتۆ دەکەم تکام بۆ بکەی ، چونکە گێژ و خولی زولفت لە کاتی پێکەنیندا ڕووی پێغەمبەری (د.خ ) نواند و گوتی : بۆچوونە بانی عەرش و حوزووری حەق وەسیلە پێویستە ، ئەوە زوڵفی تۆیە ئەی موحەمەد (د.خ ) ، کە دەتوانێت شەفاعەت و تکا بۆ من بکات ، پاشان وەفایی دەست دەکات بە ستایشکردنی پێغەمبەر و دەڵێ :

تا خەس و خاشاکی بەر دەرگاهی تۆم بۆ دەست بدا

چیم لە گوڵزاری بەهەشت و لەزەتی حوور و قوسوور    ل 87

وەفایی دەیەوێت بڵێت : من بەهەموو شتێکی تۆ ڕازیم و من ئەگەر درك و داڵی بەر دەرگای تۆ شك بەرم ، باغ و گوڵزار و قەسری بەهەشتم ناوێت ، ئەمەش بادانەوەیەکە لەقسەی پێشووتری بەوەی من ئەگەر تۆ شەفاعەتم بۆ بکەی یاخود نا ، من هەر تۆم دەوێ و دەمەوێ لەنزیکی تۆبم ئەگەر لەبەر دەرگاش بم .

ڕووی وەدەرنا ، مووی پەرێشان کرد ، دڵی پێدامەوە

یەعنی : هەر ئەمنم شەفیعی عاسییان ڕۆژی نوشوور    ل 87

لەپاشان وەفایی لەسەر زمانی پێغەمبەر(د.خ ) ەوە  دەڵێ : ڕووی وەك درەخت و زوڵفی پەرێشان کرد و دڵخۆشی دامەوە و گوتی : ڕۆژی قیامەت هەر من تکاکاری گوناهبارانم ، واتا : تۆ دەبێ داوا لەمن بکەی تاوەکو تکات بۆ بکەم . پاشان وەفایی دەست دەکات بەستایش کردنی پێغەمبەر و دەڵێ :

تاقی ئەبرۆم دی ، عەیان بوو سوجدەگای مولك و مەلەك

تابشی ڕووم دی ، وە دەرکەوت بارەگای نووری سودوور

ئەی شەهەنشاهی سەریری عەرش و ڕۆحانی غولام !

چل چرای عالەم فەراز و شانشینت ماهـ و هوور    ل 88

ئەی جەماڵت باوەشێنی شاهباڵی جوبرەئیل

جایڕووبی خاکی ڕێت کاکۆڵی غیلمان زولفی حوور    ل 89

بەندەگانی عاشقی ڕووتن ستارەی میهر و ماهـ

زەڕ خڕیدەی خاکی پێتن عەنبەر و میسك و بخوور    ل 89

وەسفی پێغەمبەر دەکات بەوەی ؛ تاقی برۆی پێغەمبەرم بینی جێگای سوجدەی ئینس و جان بوو ، نووری ڕوخساریم دی بارەگا و جێی بڵاوکردنەوەی نوور دەرکەوت ، بەمەش وەسف و ستایشێکی گەورەی پێغەمبەر دەکات ، بەوەی کە لای خودای گەورەش ڕێز و تەقدیرێکی گەورەی هەیە و لەسەرووی هەموو مرۆڤ و جنەکانیشەوەیە ، بەشاهی سەر تەختی عالەمی باڵا ناوی دەبات و فریشتەکانیش بە غولامی ئەو دادەنێت و بە چلچرا ناوی دەبات و دەڵێت : شوێنی دانیشتنی تۆ مانگ و ڕۆژە ئەمەش وەسف و ستایشێکی ناوازەیە دەربارەی پێغەمبەر (د.خ ) بەردەوام دەبێت و دەڵێ : ئەی ئەو کەسەی کە شاباڵی جوبرەئیل باوەشێنی جوانیت دەکات و کاکۆڵی حور و غیلمان گسك دەری بەر پێتن . لەپاشان باس لە گەورەیی پێغەمبەر دەکات بەسەر ئاین و کتێبە ئاینییەکانی دیدا و دەڵێ :

خۆش نویسی موسحەفی ڕووت بۆ ڕەواجی حوسنی تۆ

خۆش خەتی کێشا بەسەر ئایاتی تەورات و زەبوور

گەر تەجەللای حەق مورادی جیلوەیی ڕووی تۆ نەبوو

چاوی (مووسا کەی دەبوو ڕوون بێ بە سورمەی کێوی (توور) ل 89

واتە : قەڵەمی خۆش نووسی خودا ، کە جوانی ڕوخساری تۆی کێشاوە ، لەبەر ڕەواجدان بە جوانی تۆ ، کتێبەکانی تەوراتی موسا و زەبووری داوودی جوان جوان خەتدا و نەسخی کردنەوە ، لە پشت ئەمەوە دەیەوێت بڵێت : لە هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆی جوانتر بووە بۆیە خودا تەنانەت کتێبەکانیشیانی ڕەشکردۆتەوە بۆ ئەوەی جوانی و گەورەیی ئەو دەربخات . هەر لەبەر تۆش بوو زاتی حەق لە کێوی توور خۆی پیشانی مووسا دا ، بۆیە موسا چاوی بە کلەی کێوی توور ڕۆشن بۆوەو ، ئینجا بەردەوام دەبێ لە وەسفکردنی جوانی پێغەمبەر و دەڵێ :

تۆ و خەمی گیسووت کە تەشریحە لە سیڕڕی ڕۆژ و شەو

تۆ و خوتووتی ڕووت کە تەفسیرە لەسەر ئایاتی (نوور)

تۆ بـــــی و زاتی خـــودا ، قوربـــــــان ، وەهـــــــاوارم وەرە

ئەو دەمەی بێ کەس دەمێنم دەبمە لوقمەی مار و موور

دەم بەخەندە یەك دەم ئەی کەششافی سیڕڕی لامەکان

کـــافییە جـــارێك بـــفەرمووی بۆ (وەفایی) یـــاغەفوور ل 90

وەفایی لەم دێڕەی سەرەوەدا دەڵێ : بیکە بە خاتری قەفی زوڵفت ، کە ڕۆژ و شەو ڕازێکە لەو قژەی تۆ ، بیکە بە خاتری خەتی ڕوخسارت ، کە ئایاتی نوور شەرح و ڕاڤە دەکا ، بیکە بەزاتی خودا ، بگە بە هاوارم لەو کاتەیدا ، کە لە ژێر قەبردا بێکەس دەبمە خۆراکی مار و مێروو ، ئەی کەسێ ، کە ڕازەکانی خودات کەشف کردووە جارێك بۆم لە خودابپاڕێرەوە و بفەرموو یا غەفوور ، واتە : وەفایی ببەخشە ، وەفایی دەیەوێت بڵێت : تکام بۆ بکە ، بەڵام لە سەرەتادا کۆمەڵێك وەسف و مەدح و سەنای دەکات و ئینجا داوای تکا و شەفاعەتی لێدەکات .

وەفایی بەهەمان شێوە لە ( شیعری 47 ) دا وەسف و ستایشی پێغەمبەر ( د.خ ) دەکات و داوای تکا و شەفاعەتی لێ دەکات ، بە ڕێبەری نێردراوەکان باشترینی بنیادەمەکان و وەلی نیعمەتی بەشەرەکان ناوی دەبات ، بەشەفاعەت کاری گوناحکاران ناوی دەبات ، دەڵێ : ئەی کەسێ کەنەسیم و هەناسەیەکی دەمی وەك گوڵت هۆی ڕووناکایی ڕۆژە و شەوقی مانگە و هۆی بۆنخۆشی باخچەی بەهەشتە .

ئەی ( امام المرسلین ، شمس الهدی ، بحر الهمم )

ئـــەی (شـــفیع المذنبین ، خیر الوری ، مولی النعـــم )

ئەی نەسیمێکی گوڵی زار و شوعاعێکی ڕوخت

شەوقی ڕۆژ و بەدری تابان عەدیی گوڵزاری ئیرەم        ل 153

لە پاشان باسی گەورەیی پێغەمبەر بەسەر پێغەمبەران و پیاوچاکانی دیدا دەکات ، کە دەڵێ : لە شەوقی ڕوخساری تۆ پێغەمبەران و پیاوچاکان وەکو پەپولە وان کاتێ بۆ دیداری شەم ڕۆحیان هاتۆتە سەر لێویان و هێندە تامەزرۆی بینینی تۆن .

ئەی لە شەوقی جەننەتی ڕووت ئەنبیا و ئەولیا

ڕۆح لەسەر لێوان وەکو و پەروانە بۆ دیداری شەم     ل 154

وەفایی زیاتر لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە و خۆی بچووك دەكاتەوە لەبەرامبەری و  پێی دەڵێ : هەژار و نەدار و بێ پشت و پەنام هاتوومە بەر دەرگات و مەحرووم و بێ بەشم مەکە ، دوایی هەر خۆی وەڵامی خۆی دەداتەوە و دەڵێ : ئەگەر كەسێك خاوەن بەخشش و كەرەم بێت  قەت هەژار  لە دەرگای خۆی  ناكاتە دەر ، زیاتر دەپاڕێتەوە لێی و دەڵێ : عیلاج و چارەسەرم لای تۆ نەبێ لای هیچ دکتۆر و تەبیبێکی دی نییە ، من ئەمڕۆ  هاتووم داوای لێخۆش بووم  بۆ بکەی ، چونکە ئەگەر ئەوڕۆ تۆ شتێکم بۆ نەکەی ، ڕۆژی قیامەت هاوار بەماڵم ، دەبێ لە چ دۆخێك دابم .

بێ نەوام هیچم نییە هاتووم و مەحروومم مەکە

قەت لە دەرگای خۆی گەدا ناکاتەدەر ساحێب کەرەم

هیچ تەبیبێ ڕێی نییە دەردی دەروونم کا دەوا

ئەمڕۆ گەر چارەم نەکەی ( وا حسرتا یوم الندم )    ل 155

وەفایی ئومێدێکی زۆری هەیە ، بەوەی پێغەمبەر(د.خ )  شەفاعەتی بۆ بکات ، چونکە دەڵێ : تۆ مایەی رەحمەتی بۆ هەموو جیهانییان ، کەواتە : من چۆن لە رەحم و بەزەیی تۆ بێبەش دەبم لەکاتێکدا ؛ خودای گەورەش دەفەرمووێت : ( لە رەحمەتی  خودا ناهومێد مەبن ) کەواتە : من لەنێوان ڕەحمەتی و خودا و پێغەمبەردا  بەشم دەبێت و خودای گەورە لێم خۆش دەبێت .

من چلۆن مەحرووم ببم ئەی ( رحمة للعالمين )

155 ل                دێ سەدای ( لاتقنطوا من رحمه الله ) دەم بەدەم

مامەڵەکردنی وەفایی لێرەدا ؛ گەڕانەوەیە بۆ فیکر و فەلسەفەی ئادەم و چۆنیەتی هەڵخەڵەتاندنی مرۆڤ لەلایەن شەیتانەوە ، چونکە ئەم مەسەلەیە ڕیشەیەکی دوور و درێژی هەیە و لە پشت ئەم دەربڕینەوە وەفایی دەیەوێت بڵێت : شەیتان ئادەمی هەڵخەڵەتاند و دژی پێغەمبەریش (د.خ) وەستا ، کەواتە : گوناهکردن و هەڵخەڵەتاندنی ئێمەش لەلایەن ئەوانەوە ... بۆیە وەفایی تەنانەت دەگاتە ئەو شوێنەش ، کە وەکو کەسێکی ئاسایی قسە لەگەڵ پێغەمبەر دەکات جۆرە بێچاوو ڕووەکی پێوە دیارە ، پێی دەڵێت : تۆ دەزانی شەیتان دوژمنتە ، دەڵێ : کەی ڕەوایە و کەی غیرەتە بۆ تۆ !! کە تۆ جێگای شانازی پێغەمبەرانی ، کەچی دوژمنی خۆت ، کە شەیتانە بە هەڵخەڵەتاندنی ئێمە دڵخۆش بێ ! ئومەتت دڵ بە خەم بێ .

دیارە ئەوانەی لە عەشقی خوا تواونەتەوە ، خودا بۆیان دەبێ و هەرچی داوای لێبکەن بۆیان دەسازێنێ وەفایش لە عەشقی پێغەمبەر ( د. خ ) تواوەتەوە و بۆیە پێی وایە : کەوا نائومێدی ناکا بۆیە بەمجۆرە دەدوێ، لەمە وە دەکرێ بڵێین : وەفایی مەبەستی ئەوەیە گوناهـ وتاوانەکانی مرۆڤ بخاتە پاڵ شەیتان و بەمەش مرۆڤ لێی بێبەری بکات ، بۆیە ئەو ڕێگایە بەخۆی دەدات ، کە بەم شێوەیە داوای تکا و لێخۆشبوون لە پێغەمبەر ( د.خ ) بکات ، لەپاشان بادەداتەوە و دووبارە دەست بە نووزانەوە و پاڕانەوە دەکات و دەڵێ : من سوتا و داغکراوی تۆم بە تۆ نیشانەکراوم ، بۆیە ئەگەر سەد جاریش دەرم کەن من هەر دێمەوە بەردەرگای تۆ و ڕوو لەدەرگای کەسی دی ناکەم ، چونکە من غولام و کۆیلەی تۆم ، لە تۆ زیاتر ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم ؟!

یا( رسول الله ) دەزانی تۆ کە شەیتانە عەدووت

هەم لە تۆ مەعلومە ئەمنیش ئوممەتی تۆم هەرچی هەم

کەی ڕەوایە و غیرەتە بۆ تۆ کە فەخرولئەنبیای

دوژمنی خۆت شاد بفەرمووی ، ئوممەتی خۆت دڵ بەغەم

داغی تۆم هەر پێوەیە سەد جار دەرم کەی دێمەوە

من غولامی تۆم (وەفایی ) م ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم ؟ ل 156

شیعری (90) یش یەکێکە لەو شیعرانەی ، کە لە لەمەدینە و ڕەوزە نووسراوە ، تێدا وەسف و سەنای پێغەمبەر دەکات پاشان داوا لە پێغەمبەر دەکات شەفاعەتی بۆبکات و بەسەگی بەر دەرگای خۆی دابنێت و دەڵێ :

ڕۆحم بە فیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە

لوتفت هەبێ ڕوو وابکە مەقسوودی مە ، دینە

بەو جێگە بوویتە شەرەف و قورب و مەقامت

لوتفت ببێ بمبەخشە وەرە جورمـــێ مـــــەبینە

دەرمان مەکە ، هاتوومە حەکیمی هەموو دەردان

دەرمان بکە جەرگم کـــــە هەموو کۆنە برینە ل 266

ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە ڕۆحم بە فیدات بێ ، لوتفت دەرحەق من ببێ مەبەستی ئێمە دینە بیکە بە خاتری ئەو جێگە و مەقامە ، کە تۆی تا ئەو حەددە لە خودا نزیك خستووەتەوە ئێمە ببەخشی و گوناهمان چاو لێ مەکە . پێغەمبەر (د.خ) بە حەکیمی هەموو دەردان دادەنێت و دەڵێ : من هاتوومە کنت دەرم مەکە ، بەڵکە دەرمانی جەرگم بکە ، کە هەمووی برینی کۆنەیە .لە پاشان لە کۆتایی شیعرەکەدا وەفایی دەڵێ :

پابەندی ئیشارێکە دەریکە لە دەروونم

خودبینی و بوخل و حەسەد و نیخوەت و کینە

بەو خاڵ و خەت و سوورەتی گیسووی هەتە حەقیە

(مانی) کە پەرێشانی سەنەمخانەیی چینە

نایدەم بە هەموو دەوڵەتی دنیا و قیامەت

جارێ بە (وەفایی) کە بڵێ کەلبی ئەمینە ل268

وەفایی داوا لە پێغەمبەر دەکات تەمەشایەکی بکات تاوەکو کۆمەڵێك سیفاتی خراپی وەکو : خۆبینی و بەخیلی و حەسوودی و خۆبەزلزانی و کە سیفاتی کەسی ڕەزیلە لە دڵ و دەروونیدا نەمێنێ و بۆیە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە جارێك تەمەشای بکات تاوەکو ئەم سیفەتانەی لە دڵدا بێتەدەر ، چونکە پێی وایە : ئەو زوڵف و ڕوخسارەی پێغەمبەر(د.خ) هەیەتی مانی نەقاشی پەرێشان کردووە و لە بوتخانەی چیندا ناتوانێ ڕەسمێکی وەك زوڵفی ئەو جوان بکێشێ .

پاشان دەڵێ : تەواوی سەروەتی دونیام هەبێ بەو ڕستەیەی ناگۆڕمەوە ، کە بفەرمووی : (وەفایی سەگی دەرگای منە و لە ئەمانی مندایە ) یان بەواتایەکی دی بڵێی : (سەگی موحەممەد ئەمین) ە ، واتە لێرەدا : وەفایی شانازی بەوەش دەکات ، ئەگەر پێغەمبەر (د.خ) بە سەگی

بەردەرگای خۆی قبوڵی بکات ، ئەمە گەورەترین خۆشەویستی و شانازییە بۆ وەفایی ، کە خۆشەویست ئەم پایەی پێ ڕەوا ببینێت .

## 2 ـ تیلنیشان(التلمیح ) :

بێ گومان هەر دەقێك بارگراوی کراوە بە چەندین دەقی دی یان بە واتایەکی دی دەق کۆکراوە و هەڵمژینی چەندین دەقی دیە یاخود دەتوانین بڵێیین : تیلنیشاندەکات بۆ دەقی دی ، تیلنیشانیش بریتییە لە ؛ ( (ئاماژە کردن بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆز یان فەرموودە یا چیرۆك یان پەندی پێشینان و زۆری تر بەشێوەیەك گونجاو بێ لەگەڵ چەمکی دەقەکە )) [1] ، بۆیە دەبینین : شیعر بەگشتی و شیعری کلاسیك بەتایبەتی بارگاوی کراوە بە چەندین دەقی ئایینی وەکو : فەرموودە و ئایەت و چیرۆك و بەسەرهاتی ئاینی و وشە و چەمکی ئاینی . وەفایش نمونەی شیعری لەم جۆرەی هەیە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین : ـ

### أ ـ ئایەت و فەرموودە

دەقی قورئان و فەرموودە ، یەکێکە لەو دەقانەی ، کە لە شیعری شاعیرانی کلاسیك بە گشتی و لە شیعرەکانی وەفاییدا بەتایبەتی لەناو دەقی شیعریدا دەبینرێن ، جا چ ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بێت ، لێرەدا ؛ ئاماژە بە هەندێ لەو شیعرانە دەکەین ، کە تیلنیشاندەکەن بۆ دەقی ئایەت و فەرموودە بۆ نمونە لە شیعری 73 وەفایی دەڵێ :

دەمی هێنا ، دڵم کردە نیساری پێکەنی و فەرمووی

کە زەڕڕێکیش بێ ون نابێ ( وەفایی ) چاکە هەر چاکە ل 232

لێرەدا ئاماژەیەکی قورئانی هەیە ، کە ئەویش لە ئایەتی (حەوتی ) سورەتی (الزلزلة) ، کە خودای گەورە دەفەرمووێ : (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ (7) ) واتا : کردەوەی چاکە ئەگەر بەقەد یەك

[1] گەردی ، موحسین ئەحمەد مصطفی ، بەهاری ڕەوانبێژی ، بڵاوکراوەی نارین ، چاپی یەکەم ، 2013 ، ل 334 .

زەرڕەش بێت وون نابێت . لێرەدا شاعیر هەمان وشەی بەهەمان واتای خۆی بەکارهێناوە . کاتێك کە دەڵێت : چاکە هەر چاکەیە ، ئەگەر بەقەد یەك زەرڕەش بێ .

وەفایی بەهەمان شێوە لە شیعرێکی دییشدا تیلنیشان بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر ( د.خ ) دەکات و دەڵێ :

تۆ بیی و تەشریفی (لولا) و سیرڕی (مازاغ البصر)

تۆ و مەقامی (لي مع الله) تۆ بیی و نووری قیدەم ل 154

لێرەدا وەفایی بەو تایبەتمەندییانە و سیفەتانە لە پێغەمبەر دەپاڕێتەوە ، کە وشەی ( لولاك) ی بەکارهێناوە ، کە ئەمەش ئاماژەیە بە فەرموودەیە کە دەڵێت : (لولاك لما خلقت الأفلاك) [1] واتە : دونیام لەبەر تۆ خەلق کردووە ، بەردەوام دەبێت لەسەر وەسفی پێغەمبەر ئاماژە بەوە دەدات ، کە چاوتروکانێ لەشەوی میعراجدا چاوی پێغەمبەر هەڵەی نەکرد و پێغەمبەر هەندێ جار بەخوداوە ئەوەندە نزیکە ، کە هیچ مەلائیکەیەکی موقەڕەب و هیچ پێغەمبەرێکی مورسەل ناگەنە من . ئەو دێرە شیعرە پڕە لە ئاماژە و تیلنیشانی ئایینی . هەر لەهەمان شیعریشدا وەفایی دەڵێ :

من چلۆن مەحرووم ببم ئەی (رحمة للعالمين )

دێ سەدای (لا تقنطوا من رحمە الله) دەم بەدەم ل 155

وەفایی دەڵێتە : پێغەمبەر ئەی ئەو کەسەی ، کە بۆ جیهانییان مایەی ڕەحمەتی ، ئەمەش ئاماژەی ئایینییە ، کە خودا خۆی دەفەرموێت :( وما ارسلناك الا رحمە للعالمين ) واتا : ئێمە پێغەمبەر محمد(د.خ) مان نارد بۆ جیهانییان تاوەکو ببێتە ڕەحمەت ، بۆیە من هەرگیز مەحرووم نابم ! ؟چونکە دایمە دەنگی فەرموودەی خودا ( لە ڕەحمەتی خودا ناهومێد مەبن ) لە گوێمدا دەنگ ئەداتەوە . وەفایی لە شیعرێکی دییشدا ئاماژە بە ئایەتی قورئانی پیرۆز دەکات و دەڵێ :

بە مینهاجی خەلیلی حەق ، بە میعراجی (رسول الله)

دەبێ هەر بێتەجێ ئەمر و ئیرادەی حەق تەعالاکەم ل 150

[1] ابن عربيي ، الفتوحات المكية ، ج 1 دار صادر ، بيروت ، ص 137 .

وەفایی لەم شیعرەی سەرەوەدا سوێند بە میعراجی پێغەمبەر و ڕێگای ئیبراهیم خەلیل دەخوات ، کە دەڵێ : هەر دەبێ ئیرادەی حەق تەعالا بێتە جێ ، دیارە میعراجی پێغەمبەر و ڕێگای ئیبراهیم پێغەمبەر هەردووکیان ئاماژەی ئاینین و جگە لەمەش ئاماژەیەکی ئایەتی تێدایە ، کە مەبەست لە ئیرادەی حەق تەعالا تیل نیشانە بە ئایەتی ( پێنجی ) سورەتی قصص ، کە خودای گەورە دەفەرمووێت : **وَنُرِيدُ أَنْ نَمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ (5)**

.

## ب ـ بەسەرهاتی پێغەمبەران

ئاماژەکردن بە چیرۆکی پێغەمبەران یەکێکی ترە لە سیماکانی شیعری ئایینی لای وەفایی ، کە بەسەرهات و چیرۆکی پێغەمبەرانی تێکهەڵکێشی شیعرەکانی کردووە ، تەنانەت لە یەك شیعردا باسی بەسەرهەتەکانی پێغەمبەران : ئادەم و زەکەریا و یەعقوب و سولەیمان و مووسا و عیسا و تا دەگاتە پێغەمبەری کۆتایی موحەمەد (د.خ ) . دیارە خەڵکی توانجیان لە شێخ داوە ، کە لەبەر مەقامی دونیایی قیامی کردووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ کابرایەکی نیشتیمانپەروەری پاك بووە ، بۆیە وەفایی دەڵێ :

بە داوی دانە بۆ گیرا ، بە دەریای عیلمی ئەسماوە

لەبەر چی هاتە خوار ئادەم لەسەر فیردەوسی ئەعلاکەم ؟ ل147

لێرەدا ؛ وەفایی پاساوێك بۆ کارەکەی شێخ دێنێتەوە و بەراوردێك لەنێوان کاری شێخ و پێغەمبەران دەکات و دەڵێ : شێخ ئەگەر خەڵکی پێیان وایە : تاوانباری و هەڵەت کردووە ، ئەی ئادەم خۆی عیلمی ئەسمای دەزانی! ئەی بۆچی ؟ بە دوای دانەیێ لە داری قەدەغەکراودا گرفتار بوو ؟ کەوابوو خەتای تۆ نییە !؟ بەواتایەکی تر بابەتاهیر ئاسا دەیەوێت : بڵێت : هەڵە و تاوان کردن ڕێشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئادەم ، بۆیە ئێمەش هەڵە و تاوان ئەنجام دەدەین ....

پەنای بۆ چ بردە بەر دار ئەو کە دەیزانی دەبێ شەق بێ ؟

نە ئاخیر ساحیبــــی ئایات و موعجیزبـــوو زەکەریــاکەم ؟ ل148

وەفایی لێرەدا ؛ نمونە بە پێغەمبەر زەکەریا دەهێنێتەوە دەڵێ : هەندێ شت لە قەزاو قەدەری کەسەکان نووسرایە ، بۆیە دەبێت ئەو کارە بکەن و بەخۆیان بەرەو پیری بچن لەبەر ئەوەی پێغەمبەر زەکەریا ، پشتگیری حەزرەتی مەریەمی دەکرد لەسەر سکەکەی ، بۆیە جوولەکەکان بڕیاریان دا پێغەمبەر زەکەریا بکوژن ئەویش پەنای بۆ دارەك برد بۆ ئەوەی خۆی لێ بشارێتەوە ، بەڵام جولەکەکان پێیان زانی و دارەکەیان بڕیەوە ، هەرچەندە پێغەمبەر زەکەریا خاوەنی موعجیزەش بوو .

لە سیڕڕی نووری چاوانی عەجەب بێ نوور و حیکمەت بوو

بڵێ بۆچ پیری کەنعانی دەگریا ، نووری عەیناکەم ؟ ل 148

وەفایی لێرەدا ؛ نمونەی پێغەمبەر یەعقوب باس دەکات و دەڵێ : یەعقوب دەیزانی ئەگەر زۆر بگری کوێر دەبێ ، ئەی بۆچی خۆی نەپاراست ئاخیری کوێر بوو ؟ تۆش دەبا ئەو شۆڕشەت هەر کردبایە ، چونکە وەك پێغەمبەر نەجات دەری بۆ قەومی خۆت ، یان بە واتایەکی دی پێغەمبەرانیش ئازاریان چێشتووە و لە پێناوی گەلەکەیان ، تەنانەت لەلایەن نزیکترین کەسی خۆشیان ئازار دراون .

سولەیمان خاتەمی ون بوو لە قودرەت ماوە نەیفەرموو

بڵا سەخرەی بە ئاودادەم بڵا ئاسەف لە دەریاکەم ل148

دووبارە ڕوودا و شتەکان دەداتە پاڵ قەزاو قەدەر و دەڵێ : کاتێك حەزرەتی سولەیمان ئەنگوستیلەی خزمەتکاری بزرکرد ، نەیگۆت : سەخرە جنی بەئاو دادەم یان ئاسەفی وەزیر بخەمە دەریاوە ، بەڵکو ئەو ڕووداوەی بە قودرەت و قەزا و قەدەری خودای گەورە زانی .

کەلیم ئێستا نەبووبوو چەند هەزار مەعسووم لەسەر وی چوو ؟

دەبێ جوابی چ بێ ڕۆژی جەزا ، گوستاخە مووساکەم ل148

ئەم دێرە شیعرەی لە جوابی ئەو قسەیەی خەڵکی نووسیوە ، کە خەڵکی دەیان گۆت : لەو دەورەی شێخدا خەڵکی بێ تاوانی زۆر کوژراوە ، تاوانبار شێخە ، بۆیە وەفایش بەم شێوەیە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێ : دیارە ترسی فیرعەون لەوەی ، کە خەونێك دەبینی بەوەی ، کە

پێغەمبەرێك لەدایك دەبێ و دەبێت هەڕەشە لەسەر ژیانی فیرعەون و كۆتایی پێدێنێت ، ئەمە وا لە فیرعەون دەكات هەر منداڵێكی كوڕ ببێت بیكوژێت .

وەفایش ئەمە بەنمونە دەهێنێتەوە و لەگەڵ ئەو حاڵەتەی شێخ دەیگونجێنێت و دەڵێ : حەزرەتی موسا هێشتا نەبوو بوو ، كەچی چەند منداڵی بێتاوان كوژران ، ئەگەر وابێ دەبێ موسا لە ڕۆژی قیامەت وەڵامی ئەو بۆ ئەو تاوانە چی بێ لای خودا ؟ واتا : دەیەوێت بڵێت : ئەگەر شێخ گوناهباربێت ! ئەوە ؛ موساش گوناهبارە ! موساش ئاگای لە هیچ نەبووە ، كەواتە ؛ شێخیش بێ گوناهـ و بێبەرییە لەوەی دەیدەنە پاڵی .

لەبەر قەومی مونافیق بوو دەبێ هەڵبێ كە دەیزانی

مەقامی خۆی وەكوو ڕۆژ ڕوونە (روح الله) یی عیساكەم ل 149

باسی چیرۆكی حەزرەتی عیسا دەكات ، كە چۆن قەومەكەی ئەزیەتیان دەدا ، بۆیە هەڵات و خۆی شاردەوە لە كاتێكدا دەشیزانی لای خودا چەند گەورەیە ، واتا : دەیەوێت بڵێت تۆ لە هەموو لەكاتێكدا دەبێت ئیحتیادی خۆت وەربگری و نابێت دەستە و وەستان ڕابوەستی ، چونكە قەزاو قەدەر دوو بەشە بەشێكیان پەیوەستە بەوەی تۆ چۆن هەوڵ دەدەی ، بەشەكەی تریشیان پەیوەستە بەوەی ڕوودەدات ، واتا تۆ نابێت دەستەو وەستا ڕابوەستێی و خۆت بدەیە دەست قەزاو قەدەر .

سەحابەی بۆ چ شكا ؟ بۆچی شەهید بوو گەوهەری پاكی ؟

موحەمەد ، باعیسی بوون ، شاهی تاج و تەختی لەولاكەم

شەهیدی دەستی كافربوون كە ئەكسەر ئەولیایی دین

جەوابی موددەعی چ بدەم ؟ سكووتی بێ حەد ئینشاكەم ل 149

لەكۆتاییدا دێتە سەر باسی پێغەمبەر محمد ( د.خ ) دەڵێ : هێندە شت ، كە نووسرابێت هەر دەبێت ڕووبدات ، هەرچەندە كەسەكە لای خودای گەورەش پلە و پایەی گەورەبێتن ، چونكە ئەمە تاقیكردنەوەی خوداییە ، یان بەواتایەكی دی كەسانی خۆشەویست لای خودای گەورە تاقیدەكرێنەوە و بۆ ئەوەی ئەوانیش تامی ناخۆشی و سەختییەكانی ژیان بكەن تاوەكو بەهێز و قایم بن .

پێغەمبەر ( د.خ ) كە بە شای لەولاك مەشهورە و خودا دونیای لەبەر ئەو خەلق كردووە ، كەچی یارانی لە شەڕدا شكستیان هێنا و ددانی موبارەكی شكا ، ئەگەر بە گەورەیی و خۆشەویستی

بووایە ئەو لای خودای گەورە لەهەموو کەسێکی دی خۆشەویستترە . ئینجا وەفایی باس لەوە دەکات ، کە زۆر لە دۆستانی خودا بە دەستی کافرەکان شەهید بوون دەڵێ : تا کەنگێ من بێدەنگ بم و بێ دەنگی بنووسمەوە .

**بەشی چوارەم : شیعری سۆفییانە لای وەفایی**

**یەکەم : وەفایی و رابەر و ڕێبازی سۆفیانە**

**دووەم : شیکردنەوەی چەمکی نەفس و دونیا**

**سێیەم : وشە و زاراوەی سۆفیگەری لای وەفایی .**

**چوارەم : وەفایی و چەند بابەتێکی سۆفیگەری**

**پێنجەم : وەفایی لەنێوان سۆفیگەریی سوننی و فەلسەفیدا .**

## بەشی چوارەم : شیعری سۆفییانە لای وەفایی

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ، لایەنی سۆفیانە لە شیعرەکانی وەفاییدا دیاری بکەین ، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ورد و زانستیانە ئەم بابەتە گەنگەشە بکەین ، دێین لە ژێر چەتری چەند باس و تەوەرەیەکدا ئەم بابەتە دەخەینەڕوو : -

### یەکەم : وەفایی و رابەر و رێبازی سۆفیانە

لەم تەوەرەدا باسی پەیوەندی وەفایی بە ڕابەر و ڕێبازی سۆفیانەوە دەکەین ، وەفایی سەرەتای شیعری بە شیعری دڵداریی دەست پێکردووە ، پاشان ئاشنایەتی لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری پەیدا دەکات واتە ؛ (وەفایی مورید و مەنسوبی تەریقەتی نەقشبەندی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە ئامێزی خانەقا و شێخانی شەمزینی بەسەربردووە ) [1] ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی قۆناغێکی دی لە ژیانی وەفایی دەست پێبکات و شیعرەکانی بەرەو جیهانی سۆفیگەری هەنگاو بنێن .

بوونی ڕابەر و ڕێنیشاندەر لەم ڕێگایەدا شتێکی پێویستە هەروەکو ( رێبەر و شێخانی سۆفیگەری پێیان وایە ، دەبێ ڕێبەرێك و ڕێنیشاندەرێکی ڕێبوار هەبێت ، بۆ گەیشتن بەو پلە و پایە و مەبەستی ئەوانیش لەو ڕێبەرە ، ئەو عاریفە خوداپەرستەیە ، کە گومان لە توانست و زانایی و بڕینی ئەو پلە و پایانەی نییە گەیشتووەتە هەرمانی دوای نەمان . ) [2] چونکە بڕینی ئەو ڕێگایە بەبێ بوونی ڕابەر کارێکی دژوارە و بەردەوامبوونی زەحمەتترە .

ئەگەر باس لە ڕێبازیش بکەین ئەوا : (( ڕێباز بریتییە لە شێوازێکی پراکتیکی ڕێنیشاندان بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێبازێك ، کە بە چەندین پلە و قۆناغی جیاوازدا تێپەڕ دەبێت ، لە ڕێگەی بیر و هەست و کردارەوە بۆ چۆنیەتیی دەرککردن و پەیبردن بە ئەزموونی یەزدانیی راستەقینە ، پەیڕەوانی تەریقەتەکانی سۆفیزم بریتی بوون لەو گرووپانەی ڕێبازیان بریتی بوو : لە خۆڕاهێنان و مەشقی دەروونی و خودا پەرستی و تێپەربوون بە قۆناغی پاکبوونەوە یان خۆپاککردنەوە و بەدەستهێنانی زانین ، ئەمانە بڕوایان وابوو ، کە بەم جۆرە راهێنان و مەشقە دەروونییە دەتوانن بە هەق و ڕاستی بگەن )) [3] واتە : ڕابەر و ڕێباز دوانەیەکی بەیەکەوە گرێدراون بەهەردووکیان پرۆسەی سۆفیگەری تەواو دەکەن و لەسەر دەستی ئەوان ڕێبوار دەتوانێت قۆناغەکانی سۆفیگەری ببڕێت و بە ئاکام و ئەنجامی خۆی بگات ، ئەگەر تەمەشا بکەین وەفایی بەشێکی زۆری دیوانەکەی بۆ خۆشەویستی شێخ و پێغەمبەر و خوا تەرخان دەکات .

[1] دەشتی ، عوسمان ، دیوانی وەفایی ، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ، ل 84 .
[2] شاکەلی، ئەمجەد ، خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، هاوسانی ، تاران ، 2019 ، ل 173.
[3] عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، ل 97.

بۆیە دەبینین : ((پەیوەندی مورید و شێخ لەسەدەی پێنجەمی کۆچییەوە ، ئەوە ئاساییبوو ، چەندان مورید لە خانەقایەکدا لە دەوری شێخێك خڕببنەوە ، لەڕووی مەعنەوییەوە پەیوەندی مورید بە شێخەوە ، وەك پەیوەندی کوڕ و باوك وابوو ، مورید هێندە هۆگری شێخ دەبوو ، مەگەر کوڕپە هێندە هۆگری دایکی ببێت ، مورید لە دەستپێکدا لە خانەقادا خزمەتی دەکرد ، ئەو خزمەتەی وەك خواپەرستی بۆ هەژماردەکرا ، دواتر کە دەچووە خەڵوەتەوە چل ڕۆژی پێ دەچوو ئەو ماوەیە لە دونیا دادەبڕا هەر خەریکی نوێژ و زیکر و نزابوو .... مورید سەروەختی زیکر بێ برانەوە ئەڵڵای لەسەر زارە ؟ بۆ ئەوەی دڵی پڕ ببێت لە مانای ڕاستەقینەی خوا و بۆ ئەوەیشی دڵی بە نووری خوا ڕۆشن ببێتەوە ، مورید ، کە هەموو وێستەگەکانی بڕی ، وەك ئەوە وایە میعراجی ڕۆحی کردبێت . ))[1] بەمەش قۆناغی سۆفیگەری تەواو دەکات و دەبێتە مرۆڤێکی پاك و ڕۆحانی .

ئەگەر لە شیعرەکانی وەفایی وردببینەوە کۆمەڵێك زاراوەی سۆفیگەری لە شیعرەکانیدا دەبینرێت ، وەفایی ( شێخی ) هەبووە و واتا : وەکو هەندێ لەو سۆفیانە نەبووە کە خۆیان خۆیان پێگەیاندبێ و شێخیان نەبووبێ ، بەڵکو وەفایی تەریقەتی نەقشبەندی بووە شێخەکەشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بووە ، واتا : ئەمە یەکلا بۆتەوە ، کە وەفایی سۆفی بووە و شێخی هەبووە و شێخەکەشی دیارە ، ئەمە وەکو زانیاری لە ژیاننامە و بیرەوەریەکانیدا دەبینرێ ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی دەقەوە هەڵسەنگاندن بۆ شیعرەکانی بکەین ئەوە دەبینین : چەندین زاراوەی سۆفیگەری لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە و حاڵ و مەقامەکان دەبینرێن و باسی شێخ و ڕابەرەکەشی دەکات ، کە دواتر بە تێروتەسەلی باسی لێوەدەکەین .

دیارە پەیوەندی کردنی ڕێبواریش بە ڕابەر و مورشیدەوە سلوك و نەریتی خۆی هەیە ، و لە ڕێبازێك بۆ ڕێبازێکی تر لە داب و دەستووری سۆفیانە جیاوازیی هەیە ، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانیین باس لەڕێو ڕەسم و ڕێبازی نەقشبەندی لەکوردستان بکەین .

## ڕێوڕەسم و ڕێبازی نەقشبەندی لە کوردستان

### 1- نەریتی مورید بەرانبەر بە مورشید :

سۆفی بەتەواوی نەوازشەوە دەست لەسەر سنگ و بەوپەڕی ڕێزەوە بەرانبەر بە مورشیدەکەی دەوەستێت ، تەنها مەگەر مۆڵەتی بدرێت بە دانیشتن ، دیارە هەمیشە بەوپەڕی ڕێزەوە سۆفی ناوی مورشیدەکەی دەبات و بە (حەزرەتی شێخ) و وشەی (قدس سره) بەکاردەهێنێ دەبێ شێخ لە قوڵایی ناخی سۆفیدا جێگیربکرێت و پەیوەندییەکی ئاشقانە لە نێوانیاندا دروست ببێت لە عیشقێکی بەردەوام .

### 2 ـ رابیتە لەگەڵ شێخا وابەستەبوون و پەیڕەوکردنی شێخ :

رابیتە نزیکترین ڕێگایە بۆ گەیشتنی هەر ڕێبوارێك بە ئامانج و بەختیاری ، حەزرەتی مەولانا خالیدی شارەزووری لە نووسراوەکانیدا فەرموویەتی : رابیتە پایەیەکی مەزنە لە پایەکانی

[1] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 226.

ڕێبازی نەقشبەندی ، لە دوای پابەندبوون و تەمەسوك بە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی حەزرەتی پێغەمبەر (د.خ) گەورەترین هۆکاری پێگەیشتنە بە پلەی فەنابوون لە خودای تەعالادا (جل جلالە) .

3 ـ موراقەبە : چاودێری

نەریتێکی دیکەی نەقشبەندیەکانە و لە پێناسەکردنیدا وتوویانە : چاودێری لەبیرچوونەوەی دروستکراوە (مخلوق) بەهۆی وردبوونەوە و ڕامان لە دروستکەر (خالق) بە مانا لە هیچ حاڵەتێکدا ڕێبوار لە سەرنجدانی زاتی حەق بێئاگا نەبێت و وابیر بکاتەوە هەمیشە لە خزمەتی خوادایە و لەژێر چاودێریی ئەو دایە و هیچ شتێکیش لای شاراوە نییە [1]

**ـ پەیوەندی وەفایی بە رابەرەوە**

هەروەکو لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا وەفایی شیخی هەبووە ئەمەش کار ئاسانییەکی زۆری بۆ کردووە بۆ ئەوەی بە ڕاست و دروستی ڕێگاکەی ببڕێت ، چونکە بوونی شێخ وەسیلە و ئامانجێکی گرنگە هەروەکو شێخ عبدالقادری گەیلانی لەبارەی شێخەوە دەڵێت : (( شێخ ئەو کەسەیە ، کە بەهۆیەوە مرید بەناسین و خۆشەویستی خودا دەگات ، بۆیە پێویستە هەموو مریدێك خاوەنی شێخ بێت ))[2] ، وەفایی بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ خۆشەویستی شێخ تەرخان کردووە . لێرەدا چەند نمونەیەکی شیعری باس دەکەین :

یەکێ لەو شیعرانەی ، کە وەفایی بۆ ڕابەرەکەی گوتووە ، کاتێك ، کە شێخ عوبەیدوڵڵا دوور دەخرێتەوە بۆ تایفی عەرەبستان ئەم شیعرەی لە قاڵبی لاواندنەوە بۆ وتووە ، کە کۆی گشتی دێرەکانی شیعرەکە (60) دێرە ، هەوڵدەدەین لە خوارەوە چەند دێرەکی شیبکەینەوە ، سەرەتای شیعرەکە بەمە دەست پێدەکات و دەڵێ :

دریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم

لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم

وەرەق ڕێزان ، خەزان کەوتە ڕەزان ، وەزعی چەمەن گۆڕا

بەسەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحراکەم

خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری

دریغا ! حەسرەتا ! بۆ گوڵ عیزارە سەر و باڵاکەم

لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی گێڕاوە

[1] وەزیری ، ئەمیر ، نەقشبەندی لە کوردستان ، ل 325- 327.
[2] عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، ل 103.

مەگەر گیراوە یا مایل بە شامە ڕۆژە ڕووناکەم ؟ ل 140

وەفایی داخ و حەسرەتی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت : داخەکەم بای پایز کەوتە باخەکەم و شکۆفەکەمی نەهێشت و هەتاوە جوانکەرەکەی دونیاکەم ئیدی لەکارکەوتووە ، واتە : شێخەکەی بە هەتاو و ڕووناکی دەچوێنێت ، کە دونیای ڕووناك کردبۆوە . ئەم ڕووداوە دەبەستێتەوە بە سروشت و وەرزی پایز و دەڵێت : گەڵاکان وەرین و پاییز کەوتە نێو باخە دێکان وەزع و چۆنیەتی چەمەن گۆڕا و کاتی گەڕانی سەحرا و گوڵەشتی باخان دەروی نەما ، دەڵێت پایز هات .

دیارە ئەمەش وەسف و لێکچواندنەکە ، کاتێك شاعیر خۆی دڵی توند و بەخەمە ئەم هەستەی خۆی بە هاتنی پایز وەسف دەکات ، پایز هات و چەمنزار لە دەنگی بولبول چۆڵ بوو ئەی حەیف و مەخابن بۆ ئەو یارەی باڵای وەکو داری سەوڵ وابوو ، ئاسمان بەهۆی گریان کەنارەکانی (شەفەقی) سووربوو ، ئاسمان شیوەن دەگێڕێ ، چونکە ڕۆژی ڕووناکم (شێخ عوبەیدوڵڵا) گیراوە ، یان بەرە و کاتی ئێوارە چەمیوەتەوە و ئەڕوا ، یان مایل بەسەرزەمینی شامە ، دەیەوێت بڵێت : هەموو خەڵکی شین و گریانیانە بۆ شێخ و ماتەم دەگێڕن .

ئەدیمی بەختی من ڕەش بوو تەرازوو وا ترازاوە

دەبێ مەیلی بە تائیف کردبێ تەئسیری شەعراکەم

لە من دوور بۆتەوە خورشیدی ئەوجی مەعریفەت ، شایەد

بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم هەمڕەنگی جەوزاکەم

لەمن وەحشی بووە ئاهوو خەرامی لالە ڕوخسارم

مەکەن مەنعم کە هەروەك شێت و هاران ڕوو لە سەحراکەم ل 141

واتە : سفرە یان ئاسمانی شانسی من ڕەش هەڵگەڕا و لە میزان دەرچوو ، پێم وایە ئەستێرەی شەعرای من مایل بووە بە شاری تایف ، لێرەدا شێخەکەی بە ئەستێرە ناو دەبات و گلەیی لە بەخت و شەنسی ڕەشی خۆی دەکات ، کە شێخەکەی لە دەست داوە و بە هەتاوی مەعریفەت و ناسین ناوی دەبات و کە لەو دوورکەوتۆتەوە و بۆیە دەڵێت : بە تیغی غەم سەری خۆم هەڵدەگرم و خۆم وەك بورجی جەوزا دەکەم بە دوولەت . چونکە یاری ئاهوو خەرامی ڕوخسار وەك لالەم دوورکەوتەوە لە من ، مەنعم مەکەن ئەگەر وەك شێتان ڕوو لە سەحراکەم ، وەفایی لەتاو دووری عیشقەکەی شێت بووە و دەڵێ : ڕوو لە سەحرا دەکەم ، چونکە ڕوخساری یارم لێ دوورکەوتۆتەوە .

ـ لەبەر ئەوەی ئەم شیعرە بۆ لاواندنەوەی شێخ عوبەیدوڵڵا نووسیویەتی کاتێك شێخ دوور دەخرێتەوە بۆ تایفی عەرەبستان ، بۆیە وەفایی بەخۆی دەڵێت : کە تۆ دونیا و دینت لەسایەی ئەو شێخەوەبوو ، هەر بۆیە پێی وایە : دین و دونیای لەسایەی شێخەکەی هەبووە ، بەڵام ئێستا کە شێخ لای نییە و لێی دوورکەوتۆتەوە ، بێ چاو ماوە و ، کە مرۆڤ چاویشی نەمێنێ ، بێگومان ناتوانێت هەست بە خۆشی و شادی دونیا بکات ، بۆیە دڵ بەچی خۆش بکەم ، کە چاوم نەماوە (شێخم نەماوە ) .

دەڵێت : لەو کاتەوەی ، کە تۆ ڕۆیشتووی ئیدی کورەی عەرزی لە ئاودا غەرق بووە و خاکیش هەموو بۆتە قوڕ واتە : خەڵکی هەموو شین و ڕۆڕۆی دەکەن و قوڕ بەسەری خۆیان دادەکەن ، بۆیە وەفایی یادی ئەو ڕۆژانە دەکاتەوە ، دەڵێ : خۆزگەم بەو ڕۆژە ، کە تەجەللای ڕوخساری دیداری تۆ لە سینەی منی دا و بەو دیدارە مەست بووم و ئێستاکەش ، کە هەر سەرخۆشی ئەو دیدارمە .

وەفایی دەڵێت :

وەفایی پێت بڵێم دونیا و دینت بۆچی بەرهەم بوو

دەڵێن ڕۆیی لەسەر دونیایێ قیبلەی دین و دونیاکەم

نیشات و عوشرەتی دونیا بە نەشئە و قووەتی چاوە

ئەمن چ بکەم لە دونیادا کە ڕۆیی نووری بیناکـــــەم

کە تۆ ڕۆیی ، لەبەر چاوم کورەی خاکی بە ئاوا چوو

لە پاش تۆ ، ئەی گوڵنەوڕەستە ، خاکی کوێ بەسەرداکەم

خۆشا بەو ڕۆژە عەکسی پرتەوی حوسنت لە سینەم دا

ئەوێستاش مەست و مەخمووری تەجەللای تووری سیناکەم ل 142

ـ وەفایی ئاماژەی بەوە دەکات ، کە شێخەکەی وەك ئاوێنەیەك وابووە و جانانی نیشانداوە و لە وەوە بە جانان گەیشتووە ، دیارە ئەمەش ئامانج و هۆکاری شێخە لای ڕێبوار ، خۆزگە بەو ڕۆژە دەخوازێت و بۆیە دەڵێتە : شێخەکەی ئێستاش قەلبم وەك هەتاو پەرست شێتی ڕوخساری وەك خۆری تۆیە ، واتە : شێخەکەی وەك خۆر دڵ و دەروونی ئەوی ڕووناك کردۆتەوە و بە زاتی حەقی گەیاندووە ، بۆیە خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازێت و دەڵێ :

خۆشا بەو وەقتە تۆ میرئاتی دولبەر بووی بە دڵدارم

ئەوێستاش مەحوی دیداری جەمالی ڕۆژە (حیربا) کەم ل 142

ـ وەفایی باسی خۆی دەکات ، کاتێك کە شێخ لەوێ بووە و وەفایی لەژێر سێبەری ئەودا وەك بازی کاخی شاهان قەدر و قیمەتم هەبووە ، بەڵام بە نەمانی ئەو وەك داڵ و کوندەبوو جێگەی هەر وێرانەو کەلاوە بووە و ، لە مەجلیسی یارانیش وەك تاری شکاو ناڵە و دەنگی نەمایە ، بۆیە ناتوانێت وەکو جاران ئاهەنگ لێدات و شیعر بڵێت ، واهەست دەکات هەموو ئەندامەکانی جەستەی لەبەر یەك پچڕاوە و دەڵێت :

لەژێر باڵی هوما جێی بازی شاهی قەسری شاهان بووم

دریغا ! ئێستە وێرانەی ، سیسار و جوغدە جێگاکەم

لە ناڵین کەوتووم بۆ دەستی یاری موتریب و مەجلیس

وەکوو تاری گوسەستە تێکچووە بەند بەندی ئەعزاکەم ل 143

ـ وەفایی دەڵێت : پشتم شکا بۆ وەفاتی پیری مەیخانە و فەلەك چەرخێکی خوارد و کارێکی کرد نە شووشەی شەرابم ما و نەجامی شەرابم ، یادی شێخ دەکاتەوە و دەڵێ : کوا هاتوچۆکەت لەدەم حەوزی تایبەتی بنەماڵەکەت ، کە وەك بەهەشتە و داری تووبای بەناز و لەنجەی لێ بوو ئەفسووس بۆ ئەوکاتە ، ئەی شێخ بەنەمانی تۆ مەجلیسی خەتم و تەهلیلە (یا الله) و هاواری دەروێش و عاشق لەخانەقادا وەك باڵندەی سیمورغی لێ هاتووە ، هەر ناوی ماوە و وجوودی خاریجی نەماوە و دەڵێت :

شکا پشت و دڵێ من بۆ وەفاتی پیری مەیخانە

بە چەرخێکی فەلەك وای کرد نەجامم ما نە میناکەم

لەسەر حەوزی دەروونی ، چی بەسەر هات هاتوچۆت قوربان ؟

کوا دەم کەوسەر و خولد و خەرام و نەخلی تووباکەم ؟

سەدای یاحەیی دەروێشان ، نەوا یاهوویی دڵڕێشان

لە دەوری خانەقادا بوو بە جیسم و ئیسمی عەنقاکەم ل 144

ـ وەفایی پەیمان و عەهد بۆ شێخەکەی دووپاتدەکاتەوە ، کە هەتا وەکو خاکی دەرگای ئەو شك بەرێت ئەگەر تاجی ئەسکەندەریشی هەبێت لەسەری ناکات و تا ڕۆژی مردن و ئەبەد ئەو عەهد و پەیمانەی ، کە لەگەڵ شێخی بەستووە و نایشکێنێت و دەڵێت : ئەگەر بەبێ ڕوخساری تۆ بچمە بەهەشت ، بەهەشت لەمن حەرام بێ ، یانی بەهەشتیشم لەبەر تۆ پێ خۆشە ! هۆکاری ئەمەش بۆ

ئەوە دەگەڕێنێتەوە ، کە شێخ شای غەم لابەری ئەو بووە و دڵی بە ئەو خۆش بووە ، شێخ کە هۆی شادی دڵی بووە ڕۆیشتووە و وەفایش ئیتر دڵی بە کێ شادبێ ، واتە : وەفایی ئەوەندە گیرۆدەی شێخەکەی بووە ، کە هەموو شتێکی لەگەڵ شێخەکەی پێ خۆش بووە و سەرچاوەی خۆشی و کامەرانی ئەو بووە و بۆیە حەز دەکات لە بەهەشتیش شێخەکەی لەگەڵ بێت و لێی دانەبڕێت و واتە : وەفایی لە شێخەکەیدا تواوەتەوە و دەڵێت :

لەسەر خاکی دەرت ، قوربان ، هەتا من بم هەتا سەربێ

ئەگەر تاجی سکەندەر بێ سەرم ناوێ لەسەر ناکەم

هەتا ڕۆژی ئەبەد ، قوربان ، لەسەر عەهدی قەدیمی تۆم

بەهەشتم لێ حەرام بێ گەر بەبێ ڕووی تۆی تەمەنناکەم

ئەمن شاییم بە تۆ بوو ، چونکە شاهی غەم ڕەوێنم بووی

کە من شاییم لە دڵ ڕۆییوە ، ئیدی دڵ بە کێ شاکەم          ل145

ـ وەفایی شێخەکەی بە پیشاندەری نووری خودایی ناو دەبات ، دەڵێت : حەیف بۆ تۆ ، کە وەك دارخورمای موقەدەسی توور بووی ، واتا : چۆن کێوی توور نووری خودای پیشانی موسا دا ، تۆش بەهەمان شێوە نووری خودایت پیشانی موریدان دەدا ، تۆ هەناسە و بای بە بەرەکەت بووی و دڵ و دینت زیندووکردەوە ، دیارە ئەرکی شێخیش ئەوەیە ؛ کە دڵەکان زیندوو بکاتەوە و بەخۆشەویستی خودایان شاد بکات ، بۆیە داخ و حەسرەت دەردەبڕێت ، کە شێخ نەماوە دەڵێت : تۆ وەك مەسیح بووی مردووت زیندوو دەکردەوە ، دیارە مەبەستی لە زیندوو کردنەوە ، زیندووکردنەوەی دڵ و دەروونە .

خودا بۆ خۆی دەزانێ مەنبەعی نووری خودایی بووی

ل 146          دریغا ! نەخلی ئەیمەن ، مەزهەری نووری تەجەللاکەم

نەسیمی فەیزی تۆ دین و دڵی دووبارە ئیحیاکرد

دریغا ! وەك مەسیحا باعیسی ئیحیایی مەوتاکەم          ل 146

ـ وەفایی دەڵێتە شێخەکەی وەك ڕۆژ دیارە تۆ ڕێنوما و مورشیدی عاریفانی تازە وەرێکەوتوو بۆ لای خودا بووی حەیف بۆ تۆ ، کە وەك ڕۆژ ڕووناك و ڕێ نیشاندەر بووی ، لەژێر سایە و

سێبەری تۆ زۆر کەس بوونە عاریف و ڕێگەی خودایان گرت ، حەیف بۆ تۆ عاریفی ڕێگەی خودا و ئەهلی تەقواکەم وەفایی شێخەکەی بە مورشید و عاریف ناو دەبات .

دەلیلی تالیبان بووی بۆ خودا ، وەك ڕۆژ هوەیدایە

دریغا ! مورشیدی دەوران و خورشیدی هوەیداکەم

لە سایەی تۆ گەلێ کەس بوونە عاریف ڕێی خودایان گرت

دریغا ! عاریفی ڕێگەی خودا و ئەهلی تەقواکەم          ل 146

ـ وەفایی ئەوەندە پلە و پایەی شێخەکەی بەرزدەکاتەوە و دەڵێ : موریدانی تۆم دیت ، کە مرۆڤ و جنۆکە بوون ، حەیف بۆ ئیمام و ڕابەری ئینس و جان و قیامەتم لە دەست دەرچوو و بەڵایەك هات و شێخ بەو بەڵایە گیرۆدەبوو ، حەیف بۆ ڕووناککەرەوەی عیرفان و چرای ڕێگای تاریکم ، واتا : شێخەکەی ڕێگای بۆ ڕۆشن کردۆتەوە ، ڕێگای ڕاستی پیشانداوە و لەتاریکی بۆ ڕووناکایی بانگێشتی کردووە .

موریدانی دەری تۆم دی بە چاوی خۆم ، لە ئینس و جان

دریغا ! بۆ ئیمامی ئینس و جان مەولایی ئەولاکەم

بەڵاییێك هات و پێی گیرا ، بە بایێك نووری کوژراوە

دریغا ! شەمسی عیرفان و چرای تاریکە ڕێگاکەم          ل 147

ـ وەفایی دەڵێت : لە پاش ڕۆیشتنی تۆش لە کۆڕی زیکری دەرویشان هێشتا هەر نوور بۆیان دەبارێ ، حەیف بۆ ڕێبەر و ئەولادی تاهاکەم ( جا مەبەست لە تاها یان سەید تاهای شەمزینییە یان مەبەست پێغەمبەرە ( د. خ) . وەفایی دەڵێت : ئەگەر ئەمن نەزان بووم و تۆم خۆشویستوو و کردمیە ڕابەری خۆم ! ؟ ئەی بۆچی عاریف و عامەی خەڵك بۆ تۆ سووتابوون و وەکو پەروانە بەدەوری مۆمی شەوڕۆشنکەرەوەی باڵاتدابوون ؟ واتا : دەیەوێت بڵێت : زانا و نەزان هەموو تۆیان خۆش دەویست و بۆ تۆ سووتابوون ، پاشان دێتە سەر ئەوەی کە هەندێك لە خەڵکی دوژمنی بوون و دەڵێ : نادانان تۆیان پێ ساحیر و بێ دین و کافر بوو ، حەیف بۆ تۆ ، کە لە ڕێزی " ئەبولحەسەنی خەرقانی و بایەزیدی بەستامی " دابووی ، دیارە لە پاش ئەمە کۆمەڵێك بەراورد دەکات لەنێوان ئەوەی شێخ و پێغەمبەران و وەڵامی ئەو پرسیار و ڕەخنەیی خەڵك دەداتەوە ، بەڵام ئێمە " لەبەر

ئەوەی لەبەشی ئایینییەکەی شیکردنەوەمان بۆ کردووە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە لێرەدا ئاماژەمان بەو دێرانە نەکردووە .

لە حەڵقەی تالیبان وا هەر دەبارێ نوور لە تەشریفت

دریغا ! بۆ سەر و سەرحـــــــــــــەڵقەیی ئەولادی (تاها ) کـــــــــەم

ئەمن نادان و نەمزانی ، ئەرێ بۆ چ عاریف و عامی

وەکو پەروانە سووتابوون لەبەر شەمعی شـــــەب ئاراکـــــــــەم ؟

لەبەر چاوی نەزانان ساحیر و زەندیق و کافر بووی

دریغا ! پیری ( بەستام ) ، قوتبی ( خەرقان ) ، غەوسی بەغداکەم ل 147

ـ وەفایی قیام و شکستی شێخ دەداتە پاڵ خودای گەورە و دەڵێ : بێ ئیزن و ئیرادەی خودا نە ئاو و ئاگر و نەخاك و با هیچ ئیختیارێکیان نییە و هەرچی هەیە ئیرادەی خودایە ، لەبەر ئەوە وەفایی وای لێکدەداتەوە ، کە ئەمەی بەسەر شێخیش داهاتووە دەسەڵات و ئیرادەی شێخی تێدانەبووە و پەیوەستە بە ئیرادەی خودای گەورەوە .

نە ( ئاو ) موختارە بڕوێنێ ، نە ( ئاور ) تا بسووتێنێ

نە ( خاك ) چی پێیە بینوێنێ ، ئەگەر سەدجاری بە ( با) کەم

عەدەم ( باری ) سەبەبکارە ، وجودێکی حەقە دیارە

بۆ خۆی فەعال و موختارە ، خوداوەندی تەواناکەم ل 149

ـ وەفایی شێخەکەی دەلاوێنێتەوە و دەڵێ : تۆ چووی بۆ نزیکی خودای گەورە و منیش مام لە زیندانی و تەنیایی ، هێشتا داوای دوعای لێ دەکات و دەڵێ : ئەی ئاغا و گەورە و سەردار و پشت و پەناکەم دوعایەکیش بۆ من بکە ، هەرچەندیشیە بە وێنە و زاهیر لێم دووری ، بەڵام بە باتین وەك نووری داپۆشراو هەر دیاری لەدڵ و دەروونم و بەرچاوم ، مەبەست و غەرەزی دڵی منی دەڵێ : ڕووناکایی و نووری چاوی من هەر تۆی ، واتا : من بەتۆ وە دەبینم و هەموو هەستیشم هەر بۆ تۆیە ، ئەگەر لێشم ونبی هەر وادەزانم لەلامی و هەمیشە لە دڵ و دەروونمی .

ئەتۆ چووی بۆ جیواری حەق ئەمن مام حەبس و زیندانی

غەمی بەندەت هەبێ ئەی سەیید و سەردار و مەولاکەم

بە سوورەت گەرچی لێم دووری ، بە مەعنا بەرقی مەستووری

بەڵێ بەرچاو و مەنزووری دەڵێی تۆی نووری بیناکەم ل 149

ـ وەفایی سۆز و خۆشەویستی خۆی بۆ شێخ دەردەبڕێت و دەڵێ : لەکوێ بتبینمەوە و شاد بم بە ڕووی تۆ تاوەکو بێیە سەرچاوم ، دڵ و چاوم بە خاکی پێت ڕوون کەمەوە و سینەم وەکو ئاوێنە بە دیدارت ساف بێت ، یان بە واتایەکی دی دەڵێ : ناتوانم بتبینمەوە و بتخەمە سەرچاوم ، مەگەر چاوی دڵم بکرێتەوە ، کە بۆ بینین بەچاوی دڵیش ، ئەبێ سینە (دڵ ) م وەك ئاوێنە ساف و بێگەرد بکەم و تۆزی غەیری پێوە نەیەڵم ، واتا : ئەو پەڕی خۆشەویستی خۆی بۆ شێخ دەردەبڕێت . دەڵێ : دڵم مەشکێنە دەمت بێنە با ماچی بکەم و ئەمجارەش دەستم بگرە ، وەهام بە هۆشیاری مەی بدەرێ ، کە جامی شەرابەکەم نەشکێ ، واتا مەبەست لە مەی سۆز و خۆشەویستییە .

لەکوێ بتبینمەوە ، شاد بم بە ڕووی تۆ ، بێیە سەرچاوم

مەگەر چاوم لە دڵ بێ سینەکەم ئایینە سیماکەم ل 150

دەمت بێنە دڵم مەشکێنە دەستم بگرە ئەو جارەش

بە هۆشیاریم دەیێ ساقی ، کە نەڕژێ جامی سەهباکەم ل 151

وەفایی باسی غەریبی و بێکەسی خۆی دەکات ، بەوەی لە شێخ دوورە ، دەڵێ : ئەی ڕەفیقان کوا مەسیحاکەم ، دەردێکی بێ دەوام گرتووە ، داوا لە خودای گەورە دەکات و بە ناوەکانی : قادر و ڕەحیم و کەریم و حەیی و غەففار .. دەپاڕێتەوە .

غەریب و بێ کەس و ئاوارە کەوتووم ، دوور لە ڕۆحی خۆم

بە دەردی بێ دەوا مـــــــاوم ، ڕەفیقان کوا مەسیحـــاکەم

خوداوەندا ! ڕەحیما ! قادرا ! ئامورزگاری خۆم

کەریم و ، حەییی و غەففار و ، قەدیم و فەردە یەکتاکەم ل 151

ـ وەفایی بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکات ، کە تەریقەتی نەقشبەندییە چونکە بەخۆی لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا ئاماژە بەوە دەکات و لە خودا دەپاڕێتەوە و دەڵێ : بۆ خاتری خواجەگانی نەقشبەندی و شێخانی کە قیبلەی خۆمن ، واتە ؛ موریدی ئەوانم ، قیبلەی دین و دونیاکەم ، کە ئێستا غەریب و بێکەس لە خاکی کەعبەیە ( مەبەستی شێخ عوبەیدوڵڵایە ) .

بە ڕۆحی خواجەگانی نەقشبەند و قیبلەگاهی خۆم

غەریب و جانسپاری کەعبە قوتبی دین و دونیاکەم

ـ وەفایی لە شیعرێکی دیدا پلە و پایەی شێخ دەهێنێتە ڕێز (عەبدوالقادری گەیلانی ) و بە قیبلە ناوی دەبات و دەڵێ : هیچ کەس وەك شێخ عوبەیدوڵڵا قیبلەگاهی عاریفان و خواناسان نەبوو ، زانایەکی وەك ئەو دەتوانێ ببێ بە غەوسی بەغدایەکی دیکە ، واتا : دەتوانێ وەك ئەو بێ یان بە واتایەکی دی تەنها ئەو دەتوانێ شان لە شانی ئەو بدات و دەڵێ:

قیبلەگاهی عاریفان کەس وەك (عوبەیدیللا ) نەبوو

عالمێکی وا دەبێ بۆ غەوسی بەغدایێکی دی ؟ ل 316

وەفایی بە شێخەکەی دەڵێ : لەبەر نوور و ڕووناکایی تۆ هەردوو دونیا نووری تێکەوتووە ، هەروەها پێشی دەڵێت : تۆ پیری منی و دۆستی خوداشی ، یاڕەبی بە قوربانی شەرت و وەفات بم ، ئەی پیری من ، لەو قسانەت ، کە وەك ئارەقی بەرگی ڕووی گوڵن ، پیاو مەست دەکەن ، بەشت داوم و دەزانم دڵم هیچ دەستمایە و مەحسولێکی نییە ، بەڵام تۆ دەستت گرت و لەنەخۆشی چاکت کردەوە .

پیری من و دۆستی خودای ، ڕۆحم فیدای شەرت و وەفای

دیسان لەبەر نووری زیای ، هەردوو دونیا ئەنواری گرت

لەو سەهبایە ڕۆحی دڵە ، ئارەقی ڕووی بەرگی گوڵە

زانی دڵم بێ حاسڵە ، دەستی دڵی بیماری گرت ل 62

ـ شیعری (119 ) یەكێكی دیە لەو شیعرانەی ، كە بۆ لاواندنەوەی شێخەكەی نووسیویەتی ، كە هەست و نەستی خۆی لەم شیعرەدا بۆ شێخ دەربڕیوە و دەڵێ :

لەباغان ئاهـ و ناڵین دێ ، دەلێن شای نێو گولان ڕۆیی

لە مەیخانان سەدای شین دێ كەوا پیری موغان ڕۆیی

دەڵێی دەوری قەمـــەر ، سەیری فەلـــەك ، میزانی گۆڕاوە

كەوا گوڵ زەردبوو ، سونبول تێك چوو ، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی ل 333

له باغان ئاهـ و ناڵینە دەڵێن : شای نێو گوڵان ڕۆییوە و لەمەیخانە و خانەقاكان هەر دەنگی گریانە دەڵێن : شای نێو گوڵان ڕۆییوە ، واتا : مورید و شوێنكەوتووانی هەر دەگرێن و شین دەكەن بۆ ڕۆیشتنی شێخ و دەڵێن : پیری موغان ڕۆیی ، دیارە مەبەستیش لە پیری موغان واتا : پیری كاملە و بەو واتایەش بێت ، شێخەكەی وەفایی گەیشتۆتە قوناغی مرۆڤی كامل . ئەم دڵ توندی و خەمەی خۆی دەداتە پاڵ سروشت و دەڵێ : چەرخشی مانگ و گەڕانی ئاسمان وەك خۆی نەمابێ وایە ، چونكە گوڵ زەرد بووە سونبول تێك چووە و ئەرغەوان ڕەنگی گۆڕاوە .

لەبەر چاوی جیهان بینم جیهان تاریك بوو نەمزانی

نەنووری چاوەكانم چوو، نە خورشیدی جیهان ڕۆیی

لە دووری تۆیە سوور بوو چاوەكانم بەو گریە مەعلومە

شەفەق دێ ، كەوكەبیش هەڵدێ ، كە میهری خاوەران ڕۆیی ل333

لەبەر ئەوەی یارەكەی ، كە شێخەكەیەتی ڕۆیشتووە ، بۆیە وەفایی هەست دەكات چاوەكانی نابینێت و جیهان لە پێش چاوی تاریكە ، لە كاتێكدا نەچاویشی كوێربووە ! نە هەتاویش ڕۆیشتووە ، بەڵام دیارە لێرەدا : دەیەوێت بڵێت شێخەكەی چاوساغ و بینایی ڕێگای بوو ، بەڵام ئێستا بە نەمانی ئەو بێچاوە ، نازانێت چۆن بە ڕێگادا بڕوات . لەبەر ئەوە دەڵێت : هێندە بۆ دووری تۆ گریام چاوەكانم سووربوونەوە ، بۆیە ئاسۆ سوور دەبێ و ئەستێرە هەڵدێ ، كاتێ ڕۆژئاوا دەبێ ، واتا : یارەكەی وەكو ڕۆژ ئاوابووە .

دەمێكی هات بە چاوی سورمەسا ، یەعنی : وەفادارم

كە جـــەرگی سورمەیی كردم بە سیـــــحری جادوان ڕۆیـــی

سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەوافی گوڵ

که دی باغ بێ گوڵە ، داغ بوو ، بەسەد ئاهـ و فوغان ڕۆیی     ل 334

وەفایی باسی یارەکەی دەکات ، کە جارێ بە چاوی سورمە کراوەوە هاتە لای و تاوەکو وەفاداری خۆی بۆ دەرببڕێت ، بەڵام جەرگی ڕەشکردۆتەوە و بەسیحری جادووگەران و جێی هێشتووە ، کەچی بولبول بەیانی بە مەستی هات تەوافی گوڵ بکات ، بەڵام کە چاوی پێکەوت باغ گوڵی نەماوە  لە داخان بە سەد ناڵە و گریەوە ڕۆیی ، دیارە مەبەستی  ئەوەیە : مورید و شوێن کەوتووانی  بە نەمانی ئەو ناڵە و هاواریان لێ هەستاوە.

مەڵێن : بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد

دڵ ئـارامی نەمــــــا چ بکا ؟ کــە ئارامی دڵان ڕۆیـــی

قیامەت بۆ دڵان هەسـتا کە چاوی مەستــی وەرگـێڕا

مەگەر ئازوردە بوو ساقی لە بەزمی مەیکەشان ڕۆیی     ل 334

وەفایی دەڵێت : قەت بە بولبول مەڵێن مەناڵێنە ! قەیدی نییە گوڵ نەماوە ، چونکە ، دڵ ئارامی تێدا نامێنێ ، کاتێ یاری دڵارامی بڕوات ، مەبەستی ئەوەیە : بە ئێمە مەڵێن :  مەگری و مەناڵێنن بۆ یارەکەتان ، ئێمە ئەو کەسەی ، کە ئارامی و سەبووری دڵمان بوو ڕۆیوە ، چۆن دەتوانین نەگرین و نەناڵێنین ، دڵەکانمان قیامەتیان لێوە هەستا ، کاتێك کە بەمەستی تەمەشای کردن و ڕۆیی ، ئەرێ ساقی ( شێخ ) دڵی ئێشا ، کە مەیخۆرەکان ( موریدەکان) ی بەجێ هێشت ؟

چ شینێکە ؟ چ هاوارە لەنێو حەڵقەی موریداندا ؟

مەگەر خواجەی سەمەرقەندی لەنێو ساحێب دڵان ڕۆیی

چ ئافەت کەوتە بەر چاوم کەوا چوو نووری بینابیم ؟

مەگەر شــاهی بوخارایی لەقەســــــــری عاریفان ڕۆیـــی     ل 335

وەفایی دەڵێت : ئەو گریانە چییە لەنێو موریداندا  ؟ بۆ مەگەر خواجەی ئەحرار هەموو عارفانی بەجێ هێشتووە ؟ چ بووە چاوم نابینێ ، مەگەر شای بوخارا کە لە دیوانەکەیدا وا لێکدراوەتەوە ، کە ( مەبەستی شێخ موحەممەد بهائەددینی نەقشبەندییە ) قەسری عارفانی بەجێ هێشتووە ؟ ( قەسری عاریفانیش دێیەکە لە بوخارا ، کە شاهی نەقشبەند لەوێ لەدایك بووە و هەر لەوێش دفن کراوە .)

بهناڵەی دڵ شیفام نایێ دریغ بۆ مەرهەمی جەرگم

لەزەنگی کاروان چ بکەم ؟ دەلیلی کارەوان ڕۆیی

خرابوو خانەقا ، بێ شێخ و شەوقی تالیبان سەد حەیف

چەمەن وێران بوو ، نەغمەی بولبولان چوو ، باغەبان ڕۆیی

بەناڵەی بولبول و قومری (وەفایی) بۆیە هەردەگری

گوڵێکی سەرو باڵام بوو بە تاراجی خەزان ڕۆیی        ل 333

وەفایی بەردەوامە لە شین و گریانی بۆ شێخ و دەڵێ : بە ناڵینی دڵم هیچ عیلاجم نییە ، مەرهەمی جەرگم ، کە شێخ بوو نەما ( ئەی کێ ئێستا جەرگم تیمار بکات ؟ ) ، دڵم وەك زەنگی کاروان وایە ، چی لە زەنگ بکەم ، کاتێ ڕەهبەری کاروان یانی شێخ ڕۆیشتووە ، بۆیە ئێستا خانەقا بێ شێخ و موریدان شەوق و زەوقیان نەماوە ، چەمەن وێران بووە بولبول ناخوێنێ باغەوان ڕۆییوە ، هەر بۆیە وەفایی بە ناڵەی بولبول و قومری دەگری ، چون گوڵێکم بوو باڵای دەتگوت سەوڵە ، خەزان هات و تاڵانی کرد .

وەفایی زیاتر بە لاوانەوە باسی شێخی کردووە ، کاریگەری ڕۆیشتنی شێخ و دوورخستنەوەی پاڵنەری سەرەکی بووە بۆ هەڵچوونی سۆزی وەفایی بەرامبەر بە شێخ ، چونکە پاڵنەرەکەش دوورییە ، بۆیە زیاتر شیعرەکان لە لاوانەدا بەرجەستە دەبن و شیعری بۆ وەسفی شێخ بەر لە رۆیشتنی هێندەی ئەم لاوانەوانە کاریگەری نییە .

### دووەم : شیکردنەوەی چەمکی نەفس و دونیا

سۆفیگەری شەڕو ململانێ لەگەڵ نەفس و دونیا دەکات ، بەوەی بۆ ئەوەی کەسەکە پاککبێتەوە و بەرەو عەشقی ئیلاهی هەنگاو بنێت ، دەبێت خۆی لەهەموو ئەوانە پاك بکاتەوە ، کە دووری دەخەنەوە لە عەشقەکەی ، بۆیە لێرەدا : هەندێ لەسەر چەمکی دونیا و نەفس هەڵوەستە دەکەین و پاشان لە شیعرەکانی وەفاییدا سەرەتاکانی سۆفیگەری و ڕەنگدانەوەی نەفس و دونیا لای وەفایی دەخەینەڕوو :

دونیا ژنێکە نابێت جێی بایەخی زاهید یان سۆفی بێت ، بەڵکو پێویستە سێ بەسێ تەڵاقی بدات ، نەفس لە عەرەبیدا مێیە ، (نەفسی بەد ، وەکو ئەو ژنە وایە ، پیاو فریو دەدات ، خوای بیر دەباتەوە

و به خۆشییەکانی دونیاوە سەرقاڵی دەکات .) [1] ، بۆیە دەبینین : زۆرجار دونیا بە ژن دەچوێنرێت ، بەحوکمی ئەوەی نەفس و دونیا دوانەیەکی بەیەکەوە گرێدراون ،

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین شوێندا باس لە نەفس و دونیا دەکات ، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەهەندێ لەو ئایەتانە دەکەین ، کە خودای بەخشندە دەیەوێت ، مرۆڤ لەو ململانێیە ئاگەداربکاتەوە .

خودای گەورە لە سورەتی (النازعات) ئایەتی (38 - 41) دەفەرموێ : [ وَءَاثَرَالْحَيَاةَالدُّنْيَا (38) فَإِنَّ الْجَحِيمَ هِيَ المَأْوَى (39) وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى (40) فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ المْأْوَى (41)] واتە : (( ژیانی دونیای هەڵبژادبێ ، ئەوە بێگومان دۆزەخ جێگایەتی ، وە ئەو کەسەی ترسابێ لە هەڵوێستگەی بەردەم پەروەردیگاری و بەرگری نەفسی خۆی کردبێ لە ئارەزووی خراپە ، ئەوە بێ گومان بەهەشت جێگایەتی ))

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ڕاستەوخۆ دۆستایەتی و ململانێی نەفس و دونیامان بۆ دەردەکەوێت ، کە نەفس مەیلی دونیای هەیە و دەیەوێت ملکەچی فەرمانەکانی بێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر هاتوو ترسی خودا لە دڵەکان دابوو ، نەفس لەبڕی ئەوەی ببێتە بەندەی دونیا دەبێتە بڕیاردەر و دژ بە حەز و ئارەزووە خراپەکانی دەوەستێت ، پاداشتی ئەم نەفسەش بەهەشتە ، چونکە ژیانی دونیا بۆ باوەڕداران نییە ، ژیانێکی ناخۆشە بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ژیانێکی نەبڕاوە و هەمیشەیی لە قییامەتدا ، بەحوکمی ئەوەی ئارامگرتن لەسەر ناخۆشییەکان زۆر سەختترە وەك لە خۆشی ، دەبینین ئەمە دەبێتە پێوەر بۆ چاکی و خراپی بەندەکان .

خودای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەر یوسف (علیه السلام ) دەفەرمووێ : نەفس فەرماندەرە بە خراپە و توشی گوناهتان دەکات ، پێویستە زۆر هۆشیاربن و لێی غافڵ نەبن ، لەبەر ئەوەی لەهەموو کەسێك زیاتر لێتان نزیکترە ، پێویستە نەفسی خۆتان پاکبکەنەوە و لە خراپەکاری بیپارێزن تاکو خودای گەورە ڕەحمتان پێبکا ، هەروەك خودای گەورە لە سورەتی یوسف ئایەتی (53) دەفەرمووێ : ( **وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ إِلَّا مَا رَحِمَ رَبِّي إِنَّ رَبِّي غَفُورٌ رَحِيمٌ (53)** واتە : (( وە یوسف ووتی : من هەرگیز پاکانە بۆ خۆم ناکەم چونکە بە ڕاستی نەفس زۆر فەرماندەرە بە خراپە بێجگە ئەو نەفسەی پەروەردگارم ڕەحمی پێ کردبێ .

پیغەمبەر (د.خ) لە بارەی نەفسەوە فەرموویەتی : (خراپترین دوژمنی مرۆڤە و دژایەتیکردنیشی ( گەورەترین جیهاد و بەرخۆدانە ) لە زۆربەی کتێبە ئایینییەکاندا وەها باسی (نەفسی ئەممارە) کراوە ؛ بەوەی گوزارشت لە هێزە پیسەکانی مرۆڤ دەکات ، هاوکات چەندین چیرۆکی بێشوماری ئالوگۆڕیی و نمونەی ئەدەبیش هەیە ، کە چارەسەری دەستەمۆکردنی سەرسەخت و پاککردنەوە و تەزکیەی بێ بەزییانەی نەفس دەکات ) [2] واتا : دەوەستێتە سەرکەسەکان چۆن دەتوانن نەفسی

[1] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 199.

[2] شمیل ، ئانا ماری ، ڕۆحم مێینەیە (ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا ) ، و. زانا ناجی ، چاپخانەی ناوەندی زەند ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2020 ، ل 123 .

خۆیان ڕام بکەن ، یان بە پێچەوانەوە نەفسیان ئەوان ڕاو دەکات و لەبەرژەوەندی خۆی بەکاریان دەهێنێ .

بۆیە ئەگەر تەمەشا بکەین (( مرۆڤی دنیایی وەك بووك دنیا دەڕازێنێتەوە و خزمەتی دەکات ، هەرچی مرۆڤی زاهید و لە خواترسیشە ؛ ڕووی ڕەش دەکات و پەلکەی قژی دەبڕێت ، بەڵام ئەو کەسەی عاشقی خودایە هیچ نرخێکی بۆ دانانێت و بێ بەها سەیری دەکات )) [1] واتا : ئەمە شتێکە لەدەسەڵاتی مرۆڤەکان خۆی دایە بەوەی بە چ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتە دەکەن و چۆنی پراکتیزە دەکەن . هەر بۆیە دەڵێن ( جارێك پادشایەك بە هەژارێکی ووت ، پرسیار بکە بابت دەمێ ، هەژارەکەش ووتی ( چ ) پرسیارێك بکەم لە بەندەیەك ، کە بەندەی خۆمە ! پادشایەکەش وتی : ئەمە مانای چی ؟ هەژارەکەش ووتی : دونیا بەندەی منە و تۆش بەندەی دونیا . ) [2] ئەم نمونەیەش لە جێگای خۆیەتی بەوەی یەکێك وەك بەندە لە دونیا دەڕوانێت و ئەوی تریش بووە بە بەندەی دونیا و دونیا دەپەرستێت . بەحوکمی ئەوەی ( زۆرجار دونیا بە ژن دەچوێنرێت ، لە ڕووی زمانەوانیشەوە وشەی دنیا موئەنث یان مێینەیە ، نووسەرە مەسیحییەکانیش چەشنی سۆفییەکان لە چەرخی ناوەڕاستدا ، بابەتی (ژن ـ دنیا) یان وەك پیرەژنێکی چاوبەستلێکراو و بێزراو پێناسەکردووە ، کە بەجوانییە بێ وێنە ڕووکەشەکەیان جادوویان لە پیاوە کاڵفام و بێ عەقڵەکان کردووە ) [3] واتا : لە چەشنی پیرێژنێك کە خۆی مکیاژکردووە و خۆی ڕازاندۆتەوە ، بەڵام لەڕاستیدا جوانییەکەی هۆی خۆی نییە و دروستکراو و فریودەرە ، بۆ ئەوەی کەسانی نەزان و نەفام هەڵخەڵەتێنێ و لەخشتەیان ببات .

## سەرەتاکانی سۆفیگەری لای وەفایی

پاش ئەوەی هەردوو چەمکی نەفس و دونیامان شیکردەوە ، لەم تەوەرەدا باس لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی سۆفیگەری لای وەفایی دەکەین ، ئێستا باس لە ڕەنگدانەوەی هەردوو چەمکەکە لە شیعرەکانی وەفاییدا دەکەین :

## وەفایی و دەرکەوتنی عەشقی حەقیقی :

لەم دیرەی خوارەوەدا سەرەتای دەرکەوتنی عەشقی حەقیقی لای وەفایی دەبینرێ ، چونکە خۆی لەگەڵ خۆی دەدوێت و دەڵێ : قیبلەت گۆڕاوە ! ئەگەر بەڕاستی عاشق نەبی کافر دەبی ، واتا

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل 126 .
[2] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، 2015، ل 73.

[3] شمیل ، ئانا ماری ، ڕۆحم مێینەیە (ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا ) ، و. زانا ناجی ، چاپخانەی ناوەندی زەند ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، 2020 ، ل 125 .

دەکرێ بڵێین : عەشقەکەی لە زەمینییەوە گۆڕاوە بۆ حەقیقی ، جا ئەم عەشقەش پێویستی بە پاککردنەوەی دڵ و دەروونە و دوور لە غەش و فێڵ ، چونکە ئەگەر وانەبێت ، هەرچەندە سەعی و کۆشش بکات بۆ گەیشتن بە یار بێهودەیە و مایەی سەرئێشەو دەردی سەرە .

قیبلە گۆڕاوی ( وەفایی ) عاشقـــــی ســــــادق نەبی

بێ سەفای دڵ ، عومرەکەم ، ئەو سەعیە هەر دەردیسەرە ل 222

## وەفایی و دونیا پەرستی

وەفایی ئامۆژگاری دۆست و یارەکانی دەکات و دەڵێ : ئەمان یاران مەعشوقی دەمدەمی و نەفام مەگرن ، تەمەشای شتی نەزان مەکەن ، چونکە زۆرم دیوە بازی بێ ئاگا و عاشقی شابازی دەوڵەت و بەخت بووە ، بەڵام کەچی بۆتە یاری بەدەست یاری نەفام و نەزان ، واتا : دەیەوێت بڵێت : دنیا لەگەڵ نەفامانە ، واتا : مەبەستی ئەوەیە ئەگەر تۆ هەرچەندی بەهێز بیت و ڕاوچی بیت ، کە دڵت بەدونیا دا ئەو دەتکاتە یاری دەست خۆی .

یاران نەکەن بازی نەزەر ، بەردەنە سەیدی بازی کەر

زۆرم دی بازی بێ خەبەر ، شابازی دەوڵەت یاری گرت ل 60

## وەفایی و دڵ وابەستەبوون بە یار

بە پێی ئەم دێرە شیعرانەی خوارەوە بێ لێرەدا وەفایی تازە چۆتە ناو بواری سۆفیگەرییەوە ، بۆیە ڕابەرەکەی ئامۆژگاری دەکات و دەڵێ : وەفایی دڵت بەهیچ مەدە ، دیارە لەم قسەیەش مەبەستی غەیریی عەشقی حەقیقی ، کە نابێت دڵی بە یارێکی دی یان ماددە وابەستەبێت ، لەبەر ئەوە وەفایی دەڵێ : ئەو دڵە پڕ لە خەتایەی من بەو ئامۆژگارییەی ڕابەر یەکسەر خۆشەویستی یاری لەنێودا دەردەکەوێت ، بەڵام دوای ئەو ئامۆژگارییە ، لە کاتی غەفڵەت و بێئاگایدا لە ناکاو غەیری مەحبووب کەسێکی دیم کەوتە بەرچاو ، دڵم ، کە لە پێشدا سالم بوو ( واتە پاك و بێگەرد بوو ) بەڵام کامل نەبوو ، نەخۆش کەوت و ئازاری دام ، واتە : لێرەدا بەرەو سۆفیگەری چووە ، بەڵام نەگەیشتۆتە کامڵی و لەسەرەتادایە و بەرەو ناوەڕاستی پڕۆسەکە دەڕوات .

ڕۆژێکی پیری مەیکەدە ، فەرمووی : دڵت بە هیچ مەدە

ئەو دڵە پڕ لە مەفسەدە ، عەکسێکی ڕووی دڵداریی گرت

غافڵ بووم جارێ لە نەکاو ، ڕەنگی غەیرێکم کەوتە چاو

قەلبی سەلیمی ناتەواو ، نەخۆش بوو لێم ئازاری گرت          ل 60

**وەفایی و گلەییکردن لە نەفسی خۆی**

وەفایی گلەیی لەنەفسی خۆی دەکات و دەڵێ : دڵی من دەبوایە : چلەکێشی بکات تاوەکو پاك بێتەوە " چلەکێشی مەبەستی خەڵوەتە بۆ ماوەی چل ڕۆژ سۆفی خەریکی زیکر و یادی خودای گەورە دەکات" بەڵام وەفایی گلەیی لە نەفس و دڵی خۆی دەکات ، کە دڵی لە جیاتی ئەمە خەریکی سواڵکەری و تەنبەڵی و بێکارییە ، چونکە من مەبەستم باڵندەی هوما بوو ، کەچی دڵم چووە باڵندەیەکی تێنوو و حەسوود و بەخیل واتا : دنیایی . مەبەستی ئەوەیە کەوا : بڵێت : لەبەر ئەوەی چلەکێشی ناکان ، بۆیە دڵی بە دونیاوە پەیوەستە ، بەڵام ئەگەر خەریکی تەمبەڵی و دەرۆزە نەبووایە ئێستا بە مەبەستی خۆی دەگەیشت و نەفسی پاك دەبۆوە و بەختی دەکراوە .

کاری دڵم چل ڕۆژە بوو ، نەك بێکاری و دەرۆزە بوو

مەقسوودی من پیرۆزە بوو ، ئەو ڕۆیی بوو تیماری گرت

ئەو نەفسی بێ هەوایی من ، سەرکەش بوو بێڕەزایی من

جامی جیهان نومایی من ، سەرزەدە بوو غوباری گرت          ل 60

لەم دێرە ی خوارەوەدا سەرەتاکانی سۆفیگەری لای وەفایی هەست پێدەکەین ، چونکە گلەیی لە نەفسی خۆی دەکات ، بەوەی ئەوەندە سەرقاڵی خۆشییەکانی دونیایە و وا دەزانێ قەت دونیا تەواو نابێت ، بۆیە لەبەر ڕابواردنی دونیا زیکری خودا ناکات ، دیارە لە سۆفیگەریدا زیکر و یادی خودا زۆر گرنگە بۆ ئەوەی سۆفی بە دونیا سەرقاڵ نەبێت و بەرەو جیهانی ڕۆحانی هەنگاو بنێت .

لەحزەیەك یادی خوا ناکا لەبەر عەیشی جیهان

نەفسی کافر وا دەزانێ قەت جیهان ڕانابرێ     ل 320

**وەفایی و بوونە ئەهلی بەهەشت**

وەفایی ئاماژە بەوە دەکات چۆتە ناو سۆفیگەرییەوە و لەسایەی شێخەکەی بۆتە ئەهلی بەهەشت ، وەکو شێوەی داری خورما قەدی  کە وەك سنەوبەر بوو کۆڵ بە کۆڵ سەمەری گوڵ و هەناری گرت و بەئاکام گەیشت. واتا : دەیەوێت بڵێت منیش بە ئەنجام و ئاکامی خۆم گەیشتم و هەوڵەکەم بە هەدەر نەچوو .

لەسایەی ڕۆژی هیممەتی ، ( وەفایی ) بوو بە جەننەتی

نەخلی سنەوبەر سورەتی ، بار بار بەری گوڵناری گرت     ل 62

## وەفایی و وازهێنان لە مەدرەسە و چوونە ناو سۆفیگەری

وەفایی ئامۆژگاری دڵی خۆی دەکات ، بەوەی وازبێنێت لە عەشق و خۆشەویستی و هەوای مەدرەسە و بچێت بەرەو سۆفیگەری و دەرسی هەندەسەی خەت و خاڵی یار بخوێنێت ، بچێت بە لای یەك دڵڕفێن و کە ئەو باقیە و ناگۆڕێت ، بەخۆی دەڵێت  هەتاوەکو ئەتۆ ئەوەندە بێ وەفابی نەچی بەلای ئەو یارە و نابێت ئیعتیبارت بەخۆت هەبێت ، بۆیە دەبێت نەفست بگری بە دووی دڵت بکەوی ، بە شوێن ئەو بکەوە تا بزانی ڕۆژە یان شەو واتا : چاکە و خراپەی خۆت لێك بکەیەوە تاوەکو  خەوی غەفڵەت  داتنەگرێ ، دیارە هەردەم نەفس ڕێگرە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەرە و جیهانی ڕۆحانی هەنگاو بنێن ، بۆیە وەفایی جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوە ، کە دڵ پێش بخات ، چونکە سەروکاری سۆفیگەری لەگەڵ دڵە و دیارە خودی دڵیش هەر پەیوەست نییە بە خۆشەویستییەوە ، بەڵکو بەشێك لە بیرکردنەوەی مرۆڤیش جاری وا هەیە لە دڵەوە دێت .

( وەفایی ) ئیدی بەسە ، عەشق و هەوای مەدرەسە

بینووسە ئەم هەندەسە ، بێنە خەت و خاڵی یار

بچۆ بەلای دڵ ڕوبای ، بەسەر بەیادی بەقای

هەتا ئەتۆ بێ وەفای ، بەخۆت مەکە ئیعتیبار

دەمێك نەفس بگرەوە ، وە دووی دڵی خۆت کەوە

بزانه ڕۆژ یا شەوە ، خەوت نەیە هەستە کار     ل 80

**وەفایی و وازهێنان لە مادەپەرستی**

وەفایی لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا دەڵێ : بۆ خاتری ئەو پیاوچاکانە ، کە مەبەستی شێخانی نەقشبەندییە دەڵێ : وەفایی دەست و دامانی ئێوەیە ، ئاگاتان لێبێ تا لەسایەی ئێوە لە ماددیات دابپڕێت و ببێتە ئینسانێکی ڕۆحانی و عاریف ، واتا : لێرەدا سەرەتاکانی سۆفیگەریش هەست پێدەکرێت ، کەدەیەوێت لەکەسێکی مادییەوە ببێت بە کەسێکی ڕۆحانی ، چونکە هەروەکو لە پێشووتریش باسمان کرد ، مادده یەکێکە لە بەربەستە گەورەکانی بەردەم پرۆسەی سۆفیگەری و نەگەیشتن بە ئامانجی سەرەکی ، چونکە دڵ دەبێت بۆ یەکێکیان یەکلا بکرێتەوە و جێگای دوو خۆشەویست لە دڵێکدا نابێتەوە ، چونکە تۆ چەندێك تەرکیزت لەسەر مادده بێت ئەوەندە لایەنی ڕۆحانی تۆ بێهێز دەبێت ، بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە .

به قووەی جازیبەی دڵتان ( وەفایی ) دەست و دامانە

چ نابێ گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ( ماسوی الله ) کەم     ل 152

## سێیەم : وشە و زاراوەی سۆفیگەری لای وەفایی .

لەم تەوەرەدا ئەو وشە و زاراوە سۆفیانە دەخەینەڕوو ، کە لە دیوانی وەفاییدا دەبینرێن ، وشە هەیە زیاتر لە چەند جارێك دووبارە بۆتەوە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت ، کە دیوانی وەفایی شیعرەکانی سۆفیگەرییان پێوە دیارە و هاوشێوەی شاعیرانی سۆفی پێش خۆی وشە و زاراوەی سۆفیگەری بەکارهێناوە ، ئەمە جگە لەوەش بە شێوەیەکی پراکتیکی چۆتە ناو پرۆسەی سۆفیگەری و ئەم ڕێگایەی بڕیوە .

| ژمارە | زاراوە و ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|
| 1. | افتاب 140 |
| 2. | ئابی بەقا 25 |
| 3. | ئابی حەیات 36 |
| 4. | ئابی حەیوان 55 |
| 5. | ئاتەش 83 |
| 6. | ئاخیر 148 |
| 7. | ئادەم 147 |
| 8. | ئاسمان 154 |
| 9. | ئافتاب 139 |
| 10. | ئاگر 37 |
| 11. | ئاو 149 |
| 12. | ئاور 149 |
| 13. | ئایات 148 |
| 14. | ئایینە 31 |
| 15. | ئەبرۆ92 |
| 16. | ئەبەد 210 |
| 17. | ئەرباب 79 |
| 18. | ئەژدیها 38 |
| 19. | ئەسماء 157 |
| 20. | ئەڵڵاھـ 155 |
| 21. | ئەمر 150 |
| 22. | ئەمین 268 |
| 23. | ئەنەل حەق 144 |
| 24. | ئەنوار 61 |

.25 ئەهلی دڵ 251
.26 ئەولیاء 149
.27 ئیحیاء 146
.28 ئیرادە 150
.29 ئیسلام 49
.30 ئیسم 144
.31 ئیشارە 133
.32 ئیشتییاق 91
.33 ئیکسیر 144
.34 ئیما 159
.35 - ئیمان 39

.36 بادا 27
.37 باز 157
.38 باطین 95
.39 باغ 38
.40 باغی جەننەت 57
.41 بت 309
.42 بتخانە 254
.43 برۆ41
.44 بەرق150
.45 بەقا118
.46 پریشان 28
.47 پەرتەو 157
.48 پەردە 77
.49 پەروانە 147
.50 پەری 50
.51 پەرێشان 46
.52 پەیمانە 180
.53 پیر 158
.54 پیری مەیکەدە 58
.55 پیری موغان 83

.56 تاج 149
.57 دیباك 231

58. تەجەللا 145
59. تەرسا 293
60. تەقوا 112
61. تەلیسم 152
62. تەنهایی 216
63. تورك 111
64. توور 46
65. تۆبە 43
66. تۆبە 80

67. جام 27
68. جان 27
69. جانان 28
70. جەزبە 126
71. جەفا 201
72. جەلا 25
73. جەلال 176
74. جەمال 24
75. جەماڵ 59
76. جەننەت 43
77. جەوهەر 137
78. جوبرەئیل 89
79. جوود157
80. جیلوە 41
81. جیهان 61

82. چاو22
83. چرا 90
84. چراخان 50
85. چەشمەی حەیوان 223
86. چەوگان 212
87. چۆڵ 104

88. حاجیب 79

89. حاڵ29
90. حەبیب 27
91. حەرف 129
92. حەرەم 156
93. حەسرەت 131
94. حەسرەت 140
95. حەسەد 268
96. حەضرەت 256
97. حەق 152
98. حەکیم 102
99. حەڵاڵ61
100. حەڵقە 147
101. حەیا 80
102. حەیات 165
103. حەیرەت 27
104. حوب 328
105. حوسن 157
106. حوور 87
107. حیجاب 102
108. حیکمەت 37

109. خاتەم 148
110. خاڵ29
111. خانەقا 43
112. خزر48
113. خەت 29
114. خەت 42
115. خەرابات 122
116. خەلیل 150
117. خەوف 86
118. خودا 147
119. خورشید 146
120. خومار 159
121. خێر 216

122. دانا 114
123. دایره 15
124. دڵ 22
125. دلبەر 43
126. دڵدار 58
127. دڵدەکێشێ (جەزبە ) 67
128. دەروێش 144
129. عەنقا 144
130. دەم 33
131. دەهان 101
132. دەوڵەت 29
133. دەوڵەت 58
134. دەیر 120
135. دولبەر 29
136. دونیا 152
137. دیدار 56
138. دێم 156
139. دین 101
140. دێو 270
141. دێوانە 55
142. ذات 89
143. ڕاز 160
144. ڕەجا 86
145. ڕەحمەت 86
146. ڕەزا 61
147. ڕەمز 57
148. ڕووح 86
149. ڕۆح 151
150. رۆژ 28
151. زاهید118
152. زەمزەم 80
153. زەوق31
154. زوڵف 207
155. زوڵمەت 120
156. زوننار 55
157. زوهد 112

158. زیندوو 264

159. ساحیر 22
160. ساقی 27
161. سالیك 109
162. سائل 39
163. سایە 207
164. سلووك 118
165. سەبر 58
166. سەحرا 82
167. سەحەر 70
168. سەها 342
169. سەودا 35
170. سەید 150
171. سوجد ە 88
172. سولطان 238
173. سولەیمان 148
174. سوراحی 143
175. سیحر 38
176. سیڕ 154
177. سیفەت 20

178. شام 140
179. شاە 54
180. شەب 252
181. شەراب 52
182. شەمع 147
183. شەهید 149
184. شەو 24
185. شەوچرا 24
186. شەوق 156
187. شەیدا 41
188. شوكر 92
189. شۆخ 31
190. شۆر 130
191. شێخ 43

192. شیفا 102

193. صەبا 369
194. صەفا 308
195. صەنەم 268
196. صوبح 313
197. صیدق 313

198. طلەسم 263
199. طەبیب 118
200. طەریق 180
201. طەواف 333
202. طوور 89
203. عاریف 147
204. عاشق22
205. عالەم 26
206. عالەمی دڵ 33
207. عەبد 89
208. عەدەم 149
209. عەرش 87
210. عەزاب 97
211. عەشق 32
212. عەقڵ 126
213. عەهد 151
214. عیرفان 19
215. عیلم 147

216. غائیب118
217. غەرق 129
218. غەریق 127
219. غەمزە31
220. غەوس 152

221. فەتح 48
222. فەنا 118
223. فوغان 126

224. فیتنه 198
225. فیراق 91
226. فیرقەت 209

227. قابەقوسەین 103
228. قەفەس 160
229. قەلب 131
230. قوتب 152
231. قودرەت 148
232. قورب 266
233. قیام 280
234. قیبله 22
235. قیدەم 154

236. کافر 27
237. کەعبه 42
238. کەلام ؟
239. کەلب 268
240. کەمال 90
241. کوفر 45

242. گەدا41
243. گەنج 40
244. گەنجینه 32
245. گەوهەر 28
246. گوڵزار 34
247. گوڵی زار34

248. لاله 47
249. لامەکان 122
250. لەب 36
251. لەطیفه 278
252. لەعل 165
253. لەوح 130
254. لوطف 118
255. لێو 37

256. مردن 81
257. مەجذووب 85
258. مەحرەم 160
259. مەحفووظ 183
260. مەحەبەت 227
261. مەخز40
262. مەخموور118
263. مەرگ 120
264. مەست 50
265. مەستوور 150
266. مەسیح 36
267. مەعشوق 329
268. مەقام 149
269. مەکر 173
270. مەلەك 88
271. مەی 27
272. مەیخانە 50
273. مەیکەدە 96
274. مورشید 120
275. مورغ 160
276. مورید 147
277. موطریب 72
278. موعجیزە 36
279. موغ 120
280. میحراب 114
281. میعراج 150
282. میهر 89

283. ناز 40
284.ناڵە 127
285. نەزەر 58
286. نەفس 80
287. نوقتە 43
288. نوور 152
289. نێرگس 27

290. نيقاب 43
291.
292. هەمدەم 309
293. هيجران 127
294. هيجرەت 141

295. وجوود 34
296. وصل 27
297. وەجد101
298. وەحدەت 88
299. وەسڵ 92
300. وەسڵی بەقا 29
301. وەفا 202
302. وەقت 88
303. وێران 96
304. ويسال 25
305. ياد (ذيكر ) 320
306. يار 40
307. ياقووت 38
308.

دوايی ئەوەی كومەڵێك لە چەمك و زاراوەی سۆفيگەريمان لە شيعرەكانی وەفاييدا خستەڕوو لێرەدا هەوڵدەدەين زاراوەی حاڵ و مەقامەكان بەنمونەوە لە شيعرەكانی وەفاييدا شيبكەينەوە : ـ

### 1 ـ چەمک و پێناسەی مەقام

وشەی مەقام لە قورئانی پيرۆزەوە وەرگيراوە ، چەندين جار ئەم وشەيە لە قورئاندا دووبارەبۆتەوە هەروەكو لە سورەتی ( **الإسراء** ) خودای گەورە دەفەرموێت :(**وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَكَ عَسَى أَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَحْمُودًا (79)** ) ، هەروەها خودای گەورە لە سورەتی النازعاتيشدا دەفەرموێت : ( **وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى (40)** )

واتە: چەمكی مەقام هەر لەواتا فەرهەنگييەكەی وەرگيراوە و زۆر لێی دوورنەكەوتۆتەوە ، بەڵام ئەگەر بێت و پێناسەی ئەم زاراوەيە بكەين دەكرێ بڵێين : ( بەو پلە و پايانەی ، كە مرۆڤ لای خودا هەيەتی دەگوترێ : مەقام . گەيشتن بە مەقامێك لە ڕێگەی خودا پەرستييەكی ڕاستينە و بەردەوامەوە و خەبات لە دژی نەفس و شەكەتكردن و وەڕزاندنی نەفسەوە دەبێت . ) [1]

[1] شاكەلی، ئەمجەد ، خوێندنەوەيەكی سۆفيگەری و تەريقەتی نەقشبەندی ، ل 101 .

واته : مەقامەکان بە پێی هەوڵدانی سۆفی دەبێت و سەرەتای دەست پێکردنی قۆناغی سۆفیگەری بە مەقام دەست پێدەکات ، کە سۆفی یەکە بەیەکەی قۆناغەکان دەبڕێت و لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دی هەنگاو دەنێت ، ئەم مەقامانەش لەڕێگەی وەرزش و خۆماندوو کردنەوە بەدەست دێت و کاتێکی زیاتریش دەخایەنێت .

هەرچی حاڵە کەمتر دەمێنێتەوە و ئەوەندە بەردەوام نابێت ( زۆر لەگەورە پیاوانی ڕێگەی تەصەوف ، بۆ مەقام دەپلەیان داناوە وەکو ( تەوبە ، وەرع ، زوهد ، قەناعەت ، صەبر ، تەوەککول ، شوکر ، ئیخلاس ، موحاسەبە ، تەسلیم ) وە مەقامی تر وەکو (فوقر ، خەوف ، رەجا ، صیدق ، رەضا) وە هی تریش زۆر هەن ، کە بەناوی مەقام هاتوون ، زۆرجاریش بڕێ لەو مەقامانە لەکاتی ناوبردندا پاش و پێش خراون ، بەڵام هەموویان مەقامی تەوبەیان کردووەتە پێشەنگ )[1] ، بۆیە ئێمە لێرەدا : تەنها ئەو حاڵ و مەقامانە دەست نیشان دەکەین ، کە وەفایی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێکردووە و بەکاریهێناون ، بۆ دیاریکردنی زاراوەی حاڵ و مەقامەکانیش پشتمان بەستووە بەکتێبی : ( تەسەوف چییە ) ی ، شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی ، چونکە سەرچاوەکان لە دیاریکردنی حاڵ و مەقامەکان جیاوازییان هەیە و هەندێکیان تەنها چەند حاڵ و مەقامێکییان دیاریکردووە و لە دیاریکردنی ژمارەی حاڵ و مەقامەکان جیاوازییان هەیە ، بەڵام ئێمە لێرەدا : تەنها ئەو مەقامانە باس دەکەین ، کە لە شیعرەکانی وەفاییدا بەرچاومان کەوتوون .

## 2 ـ چەمك و پێناسەی زاراوەکانی مەقام

### 1- تۆبە

یەکەمین قۆناغی سۆفیگەری بە تۆبە دەست پێدەکات واتا : (تەوبە قۆناغی یەکەمی مەقامەکانە، کە دەبێتە هۆی پەشیمان بوونەوە و دەستهەڵگرتن لە کاری دژی فەرمانی خودا ، تۆبەی قبوڵکراو لە دڵ و دەروونەوە و نابێ درۆ لەگەڵ دەروون بکرێ ، چونکە شوێنی جێگیری خودای گەورە لەدڵدایە .) [2] ، واتا : تۆبە پەیوەندی بە بەینی خۆت و پەروەردگارەوە هەیە جا خوای گەورەش ئاگەدارە بەدڵەکان و بەوەی دڵەکان چی تێدایە .

### 2 ـ مەقامی زوهد

---

[1] نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین ، تەصەوف چییە ،چاپی سێیەم ، هەولێر ، 2015 ، ل 188 .

[2] بەرزنجی، عەبدولڕەحمان بێلاف ، شێخی سەنعان (لە دەقەوە بۆ تەسەوف ) ، ناوەندی فێربوون ، هەولێر ، 2019 ، ل 216 .

مەقامی زوهد یەکێکی دیە لەمەقامەکانی ڕێبازی سۆفیگەری ئەگەر چی قۆناغی پێش سۆفیگەریش پەیڕەوکردنی زوهد بووە ، واتا : وازیان لە دونیا هێنابوو لەترسی خودا خوودایان دەپەرست بەڵام کە سۆفیگەری سەریهەڵدا دژی ئەمە وەستایەوە وازیان لە دونیا هێنا بەس لەبەر خۆشەویستی خوا چونکە زوهد بریتییە ( لە دوژمنایەتی کردنی دونیا و پشت تێ کردنی واتا : زوهد وازهێنانە لە ئاسایشی دونیا بۆ گەیشتنە ئاسایشی ڕۆژی دوایی )[1]

## 3 ـ مەقامی فوقر

فەقر بەمانای هەژاری دێت دیارە خودی ئەم چەمکەش چەند جارێك لە قورئان و حەدیسدا هاتووە ، لەوانە خودای گەورە لە ئایەتی (273) ی سورەتی البقرة دا دەفەرموێت : ( **لِلْفُقَرَاءِ الَّذِينَ أُحْصِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي الْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ الْجَاهِلُ أَغْنِيَاءَ مِنَ التَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُمْ بِسِيمَاهُمْ لَا يَسْأَلُونَ النَّاسَ إِلْحَافًا وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ** ) (هەژاری بریتییە لە نەبوونی شتی پێویست ، هەژاری ڕاستەقینە هەر گومکردنی دەوڵەمەندی نییە ، بەڵکو گومکردنی ئارەزووی دەوڵەمەندیشە)[2]

مەبەست ئەوەیە تۆ ئارەزووی دەوڵەمەندی نەکەی و بەهیچ جۆرێك حەز بە دەوڵەمەندی نەکەی ، دیارە ئەمەش ئەو حیکمەتەی لە پشتەوەیە ، کە تۆ خۆت بۆ خوای خۆت یەکلادەکەیەوە و ماددە و خۆشوویستنی دونیا هیچ نرخ و پایەکی نابێت لای تۆ ، چونکە دوو پەرستراو لە دڵێکدا جێگایان نابێتەوە بە بوونی یەکیان ئەوی دی بوونی نامێنێت ، دەبێت مرۆڤ خۆی بۆ خۆشەویستی خوا تەرخان بکات ، چونکە بە خۆشویستنی هەر شتێك لەدڵدا ، ئەوە خۆشەویستی خودا کاڵ دەبێتەوە لەدڵدا .

## 4 ـ مەقامی سەبر

ئەم مەقامەش یەکێکی دیە لە مەقامەکان پەیوەستە بە چۆنیەتی سەبر و ئارامگرتن لەکاتی نەخۆشی و ناخۆشیدا ، بۆیە دەبینین ؛ زانایان ڕاو بۆچوونی جیاوازیان لەسەر هەیە و زۆرجار دەیبەستنەوە بەحاڵی شوکر یەکێکی وەکو ئیمامی غەزالی : ( ئارامگرتن بە حاڵی هەژار و سوپاس ـ شکر بە حاڵی دەوڵەمەند دادەنێت . واتە : لەنێوان سەبر و شوکر بۆچوونی جیاواز هەیە : هەندێك

[1] شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ، فەرهەنگی زاراوەی سۆفیانە ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، 2010 ، ل 177 .
[2] شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ، سۆفیگەری شیعری ئایینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، ل 63 .

پێیان وایە سەبر باشترە و هەندێکی دی پێییان وایە : سوپاسگوزاری باشترە و بەشی سێیەمیش پێیان وایە : یەکسانن ) [1]

هەموو حاڵەکان پێویستن و هەریەکەیان پەیوەستە بە بارودۆخێکی ژیان ، بەوەی ؛ کاتێك کەسێك تووشی بارودۆخێکی خراپ دێت دەبێت سەبر بگرێت ، بەم سەبرگرتنەی هەم پاداشتی دەست دەکەوێت و هەم قەبارە و پاڵەپەستۆی کێشەو ناخۆشییەکەش لەسەر دڵ و دەروونی کەم دەبێتەوە ، بەڵام حاڵی شوکرانە پەیوەستە بە دەوڵەمەند ، کە شوکرانەی خودا بکات لەسەر ئەوەی کە خودا پێی بەخشیوە و شوکرانە بژێری نیعمەتەکان بێت بەمەش خودا زیاتری پێدەبەخشێت و پاداشتیشی لەسەر دەداتەوە .

## 5 ـ مەقامی ڕەزا

ئەمەش مەقامێکی دیە لە مەقامەکان ، کە مەبەست لێی ڕازیبوون یان ڕەزابوونە بەشتەکان ، زانایان و ئەهلی تەسەوف هەریەکەیان بە جۆرێك وەسفی دەکەن و دەیناسێنن یەکێك لە بۆچوونەکان دەڵێ : ڕازیبوون : ( دەرکردنی بێزارییە لە دڵ ، بۆ ئەوەی تەنها دڵخۆشی و سروورى تێدابێت ) [2] گرینگی ئەم حاڵە لەوەدایە ، کە تۆ هیچ شوێنێك نەهێڵیەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و گلەیکردن لە خودای گەورە لەبەرامبەر ئەو شتانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووت دەبنەوە ، یان بەواتایەکی دی لە ناو هەموو نەخۆشی و ناخۆشییەك بە دوای حیکمەت و خۆشییەکدا بگەڕێت بەمەش خۆت بەدوور دەگری لە بێزاری و دڵ تووندی لەکاتی ڕووداو بەڵاو نوسیبەتدا هەروەك جونەید ڕەزای خوای لێبێت لەم بارەیەوە دەڵێت : (ڕەزا لەسەرووی هەڵبژاردن و خواستەوەیە .) [3] واتا : تۆ گوێ بە هەڵبژاردە و خواستی خۆت نادەی بەسەر هەڵبژاردن و خواستی پەروەردگارەوە ، بەڵکو هەر شتێکی خۆش و ناخۆش تۆ بە چاك و باشی دەبینی و خۆت لەگەڵ واقیعەکە دەگونجێنیت .

## 6 ـ مەقامی شوکر

ئەم مەقامە کە لە پێشەوە لە مەقامی سەبریش باسمان کرد پەیوەندی بە شوکرانە بژێرییەوە هەیە لەکاتی خۆشی و سەرکەوتندا ، هەروەك جونەید دەفەرموێت : (شوکر ئەوەیە نەفست بە شایستەی نیعمەتەکە نەزانیت . )[4] واتە : ئەمەش سیفەتی ئەو کەسانەیە کە نەفسی خۆیان بەکەم دادەنێن بۆیە ئەوانە هەمیشە شوکرانەی خودا دەکەن لەسەر نیعمەتەکانیان و خۆیان زۆر بەکەمتر

---

[1] قەرەداغی ، عەبدوڵڵا ، صابری لە نێوان میتۆدەکانی هەڵبژاردنی ناوێکدا ، *ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری* کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ، ل 27 .

[2] قوشەیری، ئیمام عبدالکریم ، ریسالەی قوشەیری ، و. فتاح، عبدالکریم ، چاپی یەکەم ، 2016 ، ل 22 .

[3] محمود، الدکتور عبدالحلیم; سرور، عبدالباقی طه ، اللمع لأبی نصر السراج الطوسی ، دارالکتب الحدیثه بصره ، 1960، ل 80 .

[4] محمود، الدکتور عبدالحلیم; سرور، عبدالباقی طه ، اللمع لأبی نصر السراج الطوسی ، ل 331 .

دەزانن لەوەی خودا پێیانی بەخشیوە ، بەمەش بەندە دووردەبێت لە غروری و ڕەزادەبێت بەوەی لەدەستی دایە .

### 7- مەقامی خەوف و ڕەجا

مەقامی خەوف زۆر لەگەڵ رەجا هاتووە ، خەوف دەبێتە ترس و رەجا ئومێدە ، واتا : مرۆڤ هەم دەبێت لە خوا بترسێت و هەم ئەبێ ئومێدیشی بە بەخشندەیی هەبێت و نابێت لە رەحمەتی خودا نائومێدبێت ، لەبەر ئەوەیە : هەر دوو حاڵەتەکە پێکەوە پەیوەستە ، هەم ترس و هەم ئومێد .[1] بەمەش کاتێك بەندە لە خودا دەترسێت زیاتر لێی نزیك دەبێتەوە و بەمەش خۆشەویستی خودای دەچێتە دڵیەوە بەمەش ئومێدەك لەدڵی دروست دەبێت ، چونکە ترسی خودای گەورە بە پێچەوانەی ترسی شتەکانی دیە بۆنموونە تۆ کاتێك لە شتێك دەترسی لێی دووردەکەویەوە ، بەڵام ترسی خوای گەورە زیاتر بەرەو خۆی کێشت دەکات و لەخۆیت نزیك دەکاتەوە .

### 8 ـ مەقامی بەقا و فەنا

ئەم مەقامانەش زۆرجار لەگەڵ یەکدیی دێن ، هەرچی مەقامی فەنایە ؛ ئەو مەقامەیە ، کە بایەزیدی بەستامی دایمەزراند ، کە فەنا بەواتای : فەوتان تیاچوون ، وەفەنابوونیش بە واتای ؛ گەیشتنە بەخودا و فەنا بوونە تێیدا و یەکیەتیە لەگەڵیدا ، وە مانەوەش لەگەڵ خودا ئەوە سیفەتی سۆفی کامڵە ، کە دەچێت بۆ لای خودا و لەگەڵ خودا دا دەبێت بەکەسێکی کامڵ [2]

فەناش لەسەرووی (عیشقەوە)یە خاوەنی عەشق ئاگای لەخۆیەتی ، بەڵام خاوەنی (فەنا ) لەخۆی بێ ئاگایە هەتا وای لێدێ خۆی و ئەو لەیەك جیاناکاتەوە ، بەڵکو خۆی نامێنێ لەبەرامبەر خۆیدا ، بەڵام (بەقا) گەڕانەوەیە ؛ لە حاڵی فەنا کەبێ ئاگاییە بۆ حاڵی بەئاگا هاتنەوە و بە هۆش هاتنەوە [3] .

### 9 ـ مەقامی تەجەڕوود

---

[1] بەرزنجی، عەبدولڕەحمان بێلاف ، شێخی سەنعان (لە دەقەوە بۆ تەسەوف ) ، ناوەندی فێربوون ، هەولێر ، 2019، ل 385 .

[2] عبدالفتاح، حمید احمد ، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، ل 72 .

[3] سەرچاوەی پێشوو ، ل 83 .

تەجرید دەبێتە ڕووتاندنەوە داماڵین ، شت پێوەنەهێشتن ، ئەم قۆناغە هی ئەو وەلیانەن ، کە لەقۆناغی فەنا تێپەڕیون ، وە لە مەنزڵی بەقادا ، جێگیربوون ، وە هەردەمەی لە دەستکەوت و خەڵات و پایەیەك لەم پایە بەرزانە ، لەلای خوداوە خەڵات دەکرێن ، بەوەی ئەو بەندەیە : خۆی دادەماڵێت لەپەرستنی هەموو شتێك جگە لەخودا ، وە بەتەنها ئەو دەپەرستێ ، کەوابوو (تەجرید) لابردن و داماڵینە .[1]

## 1 ـ چەمک و پێناسەی حاڵ

حاڵ دەکرێ بڵێین : چەمکێکە لە وشەی حال هاتووە و مەبەست لێی چۆنیەتییە ، یەکێکی دیە لە قۆناغەکانی سۆفیگەری و کە بەو چۆنیەتییانە دەگوترێ ، کەبەسەر ڕێبواری ڕێگەی سۆفییانەدا دێن ، حاڵ بۆ خۆی دیت ، بێ ئەوەی ڕێبوار شتێك بکات ، واتە بەدەست ڕێبوار نییە ، بەڵکە خودادادە . واتا لە خوداوەیە ، یان نوور و بەرەکەتە یا چۆنیەتییەکی تایبەتە . کە خۆی دێت و دەڕوات ، کە ڕەنگە کەمخایەن بێت و ڕەنگیشە زۆر بمێنێتەوە و سەقامگیربێت ببێتە مەقام [2] بە ڕای زۆربەی سۆفییەکان لەوانەش جونەیدی بەغدادی حاڵ بەردەوامی بۆنییە ، وەکو بروسکێ پەیدا دەبێ و دوایی ون دەبێت ، هەندێکیش لەوانە وەکو (حارسی موحاسیبی) بۆچوونی وایە ، کە حاڵ بەردەوامی بۆ هەیە . لە هەندێ سەرچاوەدا (دە ) حاڵیان دەست نیشان کردووە ، کە ئەمانەن (المراقبة ، القرب ، المحبە ، الخوف ، الرجاء ، الشوق ، الانس ، الطمأنینة ، المشاهدة ، الیقین ) بەڵام لە هەندێ سەرچاوەی دیدا جگە لەمانەی پێشوو (قبض ، وبسط ، محو ، اثبات ، صحو ، غیبة ، شهود ، وجد، جمال ، کمال ، لوائح ، طوالع ، لوامع ، جذب وارد ) دەست نیشان کراون[3] ئێستاش باسی ئەو حاڵانە دەکەین ، کە لای وەفایی هەن .

[1] نەقشبەندی، عەلائەدین شێخ ئەمین شێخ ، تەصەوف چییە ، ل 274 .
[2] شاکەلی، ئەمجەد ، خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، ل 102 .
[3] عبدالقادر، فرید حمید ، سۆفیگەری مەولەوی ، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان ، زانکۆی سلێمانی، 2018 ، ل 93 .

## 2 - چەمك و پێناسەی زاراوەكانی حاڵ

### 1 - حاڵی قورب

حاڵی قورب حاڵی نزیكی بەندەیە لە خودا بەهۆی خوداپەرستی و خوداویستی و خەبات و تێكۆشانەوە ، بەجۆرێك دەگاتە رادەیەك ئەو بەندەیە زۆرجار خۆی لەیاد ئەچێتەوە و هەر خوای لەیادە ، كە ئەبێتە (فەنای نەفس) و (بەقای خودا ) جا ئەوەتە ئەم حاڵەتە دەگاتە شوێنێكی وا باریك و تەسك كە خاوەنی ئەو حاڵە تۆمەتی كوفریان لێ دەدەن ، حاڵەكەیان بەناوی (حولول ) یان (اتحاد) یان (وەحدەتی وجود) ناو ئەبەن ، شتەكەش هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت لەو حاڵی (قوربە) دا ، بەڵكو ئاگەدارانە یان نائاگە ، لەبارەی ئەو چۆنیەتەوە شتی واهاتووە بە دەمیا ، كە قەت لەكاتی هۆشداریدا نایڵێ ، و بە گوناهی ئەزانێت .[1]

### 2- حاڵی وەجد و جەزبە

جەزبە ، بریتییە : لەنزیكی بەندە لە خودای گەورە وە بە پێی ویست و (عینایەت) ی خودا خۆی ، بە بێ خۆماندووكردن و تێكۆشانێكی ئەو بەندەیە ئەم جۆرە خودا پێداوانە تەنانەت بەبێ مورشیدیش پێی دەگەن ، وەجدیش حاڵ و شەوقێكە ، كە لای خۆمان بەو حاڵی وەجدە . دەڵێن : (جەذبە) و بەكەسەكەش دەڵێن : مەجزوب . [2]

### 3 - حاڵی جەمال و كەمال

جەمال سیفەتێكە لە سیفەتەكانی خودای گەورە و ڕووداو و بەسەرهاتێكە كە ئاسوودەیی و دڵنیایی تێدایە ، كە بەسەر ڕێبوارانی ڕێڕەوی تەسەوفدا دێت ، برێ جار لە بەرخودار دەبن لە جەمالی ئەو ، ئەگەر پێناسی جەمالی لە دەروونی ئەو بەندەیە دەرخست حاڵی دەبێتە حاڵێكی ئارەزوو تینویەتی واتا : ئەگەر لەجەمالی خۆی بەهرەمەندی كرد ئەوا زیندووی دەكاتەوە ئەم

---

[1] بەرزنجی،عەبدولڕەحمان بێلاف ، شێخی سەنعان (لە دەقەوە بۆ تەسەوف )، ناوەندی فێربوون ، 2019 ، ل 405 .

[2] نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین ، تەصەوف چییە ،چاپی سێیەم ، هەولێر ، 2015 ، ل 313 .

زیندووکردنەوەیەش حاڵەتێکی مەعنەوییە ،. کەمالیش ناوێکە سەرچاوە و کانگایە واتە : ئەوپەڕی تەواوی و بێ کەم و کوڕی لە شتێکدا [1]

## 4 ـ حاڵی شەوق

شەوق ( حەز و ئارەزووکردنە بۆ خزمەتی یەزدان ، کە وابوو : شەوق بریتییە لە جۆش سەندنی دەروون بۆ گەیشتنە خۆشەویست ، واتا : شەوق ئاگری خوایە و لە دڵی وەلیەکانی بەرداوە تاکو هەموو ویست و ئارەزوو و پێویستییەکانی بسوتێنێ )[2] واتا : دڵ بڵێسە بسێنێت لەکاتی ناوبردنی خۆشەویستدا .

## 5 ـ حاڵی مەحەببەت

حاڵی مەحەبەت یەکێکی دیە لەحاڵەکان کە چەندین پێناسەی جۆراو جۆری بۆکراوە و هەریەکە بە جۆرێك وەسفیان کردووە لەوانە کاتێك لە سەمونیان پرسییە خۆشەویستی چییە گوتیتی : خۆشەویست ببێتە زیکری سەرزارت ، چونکە ئەگەر شتێکت زۆر خۆشویست زۆر یادی دەکەی و ناوی دەهێنی [3] )

### زاراوەی مەقامەکان لە شیعرەکانی وەفاییدا

### 1- تۆبە

وەفایی لە چەند شوێنەك وشەی (تۆبە) ی بەکارهیناوە ، کە لێرەدا هەندێك لەو نمونانە دەخەینەڕوو : وەفایی دەڵێ :

مەکەن مەنعی (وەفایی) چونکە سەرگەردانی جانانە

لەسەر دینی کە شێخی خانەقا بردی کە تۆبەی دا (ل 43)

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ، ل 304 .
[2] شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ، فەرهەنگی زاراوەی سۆفیانە ، ل 62 .
[3] محمود، الدکتور عبدالحلیم; سرور، عبدالباقی طه ، اللمع لأبی نصر السراج الطوسی ، ل 86 .

ئەگەر لەم شیعرە ووردبینەوە : لێرەدا سەرەتای سۆفیگەری و مەقامەکان لای وەفایی دەست پێدەکات ، کە ئەویش مەقامی تەوبەیە ، وەفایی دەڵێ : وەفایی گیرۆدەی خۆشەویستییەکی مەجازیی ببوو، بۆیە شێخی خانەقا بردی تۆبەی پێبکات تاوەکو ئەو یارەی لەبیربچێتەوە و بەرەو خۆشەویستی حەقیقی هەنگاوبنێت ، جا تۆبەکەی وەفایی دوو تەوبەیە ؟! جارێکیان کە گوناهێکی کردووە و یارێکی خۆشویستووە ، کە شایستەی خۆشەویستی نەبوە لە بەرامبەر ئەو خۆشەویستییە حەقیقیەی کە هەیە . تۆبەی دووەمیش گەڕانەوەیە بۆ لای خودا و دەست هەڵگرتنە لە گوناهـ و تاوان . وەفایی دەڵێ :

دەمێك نەفس بگرەوە ، وەدووی دڵی خۆت کەوە

بزانە ڕۆژ یا شەوە ، خەوت نەیە هەستەکار

هەزار سەوم و سەلات بێ ، چاوت لەدووی زەکات بێ

خودات نییە حەیات بێ ، قەت وانییە تۆبەکار ( ل 80)

وەفایی لەگەڵ خۆی قسە دەکات و دەڵێ : ماوەیەك بەقسەی نەفست مەکە و وە شوێن قەلبت کەوە تا شەو و ڕۆژت لێ عەیان بێ و خەوی غەفڵەت داتنەگرێ ، واتا : شەو و ڕۆژ لێکبکەیەوە و واز لە مادییەت بینی و بەرەو عەشقی خوایی هەنگاوبنێی ، چونکە کەسێك کە تۆبەی کردبێ هەر ئەوە نییە هەر بەنوێژ و ڕۆژوو و زەکات خۆی بە موسڵمان بزانێ ، دەبێ حەیای بێ و خودا بە دڵ و دەروون بناسێ ، واتا : عەشقی خودای لەدڵدابێت .

## 2 - زوهد

لەم بارەیەوە وەفایی دەڵێ :

ساقی چاوت بنوێنە ، زوهد و تەقواوم بستێنە

قوربانی جامێك مەی بێ ، هەموو سەوم و سەلاتم ! ( ل 112)

ساقی چاوتم پیشان بدە و پارێزبەندی و ئیمانم لێبستێنەوە و تەواوی ڕۆژ و نوێژەکانم بە قوربانی جامێکی شەراب بێ ، واتا : لە لایەك خۆشەویستی دەخاتە پاش زوهدەوە ، چونکە زوهد مەبەست وازهێنانی دونیا و حەزەکانییەتی لەپێناوی جەزبەی حەق ، چونکە وەفایی هەموو ئەوانەی کردۆتە قوربانی یەك جامی مەی مەیش مەبەست عەشق و خۆشەویستییە لێرەدا ؛ مەبەستی لە (ساقی ) رابەرە ، کە لەو ژیانە زاهیدانە ڕزگاری بکات و بەرەو خۆشەویستی خوایی ببات ، چونکە وشەی (مەی) خوازەیە و مەبەستی ژیانی خانەقایە لێرەدا ؛ خۆشەویستی پاڵنەری سەرەکییە و بەهەشت و جەهننەم و ترس جێگای نابێتەوە .

## 3 - فوقر

وەفایی دەڵێت :

قەت بە چاوی سووك تەماشای ڕەند و ڕووتێكی مەكە

ئەی بەسا ئاوری نیهانی موهلیكی سەد خانە بوو (ل184)

لێرەدا وشەی فەقر نەهاتووە بەس واتای فەقری تێدایە ، كە دەڵێت : قەت بەچاوی سووك تەمەشای كەسێكی فەقیر مەكە ، جاری وایە ئاورێكی داپۆشراو سەدان ماڵی ئاگرداوە . دیارە مەقامی هەژاران لای خودا و پێغەمبەر بەرزە بەتایبەتی ئەوانەی دەست لەكەس پاننا‌كەنەوە و شوكرانە بژێری دەكەن لەسەر ئەو حاڵەی هەیانە .

## 4 - سەبر

وەفایی دەڵێ :

ئەگەر بێ یادی زولف و چاوەكەت یەك لەحزە سابر بم

ئەسیری بەندی كافر كوشـتـەیی بێـدادی سـاحربم

ویساڵـــی خـاڵەكەی لێـوت حـــەیاتی عـاشـقە ئەمـــڕۆ

بەحەققی ساقیی كەوسەر بڵا لەو بەزمە حازربم (ل 106)

مەبەستی وەفایی لەم شیعرە ئەوەیە : كە من تەنها یەك دەقەش سەبر و تەحەمولم نییە بێ زوڵف و چاوەكەت ئەگەر ئەمن ئەو سەبرەم هەبێ؟! من بە بێ تۆ بژیم ! یارەبی ئەسیری زنجیری كافر و كوژراوی دەستی زوڵمی سیحربازانبم ، چونكە وەسڵ و پێكەوەبوونی خاڵی لێوت بۆعاشق وەك ژیان وایە ، تۆبی و ساقی كەوسەر دەبا منیش لەو مەجلیسە حازربم .

## 5 - ڕەزا

وەفایی دەڵێ :

سەد جار بچم و بێم و بسوتێم حەقی تۆیە

هەرچەندە بە شەرعی شەم و پەروانە خەتات بێ (ل 309)

لێرەدا وشەی ڕمزا ڕاستەوخۆ نەهاتووە ، بەڵام دێرەکە واتای ڕازەبوون دەگەیەنێت دەڵێ : ئەگەر چی بە شەرعی شەم و پەروانە سوتانی عاشقان تاوانە ، بەڵام ئەگەر سەد جار بێم و بچم و بسوتێم هەر حەقی تۆیە !! ناڵێم خەتای تۆیە ؟! ئەوەیە ؛ عەشق و خۆشەویستی ، کە ئازار و ناخۆشیەکانیشی قبوڵە و خۆشی پێدەبەخشێت ، ناڕەزایی دەرنابڕێت .

## 6 - شوکر

وەفایی دەڵێ :

سەد شوکر هێنامیە بەر ئەبرۆ لە قەیدی زولفی خۆی

پاشی عومرێکی درێژ باڵی هومای ئاویتمە سەر ( ل 92)

خوا شوکر، کە پاش عومرێکی درێژ لە چاوەڕوانی مرازم حاسڵ بوو و لە بەندی زوڵفی رزگاری کردم و خستمییە ژێر نەزەر و تاقی برۆی واتا : لەیار نزیکتربۆتەوە ئەمەش پاش سەبر گرتنێکی زۆر ئینجا بەو ئاواتەی گەیشتووە و ئێستاش ، کە پێی گەیشتووە شوکرانەی بۆ دەکات لێرەدا : وشەی عومرێکی درێژ دەلالەت لە سەبرگرتنێکی زۆر دەکات .

## 7- خەوف و ڕەجا

وەفایی دەڵێ :

ڕۆح لەسەر لێوم نەفەس گیرە ، لە نێو خەوف و ڕەجا

چاوەڕێی فەرمانی تۆیە : بچتەدەر ، یا بێتە ژوور (ل86)

ڕۆحم لەسەر لێومە ! لەنێوان ترس و ئومێد دایە ، نازانێت بچێتەدەرێ یان بێتە ژوور چاوەڕێی فەرمانی تۆیە و ئەمری پێبکەی ، واتا : لێرەدا هەردوو مەقامی خەوف و ڕەجا پێکەوە هاتوونە .

## 8 - بەقا و فەنا

وەفایی دەڵێ :

چونکە شەرەفی قوربی بەقا وا لە فەنادا

ئەی دڵ وەرە تا زیندووە بی ، خۆت بمرێنە

سووتاوە دەروونم ، وەرە ئەی بادی بەهاری

زیندووم کەوە بێنێکی لە غونچەی دەمی بێنە ( ل264)

بۆ ئەوەی بگەی بە بەقا و زیندووبیەوە دەبێت فەنابی ، چونکە تا فەنانەبی بە نزیکی خودا ناگەی و باقی نامێنی کەواتە : ئەی دڵ بۆ ئەوەی زیندوو بیەوە خۆت بمرێنە تا بە مەقامی (لقاء الله) بگەی ، ئەی بای بەهار دەروونم سووتاوە بە بۆنێ لە غونچەی دەمی یار ، کە بیهێنێ زیندوو دەبمەوە . وەفایی دەڵێ :

ئەو زارە کەوا هەر بەتەبەسوم هەیە حاڵی

پیرێکە دەڵێ : گا لەبەقا گا لە فەنادا (ل26)

دەمی یار ، کە هەر بەحاڵ پێدەکەنێ و دێتە جەزبە و حاڵەوە وەك عارفێ وایە جارێ لە مەقامی فەنادایە و جارێ لە مەقامی بەقادایە ، لێرەدا ئاماژە بە هەردوو مەقامی بەقا و فەنا دەکات . لە شیعرێکی دییشدا وەفایی دەڵێ :

دوور لە تۆ زۆر بێ قەراربووم تا بە لوتفی چاوەکان

زەحمەتت دا بە رتەبییان هاتی ئەمڕۆ چاترم

حاسڵی سەیر و سلووکم بوو بەخەندەی زاری تۆ

گەهـ بە قا ، گەهـ فەنا ، گەهـ غائیب و گەهـ حازرم (ل 118)

من دوور لەبالای تۆ زۆر نەخۆش و بێ ئۆقرەبووم ، بەڵام کاتێك تۆ ئەمرت بە دکتۆرەکان کرد ، کە چاوەکانتن ئەمڕۆ نیگاهێکیان کردم چاتربووم ، بەربوومی ئەو سەیر و سلووکانەی لە خانەقا کردم هەموو بوو بەخەندەیەکی زاری تۆ و لەدەستم دا ، بۆیە جارێ دیارنیم !؟ جارێ ئاگەدارم و جارێ بێئاگا !؟ یان بەواتایەکی دی بەقای بەرامبەر بە حازری بەکارهێناوە و فەناشی بەرامبەر بە غائیبی بەکارهێناوە ، بەحوکمی ئەوەی کاتێك فانی دەبێت خودی نەفسی خۆی وون دەکات و بەپێچەوانەشەوە کاتێك بەقا دەبێت زیندوو دەبێتەوە ئامادە دەبێت ، چونکە بەقا گەڕانەوەیە لە فەنا .

**9 - تەجەڕوود**

وەفایی دەڵێ :

خۆشا ڕۆژێ لە عالەم دەربەدەر بم     لەنێو ئەوزاعی دونیا بێ خەبەر بـــــم

لــەبــەر بـــێ تاقەتی دێوانە ئاســـا      لە غەوواسانی دەریا بێ خەتەر بـــــم

شەو و ڕۆژێ لە چۆڵی هەر بەناڵە     حەریفی شەوڕەوی بادی سەحەر بم

نەزانێ هیچ کەس ناو و نیشانـــم          ئەگەر عاقڵ ئەگەر ئاشفتە سەر بـــم   ( ل104)

وەفایی خۆزگە بەوە دەخوازێت ، کە لەعالەم بچێتە دەرێ و ئاوارە و تەنیا بێت دەڵێ : لە ئەحواڵی دنیا هیچ خەبەرێکم نەبێ وەك شێت و دێوانە لەبەر بێ تاقەتی خۆم وەك مەلەوانانی بەحر نەترس بم ، چۆن شێت و دێوانە کە هیچیان لا گرینگ نییە و ئەمیش خۆزگە بە ژیانی ئەوان دەخوازێت کە شەو و ڕۆژ لە چۆڵێکدا ڕەفیق و هاوڕێی شەوانەی بای بەرەبەیانی بم واتە : نەخەوم و یادی یار بکەم جا ئەگەر عاقڵ بم یا سەرشێت و دێوانە کەس بە ناو و نیشانم نەزانێ .

**زاراوەی حاڵەکان لە شیعرەکانی وەفاییدا**

**1 - قورب**

وەفایی دەڵێ :

وەسڵ و گریان ، قورب و هیجرانە تەریقی عاشقی

فەسڵی گوڵ بۆیە لە سەرچاوان وەها ئاو دێتەخوار  ( ل 84 )

دەزانی بۆ بەهار ئاوا ئاو لەو سەرچاوانە جاری دەبن ؟ چونکە ڕێگا و ڕەوش و تەریقی عاشقی وەسڵ و هیجران و نزیکی و گریانە ، جا بۆیە وەرزی بەهار کە فەسڵی عاشقانە ئاویش ئاوا جاری دەبێ . دەیەوێت بڵێت : ڕێگای عاشقان بەیەك گەیشتن و دابڕانە واتا : نزیکی و لێك دوورکەوتنەوەیە .

## 2- وەجد و جەزبە

وەفایی دەڵێ :

لە دوو لا مەست و حەیرانم ، بە قووەی جەزبە نازانم

نە سەرگەردی سەر و گەردەن ، نە قوربانی لەبانت بم ؟

چ خۆشە وەجدی سەرو و گوڵ ، بە دینی قومریی و بولبول

دەمێك شەیدای قەد و باڵات ، دەمێك شێتی دەهانت بم ( ل101)

من بە قوەتی کەشش و جەزبەی مەعشوق لە دوو لاوە سەرگەردان بووم نازانم کە بەسەرگەردانی سەر و ملت بم یان بە قوربانی لێوەکانت بم ، واتا : وەفایی لە ڕێگەی جەزبەوە بۆ مەعشوقەکەی کێش بووە کە ئەمەش هی نەقشبەندییەکانە واتا : بەخششێکی خواییە و بێ هەوڵ و ماندوو بوون بە مورید دەدرێت .

وەفایی شێتی قەد و باڵای یارە ، بۆیە کاتێك سەیری داری سەوڵ و گوڵەکەی دەکات خۆشی پێ دەبەخشێت ، چونکە داری سەوڵ لە قەد و باڵای یار گوڵەباغیش لە دەمی یارەکەی دەچێت ، یەکیان عاشقی سەوڵە کە قومری و یەکیان عاشقی گوڵە کە بولبول بێ جا بەدیتنی ئەوانە سەیری ئەو دوو شتە خۆشە بۆیە منیش ساتێ شەیدای قەد و باڵاتم وەك قومری کە لە داری سەوڵ دەچێ ساتێ شێتی دەمتم وەکو بولبول ، کە لە گوڵباغ دەچێ .

## 3 - جەمال و کەمال

وەفایی دەڵێ :

ئەی چرای زوڵمەتکەدەی دڵ ، ئەی جەلای نووری بەسەر

تۆ و جەماڵی با کەماڵت ، ئافتابی یا قەمەر ؟ (ل 90 )

ئەی یارێ کە بۆ تاریکستانی دڵم چرایت و بۆ نووری چاوانم جەلادەر و ڕوونکەرەوەی تۆ و جەمالی با کەمالت کە هیچ ناتەواوییەکت نییە تۆ ئافتابی یا قەمەر ؟ ، لێرەدا جوانی یارەکەی بە جوانییەکی بێکەموکوڕی ناودەبات .

## 4 - شەوق

وەفایی دەڵێ :

ئەی پەرتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵە باغان

نەشئەی نەزەرت زەوقی دڵ و شەوقی دەماغان

ئەسما و سیفاتن بە تەجەللی لە وجوودم

یا شەو بوو ئەتۆ هاتی لەمەت کردە چراغـــان (ل 157)

باسی جوانی و شەوقی یارەکەی دەکات کە دەڵێ : تیشکی جوانیت وەك ڕەنگی گوڵی باغان وایە لەتەمەشاکردنتدا نەشئەیی و شادییەکی تێدایە بۆ دڵ ومایەی خۆشییە بۆ مێشك و دەماغیش ڕووناکییە ، ئەرێ ئەوە ناو و سیفەتی تۆیە لە ووجودمدا خۆی پیشانداوە یان لەکاتی شەودا ئەتۆ هاتی و ڕووناکیت خستە وڵات و دونیا بوو بە چراغان .

**5 - مەحەببەت**

وەفایی دەڵێ :

چم لە ئوممێدی بەهەشت و بیمی دۆزەخ داوە من ؟

دۆزەخی من هەر فیراقە ، جەننەتم وەسڵی ئەوە ( ل 279)

لێرەدا ؛ ئەگەر چی وشەی مەحەبەتی بەکارنەهێناوە ، بەڵام واتاکەی مانای مەحەببەت دەگەیەنێ کاتێك دەڵێ : من بەهەشت و جەننەتم ناوێ ، چونکە دوور لە یار دەبم بەهەشتی من گەیشتن بەیارە ، واتا : خۆشەویستی حەق و گەیشتن بەو لە پێش بەهەشت و دۆزەخ دادەنێت و بەمەش خۆشەویستییەکەی زاڵ دەبێت بەسەر زوهدیش ، کە لە پێناوی بەهەشت و جەهننەم خودایان دەپەرست ، بەڵکو ئەو لە پێناوی گەیشتن بە یار واز لە بەهەشتیش دەهێنێت ، ئەمەش درێژکراوەی هەمان بیر و بۆچوونی رابیعەی عەدەوییە : کە دەڵێ : خوایە لەترسی دۆزەخ نەمپەرستووی و لەخۆشی بەهەشتیش نەمپەرستووی ، بەڵکو لەبەر خۆشەویستیت خۆشم ویستووی .

## چوارەم : وەفایی و چەند بابەتێکی سۆفیگەری

لەم تەوەرەدا ئەم بابەتانەی سۆفیگەری باس دەکەین ، کە لە تەوەرەکانی دیدا جێگایان نەبۆتەوە و لەدەرەوەی سنووری تەوەرەکانی دین

### أ ـ وەفایی و عەشقی پەروانە

وەفایی عەشقی خۆی پەروانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، پێی وایە ؛ هەردووکیان یەك حاڵەتیان هەیە و لە یەکدیی جیانابنەوە دەبێت لە پێناو عەشقەکەیان بسووتێن ، چونکە تا نەسوتێن بە وەسڵی یار ناگەن ، واتە : گەیشتنیان بە یارەکەیان لە سووتانیان دایە بۆیە دەڵێن : ( کەمالی دەرەجەی عارف سووتانی ئەوە دەمەحەببەت دا . ) [1]

تا دڵ نەسووتێ دەم بەدەم ، فانی نەبێ سەر تا قەدەم

پەروانە قەت ناگاتە شەم . (هذا طریق العاشقین) ل 181

وەفایی دەڵێت : دڵ دەبێت خێرا خێرا بسووتێ و لەسەرتاپای و بتوێتەوە و لەبەین بچێ دەنا پەروانە ناگا بە دیداری شەم ، ئاوایە : ڕێگای عاشقان . واتە : مەرجی گەیشتن بە یار سوتانە لە عەشقی یاردا .

پەروانە خۆی ئاوێتە بەست ، فەرمووی چرا مەخموور و مەست

وەسڵم بە سووتان دێتە دەست ، ( هذا طریق العاشقین ) ل 181

پەروانە خۆی فڕێدایە ناو ئاگرەوە ، جا چرا کە خۆی مەست و خومارە پێی گوت : بۆ وادەکەی ؟ ئەویش گوتی : من کاتێ دەگەمە وەسڵی یار، کە بسوتێم ، ئاوایە ڕێگەی عاشقان.

شەهیدی خەنجەرت ئەو ڕۆژە عومری جاویدانی بوو

مەلێ پەروانە خۆ سووتاوە ، مەرگی زیندەگانی بوو ل 187

[1] بەستامیی، بایەزیدی; نانەوازادە، عەلی ، سوڵتانی عارفان ، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریان ، 2011 ، ل 80 .

کەسێ شەهیدی عەشقی تۆ بێ ئەو ڕۆژە تەمەنی هەرمانی ئەدرێ ، قەت مەڵێن : پەپوولە سووتاوە ، ژیانی پەپوولە وا لەمەرگەکەیدایە ، واتە : تانەمری بە ویسالی یاری ڕاستەقینە ناگەی .

**ب ـ وەفایی و خۆزگە خواستن بە مردن**

وەفایی خۆزگە بەمردن دەخوازێت ، بۆ ئەوەی هەچی زووە بگات بە یار ، چونکە جەستە بە پەردەی بەیەکگەیشتن دەزانێت و هۆشیارە بەوەی بەو جەستە و چاوەی ، کە هەیە ناتوانێت یار ببینێت ، بۆیە خۆزگە دەخوازێت بە مردن ، یەکێکە لە ئامانجەکانی کەسی سۆفی ، هەمیشە پەلەی مردنیتیان ، چونکە دڵیان پڕبووە لە عەشقی خوایی و لە دونیادا بێزارن . هەر لەم بارەیەوە فەرموودەیەکی لاواز هەیە دەڵێ : بمرن پێش ئەوەی بمرن .

قسە بیست و چوارە ، هەریەکێکیان بەکارە

ڕێگای خودای دیارە ، بمرە ببە ڕەستگار ل 81

وەفایی نمونە بە پەندێکی کوردی دەهێنێتەوە و دەڵێ : قسە هەزارە دوانی بەکارە ، ئەگەر تۆ دەتەوێت بە خودا بگەی ، ئەوە ڕێگای خودای دیارە ، بمرە تاڕزگارت ببێت و پێی بگەی واتە ؛ تۆ ناتوانیت لەم دونیایە پێی بگەی و ببینی ، ئەمەش خۆشەویستی خودا لەدڵدا دەردەخات ، کە تۆ بۆگەیشتن بە یار ئاوات و خۆزگە بەمردن بخوازی .

هەتا ڕۆژی قیامەت دێت و نایێ لە دووری نامە شەرحی ماجەرایێ ل 297

وەفایی لەم دێرە شیعرەدا باسی ئازار و مەینەتی خۆی لەدەست یار دەکات و ئاواتی هاتنی ڕۆژی قیامەت دەخوازێ ، بەڵکو ڕزگاری ببێت و بە یار شاد بێت ، چونکە دەڵێت : هەتا ڕۆژی قیامەت دێت شەرحی ماجەرای دووری من و تۆ تەواو نابێ ، ئەمەش ئاماژەیە بەم ئایەتە : ( **وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (22) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (23)** ) القيامة .

**ج ـ وەفایی و ڕەخنەگرتن لە زاهید**

ئەمن چی و زوهدی سۆفیانە ! من و گۆشێکی مەیخانە

به قوربانی نیگاهێکت هەموو سەوم و سەلاتی من  ل165

وەفایی زوهد ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ : من چ کارم داوە لە تەرکی دونیا و زوهدی سۆفیانە ، من ئیدی دەچمە گۆشێکی مەیخانە ، واتە : دەبتە سۆفی و لە گۆشەیەکی مەیخانە چاوەڕێی دیداری یار دەکات ، هەر ئەمەش نا بەڵکو وەفایی هەموو نوێژ و ڕۆژی خۆی دەکاتە قوربانی تەمەشایەکی یار واتە : مەبەستی ئەوەیە ، کە زاهید عەودالی بەهەشتە و ئەویش عەودالی بینینی خوایە .

زاهید ئینسافت هەبێ ، تۆ چت لە ڕەندی بادەخۆر ؟

تۆ و بەهەشت و حوور و غلمان ، ئەمن و چاوی دڵبەرم

وەك (وەفایی ) دڵ بدە دین دانێ بۆ ساحێب دڵێك

دا بزانـــی بۆچی مـــن عاشق بە حوسنـی مەزهەرم  ل 118

ڕەخنە لە زاهید دەگرێت و خۆی و زاهید بەراورد دەکات بەوەی سالیکی ڕیاکارە و دەڵێ : ئەی زاهیدی بە زاهیر موسوڵمان تۆ کارت چییە بە لاتی و جوانمەردی مەینۆشەوە ، تۆ بڕۆ بەلای بەهەشتی خۆتەوە بەهەشت هەر بۆ تۆ بە حۆر و غیلمانەوە و منیش چاوی یارەکەمم هەبێت بەسمە و ئەوانەم ناوێت ، دەڵێ : تۆش وەك وەفایی بکە ، بەو قیمەتی دینەت دڵ بدە یارێك ، وە دینەکەش بدە ساحێب دڵێك و عارفێك ، تاوەکو بزانی بۆچی من عاشقی سەرچاوە و بنەچەکی عاشقیم ، واتا : ئەم عەشقە سەرچاوەی هەموو عەشقێکە و ئەگەر ئەم عەشقەت هەبێت هەموویانت دەست دەکەوێت ، واتە : لێرەدا دژی زوهد دەوەستێتەوە و بەرەو خۆشەویستی و سۆفیگەری هەنگاو دەنێ .

### د . وەفایی و لاسایکردنەوەی رابیعەی عەدەوییە

وەفایی لە هەندێ لە شیعرەکانی بەرەو خۆشەویستی رابیعەی عەدەوی دەچێت و بەهەشت ڕەتدەکاتەوە و تەنها خۆشەویستی خودای گەورەی دەوێت و دەڵێ : ( الهي ما عبدتك خوفا من نارك ولا طمعا في جنتك ، بل عبدتك محبة فيك ) هەر وەك چۆن عاریفێك دەڵێ : ( ترس ئاگرێکی ڕووناکە ، سکاڵا نوورێکی ڕووناك . عەشق و موحیبەتیش ڕووناکی ڕووناکییەکان . ) [1] واتە : کاتێك یەکێك لە ترسی دۆزەخ خودا دەپەرستێت جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو کەسەی لەبەر

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، ل 23 .

خۆشەویستی خوا ، خوای گەورەی خۆشدەوێت ، بێنیازە لە بەهەشتەکەی ، بەڵکو تەنها ئەوی دەوێت و بەس . ، بۆیە لێرەدا ئاماژە بەهەندێ لەو دێرانە دەکەین کە وەفایی رابیعە ئاسا بەهەشتەکەی خودا ڕەتدەکاتەوە و تەنها خودای دەوێت :

بەس بێ جیلوەی زولف و خاڵان ! عاشقی ڕوخساری خۆت

ئـــاڵ و والای خولدی ناوێ تالیبـــــــی دیـــداری خـــۆت

نامەوێ عەیشی جیهان حاشا لە فیردەوسی بەرین

تۆی موڕادی دین و دونیام ، ناری خۆت ، ئەنواری خۆت ل 67

وەفایی داوا لە یار دەکات ، کە ئەوەندە زولف و خەت و خاڵی دەرنەخات ، خۆی نەنوێنێت ، چونکە دەڵێ : ئەگەر کەسێ عاشقی تۆ بێ سەیری زولف و خەت و خاڵ ناکا ، وەك چۆن دینداری واقیعی و داواکاری دیداری خۆت بۆ ئاڵ و والا و زرق و برقی بەهەشت خوداپەرستی ناکا ، بۆیە وەفایش دەڵێ : من عەیش و خۆشی دونیام ناوێ بەهەشتم ناوێ ، هەدەف و ئامانجی دین و دونیای من تۆی ، هەم نوورمی هەم نارمی ، واتا : خۆشەویستییەکەی دڵ و دەروونی ڕووناك کردۆتەوە و لە لایەکی دییشەوە ئاگری دووری سووتاندوویەتی .

بۆ من کە نەبێ وەعدەیی دیداری جەماڵت

چ بکەم لە بەهەشت و نەزەری حوور و پەری تۆ ؟ ل 199

وەفایی دەڵێت : ئەی یار ئەگەر وادەی دیداری جوانی و جەماڵی تۆ بۆ من نەبێ ، واتا : بە دیداری تۆ شاد نەبم وادەی بەهەشت و حۆری و پەریم بۆچییە ؟ یان دەکرێ بڵێین : ئاماژە و تیلنیشانە بە ئایەتی ( 22 و 23 ) سورة القیامة ، کە خودای گەورە دەفەرمووێ و ( وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ (22) إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ (23) واتە : لە ڕۆژی قیامەتدا هەندێ ڕوخسار نوورانین ، کاتێ کە سەیری خودای پێدەکەن ، بەم شێوەیە مانای دێرەکە وای لێدێ: ئەگەر لە قیامەتدا بینینی جەماڵت ـ کە لە قورئاندا وەعدەت داوە ـ بۆم دەست نەدا ، من چی لەخۆشییەکانی بەهەشت و حۆری و پەری بکەم ، هیچم ناوێ .

چیم لە ئوممێدی بەهەشت و بیمی دۆزەخ داوە من ؟

دۆزەخی من هەر فیراقە ، جەننەتم وەسڵی ئەوە ل 279

وەفایی دیسان وەکو رابیعە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ، کە ئەو کاری بە بەهەشت و جەهەننەمەوە نییە ، دیارە ئەمەش ئامانج و مەبەستی سۆفییە ، کە وەکو زاهید نییە تەماحی لە بەهەشت بێت و لەترسی جەهەننەم خودا بپەرستێت ، بۆیە دەڵێت : چیم لە ئومێدی بەهەشت و خۆپاراستن لە جەهەننەم داوە من ، جەهەننەمم دووری ئەوە و بەهەشتم وەسڵی ئەوە ، واتە : وەفایی دەیەوێت لەگەڵ یار بێت و بەهەشت و جەهەننەمی لە دووری و وەسڵی یاردا دەبینێتەوە .

با فریبی من نەدا واعیز بە گوڵزاری ئیرەم

عاشقی ڕووی تۆ بە هەوای "" جنة المأوی " نییە

گەر هەموو عالەم بڵێن : مەجنوونە ، تا دەمرم دەڵێم :

هەردوو دونیا قیمەتی دیداری یەك لەیلا نییە ل 286

وەفایی دەڵێت : با نەسیحەتکەر بە بەهەشت فریوی من نەدات ، چونکە کوژراوی ڕوخساری تۆ عاشقی بەهەشت نییە ، واتا : ئەوەی عاشقی تۆ بێت ، عاشقی بەهەشت نابێت ، ئەوە مامەڵەی کڕین و فرۆشتن و بازرگانییە ، عەشق و بازرگانیش بەیەکەوە کۆنابنەوە ، بۆیە ئەگەر تەواوی عالەم پێم بڵێن : شێتە وەك مەجنوون ، من دەڵێم : دونیا و قیامەتیش تاقە لەحزەیێ دیداری لەیلا ناهێنێ ، واتا : خۆشی هەردوو دونیا بە یەك لەحزەی دیداری لەیلا دەگۆڕێتەوە .

### هـ ـ وەفایی و زوننار بەستن

وەفایی لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی باسی زوننارى مەسیحییان دەکات ، کە مەبەستی ئەو خاچەی لە ملی دەکەن و ئەو پشتێنەی لە پشتی دەبەستن ، کە دیارە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ، کە لەبەر خۆشەویستی یارەکەی دینەکەی بەردایە و بۆتە مەسیحی ئەمەش بۆ ئەفسانەکەی شێخی

سەنعان دەگەڕێتەوە ، یان مەبەستی ئەوەیە : لەسەر هەر دینێك بێت كێشە نییە گرنگ ئەوەیە خۆشەویستی یاری لە دڵدابێت .

ئیشارەی چاو و عیشوەی زولفەكەت بوون مورشیدی ڕێگام

ئەگەر دەیری موغان قیبلەم ،ئەگەر زوننارە بەرماڵم ل 120

وەفایی دەڵێ : ئیشارەی چاو و عیشوەی زوڵفەكەت بوونەتە ڕێبەر و مورشیدی ڕێگای من ، ئەگەر چی ئێستا قیبلەم دەیری موغانە ( واتە: كلیسا و عیبادەتخانەی گاورەكان ) و بەرماڵی نوێژیم زوننارى مەسیحییانە ، واتە : لێرەدا لاسایی شێخی سەنعان دەكاتەوە و دینەكەی خۆی گۆڕیوە و چۆتە سەر دینی مەیسحیان و زوننارى لە پشتە و زنجیری خاچی لەملیە و لە جیاتی مزگەوت چۆتە دەیر .

دەستی خۆم دا زولفەكەت مەمكوژە خۆ كافر نەبووم

قیبلەكەم هەر تۆی بەدڵ ، بمبەخشە بەو زوننارى خۆت ل 69

وەفایی دەڵێت : زولفی تۆ وەك زوننارى مەسیحیانە ، من كە دەستم پێوەكرد كافر نەبووم ، ئەگەر كافریشم بەو زولفەی خۆتم ببەخشە ، چونكە من بەدڵ هەر تۆ قیبلەمی قیبلەم نەگۆڕاوە ، واتا : دەیەوێت بڵێت : من لەبەر خۆشەویستی تۆ عاشقی زوننارى زوڵفی بووم ، بۆیە لە دین وەرنەگەڕاوم و من هەر تۆم دەوێت و عاشقی زوڵفی تۆم .

لەسەر تاقی برۆی جانانە ، شەیدای زولفی پەرێشانە

سەوداسەر ئەو دڵ دێوانە ، قیبلەی بەردا زوننارى گرت ل 61

وەفایی لێرەدا : ئاماژە بەوە دەكات ، كە ئەو دڵە شێت و بێ عەقڵەی بەسەر تاقی برۆی یاری حەقیقیدا چوو ، كەچی شەیدای زولفی پەرێشانی بوو ( واتە : شەیدای گیرو گرفتی دونیایی بوو ) ، بۆیە ئێستاش شێت و سەودا سەرە دڵم ، كە قیبلەی بزركردووە و عاشقی پشتێنی قەشەكان بووە ، بەپێی ئەمە بێت ، وەفایی لێرەدا ؛ لە سەرەتاكانی سۆفیگەریدایە و دەیەوێت دڵ و نەفسەكەی ڕامبكات تاوەكو بەرەو عەشقی حەقیقی هەنگاوبنێت .

حەڵقەیی زوننارى زولفی بوو بە میحرابی دوعام

تورکی کافرکیش و یاری ناموسوڵمانــم نەهات          ل 55

وەفایی دەڵێ : میحرابی دوعای من زوننارى زولفی یاربوو ، کەچی ئەو تورکە کافر ئەخلاقەی ناموسڵمانە هەر نەهات ، واتە : مەبەستی ئەوەیە یارەکەی بێ رەحمە و ئەگەر چی ئەو پابەند بووە بە بەڵێن و وەعدی خۆی .

ئەو ڕۆژە بە زوننارەوە من چوومە خەرابات

زولفت منی کێشا بە ئیشارەی نەزەری تۆ          ل 199

وەفایی دەڵێ : ئەگەر وەك خاچپەرست بە زوننارەوە چوومە کلیسا خەتای زولفت بوو ، کە وەك زوننارە چاوت وەك خەرابات ئیشارەیان کرد و منیان لە ڕێگە بەدەر برد .

بە ئەمرى چاوى بیمارى کە هەر خوێنخوارییە کارى

مەگەر تارى سەرى زوننارى زولفت مارى زەححاکە ؟          ل 230

وەفایی : دەڵێتە یارەکەی مەگەر بە ئەمری چاوت ، کە کاری هەر خوێن خواردنە ، زوننارى زوڵفت ، کە وەکو مارەکانی زەححاکە هەر دەبێ مێشکی بنیادەم بخۆن ، واتا : دیسان زوڵفی یار بە زوننار دەچوێنێ .

**و ـ وەفایی و لادانی پەردە ( حیجاب )**

وەفایی داوای لادانی پەردە ( حیجاب ) دەکات لەنێوان خۆی و خودادا ، بۆ ئەوەی بە وەسڵێ یار بگات ، بۆ ئەمەش جسم و جەستەی خۆی بە حیجاب ناو دەبات : عاریفەکان هەمیشە لە هەوڵی رزگاربووندا بوون لەم جەستەیە و نەیانتوانیوە لە چاوەڕوانی دا بژین ، بۆیە بەر لەوەی جەستەیان لەناو بچێت خۆیان لەناوی دەبەن و هەر ئەم ، رزگاربوونە لە داو و بەندی جەستەیە ، کە بە نەجاتبوون / ئاسودەبوون ـ دراوەتە قەڵم لەم روانگەیەوە مردن وێرانکەری خۆشیەکان نیە ، بەڵکو

پێکهێنەر و دروستکەری خۆشیەکانە ، بۆیە دەبینین  مرۆڤ لەبری ئەوەی لەدەستی مردن هەڵبێت و داوێنی دونیا بگرێت ، لەدەستی دونیا هەڵدێت و داوێنی مردن دەگرێت .[1]

غەرەزم چونکە پەنهانە ، وەرەزم لەو جیسم و جانە

مەرەزم مەرگی دەرمانە ، هەر ئەزم بۆ خۆم حیجایم          ل 99

وەفایی دەڵێت :  من لە شیعرەکانمدا بە ڕاشکاوی قسە ناکەم و غەرەز و مەبەستم شاردراوەیە ، بۆیە لە جیسم و جان بێزارم ، مەبەستی ئەوەیە : دەڵێت : من ناتوانم شتەکانی خۆم بە ڕاشکاوی بڵێم ، بۆیە شیعریش ناتوانێت مەبەستی من بپێکێت ،  لەو جەستە و گیانەی خۆشم بێزارم ، نەخۆشییەکەشم دەردێکی گرانە و دەرمانەکەی هەر مەرگە  و دیارە خۆم حیجاب و داپۆشەری خۆمم و بەمەرگ نەجاتم دەبێ و حیجاب لادەچێ ،  واتە : بێزاری لە جسم و جەستەی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە ، کە بۆتە بەربەستێك و پەردەیەك لە بەینی خۆی و یاردا و دەیەوێت هەرچی زووە لەو جەستەیە ڕزگاری ببێت .

## ی ـ وەفایی و ڕێگەی عاشقان

وەفایی بەشێکی زۆری شیعرەکانی تەرخانکردووە و بۆ عەشق و خۆشەویستی ، گرنگی عەشقیش لەوەدایە کە (عەشق نیعمەتێکی لەڕادەبەدەر گرانبەهایە ، کە بەئاسانی بە دەست نایەت ، هەروەکو ئیبن عەرەبی و مەولانا پێیان وابوو ، کە خەڵوەی چڵ ساڵ و پەنجا ساڵ ئەو گۆڕانکاریە ریشەدارە دروست ناکات لە کەسێکدا ، کە عیشقێکی بەهێز دروستی دەکات  )[2] واتە : عەشق پاڵنەرێکی بەهێز و کارایە ، کە دەتوانێت گەورەترین گۆڕانکاری لە خودی مرۆڤدا دروست بکات .

خۆشەویستی دۆخێکی ئاگایانەیە لە کۆی پرۆسەگەلی ژیاندا مرۆڤ بەرەو گەیشتن بە (چێژ) دەبات ، چێژ لەبەرانبەر دژەکەی دیکەدا یان باشتر وایە بڵێین : ئەوسەری دیکەی جەمسەرەکەیدا ، کە( ئازارە ) لە هێزی کێشکردنیدا توانای ڕاکێشانی زیاترە . چونکە هەستی خۆشی  بەمرۆڤ دەبەخشێ . [3] واتە : ئەزیەت و ناخۆشیەکانیش هەر مایەی خۆشییە لای کەسی عاشق و چێژ و خۆشی لێدەبینێت ، لەم ڕووەوە ئیبن عەرەبی دەڵێ : خودا ئازاری خۆشەویستی خۆی نادات ، بەڵکو تاقی دەکاتەوە .

[1] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 80 .
[2] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 120 .
[3] سایکۆلۆژیای خۆشەویستی (بەراوردکاریەك لەنێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا ) ، ناوەندی فێربوون ، چاپی یەکەم ، 2019 ، ل 37 .

لە شیعری (54 ) دا وەفایی باسی ڕێگەی عاشقان و سلوك و ڕێگاكانی سۆفی دەكات و  بە دڵ دەڵێ : ئەی دڵ وەرە هۆشیار بە واتە : ئاگات لە خۆت بێ ، ئاوایە ڕێگای عاشقان ، دەبێت لە جوانی یاردا بتوێیەوە ، دەبێ وابژی لەم لاوە جامی مەی پێبكەنێ و لەولاوە نای و نەی ناڵەی بێ تا جیهان ئاگری تێبەربێ ، ئاوایە ڕێگەی عاشقان مەبەست لە مەی ( مەیی ئیلاهی و مەستییەكی گیانییە ، واتە : مەبەستییان لەو جۆرە ڕەمز و وشانە ، مانا ڕواڵەتییەكەی نییە ، بەڵكو و لە پەنای ئەو مانایەدا مانایەكی مەجازی هەیە ، ئەو مانایە ئاماژەیە بۆ مەستبوون بە مەی خۆشەویستەكەیان ، كە خودایە . ) [1] ، واتە : چۆن مەی مرۆڤ سەرخۆش دەكات ، ئەواش ؛ خۆشەویستی خوایی مرۆڤ سەرخۆش دەكات و لەجیهانی ماددەی دادەبڕێت ، بۆیە وەفایی دەڵێ :

ئەی دڵ وەرە هۆشیار بە (هذا طريق العاشقين)

مەحوی جەماڵی یار بە (هذا طريق العاشقين)

لەم لاوە گریەی نای و نەی ، لەولاوە خەندەی جامی مەی

ئاگر لە عالەم بەربدەی ، (هذا طريق العاشقين)                    ل 179

وەفایی ئامۆژگاری خۆی و دڵەكەی دەكات و دەڵێ : دەبێ خەو لە چاوانت بگریەوە و نەخەوی ، هەتا وەكو نیوەشەوان بناڵی تا هەتاوی تازەت لێ دەركەوێ ، واتە ؛ ئەم ڕێگایە پڕە لە شەونخونی و ئازاركێشان ، بۆ ئەوەی بە یار بگەی دەبێ شەو نەخەوی ، هەر ئەوەش نا بەڵكو دەبێت دڵت شێت و شەیدا بێ دەروونت پڕ سۆز و هەست بێ ، جەرگت پڕ خوێن بێ و خوێنی گەش شەپۆڵ بدات لەگەڵ فرمێسكی ڕوون ئاوایە ڕێگەی عاشقان .

جارێ لە چاوان بگرە خەو ، بگری بەناڵەی نیوەشەو

تـــا بێتـــــەدەر خورشـــیدی نەو ، (هذا طريق العاشقين)

شۆری دڵ و سۆزی دەروون، زووخاوی جەرگ و مەوجی خوون

خوێنی گەش و فرمێسكی ڕوون ، (هذا طريق العاشقين)    ل 180

وەفایی دەڵێ : مەرجی تۆ بۆ گەیشتن بە یار ئەوەیە ؛ كە دەبێت چاو و دڵت بەگریان بكەیتە خوێنا و دەبێت پەیوەندی لەگەڵ هەموو كەس بپچڕی و تەنها لەگەڵ یار بیت ، ئینجا دەگەیت بە وەسڵی یار

[1] شێخ حسێن ، كازم ، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەكانی شێخ نوورەددینی بریفكانی دا ، چاپخانەی گەنج ، چاپی یەكەم ، 2018 ، ل 215 .

، چونکە عاشق ئەو کەسەیە دایم مەست بێ لە دەرکەی مەیخانە وەکو خاك و خۆڵ وابێت ، لە کن پەیمانەی شەراب ببێتە ساقی ئاوایە ؛ ڕێگەی عاشقان .

تا چاو و دڵ خوێن بار نەکەی ، قەتعی هەموو ئەغیار نەکەی

فیکری ویساڵی یار نەکەی ، (هذا طریق العاشقین)

عاشق دەبێ مەستانە بێ ، خاکی دەری مەیخانە بێ

ساقی لەکن پەیمـــانە بـــێ (هذا طریق العاشقین)      ل 180

وەفایی دەڵێ : ئەگەر بێت و بای سەبا ، کە دڵ ئەکاتەوە شەرحی دڵم بۆ گوڵ نەبا ئەوە تەمەنم بە با چووە ، واتا : بای سەبا شەرحی دڵی ئەو بۆ یار دەبات ، کە دەروونی هەموو سوتاوە ، ڕۆح و جگەری بۆتە خوێن و جەستەیەکە بەبێ ناو و نیشان ، بۆیە ئاوایە ڕێگای عاشقان .

گەر دڵگوشا بادی سەبا ، شەرحی دڵم بۆ گوڵ نەبا

عومری عەزیزم چوو بەبا ، (هذا طریق العشقین)

سووتا دەروونم سەربەسەر ، خوێنین دڵە جان و جگەر

جیسمێکە بێ ئیسم و ئەسەر (هذا طریق العاشقین)      ل 181

وەفایی داوا لە دڵ دەکات لەسەر پەیمانی ئەلەستی خودایی (الست بربکم ؟ قالوا بلی ) جامێ لە یار وەربگری و بینۆشی بۆ ئەوەی تا ئەبەد مەست و مەخموور بێ هۆکارەکانی مەستی بریتین لەمانە : ( دەرکەوتن ـ تەجەللی ـ قسە ـ وشە ـ ڕووناکی یان هەر لوتفێکی دیکەی مەعشوق و ئەم مەستییە پتر سالیك بەرەو قووڵایی ئەزموونەکەی دەبات ، کەچی لە مەستی جیهانی فیزیکیدا گەڕان بەدوای خۆشییەکانی ئەو جیهانە هۆکاری ئەو "مەستی " یەیە ، کە دابڕان لەو جیهانە یەکەمین دەرەنجامیەتی [1] ) واتە : ئەو مەستییە سەرچاوەی هۆشیار و ئاگاییە بەوەی مرۆڤ لە چ جێگایەك دایە و بەرەو چ جێگایەك هەنگاو دەنێت ، چونکە وەفایی دەڵێت : من ئێستا شێت و دێوانەم و بە غەمزەی یار کوژراوم ، دڵم پڕ لە دەردی نەشتەری ناز و مژۆڵی یارە ، ئاوایە : ڕێگەی عاشقان .

دیسان لەسەر عەهدی ئەلەست ، جامێ لەجانان بگرە دەست

[1] قەرەداغی، عەبدوڵلا ، دەیری عەشق .... کاتێك ناخی مرۆڤ دەدوێ ، چاپی یەکەم ، 2012 ، ل 175 .

هەرتا ئەبەد مەخموور و مەست ، (هذا طريق العاشقين)

دێوانەو سەوداسەرم ، کوژراوی غەمزەی دڵبەرم

دڵ پڕ لە ئێشێ نەشتەرم ، (هذا طريق العاشقين) ل 181

وەفایی دەڵێت : چاوم بە سۆزی دڵم تەڕبووە و دەریایەك لە ئاو و ئاگرم کۆکردۆتەوە ، موتریب بانگ بکە ، بڵێ ساقی مەی بگێڕە ، ئاوایە ڕێگەی عاشقان ، بولبول بە غەمناکی دەناڵێنێ و گوڵ بە عیشوە و پێکەنین دێ تۆش دەبێ بە ئاهی ئاورین بگریت ، ئاوایە ؛ ڕێگای عاشقان وەفایی دەڵێ : هەر کەس عاشقی ئەو یارە بێت ، کە پێکەنینی وەك گوڵە دەبێ بەندە و غوڵامی ئەو بێ ، چونکە بەو جامی دەستی یارە وەك حەزرەتی خزرە قەت نامرێ ، ئاوایە : ڕێگای عاشقان ، واتە : خۆشەویستی یار ژیانی پێدەبەخشێت و زیندووی دەکاتەوە .

چاوم بەسۆزی دڵ تەڕە ، دەریایی ئاو و ئاورە

موتریب بڵێ ساقی وەرە ، (هذا طريق العاشقين)

بولبول دەناڵێنێ حەزین ، گوڵ دێتە عیشوە و پێکەنین

بگری بە سۆزی ئاتەشین ، (هذا طريق العاشقين)

چی وەك وەفایی بەندەیە لەو باغی دڵ گوڵ خەندەیە

بەو جامە خزری زیندەیە (هذا طريق العاشقين) ل 181

**پێنجەم : وەفایی لەنێوان سۆفیگەریی سوننی و فەلسەفیدا .**

لە پێشەوە ئاماژەمان بە جۆرەکانی سۆفیگەری دا و لەوانە : سۆفیگەری سونی و فەلسەفیمان باس کرد ، سۆفیگەری فەلسەفی : ئەو سۆفییە فەلسەفییانە بەرەو ئیتحاد و حلول و وەحدەت ئەدیان و ئەوشتانە دەچن ، دوو جۆرە ئیسلامی و نائیسلامی ، شاعیرانی ئێمە بەگشتی لە بابەتاهیر و مەحوی و جزیری و خانی بەرەو لایەنە فەلسەفییەکە دەچن ، ئیسلامییەکە دەڵێ : ئەو شوێنانە پیرۆزن ، کە خودای لێ دەپەرسترێ ، ئەو دینانە خودایەکیان هەیە و دینەکان لەیەك سەرچاوە هاتووە بەیەك سەرچاوەش کۆتایی هاتووە ، بەڵام نائیسلامیەکە دەڵێ : دینەکان سەرچاوەیان یەکە و

وەکو یەکن زەردەشتین . [1] واتە : بۆچوونەکان لەیەکدیی جیاوازن ، بەڵام سۆفییە ئیسلامییەکان توانیویانە لەگەڵ ئیسلامییەکە بیگونجێنن .

بۆیە دەبینین بە پێی لێکدانەوەی سۆفییەکان ، کرۆکی سۆفیگەری ، کە بریتییە لە یەکێتی بوون لە قورئانیشدا هاتووە : ( بۆ هەر کوێ بچن ، بەرەو ڕووی خوا دەبنەوە . **(وَلِلَّهِ الْمَشْرِقُ وَالْمَغْرِبُ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْهُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (115) البقرة** فەناء و بەقاش لە قورئاندا هەیە : ( چی لەسەر زەوی هەیە لەبەین دەچێت ، تەنیا خوا دەمێنێتەوە . **كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ (26) وَيَبْقَى وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ (27)** ئەلرەحمان 26 و 27 ) یان هەموو شتێك دەفەوتێت خوا نەبێت . **وَلَا تَدْعُ مَعَ اللَّهِ إِلَٰهًا آخَرَ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ ديجَعُونَ (88)** القصص 88 ) زۆر لە سۆفییەکان لە ئەنجامی وەجدەوە دەرکیان بە یەکێتی بوون کردووە ، نەك بەهۆی لێکۆڵینەوەی فیکری یان فەلسەفییەوە . [2] واتە : ئەوانیش ئیجتیهادی خۆیان هەیە و جاری وا هەیە لەگەڵ فەلسەفییەکە لەیەکدیی نزیك دەبنەوە و لەگەڵ ئیسلام دەیگونجێنن .

**وەفایی و ڕێبازە سۆفیگەرییە فەلسەفییەکان**

**یەکێتی بوون**

یەکێتی بوون ، یەکێکە لە ڕێبازە فەلسەفییەکان و ئیبن عەرەبی برەوی بەو تێزەدا ، بۆیە ڕێبازی یەکێتی بوون ، دەدرێتە پاڵ ئیبن عەرەبی (1164 - 1242) ، کە بەشێخی هەرە گەورە بەناوبانگە ، ئایا سۆفی لە خوادا بزردەبێت ، یان لەگەڵ ویستی خوادا یەك دەگرێت ؟ کێشەیەکی ئەوتۆ لەسەر ئەوەی دووەمیان نییە ، بەڵام ئەوەی یەکەمیان لە ڕوانگەی سەلەفییەکانەوە بە کوفر لە قەڵەم دەدرێت ، یەکێتی بوون ، بریتییە لەوەی خوا و سروشت یەکێکن ، هەرچی هەیە ، گەواهی لەسەر بوونی خوا دەدات و بەبێ خوا شتێك نییە بەناوی بوونەوە [3] ، واتە ؛ سەرجەم بوونەوەران بەڵگەن لەسەر بوونی خودا ، جیهانی بوون سێبەر و ئاوێنەی جیهانی حەقیقەتە .

لەمەوە دەتوانین بڵێین : ئەگەر لە هەموو گەردوون و جیهانی بووندا تەنیا یەك بوون هەبێت و جگە لەو بوونە هیچ بوونێکی دی نەبێت و سەرجەم هەبووەکان دەرکەوتن و سێبەری ئەو بوونە بن ، بەسەرنجدان لەوەی کە ئەو بوونە حەقیقەتی جوانی و جوانی ڕەهایە ، کەواتە : هەموو هەبووەکان دەرکەوتن و سێبەری ئەو تاکە بوونەن ، جوانن و جوانی خودا لە هەموو دەرکەوتەکانی ڕەنگی داوەتەوە ، بەمەش بنەڕەت و سەرچاوەی هەموو جوانییەکان بۆ جوانی ڕەها خودا دەگەڕێتەوە و هەموو جوانییەکانی دی دەبنە تیشك و سێبەری جوانی ڕەها ، کەوتە هەر هەبووێك بوونی لەسەر ئەو بوونە (خودا) وەستابێت ، جوانە ، بە سەرنجدان لەوەی هیچ شتێکیش نییە بنەڕەتی بوونی خۆی

---

[1] شوان ، ابراهیم احمد (د.) ، دەیری عەشق ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، 10 / 6/ 2016 .
[2] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 232 .
[3] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 168 ، 210 .

لەسەر خۆی وەستابێت جگە لە خودا ، کەواتە بنەڕەتی بوونی هەموو شتێك خودایە و بۆ خودا دەگەڕێتەوە ، بۆیە هەموو گەردوون و بوون ، جوانە . [1]

عالەم هەموو ڕەنگینە لەبەر عەکسی جەماڵت

هەر ڕەنـــگە بە ڕەنگێکی هەزار ڕەنگە نوێنە      ل 244

لێرەدا : وەفایی ئاماژە بەوە دەکات ، دونیا لەبەر وێنە و جوانی حەزرەتی حەق ڕەنگا و ڕەنگ و جوانە و هەر یەکەی بە ڕەنگێکە و دونیا ئەوەندە ڕەنگینە ، هەر کام ڕەنگێك دەدەن ، واتا : جوانی حەق لە دونیادا ڕەنگ دەداتەوە .

هەر گوڵێ ڕەنگێکی بۆنی ڕەنگ و بۆی دڵبەر دەدا

ڕەنگی بێ ڕەنگی تەماشاکەن ! بە چاوی ئیعتیبار    ل 84

ئەم دێرە شیعرەی سەرەوەش ، بەڵگەیە لەسەر یەکێتی بوون لای وەفایی ، چونکە دەڵێ : هەر گوڵێکی بەهاری ڕەنگێکی لەیار هەیە و بۆنێکی لە یار هەیە ، واتە : یار خاوەنی هەزاران ڕەنگ و بۆنە و گوڵان نمونەی جوانی ئەون ( ئەمەش بەو واتایە دێت ، کە بوونەوەران بەرجەستەکەری جوانی حەزرەتی حەقن )، بەچاوی عیبرەتەوە تەمەشای ئەم هەموو ڕەنگە لە بێ ڕەنگی بکەن ( واتە : هەرچەندە یار نابینرێت و بێ رەنگە ، بەڵام سێبەر و جوانی ئەو لە هەموو شوێنێکدا ڕەنگیداوەتەوە ) .

بۆیە دەتوانین بڵێین : یەکبوون ئەوەیە : لەغەیری خوا ، بیر لە هیچی دیکە نەکەیەوە ، لە هەموو شتێکدا نیشانەیەکی خوا ببینیت ، کە بەڵگەیە بۆ یەکبوون ، دانان بە یەکبوونی خوادا ، یان دەڵێن : سەیری هەر چییەك بکەیت ، خوای تێدا ببینیت ، عەتتار پێی وابووە خوا هەموو شتێکە . [2]

**یەکبوون**

[1] شێخ حسێن ، کازم ، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا ، ل 94 .
[2] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 114 .

یەکبوون مەبەست یەکبوونی دڵ و دوڵبەرە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرەکەی ئیبن عەرەبی لە بارەی کێشەی تاك لە زۆر و زۆر لە تاك ( الواحد في الكثرة والكثرة في الواحد ) کە ئیبن عەرەبی باوەڕی بە یەکێتییەکی سەرتاپایی هەبوو ، بە واتای تاك لە زۆر و [1] ژمارەی یەك سەرچاوەی هەموو ژمارەکانە لەوەوە پەیدابوونە ، هەروەك وەفایی دەڵێ :

وەرە تووری سینە ئەی دڵ ، با بە دڵ بێ دیداری گوڵ

کە دڵ و دڵبەر بوونە یەك ، چ بە ئارەزووی جەوابم ؟ ل 100

وەفایی داوا لەیار دەکات : دەڵێ : ئەی گوڵ وەرە سەر کێوی تووری سینای دڵی من ، با دیدارەکەت بە کەیفی دڵبێ ، لەوێ وەك چاو پێکەوتنەکەی خودا و مووسا ، کە دڵ و دڵبەر بوونە یەك ، من ئارەزووی جوابم نییە . لێرەدا : وەفایی ئاماژە بە یەکبوونی دڵ و دڵبەر دەکات ، لەناو سینەی دڵی خۆیدا ئەو کاتە دەڵێ : هیچ ئارەزووەکی دیم نییە .

با حیجابێکم نەمێنێ لادە تاری زولفەکان

تا بەکەی دڵ نامورادی وەحدەتە لەو کەسرەتە ل 210

لێرەدا : وەحدەتە لەو کەسرەتە مەبەستی ئەوەیە : واتە : یەك (خودا ) لەناو زۆر ( بوونەوەران ) تواوەتەوە ـ ( الواحد في الكثرة ) بۆیە وەفایی بە یار دەڵێت : با دڵی من و ڕوخساری تۆ بەیەك بگەن و ببن بەیەك ، بۆیە دەڵێتە یار : با حیجاب لە نێوانمان نەمێنێ و ئەو زوڵفەت لادە ، کە بۆتە پەردەی بەیەك گەیشتنی دڵی من و تۆ ، زوڵفت لادە تا بەرگر نەمێنێ ، چونکە زوڵفەکەت وەك جمهوور زۆرە و مانعی یەکێتی دڵی من و ڕوخساری تۆیە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ؛ وەفایی هەوڵ و کۆششی بۆ ئەوە کردووە تاوەکو بگاتە قۆناغی یەکبوون و بەیار بگات ، هەتا کەی ئارەزووی دڵم نەهێتە دی و دڵ لەگەڵ دولبەر نەبن بەیەك .

غەمی ئەو زوڵفە ناهێڵێ دڵم یەك بێ لەگەڵ باڵات

بە ژەنگی کەسرەت ئەو ئاوێنە وەحدەت دوورە بنوێنێ ل 330

---

[1] محمود ، د. عبدالقادر ، الفلسفة الصوفية في الاسلام ، ط 2، دار الفكر العربي ، 1966 ، ص 501.

وەفایی گلەیی لە زوڵفی یار دەکات ، بەوەی نایەڵێت دڵی لەگەڵ باڵای یار ، کە وەك ئەلفە یەك بێ ، دەڵێ : کەسرەت وەك ژەنگ وایە ، ئاوێنەی وەحدەت لێڵ دەکا و نایەڵێ شت پیشان بدا ، واتە : مەبەستی ئەوەیە : ژەنگی مادییات ناهێڵێ خودا لە ئاوێنەی دڵیدا دەرکەوێ .

دڵ بە دڵبەر ، جان بە جانان ، شاد و خوڕڕەم کەف زەنان

وەسڵی بولبول ، بەزمی گوڵ ، شایی شەم و پەروانە بوو ل 187

وەفایی باسی بەیەك گەیشتنی دڵ و دوڵبەر دەکات و دەڵێ : ئەو مەجلیسە وەها مەجلیسێ بوو ، دڵ بەدەست دوڵبەرەوە بوو ، جان لە کن یار بوو ، هەموو شادبوون و چەپڵەیان لێ دەدا ، دەتگوت : دەعوەتی پێکگەیشتنی گوڵ و بولبول و شەم و پەروانەیە ، واتە : گەیشتنی عاشق و مەعشوق بوو بەیەك .

لەبەر چاوی نەزانان ساحیر و زەندیق و کافر بووی

درێغا ! پیری( بەستام )، قوتبی (خەرقان ) ، غەوسی بەغداکەم ل 147

وەفایی پلە و پایەی شێخەکەی دەهێنێتە ڕێزی ئەبولحەسەنی خەرقانی و بایەزیدی بەستامی ، دیارە ئاماژەدان بە بایەزیدی بەستامی و بەراوردکردنی بە شێخ مانای ئەوە دەگەیەنێت وەفایی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی بەستامی دابووە و بەچاکی زانیوە ، کە ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەر باوەڕبوون بە یەکبوونی دڵدار و دوڵبەر لای وەفایی یان بە واتایەکی دی مەبەستی ئەوەیە بڵێ : نەزانەکان بە زەندیقم تێدەگەن و شارەزای ئەم بابەتە نین ، کە بەستامی و خەرقانی و گەیلانی ڕێبواری ئەم ڕێگەیەن .

**یەکێتیی ئایینەکان**

مەبەست لە یەکێتیی ئاینەکان ئەوەیە : کە هەموو ئاینەکان سەرچاوەیان یەکە و لای خودای گەورەوە هاتوونە ، بەڵام کۆتاییان بە ئاینی ئیسلام هاتووە ، واتە وەفایش بەرەو ئەو لایەنە چووە ، بەڵام لە چوارچێوەی سۆفیگەرییە فەلسەفییە ئیسلامییەکە نەوەك ئەوەی نائیسلامییەکە ( چونکە نائیسلامیەکە پێی وایە : ئاینەکان جیاوازییان نیە و ئیسلام و زەردەشتی و .... یەکن . بەڵام ئیسلامییەکە پێی وایە : هەموو ئاینەکان لە خواوەن و شوێنە پیرۆزەکان خوایان تێدا دەپەرسترێ بە

پێی جیاوازیی بیروباوەڕیان . ) لە خوارەوەش ئاماژە بەو دێرە شیعرانە دەکەین ، کە ئەم هەستەیان تێدا ڕەنگیداوەتەوە :

دڵ لە لایێ ، تەن لە لایێ وەك نەیستان ئاوری گرت

مەسجید و دەیر و کلیسا ماوە پڕ تابان چراغ ل 95

وەفایی دەڵێت : دڵ و تەن هەر کام لە لایێ وەك قامیشەڵان زوو ئاگری تێ کەوت ، مزگەوت و دەیر و کڵێسایش پڕبووە لە چرای نوورانی ، واتە : ئەو یارە تایبەتی ئیسلامیان نەبوو ، یەهوودی و مەسیحیشی گرتبۆوە . ئەمەش ئاماژەیە بە یەکێتی ئاینەکان مەبەستی ئەوەیە : هەموویان یەك خودا دەپەرستن و یادی خوا دەکەن ، بەڵام هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیان و بەشێوازی خۆیان .

هەر لە تەغدیری ( وەفایی ) بوو شەوی دی مەیفرۆش

حەیفە بۆ تۆ هەر دەمە دەیر و کلیسایێکی دی ل 316

وەفایی لەسەر زمانی مەی فرۆش بەخۆی دەڵێت : دوێنێ شەو مەیفرۆش غەدری لە وەفایی دەکرد و بەبێ وەفایی بە وەفایی دەگوت : حەیفە بۆ تۆ هەر دەم لە دەیر و کلیسایەکی و سابت قەدەم نیت ، واتا : مەبەستی ئەوەیە بڵێت : تۆ ماددەم عەشقی یارت لەدڵ دایە ، لە هەر شوێنێك بی جیاوازیی نییە ، ئەگەر چی لای ساقی دەبێت یەك ئایین و یەك شوێنت هەبێت ، بەڵام وەفایی گوێ بەمە نادات و هەموو شوێنێك بە شوێنی پەرستنی یار دادەنێت ، واتا : وەفایی باوەڕی بە یەکێتی ئاینەکان هەبووە .

داد لەبەر حوسنی فیتنەجۆ ! دڵم دا زولف و ئەبرۆی تۆ

لە لایێ زوننارى بە دۆشم ، لەلایێ ڕوو بە میحرابم ل 99

وەفایی هاواری لێوە هەستاوە بە دەست جوانی شەرەنگێزی یارەوە بەوەی دڵی داوە بە زوڵف و ئەبرۆی یار ، بۆیە وەك مەسیحییان پەت لەملی زوڵفی یارە و لەلایەکی دییشەوە لە ژێر برۆی یاردا ڕووی لە میحرابی مزگەوتی ئیسلامانە ، واتا : وەك مەسیحیان زوناری لەملە و لەلایەکی دییشەوە ڕووی لە میحرابی مزگەوتە ، واتا : لەیەك کاتە نیشانەی مەسیحی و ئیسلامی پێوە دیارە .

لە شەوقی تۆیە سەرمەستە ، بەزەوقی تۆیە پابەستە

ئەگەر عاریف لە کەعبەیدا ، ئەگەر کافر لە بوتخانە ل 254

وەفایی دەڵێت : دەبینین : هەموو لە شەوقی تۆدا مەست و سەرخۆشن ، چ موسوڵمانێك لە کەعبەدا و چ کافرێك لە بتخانەدا ، هەموویان شەیدای جوانی تۆن و بەدوای تۆدا وێڵن .

حەیرانی برۆ و خاڵی لە ڕووی تۆیە ( وەفایی )

بۆچـــی حـەرەم ئاتەشـکەدەیی پیـری موغـانە ؟ ل 252

وەفایی گلەیی لە یار دەکات و دەڵێ : بولبول هێندە گریا و زمانی نەما پەڕەی گوڵ لەبەر خوێنی چاوی ئەو سوور بوو ، کەچی گوڵ جارێکی لێ نەپرسی ئەو شیوەن و فوغانەت لە چییە ؟ بۆیە وەفایی بە یارەکەی دەڵێت : کە وەفایی حەیرانی برۆ و خاڵی ڕوخساری تۆیە ، مەگەر حەرەم بۆتە ئاتەشکەدەی مەلای زەرتوشتییان ( مەسیحییان ) .

**تیۆری مرۆڤی تەواو (کامل )**

مەبەست لە تیۆری مرۆڤی تەواو ؛ کەسێکە ، کە خاوەنی هەموو کەمالی خوایە ، ئەویش پێغەمبەرە (د.خ ) [1] ئەمەش بۆچوونێکە و کەمال هەر بۆ خوایە ، وەفایی لە شیعری ( 53 ) لە دێری 29 بە زمانی عەرەبی دێرەك دەنووسێ و ئاماژە بە کەمالی پێغەمبەر دەدات و دەڵێ :

أنـــت الــذي بجـمالك ، بكــمالك ، بــجلالك

كشف القدم ، وصف العدم ، نشف الوجد للوثن ل176

وەفایی دەڵێتە : پێغەمبەر ( د.خ ) تۆ ئەو کەسەی ، کە بەهۆی جەمال و جوانیتەوە ئەزەل دەرکەوت ، بە کەمال و بێ نەقسی تۆ نەبوون هاتە بوون و بەهۆی جەلال و گەورەیی تۆوە ڕیشەی بت و بتپەرستی وشك بوو ، ئەمەش ئەگەر بە دیوێکی دیەوە خوێندنەوەی بۆ بکەین و لێکی بدەینەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت ؛ کە دونیا بەهۆی ئەوەوە هاتە بوون و کەمال و جوانی ئەو کەموکوڕیەکانی دونیای تەواو کردوو دەرکەوت .

**راستی موحەمەدی**

[1] شوان ، ابراهیم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، ل 457.

مەبەستی ئەوەیە : بوونی موحەمەد ( د. خ ) لە پێش خولقاندنی ئادەم [1] ، هەموو پێغەمبەران لەو پەیدابوونە ، حەللاج لە ستایشی پەیامهێندا گوتوویەتی : ( نووری موحومەد لە نووری خواوە سەرچاوەی گرتووە ) [2] وەفایی باسی گەورەیی زاتی پێغەمبەر ( د. خ )دەکات بەسەر پێغەمبەرەکانی دی ، باسی دەرکەوتنی نووری خودا دەکات بە نووری پێغەمبەر ( د. خ ) .

سەحابەی بۆ چ شکا ؟ بۆچی شەهید بوو گەوهەری پاکی ؟

موحەمەد ، باعیسی بوون ، شاهی تاج و تەختی لەولاکەم        ل 149

وەفایی دەڵێ : پێغەمبەر ( د.خ ) ، کە بە شای لەولاك مەشهورە و خودا دونیای لەبەر ئەو خەلق کردووە ، کەچی یارانی لە شەڕدا شکستیان هێنا و ددانی موبارەکی شکا ، لێرەشدا : ئاماژە بەوە دەکات ، کە خوددا دونیای لەبەر ئەو خەلق کردووە ، ئەمەش ئاماژەدانە بە غەزای ئوحود و بە فەرموودەی پێغەمبەر ( لولاك لما خلقت الافلاك ) [3].

تاقی ئەبرۆم دی ، عەیان بوو سوجدەگای مولك و مەلەك

تابشی ڕووم دی ، وەدەرکەوت بارەگای نووری سودوور        ل88

وەفایی دەڵێ : تاقی ئەبرۆی پێغەمبەرم ( د.خ ) بینی جێی سوجدەی ئینس و جان بوو ، نووری ڕوخساریم دی بارەگا و جێی بڵاوکردنەوەی نوور دەرکەوت ، واتە : مەبەستی ئەوەیە ؛ بەنووری تۆ نووری خودا بەدەرکەوت .

گەر تەجەللای حەق مورادی جیلوەی ڕووی تۆ نەبوو

چاوی (موسا ) کەی دەبوو ڕوون بێ بە سورمەی کێوی ( توور )        ل 89

وەفایی باسی گەورەیی پێغەمبەر بەسەر پێغەمبەرانی دی دەکات و دەڵێ : زاتی حەق لە کێوی توور لەبەر پێغەمبەر ( د.خ ) خۆی پیشانی موسا دا ، ئەگەر لەبەر ئەو نەبووایە موسا چاوی بە کلەی کێوی توور ڕۆشن نەدەبۆوە ، واتە خوی نەدەبینی .

---

1 شوان ، ابراهیم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، ل 458.
2 حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 149 .
3 ئەم فەرموودەیە ، فەرموودەیەکی قودسی نییە و فەرموودەیەکی لاوازە .

خۆش نویسی موسحەفی ڕووت بۆ ڕەواجی حوسنی تۆ

خۆش خەتی کێشا بەسەر ئایاتی ( تەورات ) و ( زەبوور )          ل 89

وەفایی دەڵێتە پێغەمبەر ؛ قەڵەمی خۆش نووسی خودا ، کە جوانی ڕوخساری تۆی کێشاوە ، لەبەر ڕەواجدان بە جوانی تۆ ، کتێبەکانی تەوراتی موسا و زەبووری داوودی جوان جوان خەتدا و نەسخی کردنەوە . مەبەستی ئەوەیە : بڵێت و لەبەر گەورەیی و جوانی تۆ بوو ئاینەکان و کتێبەکانیشی ڕەشکردەوە و سڕیەوە .

## بەشی پێنجەم : لێکچوون و جیاوازی  شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە .

### یەکەم :  لایەنی لێکچوونیان بەنموونەی شیعری  :

1 - لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و  ئایینی و سۆفیانە

### دووەم :  لایەنی جیاوازییان بەنموونەی شیعری :

1 - لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە

## بەشی پێنجەم : لێکچوون و جیاوازی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە .

پاشی ئەوەی باسمان لەهەر سێ ڕەهەندی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە کرد ، لەم بەشەدا هەوڵدەدەین هەڵسەنگاندنێك بۆ شیعرە کوردییەکانی وەفایی لەهەر سێ بواری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانەدا بکەین ، لەبەر پەیوەندی و لێکچوونی نێوانیان لە لایەك و ئاوێتەبوونی ئەو سیانە لە ناو شیعرەکانی وەفاییدا بە پێویستی دەزانین لێرەدا : بە نمونەی شیعری لایەنی لێکچوون و جیاوازییان بخەینەڕوو ، لە سەرەتادا بەشێوەیەکی تیۆری باس لە خاڵی هاوبەش و جیاوازیی نێوان هەر سێکیان دەکەین ، پاشان بە شێوەیەکی پراکتیکی لایەنی هاوبەش و جیاوازییان دەخەینەڕوو .

ئەوەی وەفایی لەو شاعیرانە جیادەکاتەوە ئەوەیە ؛ کە بەمەبەستی لاسایکردنەوە شیعری دڵداریی نەنووسیوە ، بەڵکو ئەو بە ئەزموون بەو قۆناغەدا تێپەڕیوە واتە ؛ شیعر و هەستی دڵداریی ئەو پێش قۆناغی دەروێشی و سۆفیگەری ئەو کەوتووە ، بۆیە دەبینین : گوێزانەوەیەك لە هزر و شیعری شاعیردا ڕوودەدات ، ئەمجارە سەکۆی شیعری بۆ یارێکی دی و دڵبەرێکی دی تەرخان دەکات .

ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە جۆرێك لە ناسکی و ڕۆمانسیانە بدات بە شیعرە سۆفیانە و ئایینیەکانی ، تەنانەت وێنە و ڕەمزی دووبارەی یار لەناو شیعرە سۆفیانەکەشی دەبینرێ ، لە زۆر شوێندا هەردوو یاری مەجازی و حەقیقی دەکەونە بەرامبەر یەك و لە بۆتەی یەك شیعردا هەست دەکەین شاعیر کەوتۆتە نێوان تەلیسمی دوو یار ، کە ناتوانێت خۆی لێ دەربازبکات ، لەسەرەتادا لایەنی لێکچوونیان باس دەکەین و دواتر لایەنی جیاوازییان دەخەینەڕوو :

### یەکەم : لایەنی لێکچوونیان بەنموونەی شیعری

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە بخەینەڕوو، پاشان بەنمونەی شیعری ئەم لایەنانە شیبکەینەوە ، لە سەرەتادا باسی لایەنی ( شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە ) دەکەین ، پاشان لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی دەخەینەڕوو ، لە دواتریشدا لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و سۆفیانە دەخەینەڕوو و لە کۆتایشدا شیعری ئایینی و سۆفیانە دەخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە .

## 1 - لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و  ئایینی و سۆفیانە

ـ عەشق لەهەر سێکیان دا هەیە ، ناتوانرێت وا بە ئاسانی جیاوازیی بکرێت ، لەنێوان دەقێکی دڵداریی ، کە بۆ عیشقێکی حەقیقی نووسرابێ یان مەجازی ، واتە : جیاکردنەوەی شیعری دڵداریی و سۆفیانە کارێکی سەخت و دژوارە ، بەتایبەتی لە شیعرەکانی وەفاییدا . لە شیعری ئاینیشدا عەشق و خۆشەویستی بۆ ڕەمز و کەسایەتییە ئاینییەکان دەبینرێ ، بەڵام شێوازی دارشتنەکەی جیاوازە ، کەف و کوڵ و سوتانەکەی وەك هی دڵداریی و سۆفیانە نییە ، وێنە ئاینییەکە دەپارێزرێت و لە چوارچێوە ئایینی و پیرۆزییەکەی خۆیدا تەمەشادەکرێت و هەر بەو شێوەیەش تەمەشا دەکرێت .

بۆ نمونە :  زۆرجار لە شیعرە ئاینییەکانی  وەفاییدا  ، کاتێك ؛ وەسفی پێغەمبەر یان خودا دەکرێت  لە چوارچێوەی وێنە و وەسفە ئاینییەکەیدا دەرناچێت ، بەڵام بە پێچەوانەوە لە شیعری دڵداریی و سۆفیانەدا وەکو یارێکی کچ خۆشەویستییەکە دەخرێتەڕوو و پیشاندەدرێت .

واتە : خاڵی هاوبەشی نێوان دڵداریی و ئایین و سۆفیگەری بریتییە لە عەشق بەحوکمی ئەوەی ( لە عیرفاندا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودایش خۆی لە فۆڕمێکی عاشقانەدا دەبینێتەوە و خودا دەبێتە مەعشوقی ئەزەلی و ئەبەدیی مرۆڤ و مرۆڤیش دەبێتە عاشقێکی شەیدای گەیشتن بەو مەعشوقە و لە ڕاستیدا هەر ئەمەش وەکو ئامانجی کۆتایی بوونی مرۆڤ تەمەشا دەکەن . [1] واتە : ئامانجی دین و دڵداریی و سۆفیگەری ، بریتییە لە ؛ خودی گەیشتن بە عەشق و مەعشوقی دڵ . واتە : لە ڕووی فەلسەفییەوە پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی عەشقی و ئاینییە ، بەڵام نە عەشق و نە ئاینش نە سۆفیگەری بێ عەشق و خۆشەویستی نییە ، چونکە بزوێنەر و سووتەمەنی هەر سێکیان خۆی لە عەشق و خۆشەویستیدا دەبینێتەوە !! لە شیعرەکانی وەفاییشدا تەنانەت لەناو بۆتەی یەك شیعردا مەعشوق تێکەڵ دەبن و تەنانەت زۆر جار نازانرێت یارەکەی یارێکی زەمینییە یان ئاسمانی .      بۆ نمونە : لە شیعری (69) دا وەفایی عەشق و خۆشەویستی خۆی بۆ یارەکەی دەردەبڕێت و لە ناو بۆتەی یەك دەقی شیعردا ، هەر سێ ڕەهەندی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە دەبینرێت ، بۆ نمونە :

تۆ سەری زولفی بڵاوت زولفی خاوت بامەدە

---

[1] زەندی ، سیروان ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، شیعر و عیرفان 23/ 6/ 2016 .

جێی دڵی سەوداییە ، چی دی دڵـــــم جەزیـــــا مـــــــەدە

من کە بێت ناژیم وەرە ڕوحمت هەبێ نەشکێ دڵم

با بینای کەعبە نەڕووخێ ، چاوەکەم لێم لا مــــــــــەدە

عاشقی زولفم بە ڕۆح و دڵ ئەمن جۆیایی تۆم

خێری خۆتە دەست لە سینەی مەردی خۆش سەودا مەدە ل216

شیعرەکە بە عەشق دەست پێدەکات نازانرێت یار کێیە ، وەفایی دەڵێ : تۆبی خاتری زولفە پەرێشانەکانت زولفەکانت بەسەر یەکدا بامەدە ، چونکا دڵی شێتی من لەوێدایە با هێندە ئەزیەت نەبینێ ، کە من ناتوانم بێ تۆ بژیم تۆ دەگەڵم کەنار مەبە و دڵم مەشکێنە ، ئەم کارە هێندە تاوانە کابەی پێ دەڕووخێ و من کە عاشقی تۆم و بەدڵ تۆم دەوێ دەست بە سینەی پیاوی خۆش موعامەلەوە مەنێ و دەری مەکە .

هەر دەمەی من خاڵی گۆشەی لێوی تەعلیمی دەدام

عەیش و نۆش و کونجی تەنهایی بە ڕووی دونیا مەدە ل 216

لێرەدا هەست دەکەین شیعرەکە دەبێتە سۆفیگەری و بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت ، بە حوکمی ئەوەی دەڵێت : خاڵی لێوی یار منی وا فێرکردووە ، کە عەیش و نۆشی کونجی تەنهایی تەواوی خۆشی دونیا دێنێ واتە : لە خڵوەتە و چاوەڕێی دیداری یار دەکات .

شەو قەرارت دا لەسەر زولفت بە دڵ شادبم بە تۆ

لامـــــــەدە زولفت وەفات بێ ! وەعدەیی فـــــــەردا مـــــەدە ل 216

بەڵام لەم دێرەدا هەست دەکەین ، عەشقەکەی بەرەو دڵداریی زەمینی چووە ، چونکە دەڵێت : تۆ شەو قەولت دا بە شاهیدی زولفت بە تۆ بگەم ، کەچی لەسەر قەول و پەیمان زولفت لادا و وادەی

درۆم پێ دەدەی وامەکە . دیارە درۆکردن دەبێت بو کەسێکی ئاسایی دەبێت وەك ئەوەی بۆ کەسێکی ئایینی بێت یان بۆ عەشقی حەقیقی .

با قیامەت ڕانەبـــــێ ، بـــا ڕۆژ نەگیرێ چاوەکـــــەم !

توند مەبە ! هەڵمەستە پێ ، سونبول بەڕووی گوڵدا مەدە !

چت لە زەوقی دینی دڵبەر داوە ! تۆ بی و دینی خـۆت

تا بمێنـــی دەم لە وەسڵـــــی ئاتەشـــی سیـــــــنا مـــەدە ل 216

لێرەدا : شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە تێکەڵ دەبێت ، چونکە وەفایی دەڵێتە یارەکەی : چاوەکەم تووڕەمەبە و هەڵمەستە سەرپێ ، چونکە ( قیام ) و زولف بە ڕوودا دانی تۆ دەبێتە هۆی قیامەت ڕابوون و ڕۆژگیران ، توخودا مەکە ، چونکە لە کاتی هاتنی قیامەتدا ڕۆژدەگیرێ ( **إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ (1) سورة التكوير** ) ئەم وێنەیە بەو وێنەیە دەبەستێتەوە کاتێك کە یار تووڕە دەبێت هەڵدەستێتە سەر پێ و سەر ڕادەوەشێنێ و پەرچەمی دەکەوێتە سەر کوڵمی کە وەك قیامەت هاتن و ڕۆژگیرانە . وەفایی دەڵێتە خۆی تو بی و دینی خۆت کارت بەسەر دیتنی دڵبەرەوە نەبێ دەنا وەك ئاورەکەی تووری سینا تەجەللای مەعشووق وڵات دەسوتێنێ ، واتە : بەهەمانشێوە وێنەی سۆفییانە و ئاینی تێکەڵ بەیەك دەبن و دەکرێ بڵێین : ئەم وەسفە بۆ شیعری دڵداریی زەمینیش گونجاوە و کێشەی نییە .

مەرگی من ساقی دڵم بگرە دەمــــــت وا بێـنەوە

یا کەرەم کە جامی لەبرێز ، یا شەرابی وامـــەدە

نیوە سووتاوم ئەمان ، بێ بەس مەکە ئەی تارزەن

یا وەفات بێ ، یا جەفایی عاشقی شەیدا مـــەدە ل 217

وەفایی داوا لە ساقی دەکات و دەڵێ : تۆ و مەرگی من دەمت ، کە وەك کوپەی شەرابە واوە بێنەوە ، یا جامێکی پڕ عەتا فەرموو ، یان شەرابی ئاوا بە عاشقان مەدە ، داواش لە مودییب دەکات

و دەڵێ : من نیوە سووتاوم تۆ هەر لێیدە و بێ دەنگ مەبە ، وەفاداربە و بەبێ دەنگیت جەفای عاشقی شەیدا مەدە ، دوایش ئامۆژگاری خۆی دەکات هێندە مەگری لە دووری یار بۆ ئەوەی گەوهەری فرمێسکەکانی بە دەم دەریای چاوانیەوە نەدرێ ، حەیفە خەسار بن ، پێدەچێ لێرەدا : مەبەستی عەشقی زەمینی بێت و بۆیە بەو شێوەیە حەیف بۆ گەوهەری فرمێسکەکانی دەردەبڕێت .

ـ شیعری دڵداریی مەجازیی لەگەڵ شیعری سۆفیانە یەك دەگرێتەوە ، چونکە ئامانج لە عەشقی مەجازی عەشقی حەقیقییە وە خودی سۆفیگەریش گەیشتنە بە عەشقی حەقیقی ، یار هەیە و باسی دەکات ، ئاڵۆزی ئەم جۆرەی شیعری وەفایی لەوە دایە ؛ کە بە ئاسانی ناتوانرێت ، ئەم بابەتانەی شیعر لە یەکدیی جیابکرێنەوە ، تێکەڵ بەیەکدیی دەبن ، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە دەبێت ، کە یار لە نێوان هەر سێ جۆرەکەی شیعر هاوبەشە و لە دواجاریشدا وەسف و سۆز و خۆشەویستییەکەش هاوبەش و لێکچوو دەبێت . هەر وەك لە شیعری 61 وەفایی دەڵێ :

ئەی جەننەتی عەیشی ئەبەدم ڕێ گوزەری تۆ

نووری نەزەرەم ، تاجی سەرم ، خاکی دەری تۆ

بەو قامەتە خاڵ و خەتی ڕووی تۆ کە دەبینم

هەر گوڵشەنی فیردەوسە بە نەخلی شەجەری تۆ            ل 197

جۆرێك لە وێنە و وەسف دەبینرێت ، کە بە باڵای کچێکدا گوتراوە . بۆیە دەبینین : بە خۆشەویستەکەی دەڵێ: ئەو جێگەیەی تۆ پێی لێدا دەنێی و هاتوچۆی پێدا دەکەی بەهەشتی ئەبەدی منە واتا : خۆشترین شوێنە لای من ، هەر ئەوەش نا دەڵێ : نووری چاوم و تاجی سەرم خاکی دەرکەی تۆیە . واتە : کاتێ قەد و باڵا و ڕوخساری تۆ دەبینم ، وەك ئەوە وایە باخی بەهەشت ببینم ، قامەتیشت داری خورمای بەهەشتە ، هەموو ئەو ئاماژانە وێنەی کچێکە و وەسفی ڕوخسار و قەد و باڵای دەکات ، شیعرێکی دڵدارییە ئەگەر چی باسی جەستە دەکات بەڵام ناشچێتە ناو ئیرۆتییکیەت بەڵکو شیعرێکی دڵداریی مەجازییە و عوزرییە و ، نازانرێت یار کێیە ؟ یان دەشێ یارەکەی رابەری تەریقەت بێ .

نازانم ئەتۆ چی بە لەب و قامەتی شیرین ؟

غونچەی شەجەری ، یا نە گوڵی نەیشەکەری تۆ ؟

ئەو چاوە کەوا مەستە بە حوسنی ڕوخی زیبا

داخــۆ چ بـــــکا فیتـــــنەیی دەوری قەمـــەری تۆ

توخودا دەمەکەت دەرخە لەنێو توڕڕە بزانم

تامی چییە ئەو حوققەیی شـیر و شەکـــــەری تۆ        ل 198

وەفایی وێنەکی لەبەر چاوە و دەڵێ : لێوەکانت وەکو غونچەیە و قامەتیشت وەك گوڵی قامیشی شەکرینە ؟ وەسفی چاوەکانی دەکات و دەڵێ : چاوی تۆ مەستە و ڕووت ئەوەندە جوانە وەك دەوری قەمەر وایە ، بڵێی چ بەڵایێ بەدی بهێنێ ؟ تۆبی و خودا دەمت ، کە زولفت داپۆشیوە دەرخە بزانم دەمت ،کە وەك سندووقی شیر و شەکەرە تامی چی دەدات ؟

خۆ سەیدی حەرەم قەتڵی حەرامە ! ئەدی زولفت

کافر کە نەبوو بۆچی منـــــی کوشت لەدەری تــۆ ؟

ئەو ڕۆژە بە زوننارەوە من چوومە خەرابات

زولفت منـــی کێشا بە ئیشــــارەی نــەزەری تــــۆ

بۆ من کە نەبێ وەعدەیی دیداری جەماڵت

چ بکەم لە بەهەشت و نەزەری حوور و پەری تۆ ؟        ل199

بەڵام شیعرەکە لە ناوەراستی وەردەگەڕێ و باسی عەشقی خوایی دەکات ، ئاماژە بەوە دەکات ، کە دەرکەوتنی زوڵفی یار بووە هۆی کوشتنی من ، ئەگەر چیش دەڵێن : حەرامە نێچیر لەماڵی کەعبە بکوژرێ ، واتا : تۆ ڕەچاوی ئەوەشت نەکرد جوانییەکەت ئەمنی کوشت ، دیارە ئەمەش جوانی ئەو هەستە ڕۆحانی و عیرفانییەمان بۆ دەردەخات ، کاتێك عاشقێك بەرامبەر بە مەعشوقەکەی ڕاوەستاوە و لەماڵەکەی ئەوە .

هەر لەبەر ئەوەشە دەڵێت : ئەگەر وەك خاچپەرستەكان بە زوننارەوە چوومە كلیسا خەتای زولفت بوو ، كە وەك زوننارە و چاوت وەك خەرابات ئیشارەیان كرد و منیان لە ڕێگە بە دەر برد ، دەڵێ : ئەگەر جوانیت ، كە وەك بەهەشتە نەسیبی من نەبێ ، وادەی حۆری و پەری قەرزم لە قیامەتدا بۆچییە ؟ واتا : دەیەوێت بڵێت :ئەگەر تۆ نەبینم و بە تۆ شاد نەبم حۆری و پەریم ناوێت ، دیارە ئەم داوای شتێكی زیاتری كردووە ، كەسێك ، كە بچێتە بەهەشت حەتمەن بە دیداری خودای گەورەش شاد دەبێت . بۆیە دەڵێت :

بۆ قیبلەیی لای ڕووتە هەموو سەعیی (وەفایی)

عومرەم بەخودا عەینی سەفا وا لە دەری تۆ ل 199

وەفایی دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە ، كە تەواوی هەوڵ و كۆششی ئەو بۆ گەیشتنە بە قیبلەی ڕوخساری ئەو و تەمەنی لە دەركەی ئەودا بەڕێكردووە ، بەم شێوەیە : شیعرەكە شیعرێكی مەجازییە لە سەرەتادا وەسفی یارەكەی دەكات و لە كۆتایدا دەزانرێ عیشقەكەی عیشقێكی حەقیقیە ، دیارە ئەمەش پەیوەستە بەو ڕەمز و وەسفانەی كە شیعری سۆفیانەی پێ دەنوسرێت .

ـ لەیەك شیعردا دەكرێ ؛ هەر سێ ڕەهەندی شیعری دڵداریی و ئاینی و سۆفیانە هەبێت ، بۆیە ناتوانین : بە شێوەیەكی ورد هەر شیعرەی لەژێر ناو و نیشانێكدا پۆلێن بكەین ، چونكە تێكەڵییەك لەناو شیعرەكاندا دەبینرێت ، بۆ نمونە : لە شیعری 14 سەرەتا شیعرەكە بە وەسفی سروشت و ناوەڕۆكێكی ڕۆمانسی دەست پێدەكات پاشان دەبێتە ئایینی و لە كۆتایشدا بە سۆفیگەری كۆتایی پێدێت .

نەسیمی بادی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا

بەریـدی عاشقان دیســــــان پەیامی دلْبــــەری هــــــێنا

نەوید ، ئەی عاشقانی دڵفگارا یار هاتە سەر خەندە

سەڵا ، ئەی بولبولان ! دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا ل47

لێرەدا جوانی سروشت و هەستی عاشقانەی خۆی تێکەڵ بە جوانییەکانی بەهار و نەورۆز دەکات و دەڵێ : بای نەورۆز بۆنی خۆشی هێناو نامەبەری پەیامی یاری هێنا . ئەی عاشقانی دڵ بریندار ، یار دەیەوێت پێبکەنێت ، واتە : عاشقان دڵ توند و نائومێد مەبن وا یار پێدەکەنێت . ئەی بولبولی عاشقی گوڵ وا دیسان دارەکان گوڵ و بەر دەردەکەن .

بەفەتحی دڵ دەڵێی یار زولف و سینە و ڕووی وەدەرناوە

لە نەسرین و گوڵ و سونبول بەهار هات لەشکری هێنا

دەڵێی چاوی منە هەوری بەهاری دەم بەدەم دەگری

دەڵـــــــێی ئاهــــــی منە بەرقی درەخشان ئاوری هێــنا ل 48

دەڵێی : یار بە ئیشتیای خۆی ڕوخسار و سینەی وەدەرخستووە و بەهار بە گوڵەکانی وەك نەسرین و سونبوڵ لەشکری هێناوە ، لێرەدا : خۆی بە هەوری بەهار دەچوێنێ و دەڵێ : هەوری بەهاری وەك چاوی من وایە هەمیشە دەگری ، هەورە بریسکەش لە ئاهی من دەچێ هەر ئاگرە . لێرەدا ؛ عاشقەکەی وەکو یارێك بەدیار دەکەوێت دەبێتە شیعری دڵداریی جەستەیی ، بەڵام پاشان ڕاستەوخۆ بەرەو شیعری ئایینی دەچێ و باس لە جەنگ و شەڕی نێوان ئیسلام و کافر دەکات .

کە ئیسلامی بەهار فتوای جیهادی کافری دەی دا

سنەوبەر نێزە ، گوڵبون گورز و سۆسەن خەنجەری هێنا ل49

بەهار وەك لەشکری ئیسلام فتوای جەنگی لەگەڵ لەشکری کوفری زستان و مانگی بەفرانباردا ، لەشکرێ سازبوو ، کە داری سنەبەر نێزەی هێنا و بنجی گوڵ گورزی هێنا و گوڵی سۆسەن خەنجەری هێنا .

بەشەوقی ڕوویی لالە و گوڵ لە باغان وا چراغانە

دەڵێی باغی جینان ئەمساڵ بەری حۆری و پەری هێنا

لە گوڵشەندا ڕەیاحین مەست و شادابی هەوای خۆشن

دەڵێی ڕیزوانە بۆ ئەهلی بەهەشتی کەوسەری هێنا ل 50

وەفایی دەڵێ : لە باغەبان لالە و گوڵ وا شەوق ئەدەنەوە و چراغانیان کردووە ، دەڵێ : بەهەشت ئەمساڵ حۆری و پەری هێناوە ، لەگوڵزاردا گیاکان هەموویان مەست و سەرخۆشن وەك ئەوە وایە گیاکان بەهەشتی بن و دەرکەوانی بەهەشت ئاوی کەوسەری بۆ هێنابێتن ، لێرەدا ئاماژە و لێکچواندنەکانیش ڕەمزی ئایینن .

بە بێ شاباشی سەر ، بە قسەی وەفایی گوڵ چرا نابێ

کە بولبول هەر زمانی هەن ، وەهـ پەروانەش سەری هێنا ل 52

گوڵ لە خۆڕا نابێتە چرا دەبێ سەری بە جێی شاباش پێشکەش بکا ، بولبول هەر زمانی هەیە زۆر عاشقی ڕاستی نییە ، پەروانە عاشقی ڕاستییە سەری بۆ شاباش پێشکەشی چرای گوڵ کردووە ، پاش ئەوەی باسی عەشقی مەجازی کرد دەیباتەوە سەر عەشقی حەقیقی دەڵێ : عەشقی بولبول بۆ گوڵ تەنها لە خۆشەویستی خۆیتی و بۆ خۆیتی ، بەڵام هی پەروانە حەقیقییە و لەپێناو یارە ، چونکە پەروانە ئامادەیە سەری لە پێناو یار دابنێت ، بەڵام بولبول تەنها عیشقەکەی بۆ خۆیتی و بۆ بەرژەوەندی خۆیتی و قوربانیدانی تێدانییە .

ـ لە عەشق تەسەوف هەیە و تەسەوفیش جیهانبینییەکی عاشقانەیە و دینیش خۆی عیشقە شیعری سۆفیانە بەجۆرێك لە جۆرەکان لە هەندێك پرسی ئاینیدا ، لەگەڵ شیعرە ئاینییەکیەدا یەکدەگرێتەوە ، بەڵام شێوازی چنینەکەی ڕاستەوخۆ وەك شیعری ئایینی دەرنەبڕاوە ، بەڵکو بەهەمان غەزەلی دڵدارانەی سەردەمی نەفامی (جاهیلی) دەقەکانیان داڕشتووە ، بەڵام وەرگر هەست بە وێکچوونێکی

زۆر دەکات و ڕەخنەی تیۆری وەرگرتن و شارەزابوون لە بنەماکان ئەگەری ئەوە بەدەستەوە دەدات ، کە تێگەیشتن بێتە کایەوە .[1] بۆ نمونە وشەکانی ساقی و مەی و زوڵف و ... ئەمانە وشەی دڵدارییانەن ، بەڵام کاتێك لە بەردەم دەقێکدا دەوەستینەوە و فەزای گشتی دەقەکە دەخوێنینەوە و لە سیاقی دەربڕینێدا لەوە تێدەگەین ، کە ئەم وشانە بۆ چ مەبەستێك و جۆرێکی شیعر نووسراون ، لە هەمان کاتیشدا ڕەنگە نەگەین بە مەبەستی شاعیر و زیاتر لە چەند خوێندنەوەیەك بۆ دەقەکە بکەین ، ئەمەش شتێکی ئاساییە و دەق فراوانتر و فراوانتر دەکات ، بۆیە دەکرێت یەك دەق چەندین خوێندنەوەی جیاجیای بۆبکرێت و هەریەکە بە پێی باکگراوندی خۆی لێکدانەوە بۆ دەق بکات ، بۆیە زۆر ئاساییە دەقێك ئەگەر دوومەبەست یان زیاتر بەدەستەوە بدات ، بۆنمونە کاتێك دەقێکی وەفایی دەخوێنینەوە ، ڕەنگە لای وەفایی بە شیعرێکی سۆفیانە نووسرابێ و مەبەست لێی شێخ یان پێغەمبەر (د.خ) بێت ،بەڵام لای خوێنەر بەواتای دڵداریی لێکبدرێتەوە .

لە شیعری (108 ) هەر سێ لایەنی شیعری دڵداریی و ئاینی و سۆفیانە دەبینرێ ، سەرەتای شیعرەکە نازانرێ بۆ چ جۆرێکی عەشق نووسراوە دیارە ئەمەش پەیوەندی بەوە هەیە ، کە دڵداریی مەجازی لەگەڵ دڵداریی حەقیقی لەیەکدیی نزیك دەبنەوە ، بۆیە تەمەشا دەکەین لەسەرەتادا نازانرێ شیعرەکە چ جۆرێکە :

وەفایی بوت پەرستی تۆیە سەد جار کوفری زاهیر بێ

بەدینی بولبولان سەجـدە حەڵاڵە گوڵ کـــــە مــــەزهەر بـێ

دەمێك بادەست و گەردەن بم ، دەمێك با هەمدەمت من بم

نەخۆشی چاوی تۆم بەڵکو شیفای من شیر و شەککەر بێ ل 309

وەفایی دەڵێ : لە خۆشەویستی یارەکەی ئەوەش قبوڵ دەکات ، کە ئەگەر سەدجار پێی بڵێن : کافر هەر ئەوی خۆش دەوێت و تەنانەت وەکو بتێك ئەو دەپەرستێ و سوجدەی بۆ دەبات ، چونکە بە دینی بولبول حەڵاڵە سوجدە بردن بۆ گوڵ کاتێك کەدەردەکەوێت ، داوا لەیار دەکات ساتێك هاودەمی

---

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 50 .

بێت ، چونکە وەفایی لەبەر چاوەکانی یار نەخۆشە و دەیەوێت لەنزیکی یارەکەی بێت تاوەکو هاودەمی بکات ، چونکە دەڵێ : بەشکو شیفای من بە شیر و شەکەری دەم و قسەکانی ئەو بێت .

بە هەوای خاڵی لێوت کەوتمە داوی زوڵمەتی زولفت

ئیلاهـــــی ڕەهبەری ئابـــــی بەقام خزری پەیامـــبەر بـــێ

لەوی ڕۆژێ کە دەستم دا لەڕووی ، سیڕڕی دەمیم زانی

بەقورئان سوێند دەخۆم کەوسەر ئەگەر وەك لەعلی دولبەر بێ ل311

لەم دێرەی سەرەوەدا و لەناوەڕاستی شیعرەکە دەبێتە سۆفیگەری و دەڵێ : من بەهیوای خاڵی لێوی چووم ، کەچی کەوتمە داوی زوڵفی ، بۆیە لە خودا دەپاڕێتەوە ، کە حەزرەتی خدر ڕێنوێنی بکات بۆ ئاوی بەقا ، واتە: بگا بە بەقا و زیندوو بێتەوە و تەمەنی وەسڵەکەی درێژ بێت بەقەد تەمەنی خدری زیندە ، ئەمەش ئەو وێنەیەیە ، کە سۆفیگەری وێنە و ڕەمزەکانی خۆی لە ئایین وەردەگرێ . دەڵێ : لەو ڕۆژەی بە ڕوخساری یار شادبووم و ڕازی بچووکی دەمیم زانی ، ئینجا تێگەیشتم ، کە ئاوی کەوسەر هەرچەندە خۆشە ، بەڵام وەکو کەلام و لێوی یار نییە .

دەڵێ : بگری ، ببارێنە ، هەتا بێم دەست و گەردن بین

نیساری شای شەکەر لێوان دەبێ هەر لەعل و گەوهەر بێ

دەڵێ : بمرە و بسوتێ تا بە دڵ من بێمە سەر جێی تۆ

سلـــووکی عـــاشقان وایە کـە دڵ دەربێ بە دڵبەر بێ ل311

یارەکەی وەفایی داوای لێدەکات : بگری تاوەکو دەست لەملی یەك بکەن و بەیەکدیی شادبن ، چونکە شاباشی یار دەبێ گەوهەر و لەعلی فرمێسك بێ ، ئینجا بەتەوای دەبێت بە دڵداریی حەقیقی ، چونکە دەڵێت : بمرە و بسوتێ تا من بێمە سەر جێت ، چونکە ڕێگای عاشقان وایە ؛ کە دەبێ دڵی دەربێنێ و بیدا بە دڵبەر ، واتا : تۆ تا نەمری بەمن ناگەی ، لێرەش ئاماژەیەکی ئایینی تێدایە و

شیعرەکە لە شیعری ئایینی نزیك دەبێتەوە ؛ تیلنیشانە بە فەرموودەی : (موتوا قبل أن تموتوا) ، واتا : مەبەستی ئایینی لەناو شیعری سۆفیانەدا دەتوێتەوە و دەبن بەوێنە و ڕەمزی سۆفیانە .

## 2 - لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی

- مێژووی خۆشەویستی و عەشق پەیوەستە بە مێژووی مرۆڤایەتییەوە و پەیدابوونی ئایینیش بەهەمان شێوە پەیوەستە بە دروست بوونی ئادەمەوە ، دەکرێ بڵێین : هەر لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤ خۆشەویستی و ئاینیش سەری هەڵداوە و ، واتا : هەردووکیان هەمان مێژووی سەرهەڵدان و دروست بوونیان هەیە ، پەیوەستن بە دروست بوون و لەدایك بوونی مرۆڤەوە ، چونکە مرۆڤ بەبێ عەشق و ئاین ناتوانێت بژیت ، لە لایەکی دییشەوە ئایین بێ عەشق بوونی نییە ، چونکە دەبێت پاڵنەر و هێزێك هەبێت بۆ ئەوەی پاڵ بە مرۆڤەوە بنێت تاوەکو ئەرکە ئاینییەکانی بە ئاسانی جێبەجێ بکات بە پێچەوانەوە ئەگەر خۆشەویستی بوونی نەبێت ئەوا ئەم ئەرکە لەسەر مرۆڤ قورس دەبێت .

لە شیعرەکانی وەفایشدا زۆر جار ئەم دوو جۆرەی شیعر تێکەڵ بەیەك دەبن و لە دەقی یەك شیعردا دەبینرێ ، یان وەسفی یارەکەی بە ڕەمز و وێنەیەکی ئایینی دەکات ، یان بە پێچەوانەوە سوود لە وشە و دەستەواژەی دڵداریی وەردەگرێ بۆ گوزارشتکردن لە شیعرە ئاینییەکەی . لە شیعری (36) دا وەفایی شیعرێکی بۆ پێغەمبەر نووسیوە ، بەڵام ئەو شیعرە بەتام و بۆیەکی دڵدارییانە نووسراوە ، دیارە ئەمەش پەیوەستە بەوەی ، کە لە ئاینیشدا عەشق و خۆشەویستی هەیە ، تەنانەت لە کۆن لە جیاتی بیان گوتبایە : پێغەمبەر دەیانگوت : خۆشەویست . بۆیە بەبێ بوونی خۆشەویستی ئاینیش جێگای خۆی ناگرێت ، چونکە خۆشەویستی گەورەترین پاڵنەر و ووزەیە بۆ مرۆڤ ، وەفایی خۆشەویستی خۆی بۆ پێغەمبەر دەردەبڕێت و وەکو چۆن بۆ کچێکی دەربڕیوە :

نیگارا ! دڵبەرا ! نامیهرەبان ! یاری جەفاکارم

بە زاری کوشتمت ! تاکەی دەفەرمووی من وەفادارم ؟

دەڵێی مورغی شەباهەنگە لە دەوری سوبحی دیدارت

لە حەلـقەی زولفی تۆ دێ دەم بەدەم نالەی دڵی زارم ل114

وەفایی وەکو دوو عاشق قسە لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەکات و بە بێ رەحم و ستەمکاری وەسف دەکات ، دڵی زاری خۆی بە مەلی شەو نەخەو دەچوێنێ ، کە لە دەوری حەلقەی زولفی یار هەر نالەی دێ . واتە ؛ هەمان وشەی دڵدارییانەی بەکارهێناوە ، بەوەش دەزانین ، کە شیعرەکەی بۆ پێغەمبەر نووسیوە ، کە دەڵێ :

نیشانەی قاتیلی نامیهرەبانم زاهیرە یەعنی :

فەرەنگی خەت و زەنگی زولف و هیندوو خاڵە دڵدارم

بە تای زولفی و چینی توڕڕە دین و دڵ دەبا چاوی

دەڵێ : مـــن خانـــــەوادەی ئاهوانــــــی چین و تاتـارم

وەسییەت بێ کەمردم تەخت و تابووتم لە عەرعەرکەن

هەتا عالــــــــەم بزانێ مـــــن شەهیدی قامەتــــی یـارم

وەفایی دوور لە تۆ پەیوەستە حاڵی شین و گریانە

لەبەر چاوت بەسەد جێ وەك نیشانەی دڵ بریندارم ل115

وەسفی یارەکەی دەکات ، کە سور و سپییە و زوڵفەکانی ڕەشن و خاڵەکەشی ڕەشە و کە زوڵف و پەرچەمی دڵ دەرفێنێ و بۆنیشی خۆشە وەکو کچێك وەسفی دەکات و تەنانەت وەسیەت دەکات و دەڵێ : ئەگەر مردم تابووتەکەم لە داری عەرعەردروست کەن ، چونکە بەژنی یارم وەکو عەرعەر وایە . واتە : لەخۆشەویستی یارەکەی خۆشەویستیشی بۆ داری عەرعەر دروست بووە ، هێندە بە ناسکی دەنووسێ و دەڵێتە یارەکەی دوور بێ لە تۆ من وەکو جێی نیشانە لە سەد جێ دڵم بریندارە لە دووری تۆ ، بۆیە هەر دەگریم ، لێرەدا : خۆشەویستی و نالەی جودایی خۆی بۆ یارەکەی ، کە یارێکی ئایینییە بە وشەی دڵدارییانە و عاشقانە دەردەبڕێت ، کە وەفایی شیعرێکی ئێجگار زۆری بۆ

خۆشەویستی پێغەمبەر نووسیوە ، تەنانەت هەندێکیان جیاکردنەوەیان لە شیعری دڵداریی کچ کارێکی ئەستەمە .

ـ عەشق و ئاین دوو هێزی کاریگەرن ، کە ( هەردووکیان هەست و نەستی مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکەن و مرۆڤ ئاڕاستە دەکەن . ) [1] واتە: ئەم دوو هێزە پاڵنەرێکی بەهێزن بۆ ئەوەی تاك ئاڕاستەبکەن . ئەم دوو هێزە خۆیان لە دوو پاڵنەری سەرەکی دەبینێتەوە ، کە ووزە و هێز دەدەن بە مرۆڤ ، بۆیە ئەوەی ئەم دوو هێزە دەیکەن ، هیچ هێزێکی دی نایکات .

ـ خاڵی هاوبەشی نێوان عەشق و ئاین ئاسوودەیی و یەقینە (چونکە عەشق فێری یەقین و ئارامی دەروونیمان دەکات و وە خودی ئاینیش بریتییە لە یەقین و دڵنیایی ، واتە : ئەمانە هەردووکیان تەواوکەری یەکدیین ، چونکە (عەشق و ئایین لە دەگمەنترین دروستکراوەکانی خودان و هەردووکیان یەقین بە مرۆڤ دەبەخشن ، (یەقین نەك ئارامی ) یەقینێك ، کە مرۆڤ ئامادەی قوربانیدان دەکات ، سەرەڕای هەموو وێکچوونەکان دواجار عەشق چەمکێکی دەرەکی ئایینە (وا گریمانە دەکەین) ئایین عەشقی وەك چەمکێکی دەرەکی لە جیهانی رۆح و ئیعتیباری و رەمزیدا لەناو خۆیدا قووت داوە و بۆ گەیاندنی ماناکانی . )[2] ، بۆیە لەو خاڵەدا هەردووکیان هاوبەشن ، کە ڕۆحی مرۆڤ ئاسوودە دەکەن و فێری ئارامگری دەکەن .

ـ عەشق و ئاین یەکێکن ، چونکە هەردووکیان خۆیان لە خۆشەویستیدا دەبیننەوە . هەروەك پێغەمبەری (د.خ) دەفەرموێت : (ناچنە بەهەشتەوە تا باوەڕنەهێنن و باوەڕیشتان تەواو نابێت تا یەکدییتان خۆش نەوێت ) ، دیارە خودی خۆشەویستی بەهایەکی گرنگیی ژیارییە ، چونکە بەخۆشەویستی ژیان دروست دەبێت و بنیات دەنرێت ، بۆیە پێغەمبەر (د.خ) زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە . کەواتە : ئاینیش واتا ئیمان وە باوەڕ یەکسانە بە خۆشەویستی چونکە (خۆشەویستی هێزێکی پاڵنەری دەرونییە لە دڵی مرۆڤەکاندا ، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت

[1] سیوەیلی، ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، ل 76 .
[2] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 32 .

لەسەر هەڵسوکەوت و کرداریان بەرامبەر کەسانی کە .)[1] واتە : بزوێنەر و سوتەمەنی کردارە ، کاتێك تۆ کەسێکت خۆشدەوێت چاوپۆشی لە هەموو شتێکی دەکەی بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە .

بۆیە گرنگی و گەورەیی عەشق باس ناکرێ واتە : عەشق وەك ئاو وایە .. لە دونیای ئەدەبیات و سۆفیگەریدا ، عەشق باس ناکرێ و زمانی نییە ، ئاو ئەبێ بیچێژی وەکو ئیبن عەرەبی دەڵێت : ئیمان . عەشق . دەبێ بیچێژی نەك من باسی ئیمان بۆ تۆ بکەم ، عەشقی زەمینی گەیشتنە بە ڕوحی خوا ، چونکە ڕوحی خوای گەورەمان تێدایە ، عەشق و ئیمان یەك شتن ؛ عەشق سەبرت پێ دەبەخشێ ، ئیمانیش ( وتواصوا بالصبر ) ، ئەوەی بۆ خۆت پێتخۆشە بۆ بەرامبەرەکەشت پێت خۆشبێت ، ئیمان نوورە و عەشقیش نوورە ! [2] ، ئەمە خاڵی هاوبەشی نێوان عەشق و ئایین بوو

**3 ـ لایەنی لێکچوونی شیعری دڵداریی و سۆفیانە**

[1] ئۆکتار، د. عەدنان ، خۆشەویستی و خۆشەویستی خودا ، و. ڕێبین طاهر ، چاپخانەی نارین ، 2014 ، ل11 .
[2] شاد ، محمد ، عەشق و مەعنەویەت ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، 10 / 6/ 2016 .

- وەفایی شیعری دڵداریی زۆرە و پاش تێپەڕبوونی وەفایی لە قۆناغی شیعری دڵداریی دەبینین : لەناو شیعرە سۆفیانەکەشی تام و بۆی شیعری دڵدارییانە دەبینرێ و بەهەمان شێواز و وێنەوە وەسفەکانی دەخاتەڕوو ، بۆنمونە چۆن وەسفی یارە کچەکەی دەکات بەهەمان شێوەش ، وەسفی پێغەمبەر یان خوا یان شێخەکەی دەکات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت .

دیارە ئەمەش پەیوەستە بەو ئەزمون و خۆشەویستییە زەمینییەی ، کە وەفایی لە پێشتر پراکتیزەی کردووە و دواتر هەر کاریگەریی لەسەریدا جێهێشتووە ، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دییشەوە ؛ هەر خودی شیعری سۆفیگەری بریتییە لە : دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی بۆ مەعشوق و گوزارشتکردن لە جوانی یار بۆ ئەمەش حەتمەن شاعیر دەبێت پەنا بۆ ئەو ڕەمز و وشانە ببات ، کە بۆ گوزارشتکردن و وەسف کردنی یار بەکاردەهێنرێت بۆیە دەبینین : شیعری دڵداریی جەستەییش لەگەڵ هەندێ لە دەقی شیعری سۆفیانە یەکدەگرنەوە ، ئەمە جگە لە شیعری دڵداریی مەجازی ، کە مەبەست لێی عەشقی حەقیقیە ، کەچی لە قاڵبی عەشقی مەجازی شیعرەکە خراوەتەڕوو .

بەشێوەیەکی گشتی جوانی و عەشقی ئەم جیهانە خۆی سێبەری جوانی و عەشقی ئەزەلییە ، بۆیە عەشقی مەجازی خۆی بەدوای عەشقی حەقیقیەوەیە وە ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە عەشقی حەقیقی و ڕاستەقینە ، عەشقی حەقیقی تێپەڕینە لە عالەمی ناسوت (مادده) موە بۆ عالەمی لاهوت (ڕۆح ) فەیلەسوفی گەروەی شارستانیەتی ئیسلامی مەلا سەدرا دەڵێت : عەشق جگە لە ئینشیقاق وپەیوەندی بە جوانی مرۆڤایەتی شتێکی دیکە نییە و جوانی مرۆڤایەتیش ئەو ساتەیە ، کە پاشماوەی جوانی و جەلالی خوداوەندی تێدا دەرکەوتووە و[1]

وەفایی لە شیعرێکدا دەردەدڵی خۆی لەگەڵ بولبول دەکا ، دەڵێ : وەرە هەتا دەمرین پێکەوە بگرین تۆ لە حەیبەت سەوڵی خۆت و من لە حەیبەت گیانم ، کە یارمەکەمە ، بۆیە وەرە هاوگریانم بە ، تۆ بۆ باغی گوڵت بگری و من بۆ ئەو کەسەی ، کە بەجێی هێشتم و دڵی داغ کردم :

قومری وەرە هەر تا دەمرین پێکەوە بگرین

تۆ سەروی ڕەوانت چووە من ڕۆحی ڕەوانم

بولبول وەرە تا ڕۆحی من و تۆیە بناڵین

تۆ باغی گوڵانت چـــــوو ئەمن داغی دڵانـــــم   ل 124

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، ل 50 .

لێرەدا نازانرێ یارەکەی وەفایی کێیە ؟ بەڵام وەسفی دەکات و دەڵێ : هیچ کەس ڕاز و سیڕڕی دەمی بچووك و قەدی باریکی تۆی نەدەزانی ، ئەوە گریانی من بوو بۆ ئەو دوانە ، کە ڕازەکەی لێ ئاشکرا کردی ، بەمەش وەفایی وەسفێکی جەستەیی یارەکەی دەکات و دەڵێ: دەڵێن ماچی دەمت لەکاتی بزەدا گیان دەبەخشێ ، تاکەی من بمرم و ڕازی ئەم موعجیزەیە نەزانم ، بۆیە ماچێکم بدەیێ بابزانم زیندوو دەبمەوە :

کەس سیڕڕی دەم و عەشقی میانی نەدەزانی

ئەشکم بووە غەممازی هەموو ڕازی نیهانم

جان بەخشە دەڵێن ماچی دەمت وەقتی تەبەسوم

تاکەی بمرم موعجیزەی ئەم سیڕڕە نەزانم ل 125

ئەم دێڕانەی سەرەوە بۆ ئەوە دەشێن ، کە بۆ یارێکی کچ گوترابن و وەسفی ئەو بکەن ، بەڵام دواتر دێتە سەر ساقی و بەم شێوەیە وەسفی دەکات :

جەزبەی نیگەهت خۆشی نەهێشتم ـ بە برۆی تۆ ـ

قیبلەم چووە تا مەستی مەیی پیری موغانم

فەرمووی : کە لەگەڵ هاتم ئەتۆ ڕۆح بدە ، چاوم !

سا ساقی ، دەجا جامێ کە هەروا نیگەرانم ل 126

وەفایی سوێند بە برۆکانی یار دەخوات ، کە جیلوەی تەمەشاکردنی خۆشی نەهێشتووە دەڵێ : لەو ڕۆژەوەی مەستی مەیی پیری موغانی نیگای چاوەکانی بووم مەیلی کەعبەی برۆکانتم نەماوە . فەرمووی ، کە هەر من هاتم تۆ گیانی شیرینت بدە لە قەدەمی من دا دەساقی وەرە جامێکم بدەیە من هەر وا چاوەڕوانی هاتنی یارم تا ئەوبێت و من بە مەستی گیانی شیرینی پێشکەش بکەم ، واتە : وشە و چەمکەکان گوزارشت لە سۆفیگەری دەکەن ،

جەزبەی یار شاعیری مەستکردووە و ، ئەمە دەمانگێڕێتەوە بۆ نووری توور و لە خۆچوونی موسا .

چاوت بە نیگەهـ کردن و زارت بە تەبەسوم

هاتن بە تەمای غارەتی عەقڵ و دڵ و جانم ل 126

پاشان شیعرەکە دەبێتەوە دڵداریی ، چونکە وەفایی دەڵێ : چاوت بە تەمەشاکردن و دەمت بە بزەو پێکەنین هاتن بە تەمای ئەوەن عەقڵ و دینی من غارەت بکەن ، دیارە یارەکەی زەمینییە ، بۆیە عەقڵ و دینی دەبەن واتە : شیعرەکە لەنێوان دڵداریی مەجازیی و عوزری و سۆفییانەیە .

ـ لە دیدی عاریفانەوە زانستی هەستپێکراو محسوس سایە و سێبەری جیهانی نادیارە ، وەك بڵێی ئەوەی لە جیهاندا هەیە هەموی سێبەری حەقیقەتە و بەشێوەیەکی گشتی جوانی و عەشقی ئەم جیهانە خۆی سێبەری جوانی و عەشقی ئەزەلییە . [1] بۆیە دەکرێ بڵێین : هەر ئەمەشە وایکردووە شیعری دڵداری و سۆفیانە لە یەکدیی نزیك ببێتەوە ، چونکە لە ڕێگەی وێنەی عەشقی کچێکەوە خۆشەویستی خۆی بۆ عەشقی حەقیقی دەخاتەڕوو ، چونکە عاریفان لەسەر بنەمای باوەڕبوون بە یەکێتی بوون هەموو گەردوون و ئەوەی لە ناویدایە بە جوان دەبینن .

بە حوکمی ئەوەی جوانیی خودا لە هەموو گەردووندا تەجەللای کردووە و دەرکەوتووە ، ( لە جیهانبینی عیرفانیشدا دروستکردن و ئافراندنی گەردوون بە واتای تەجەللا و دەرکەوتنی خودایە ، لەسەر بنەمای ئەو باوەڕەیە عاریفان پێیان وایە : خلقت شتێك نییە جگە لە تەجەللا و دەرکەوتنی خالیق لە ڕوخساری دروستکراوە جۆراوجۆرەکان ، عاریفانیش بە پشتبەستن بە فەرموودەی قودسی گەنجینەی شاراوە (کنز مخفی) عەشقی خوداوەند بۆ جوانی زاتی خۆی بە هۆکاری دروستکردن و ئافراندنی گەردوون دادەنێن ، بۆیە لە جیهانبینی عیرفانیدا ، ئافراندنی گەردوون بریتییە لە : تەجەللای جوانی خوداوەند بەدی هاتووە . ) [2] بۆیە لێکچوونەکی زۆر لە نێوان شیعرە دڵداریی و سۆفیانەکانی وەفاییدا دەبینرێ جاری وا هەیە لەناو یەك دەقدا سەرەتاکەی شیعری دڵداریی و وەسفی

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 50 .
[2] شێخ حسێن ، کازم ، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا ، ل 95 .

خۆشەویستەکەی دەکات ، بەڵام لە ناوەڕاستەکەی شیعرەکە وەردەگەڕێ و دەبێت بە شیعری سۆفیانە یان بە پێچەوانەشەوە هەر ڕاستە .

ـ شیعری سۆفیانە بەهەمان ئامراز و کەرەستەی شیعری دڵدارییانە نووسراوە ، چونکە گوتاری دەق تێیدا ( گوتارێکی خۆشەویستیی و گەشبینییە ، عیشقێکە ، کە هەمیشە جۆرێك لە ڕەسمی بوونی تێدایە ، کە بەشێکە لە میراتی کۆنینەی سۆفیگەری ، بەتایبەتی لە ستایشکردنی عیشقەکە بە ئامرازەکانی مێینەبوون لە چەشنی (یار ، دلبەر ، شۆخ) ئەمەش وێرایی بنەما غەزەلییەکە، ستراتیژیەتی باتینییەتی دەقیشی لێ ئاشکرا دەبێت ، کە وەك نەریتێك ئەمانە بوونەتە پردی نێوان شاعیر و عەشقی خودایی . )[1] ، واتە : هەمان چەمك و وشە بەکاردەهێنن ، بۆیە زۆرجار ناتوانرێت جۆری شیعرەکە دیاری بکرێت ، لەوەی شیعری دڵدارییە یان سۆفیگەرییە .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی ، کەوا : بڵێین : ( هاویەکی و چوونیەکییەك لە شێوازی شیعری غەزەلی مرۆڤایەتی و شیعری خۆشەویستی خودایی دەبینرێ ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی چەند تێگەیەکی هاوبەش لەنێوان هەردوولادا ، وەك سکاڵاکردن لە غوربەت ، دابڕان ، بەیەکگەیشتن ، وەسفی جوانییە ماددی و مەعنەوییەکانی خۆشەویست دەبینرێ [2] ) واتە : نەك هەر وشە و چەمکەکان هاوبەشن ، بەڵکو گوزارشت و دەربڕینەکانیش هاوبەشن چ لە وەسفکردنی یار بێت یان لە پیشاندانی ئازاری دووری و غەریبی یار .

بۆیە دەتوانین بڵێین : ( غەزەلی سۆفیانە وەك دیوی دەرەوە هەر لە لیریك دەچێت ، هەرچەندە ئەمیان باس لە عەشقی خودایی و ئەویان باس لە ئەوینی نێوان دوو ئینسان دەکات ، بۆچی شاعیری سۆفی بە هەمان کەرسەی شاعیری لیریك دەنووسێت ؟ چونکە هیچ ڕێگەیەکی لەوە باشتری دەست ناکەوێت ، بتوانێت بەهۆیەوە ، تەعبیر لە وەجدی خۆی بکات ، ئاخر خۆشویستنی ئینسان تاقە ڕێگەیە بەرەو خۆشویستنی یەزدانمان دەبات ، لە شیعری سۆفیدا ، هەر وشەکان هەڵگری مانای جیاواز نین ، حەرفەکانیش مانای شاراوەیان هەیە . )[3]

واتە : بۆ ئەوەی ماناکان ڕوون نەبن شاعیرانی سۆفی پەنا بۆ ڕەمز و وشەی شاراوە دەبەن بۆ ئەوەی وەسفی خۆشەویستەکەیان بکەن و لە هەمان کاتیشدا خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو ، ناکۆك

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 90 .
[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل 51.
[3] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 191 .

نییە لەگەڵ خۆشویستنی خوادا ، بەڵکو و ئەوەی یەکەمیان وەك مەشقکردن وایە ، بۆ ئەوەی دووەمیان ، یان مەولانا گوتەنی ، ئەوەی یەکەمیان مەشقکردنە بە شمشێری دارین ، بۆ ئەوەی فێری شەڕە شیری ڕاستەقینە ببین . ڕوزبەهانی بەقلی (1128 - 1209) گوتوویەتی : خۆشویستنی ئینسان ، پەیژەی گەیشتنە بە خۆشویستنی یەزدان . [1] واتە : پێیان وایە جۆرێك لە ئەزموون و پراکتیزەکردنی خۆشەویستی پاشان ئەو ئەزموونە بۆ سۆفیگەری دەگوازنەوە ، هەروەك چۆن لای وەفایی دەبینرێ ، کە ئەگەر وەفایی لە پێشووتر شیعری عاشقانەی نەبووایە و ئەم هەستەی ئەزموون نەکردایە ، ڕەنگە شیعرەکانی بەو ناسکی و ڕۆمانسییە نەنووسییایە ! ؟

ـ یەکێك لە هۆکارەکانی ئەو لێکچوون و هاوبەشییەی نێوان شیعری دڵداریی و سۆفییانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ( لە ئەدەبی سۆفیگەریدا مەعشوق ئاسمانییە لە شێوەی خانمێکی خاوەن جوانی بێوێنە و ڕەها دەناسێندرێت و وێنەکەی دەخرێتەڕوو و هەریەك لەبەشە پێکهێنەرەکانی ڕوخسارەکەشی لێکدانەوەیەکی سیمبولی و هێرمۆنۆتیکی بۆ دەکرێت ،لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بڵێین : عاشق لە ڕێگەی ڕووخسارەوە پەیوەندی دروست دەکات و بەبێ ڕوخسار کێشە بۆ پەیوەندییەکە دروست دەبێت ، بۆیە لەم پرۆسەیەدا روخسار مەرجی سەرەکییە لە بەدیهاتنی عەشقدا . ) [2].

ـ ئەوەی عەشقی سۆفیگەری لە دڵداریی جیادەکاتەوە ، پابەند بوونە بە ئەخلاق و ئاکارەوە ، لایەنی ڕۆحانی دەگرێتەوە و چێژەکان هەستین نەوەکو مادی و حەزوو ئارەزووە جەستەیی و سێکسییەکان بێت ، چونکە سۆفیگەری لە ئەدەبیشدا ( لە جیهانی زەمینەییەوە باڵاچوونە بەرەو جیهانی ئاسمان ، یەکەم پلەش پاکدامەنییە ، سەرەتای دوورکەوتنەوەیە لە خۆشایەتی هەستی و رووکردنە لە خۆشایەتی گیانیی واتە : لە عەشقی وێنەی هەستیەوە ، باڵا دەچن بەرەو دنیای گیان ، دنیایەکی پڕ لە خۆشەویستی و جوانی . بەم شێوەیە دوو جۆر شیعر بەرهەم هاتوون : شیعری کۆششی دەروونی بۆ دەروون پاك کردنەوە ، دووەم شیعری دیدگای سۆفیانە ، کە شیعری وەجد و بینینە لە بێژەی رەهادا . )[3] واتە : شیعری یەکەمییان پاککردنەوەی دڵ و دەروونە هی دووەمیشیان بەمەبەستی دەربڕینی سۆز و خۆشەویستییە بۆ دولبەر .

---

[1] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 178 .

[2] زەند ، سیروان جەبار ئەمین ( پ.ی.د.) ، بەسەنتەرکردنی چەمکی مەعشوق و چەمکی ئەویتر لەناو جیهانبینیی مەحوی و ئیمانۆئێل لڤیناس دا ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی 3 ، ژمارە 3، پایزی ، 2020 ، ل 156 .

[3] وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی رۆمی ، ل 266 ، 267، 268 .

## 4 - لایەنی لێکچوونی شیعری ئایینی و سۆفیانە

ـ جیاکردنەوەی ئایین لە سۆفیگەری کارێکی دژوار و ئەستەمە ، چونکە نە ئایین بێ سۆفیگەری دەبێت نە سۆفیگەریش بێ ئایین ، بۆیە دەبینین : لەناو ئایندا هەست بە سۆفیگەری دەکەین و بە پێچەوانەشەوە سۆفیگەری بنەماو ئەفکارەکانی خۆی لە ئاین وەرگرتووە . بەحوکمی ئەوەی تەریقەت یان عیرفان : ( ئەو رێگەیەی کە عاریفەکان دەیگرنەبەر بۆ چوونەوە نیشتمانی رەسەن پێی دەووديێت : تەریقەت یاخود عیرفان هەر ئەمەش حەقیقەتی ئایینە و ئایین بۆ ئەوە هاتووە ، کە مرۆڤ حەقیقەتی خودا و حەقیقەتی خۆی لێ تێك نەچێت و سەرگەردان نەبێت . ) [1] واتە : سۆفیگەری داهێنانەکی نوێ و نەبینراو نییە ، بەڵکو پەیرە و پرۆگرامێکە لەسەر بنەمای ئایین داهێنراوە ، واتە : سۆفیگەری لە ئایین بێبەری نییە ، بەڵکو هەردووکیان ئامانجیان یەکە، بۆیە هەردووکیان لەو خاڵەدا دەگەنەوە بەیەك ، کە ئامانجیان گەیشتنە بە جیهانی حەق .

بۆیە دەتوانین بڵێین : ئایینیش ، (کە خۆی بۆ یەکخستنی خەڵك و نەهێشتنی ململانێ هاتووە بێ عەشق دەبێتە مایەی ململانێ و جیاوازیینانەوە رەنگە ئەمەش بێت وای کردبێت زۆرێك لە عاریفەکان عەشق بە رۆحی ئایین بزانن ، ئەریك فرۆم زۆرجوان توانیویەتی ئەو حاڵەتە پیشان بدات کاتێك باس لەوە دەکات و دەڵێ : ئێمەی رۆژئاوایی خۆمان لەژێر دەسەڵاتی کڵێسا دەربازکرد تا ویژدانی ئایینی تاکەکان ئازادبێت بەبێ کەسیش هەموو کەسێك لە گەڵ خودای خۆی راز و نیاز بکات ، بەڵام تا ئەم کارەمان ئەنجام دا ویژدانی ئایینی نەما تا ئازاد بێت ، ئێمە ویستمان عەشق ئازاد بێت تا مومارەسەی بکەین ، بەڵام عەشق نەما تا مومارەسەی بکەین . )[2] ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات ئەگەر ئایین عەشقی لەگەڵ دانەبێت ، دەبێتە هۆی توندوتیژی و ئیجباری و ناچاری ئەو کاتەش پەرستش و ئەرکەکان لەسەر بەندەش قورس دەبێت و بەرگەیان ناگرێت ، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە . عەشق جۆرێك لە ئازادی بە مرۆڤ دەبەخشێت ، کە ئەرکەکانی لا خۆشەویست و ئاسان دەکات .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : ( ئەگەر عەشق زەمینەی ئایین بێت ، ئەوا لەم رووەوە لە ئایین گەورەترە ، بۆیە دەشێت مەرج بێت هەموو دیندارێك عاشق بێت ، بەڵام مەرج نیە هەموو

---

[1] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 35 .

[2] سەرچاوەی پێشوو ، ل 34 .

عاشقێك دینداربێت ، عاشقی نادیندار هەیە ،بەڵام ئەوەی تێدایە عاشقی دیندار عەشقەکەی ئامرازی رازیکردنی پەرستراوەکەیەتی ) [1]

ـ سۆفیگەری شتێکی تازە نییە لەسەر ئیسلام و لە ئیسلامیش جودا نەبۆتەوە ، شتێکی زیادیش نییە کە پاڵ درابێتە ناو ئیسلام ، بەڵکو سۆفیگەری بەشێکی گرنگی ناو فەلسەفەی ئیسلامە ، فەلسەفەی ئیسلام پێویستی بە فەلسەفەی سۆفیگەری هەیە ، کە ئەویش بەشی فەلسەفەی (تەزکیەیە) پاك کردنەوەی دڵ و پاککردنەوەی دڵیش کارێکە لە کارە گرنگەکانی پێغەمبەر (د.خ) و قورئانیش دووپاتی ئەمە دەکاتەوە ( **قَدْ أَفْلَحَ مَنْ تَزَكَّى (14)** أعلى ) لایەنێکی دیی سۆفیگەری گەیشتنە بە مەقامی ( الاحسان) واتە وا دەبێ خودا بپەرستی وەکوو ببینی ، خۆ ئەگەر تۆش ئەو نەبینی خوا تۆ دەبینێ . [2] بۆیە دەتوانین : بڵێین : سۆفیگەریی ئیسلامی لە ئیسلام وەرگیراوە و هەردووکیان یەکدیی تەواو دەکەن .

شعری ئایینی بنەمای شعری سۆفیانەیە ، بۆیە ڕەمز و بنەما و بیرەکانی خۆی لە ئایین وەردەگرێ ، ئەگەر تەمەشا بکەین : لەناو شیعری سۆفیانەدا چەندین وێنەی ئایینی هەیە ، بۆ نمونە : کێوی توور و مەسەلەی موسا پێغەمبەر ئەگەر چی ئاماژەیەکی ئاینییە ، بەڵام بۆتە ڕەمزێکی سۆفیگەری و لە ئەدەبیاتی سۆفیگەریدا دووبارە بۆتەوە ، بەتایبەتی لای وەفایی لە وێنەی کێوی توور زۆر دووبارە بۆتەوە و لە قاڵبێکی سۆفیانەدا داڕێژراوە هەر وەکو لە ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوە :

خودا بۆ خۆی دەزانێ مەنبەعی نووری خودایی بووی

دڕێغا ! نەخلی ئەیمەن ، مەزهەری نووری تەجەللاکەم ل145

ئەم شیعرەی وەفایی پەیوەستە بەو تۆمەت و گومانانەی ، کە هەروەکو خۆی دەڵێ : نەزانان دەربارەی شێخ عوبەیدوڵڵایان گوتووە هەر بۆیە وەفایی لێرەدا : وەسفی شێخەکەی دەکات و

[1] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 35 .
[2]

شایەدی باش و چاکی ئەوەی بۆ دەدات و دەڵێت :  خودا بۆخۆی دەزانێت ، کە شێخ پیشاندەری نووری خودایە ، وەك دارخورمای "  کێوی توور  "  شوێنی دەرکەوتنی

خۆپیشاندانی خوداییە  وەفایی دەڵێ : حەیف بۆ تۆ  ، کە ئەم قسانە دەربارەی تۆ دەکەن لەکاتێکدا تۆ :

نەسیمی فەیزی تۆ دین و دڵی دووبارە ئیحیا کرد

دریغا ! وەك مەسیحا باعیسی ئیحیایی مەوتاکەم          ل146

زۆرجار لە ئەدەبیاتی سۆفیانە بەگشتی و لە شیعرەکانی وەفاییدا بەتایبەتی باسی حەزرەتی مەسیح دەکرێت ، کە مردووی زیندوو دەکردەوە ، هەمان سیفەت و وەسفیش دەدرێتە پاڵ شێخ ، کە مردوو زیندوو دەکاتەوە ، بەڵام بۆ واتایەکی دی واتا : لێرەدا ڕەمزێك و وێنەیەك بۆ واتایەکی دی بەکارهاتووە ، چونکە حەزرەتی مەسیح (سەلامی خوای لێ بێت) کەسانێك کە مردوو بوون و گیانیان دەرچوو بوو ،  بە پشتیوانی خوای گەورە زیندووە دەکردنەوە ، بەڵام هی شێخ لێرەدا ؛ کەسەکە بە جەستە زیندووە ، بەڵام بە دڵ مردووە ، واتە : دڵەکان زیندوو دەکاتەوە و بە نووری خودا ڕۆشنیان دەکاتەوە .

وەفایی  بە شێخەکەی دەڵێت : تۆ هەناسە و بای بە بەرەکەت بووی و دڵ و دینت زیندوو کردەوە ، حەیف بۆ تۆ کە نەماوی ، تۆ وەك مەسیح مردووت زیندوو دەکردەوە  ، واتا : لەسایەی شێخەکەی دینیش زیندوو بۆوە و خەڵکی زیاتر بەرەو ڕووی دین هاتن ، ئەمەش ئاماژەیەکی ترە ، کە لای وەفایش  ئایین و سۆفیگەری یەکێکن و سۆفیگەری سود لە ئاین وەردەگرێ بۆ بەردەوامبوون و گەشەکردن .

یەکێکی تر لەو ڕەمزە ئاینیانەی ، کە لە شیعرە سۆفیانەکانی  وەفایی دووبارە بۆتەوە مەسەلەی خدری زیندەیە ، کە خۆشەویستی یارەکەی یان ساقی یان شێخەکەی بە خدری زیندە شوبهاندووە ، لە دێرە شیعرێکیدا دەڵێ :

چی وەك (وەفایی ) بەندەیە لەو باغی دڵ گوڵ خەندەیە

بەو جامە خزری زیندەیە (هذا طریق العاشقین ) ل 182

وەفایی وا باسی ڕێگای عاشقان و ڕێبازی سۆفیگەری دەکات ، کە هەرکەس وەك وەفایی لە باخی ئەو یارە بێت ، دەبێت ببتە بەندە و غوڵامی ئەو ، چونکە ئەو جامی دەستی یارە وەك حەزرەتی خزرە و قەت نامرێ ، ئاوایە ڕێگەی عاشقان ، لێرەدا : جامی دەستی یاری بە خدری زیندە شوبهاندووە واتە : وێنەیەکی ئاینی بۆ واتا و مەبەستێکی سۆفیانە بەکاهێناوە . بۆیە دەتوانین بڵێین : شیعری ئاینی بنچینەی شیعری سۆفیانەیە و هێندەی سۆفیگەری توانەوە و قوربانیدانی تێدانییە و بریتیە لە : ستایشی خوا و پێغەمبەر و یاران و پیاوچاکان و .. سەرزەنشتکردنی نەفس و دەوروبەر [1] .

ـ ئایین و سۆفیگەری دووانەیەکی پێکەوە گرێدراون ، چونکە ( تەریقەت لقێکە سەر بەدرەختی شەریعەت ، ڕێچکەیەکە بە ڕێگەی بەرینی شەریعەتەوە گرێ دراوە و سۆفی بەرەو لای حەقیقەت دەبات ، کە خوایە ، ئەوە سێکوچکەی شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەتە ، تەریقەت ڕێیەکی ڕاست نابێت ئەگەر لە شەریعەتەوە نەهاتبێت ، لە شایەتوماندا ،هەم حەقیقەت هەیە ، هەم شەریعەتیش ، بێجگە لە ئەڵلا هیچ خوایەکی دیکە نییە ، ئەوە حەقیقەتە ، موحەمەد پەیامهێنی خوایە ، ئەوە شەریعەتە ، واتە : هەردووکیان ئامانجیان گەیشتنە بە هەقیقەت بەڵام بە ڕێگا و شێوازی لەیەك جیا بەحوکمی ئەوەی سۆفی ڕێبواری ڕێیەکی دوور و سەختە ، بەچەندان وێستگەدا ڕەت دەبێت و وەختێکی زۆری پێ دەچێت ، ئەوسا دەگاتە هەواری حەقیقەت ، کە ناسینی خوای تاك و تەنیایە و یەکگرتنە لە گەڵیدا یان بزربوونە تێیدا . )[2]

ـ بوشرا کەسنەزانی پێی وایە : شەریعەت دەتوانێت بێ تەریقەت ، بەس تەریقەت بێ شەریعەت نابێ ، کاتێ ڕووحیەتی شەریعەتی زیندووکردۆتەوە [3] بەڵام ئێمە پێمان وایە : شەریعەت و حەقیقەت دوو شتی پێکەوە بەندن وەکو ڕوح و لاشە وەهایە بەم شێوەیە دەگەینە ئەنجام ، کە

---

[1] شوان ، ابراهیم احمد (پ.د.) ، ئەدەبی کۆنی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی یەکەم ، 2010 ، ل 23 .
[2] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، ل 74 .
[3] کەسنەزانی ، بوشرا ،پەیوەندی عیرفان و شیعر ، بەرنامەی ئێوارەی Nrt .دەقەی : 24 .

شەریعەت درەختێکی گەورەیە و تەریقەتیش لکەکانیەتی و حەقیقەتیش بەروبومەکەیەتی ، بەرەکەیەتی ، شەریعەت بێ هەبوونی حەقیقەت (مەحاڵە ) ، بەڵام حەقیقەتیش بێ پاراستنی شەریعەت هەر مەحاڵە ، بۆیە حەقیقەت ڕوحە و شەریعەتیش جەستەیە ، بۆ چاك كردنی ڕواڵەتە ، حەقیقەتیش بۆ چاككردنی ویژدانە ، وە پیاوانی ئەهلی تەسەوفیش لە هەوڵی نزیككردنەوەی شەریعەت و تەریقەت دان و وەتەسەوفیش بۆ پاككردنەوەی دڵ و دەروونە كەواتە : سۆفیگەری زانستێكە مرۆڤ لەسایەیدا دەگاتە حەقیقەت و ڕاستی .[1]

ـ خاڵی لێكچوونی نێوان سۆفیگەری و ئایین بریتییە لە وەی (( سۆفیگەری بە دوای خەیاڵ دەكەوێ و بە دڵ و بە گیان لە كردگار نزیك دەبێتەوە ))[2] واتە : ئامانجی نزیك بوونەوەیە لە خودای گەورە ، بەمەش لە ئامانجی ئایین نزیكدەبێتەوە ، كە هەندێ پێیانوایە : ئایین یان ( شەریعەت مەعریفەی ئەو شێوازەیە بۆ گەیشتن بە خودا و حەقیقەت بینینی بەردەوامیەتی و تەریقەت شێوازی ڕێگای شەریعەتە ، بەو پێیەی شەریعەت و حەقیقەت لەیەك ناكرێنەوە ، بۆیە ڕێبازی سۆفیگەری پێی وایە : هیچ حەقیقەتێك بەبێ شەریعەت لە ئارادانیە بەهەمان شێوەش هیچ شەریعەتێك بەبێ حەقیقەت لەئارادا نیە [3]

بۆیە سۆفییەكان ئاین دەكەن بەدوو بەشەوە : شەریعەت و حەقیقەت . شەریعەت بۆ خەڵكە ڕەشۆكە و سادەكەیە ، حەقیقەتیش بۆ كەسانێكی تایبەتە ، بە شەریعەت دەڵێن زانستی ئاشكراو بە ویدییش دەڵێن : زانستی نائاشكرا و نادیار و دەروون ، چونكە زانستی ئاشكرا سەرچاوەكەی قورئان و سوننەتە ، بەڵام زانستی حەقیقەت زانستی دەروونە ، سۆفییەكان پێیان وایە لە خودای گەورە وەریدەگرن ، لە ڕێگەی دڵ و سروشەوە لە پەیامهێنەرەوە ئەو زانستە دەروونییەیان پێ دەگات .[4]

**دووەم : لایەنی جیاوازییان بەنموونەی شیعری**

[1] عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەكانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەكەم ، 2015، ل 57.

[2] خەزنەدار، مارف ، مێژووی ئەدەبی كوردی ، چاپخانەی ئاراس ، بەرگی چوارەم ،2004، ل 21.
[3] بەرزنجی ، عەبدولرەحمان بێلاف ، چەند بابەتێكی زانستی تەسەووف ، ل 234.
[4] ئەمجەد شاكەلی. خوێندنەوەیەكی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، ل 163.

پاش ئەوەی لە تەوەرەکەی پێشوو باسمان لە لایەنی : " لێکچوونی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە " کرد ،کۆمەڵێك خاڵێ هاوبەش و لێکچوونمان خستەڕوو و بە نمونەی شیعری شیمان کردەوە ، لەم تەوەرەدا باس لە لایەنی : " جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە " دەکەین ، چونکە ئەگەر ئەم سیانە خاڵی هاوبەشیان هەبێت ، ئەوا بێگومان کۆمەڵێك خاڵی جیاشیان هەیە ، کە لە یەکتریان جیادەکاتەوە ، بۆیە بە پێویستمان زانی لەم تەوەرەدا ئەم بابەتە بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە .

لەسەرەتادا باس لە لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە دەکەین ، دواتر باس لە لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی دەکەین ، لە دواتریشدا باس لە جیاوازیی شیعری ئایینی و سۆفیانە دەکەین ، لە کۆتایشدا باسی جیاوازیی شیعری دڵداریی و سۆفیانە دەکەین .

## 1 - لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی و سۆفیانە

- هەریەکە لەم سێ جۆرەی شیعر خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیانن ، شیعری دڵداریی ئەو شیعرەیە ، کە باس لە خۆشەویستی کچێك دەکات ، شیعری ئایینی باس لە بابەتە ئاینییەکان دەکات ، شیعری سۆفیگەری باس لە عەشقی حەقیقی دەکات ، کارەکتەری شیعرەکانیش خۆیان لە عاشق و خودناس و سۆفییدا دەبیننەوە . شیعری دڵداریی بەکاهێنانی فەرهەنگی دڵداریی و عاشقانەیە و سوود لە چیرۆك و ئەفسانە و داستانە دڵدارییەکان وەردەگرێت و لە شیعرەکاندا ئاماژەیان پێدەکرێ ، هەرچی شیعری ئاینییە پێویستی بە بەکارهێنانی نیشانە و وێنە و ڕەمزە ئاینییەکان هەیە ، دەقئاوێزانە لەگەڵ قورئان و فەرمووده و داستانە ئاینییەکان .

شیعری سۆفیانەش سوود لە هەردووکیان وەردەگرێت و بەڵام واتای دییان لێ باردەکات ، واتە : شیعری سۆفیانە دەقێکی کراوەیە ، ئەمەش بەو واتایەی زیاتر لە دەقەکانی دی پێویستی بە تەئویل هەیە بۆ ئەوەی بە دروستی لە دەقەکە تێبگەی واتا : دەقی سۆفیانە دووجار پێویستی بە تەئویل و

تەفسیر هەیە و دووجار ڕەمزە . بۆیە شیعری سۆفیانە سروشتەکەی وایە :لە پشت هەر واتایەك واتایەکی دی خۆی نیشان دەدات ، بەڵام ( چێژی دەق ئەو کاتە پلەکەی بەرزدەبێتەوە ، کە واتای دووەمی دەق واتایەکی زەمینی و دونیایی نەبێت و هۆشی مرۆڤ پەلکێش بکات بۆجوانییەکی نەبینراو بە چاوی سەر ، بەڵکو مەعنەوییەت و باتینییەتی ئەو کەسانەی لەناو ئەزموونەکەدان دەرك بە جوانییەکە بکەن و ئەو جوانییەش سەرچاوەکەی ئەو دیو سروشت و هۆشی مرۆڤ بێت . )[1] ئەو زمانەی سۆفییەکان پێی دەنووسن ، زمانێکی ڕەمزییە ، شارەزای ئەو زمانە و هونەری نووسینی سۆفیانە نەبین ، لە تێکستیان تێناگەین ئاخر لە دەقەکانیاندا ، نەك هەر وشەکانیان تەنانەت حەرفەکانیشیان ڕەمزن . [2]

وەفایی لە شیعری (11) دا جۆرێك لە شیعرمان نیشان دەدات ، کە هەر سێ ناوەڕۆکەکەی لەخۆ گرتووە ، سەرەتا بە ئاینی دەست پێدەکات و لە ناوەڕاست دڵداریی و لە کۆتایشدا بە سۆفیگەری کۆتایی دێت :

بەخۆڕایی نییە سووتاوی ڕووتە عاشقی شەیدا

لە ڕووتی دیوە جیلوەی ئاتەشی (سینا) لە سینەیدا　　　ل41

وەفایی دەڵێ : عاشقی شەیدا لە خۆڕایی نییە بە دیتنی ڕووی تۆ دەسووتێ ، لەسنگیدا ئاوری سینا بەربووە تا جیلوەی ڕووی تۆ دەبینێ ، ئەمەش ئاماژەیە بە چیرۆکی موسا و خودای گەورە ، کە چیرۆکێکی ئاینییە ، بەڵام بۆ دڵداریی و بۆ سۆفیانەش بەکاردێت ، ئینجا بەرە و ناوەڕاستی شیعرەکە دەڕۆین و دەبینین وەفایی دەڵێ :

درۆت فەرموو حەزم بێ نایەڵم ، گەر ڕاست دەڵێی سادەی !

فەرەنگی قەومی دەججال ـ ئەی مەسیحا ـ دەوری کەعبەی دا　　ل42

کاتێك وەفایی وشەی درۆ بەکاردەهێنێت ، لێرەدا هەست دەکرێ : مەبەست یاری زەمینی بێت ، نەوەکو عەشقی حەقیقی ، کاتێك دەڵێت : درۆت کرد گوتت نایەڵم : فەرەنگی قەومی دەججال دەوری ڕوخسارم بدەن ، ئەوە نییە دەوریان داوی ؟ پاشان بەرەو عەشقی حەقیقی هەنگاو دەنێت و دەڵێ :

---

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 104.

[2] حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عیشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، 2017 ، ل 13 .

له سینەمدا چ شیرین دڵ دەناڵێنێ بە مەحزوونی

وەرن لەو شیوە گوێ بگرن لە شین و شیوەنی نەیدا

مەکەن مەنعی (وەفایی) چونکە سەرگەردانی جانانە

لــەسەر دینی کە شێخی خانەقا بردی کە تۆبەی دا                                   ل 43

لێرەدا : وەفایی باسی حاڵەتی دڵی خۆی دەکات ، کە بە نارەحەتی و پەرێشانییەوە دەناڵێنێ و دەڵێ : وەرن لە شیوەنی دڵم گوێ بگرن ، کە وەك نەی شیوەن دەکات ، دیارە ئەمەش لەحەژمەت دووری یارەکەیتی ، بۆیە مەنعی وەفایی مەکەن ، چونکە شێت و سەرگەردانی جانانە ، هەر لەبەر ئەوەش بوو ؛ شێخی خانەقا بردی تۆبەی پێ بکا ، چونکە لە حەیبەت یار شێت ببوو و دینی لە دەست چوو بوو ، واتا : عیشقەکەی لە عەشقی زەمینییەوە بەرەو عەشقی حەقیقی دەگوازێتەوە و ڕوو لە خانەقا و شێخ دەکات ، بۆ ئەوەی بەرەو ئەو جیهانەی ببیات و بە عەشقی حەقیقی ئاشنای بکات ، چونکە دوو عەشق لە دڵێکدا جێگای نابێتەوە دەبێت یەك بۆ یەکێکیان چۆڵ بکات .

تایبەتمەندیی ئەم شیعرە لەوەدایە : هەریەکە لە دێڕەکان بە وشەی فەرهەنگی خۆیان دەناسرێنەوە ، کە سەر بە چ بوارێك و مەبەستێکی شیعرین ، ئەگەر چی لە بۆتەی یەك شیعریشدا جێگایان کرایتەوە ، بەڵام ناوەڕۆك و مەبەست لەیەکترییان جیادەکاتەوە .

ـ یار بە پێی هەر سێ جۆرەکەی شیعر دەگۆڕێ : لە شیعری دڵداریی کچێکە ، لە شعری ئاینی کەسێکی دینییە ، لە شعری سۆفیگەریش خوا یان پێغەمبەر یان شێخە یان هەر کەسێکی ترە ، لە مەسەلەی عەشق و خۆشەویستیدا ، ئەوەی بۆتە گرفت لەبەردەم وەرگری ئەو دەقە ئەدەبییانەدا ، بریتییە لە گواستنەوەی کێڵگە واتاییەکانی عەشقی مرۆڤی بۆ عەشقی خودایی و چۆنیەتی کارلێککردن و کارلێکنەکردنی ئەم دوو چەمکە لەگەڵ یەکتری ، چونکە ئەگەر غەزەل وەك میراتێك بۆ شاعیرە سۆفییەکانیش مابێتەوە ، ئەوا وەك چۆن پرسی خۆشەویستی ڕەگەزی هەرە سەرەکی و بابەتی هەرە دیاری غەزەل بووە ، سۆفییەکانیش ئەم بابەتەیان وەك خۆی لە ڕوو کارەکەیەوە وەرگرت ، بەڵام بە بۆنەی بیری تەئویلیانە پاساوی ناوەڕۆکیان هێنایەوە و کردیانە پێوەر و لەو لۆجیکەدا جێگایان بۆکردەوە ، کە دەشێ عەشقی خودایی بەهەمان شێوازی عەشقی مرۆڤی دەببڕدرێ ، بۆنمونە زاراوەکانی : مەی و ساقی و بادە و مەیکەدە و مەیخانە ... هتد

ئەم زاراوانە لەناو ئەدەبیاتی سۆفیانەدا تایبەتمەندیی خۆیان هەیە و( هەروا بە وشەیەکی ئاسایی سەیر ناکرێن ، ئەگەر چی لەبەردەم وەرگری ئاساییدا واتاکانیان تەنێ واتای فەرهەنگین و هیچ واتای تریان لێ بارناکرێن ، بەڵام ئەگەر دەق تام و بۆی سۆفیگەری لێ بێ شاعیریش سۆفی بێت ، ئەوا ئەم وشانە واتای دی دەدەن بەدەستەوە ، بەڵام ئەگەر وەرگر ئاسۆی پێشبینییەکانی سست بێت و بەدەقێکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا بکات ، ئەوا؛ لەو حاڵەتەدا هەڵبەز و دابەزی واتا نامێنێ و دەق لەبارێکی تەجریدی و چەقبەستوویی خۆی نیشان دەدات . )[1]

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەوا بڵێین : ئەوە تەئویل و هێرمۆنتیکایە دەتوانێت کێشەی واتامان لە دەقێکی سۆفیانە بۆ چارەسەر بکات ، بە تایبەتی لە شیعرەکانی وەفاییدا ، کە تێکەڵییەك و چوونیەکییەکی زۆر لەنێوان ئەم شیعرانەدا دەبینرێت ، نازانرێت یار کێیە ؟ زەمینییە ئاسمانییە یان ئاینییە ، بۆیە زۆر ئاساییە تۆی خوێنەر بە پێی لێکدانەوەی خۆت و ژینگە و باکگراوندی دەق و واتا و گوزارشتی جیاواز بەرهەم بهێنی ، چونکە زمانی دەق سیمۆلۆژییە ، دەق کراوایە ، بە پێی هێرمۆنتیکا خوێندنەوەی جیاجیای بۆ بکرێت .

## 2 - لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و ئایینی

شیعری دڵداریی باسی کەسێکە و باسی یارێکە لەچوارچێوەی عەشق و خۆشەویستیدا دەسوڕێتەوە ، بەڵام شیعری ئاینی باسی بابەتەکانی ئایین و کەسایەتییە ئاینییەکان دەکات بابەتەکانی شیعری ئایینی لەگەڵ شیعری دڵداریی جیاوازیان هەیە ، لە شیعری ئاینیدا باسەکانی پاڕانەوە و ستیاش و پێداهەڵدان و بابەتە ئاینییەکان و پاڕانەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەر تکایان بۆ بکات دەبینرێ ، بۆنمونە ؛ لە شیعری (90 ) کە وەفایی ستایشی پێغەمبەر( د.خ ) دەکات و دەڵێ :

ڕۆحم بەفیدات ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە

لوتفت هەبێ ڕوو وابکە مەقسوودە مە ، دینە

بەو جێگە بوویتە شەرەف و قورب و مەقامت

لوتفت ببێ بمبەخشە وەرە جورمێ مـــەبینە ل 267

[1] خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2016 ، ل 61 ، 127.

وەفایی لەم شیعرەدا خۆی بە فیدای پێغەمبەر ( د.خ ) دەکات و دەڵێ : ئەی گوڵی گوڵزاری مەدینە ڕۆحم بە فیدات بێ ، لوتفت دەرحەق من ببێ مەبەستی ئێمە دینە ، داوا لە پێغەمبەر دەکات داوای شەفاعەتی بۆ بکات و چاو لە گوناھ و تاوانەکانی ببەخشێ .

ـ عەشق پێش زەمینەی ئایینە ، (ئایین بە عەشق لە بارێکی قورس و گرانەوە بۆ مامەڵەیەکی بەلەزەتی ناوەکی و ڕاز گۆڕینەوە دەگۆڕێت ، دەشێت عاریف عاشق بێت ، بەڵام مەرج نیە هەموو عاشقێك عاریف بێت ... عیشقیش وەك ئایین نەماهیەتی پوخت و جیای هەیە کە بیناسینەوە ، بەڵکو هەمیشە تێکەڵە لەگەڵ بابەتەکانی دیکە . )[1] بە حوکمی ئەوەی عەشق ، یەکێکە لەو بابەتانەی ( بە پێی قۆناغ و تێڕوانینی ئایینی و فەلسەفی و هزری و جوگرافیایی ، گۆڕانی زۆری بەسەر دادێت . واتە : ڕوانگەی جیاوازیی زۆر هەن بۆ ئەوەی بنەما و ڕێساکان و ناسنامەکەی دیاری بکەن . بۆ نمونە لەڕوانگەی ئایینەوە عەشق سەردەکێشێت بۆ دۆخی پەرستن ، بە تایبەت لەو جۆرە عەشقەدا ، کە سەرچاوە و ئایینەکان وەك عەشقی خودایی ناوی دەنێن . )[2] واتە : کاتێك تۆ شتێکت زۆر خۆشدەوێت ئەوا : دەیپەرستی و دەبی بە کۆیلە و بەندەی ئەو ، بۆیە سۆفیگەریش دووپات لەسەر عەشق و خۆشەویستی دەکاتەوە .

ـ جیاوازیی شیعری دڵداریی لەگەڵ شیعری ئایینی ئەوەیە : کە باس لە یار دەکات و بە ئاشکرا هەست بەمە دەکرێت چێژێکی جەستەیی لێوە هەڵدەقوڵێ ، کە ئەم شیعرە بۆ کچێك نووسراوە، بۆنمونە وەفایی لە شعری ( 19 ) دەڵێ :

گوڵەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت

عیلاجێ ! چارەیێ ! ڕوحمێ ! ئەمان دەستم بە دامـــانت

غەریبی تۆم ، نەخۆشی تۆم ، بە گۆشەی چاوی بیمارت

ئەسیری تۆم ، شەهیدی تۆم ، بە نووکی تیری موژگانت ل 63

[1] غەریب، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، ل 37 ، 31.

[2] محەمەد، پ . د. محەمەد دلێر ئەمین; میرە ، محەمەد ڕەشید م.ی ئەحمەد ، گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە ـ ی شێرکۆ بێکەس ) دا ، ل 76 .

وەفایی ئاماژە بە ناوێك دەكات و دەڵێ : ئەی گوڵئەندانم زولفی پەرێشانی تۆ وەك تەنافی خنكاندنی ملی منە ، دەستم بە دامانت عیلاجێ ڕوحمێكم پێبكە ، گلەیی لێ دەكات ، كە بە گۆشەی چاوی بیماری غەریب و نەخۆشی خستووە و بە نووكی تیری موژگانی ئەسیر و شەهیدی كردووە واتە : وشەكان دڵدارییین و باسی بابەتێك یان كەسایەتییەكی ئاینی ناكات .

ئیشارەت ئافەتی ڕۆحم ، كەلامت غارەتی دینم

تەبەسسوم سیحری لێوانت ، تەكەللوم ڕەمزی چاوانت

مەگەر سەرتاقەدەم زولفت وەكو و من خاو و شێواوە

كە سەرگەردان و سەودایە لەسەر چاكی گەریبانت ؟ ل63

وەفایی ئاماژە بەوە دەكات ، كە یارەكەی كاتێك ئیشارەی لێ دەكات لەبەر ئەوەی ئافەتی ڕۆحیتی ، كە قسەی لەگەڵ دەكات دینی بە تاڵان دەبا ، ئینجا بەرە و ئیرۆتیكییەتیش هەنگاو دەنێت ، كە دەڵێ : تەواوی ئەندامی زولفت وەك من شێواوە ، كە لەسەر درزی یەخەی تۆوە سەرگەردان و بڵاوبۆتەوە .

دەڵێی شەككەر فرۆشی شاری میسرە وا بە شیرینی

بنازم ! خاڵی وەك هیندوو لە گۆشەی لێوی خەندانت

ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین دام بە سورمەی چاوەكان ، ئیدی

بەسم سەودازەدە و ڕیسواكە ، تۆبی و دین و ئیمانت ل 63

وەفایی وەسفی جوانی یارەكەی دەكات و خۆشەویستی خۆی بۆ دەردەبڕێت ، كە خاڵی لێوی یارەكەی بە شەكەر فرۆشی شاری میسر وەسف دەكات ، كە شیرینی لێوی دەفرۆشێ ، وەفایی لە یارەكەی دەپاڕێتەوە و دەڵێ : تۆبی و دین و ئیمانت كەمم شێت كە ، دین و دونیام ئەگەر هەبوو هەردووكم بۆ سورمەی چاوی تۆ دا . واتا : ئەم عەشقە هۆكارە بۆ ئەوەی لە دینی دووربخاتەوە .

ـ وەفایی بەشی زۆری دیوانەکەی بۆ خستنەڕووی عەشق و خۆشەویستی خۆی بۆ یار تەرخانکردووە ئاساییە ئەگەر بە شاعیری دڵدارییش ناسرابێت ، ڕاستە وەك خۆی دەڵێت : بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ستایشی پێغەمبەر (د.خ) نووسراون ، بەڵام ئێمە پێمان وایە : بەهەمان تام و بۆی دڵدارییانە داڕێژراون و بۆن و بەرامەی دڵداریی دەدەن ، نەوەك ئایینی و وەسفی ئەوزاتە ، چونکە ئەو عاشق بووە بە جوانی و گەورەیی ئەو زاتە ، لە ژێر کاریگەریی عیشقە کۆنەکەی کە یاری مەجازی بووە شیعرەکانی داڕشتووە .

### 3 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری ئایینی و سۆفیانە

ـ شیعری ئایینی جیاوازیی هەیە لەگەڵ شیعری سۆفیانە ، بەوەی شیعری ئایینی بابەتی ئایینی لەخۆ دەگرێت ، بەڵام شیعری سۆفیانە بابەتەکانی سۆفیگەری لە خۆدەگرێت . ئیبن سینا جیاوازیی لەنێوان زاهید و عابد و کەسی سۆفییدا دەکات و دەڵێت : (زاهید لە پێناوی ژیانی دواییدا دەستبەرداری دونیا دەبێت ، عابد لە دونیادا کار دەکات لە پێناوی بەدەستهێنانی ژیانی دوایی ، بەپێی ئیبن سینا ئامانجی زاهید و عابد یەك شتە ، بەڵام ئامانجی زاهید نێگەتیڤ و هی عابد پۆزەتیڤە ، هەرچی عارفە ، کە لای ئیبن سینا ، بریتییە : لە سۆفی تا گەیشتن بە پلەی کەماڵ بەردەوام دەبێت لە ڕاهێنان و مەشقی دەروونی . )[1] واتا : هەریەکەیان بە ڕێگە و شێوازی خۆیان خودا دەپەرستن . کەسی عابید و خواناس مەرج نییە سۆفی بن ، بەڵام سۆفیی ئیسلامی دەکرێ بڵێین : خودا پەرستە .

لە شیعری 25 وەفایی باسی ئایینی و سروشت و سۆفیگەری تێکەڵ دەکات ، بەڵام ئێمە لێرەدا دێرە شیعرەکان بە پێی شیعری ئاینی و سۆفیانە شیدەکەینەوە و ئاماژەیان پێدەدەین : وەفایی دەڵێ : گوڵ وەکو بووکێ بە سەبر و ناز و بە مەستی خوماری لە پەردە هاتەدەر و دڵ و دینی فریودابن .

فریبی دین و دڵان لە پەردە بووکی گوڵان

سەبر سەبر هاتەدەر بەناز و مەست و خومار ل77

[1] عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، 1مارە یەکی ساڵی 2008، ل 21.

لاله و گوڵه باغی وەك شەهیدی ڕێگەی خودا بێ دەنگ ماون ، گوڵه باغ خوێناوییه و لاله دڵی پڕ داغه ، لێرەدا وشەی شەهید چەمكێكی ئاینییه بەكاریهێناوه .

لاله و گوڵ بێ سەدان ، شەهیدی عەشقی خودان

ئەم بەتەنی پڕ له خوێن ئەو بەدڵی داغدار        ل 78

پەردەداری شەو و ڕۆژ (خودا) ئایەتی بۆ دڵ نارد و ( كه مەبەست له دەركەوان داپۆشەر ئاماژەیه : بۆ ئایەتی : ( يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (6) سورەتی الحدید ) پەردەدار به دەرخستنی زولفی ڕەشی سونبولی خسته سەر ڕووی گوڵان ، پەڕە پەڕەی گەڵای داران بۆ خاوەن دڵان سەرمەشقێكه و مامۆستایەكه ، كه بیخوێنێتەوه . لەم دێرەدا ئاماژەی ئایینی و سۆفیگەری هەیه ، كاتێك دەڵێت : پەڕە پەڕەی گەڵای داران بۆ خاوەن دڵان ، كه مەبەست ئەهلی سۆفیگەرییه مامۆستایەكه واتا : ڕیبەر و ڕینیشاندەرێكه .

زولفی ڕەشی سونبوڵان ، خستیه سەر و ڕووی گوڵان

ئایـــەتی نـــارد بۆ دڵان ، حـــــاجیبی لەیـــل و نەهــــــار

بۆ دەرسی ئەربابی دڵ ، پەڕ پەڕی ئەوراقی گوڵ

هەر دەرسی عیشقه حاسڵ ، سەرمەشقی ئامووزگار        ل 79

وەفایی دووباره باسی سۆفیگەری و ئایینی تێكەڵ بەیەك دەكات و دەڵێ : لەبەر چاوی ئینسانی هۆشیار باغی بەهار باغ نییه ! ! بەڵكو وەكو مەیخانەیه پڕه له مەی و پەیمانه و شەمع و پەروانه ، پاشان دەبێته ئایینی و دەڵێ : بێجگه له ئاو ، كه بەزۆری و بەكەمی به دەنگی بەرز و نەوی باسی خودا دەكا ، هەموو شتێ له زیكری ئەڵڵا دایه ، یانی ئەوان به بێ دەنگی و ئاو بەئاشكرایی ، دیاره

بابەتی زیکر هاوبەشە لەنێوان ئایین و سۆفیگەری بەحوکمی ئەوەی هەروەکو لە پێشوتریش ئاماژەمان پێدا سۆفیگەری ئیسلامی لە ئایین وەرگیراوە .

باغ نییە مەیخانەیە ، پڕ مەی و پەیمانەیە

هەر شەم و پەروانەیە ، لەبەر چاوی هۆشیار

غەیری ئاوی زۆر و کەم ، بە زەمزەمەی زیر و بەم

دەخوێنین بە هەموو دەم ، مەعریفەتی کرگار ل 80

ئینجا شیعرەکە دەبێتەوە سۆفیگەری و دەڵێ : ماوەیەك بە قسەی نەفست مەکە و بە دووی دڵی خۆت بکەوە تاوەکو شەو ڕۆژت لێ دیار بێ واتە : باش و خراپت لێدیاربێ و بێئاگا نەبی ، پاشان دەڵێ : تۆبەکار هەر ئەوە نییە هەر بە نوێژ و ڕۆژی و زەکات خۆی بە موسوڵمان بزانێ ، یان بە واتایەکی دی چاوی لە دووی وەرگرتنی زەکات بێ ، بەڵکو دەبێ شەرم و حەیای هەبێت و خودا بە قەلب بناسێ .

دەمێك نەفس بگرەوە ، وە دووی دڵی خۆت کەوە

بزانە ڕۆژ یا شەوە ، خەوت نەیە هەستە کار

هەزار سەوم و سەلات بێ ، چاوت لە دووی زەکات بێ

خودات نییە حەیات بێ ، قەت وانییە تۆبەکار ل80

بۆیە وەفایی تووڕە دەبێت و تف دەکاتە ئەخلاق و ئەعمال و کردار و ژیانی و دەڵێ : دوکانت هیچی تێدانییە و خەڵکی چیت لێبکڕی واتە : کەسایەتی و ژیانی مرۆڤ بە دوکانێك دەچوێنێت ، کە خەڵکی شتی لێبکڕن و شتی لێوە فێرببن ، لەکاتێکدا عالەمی مومکینات لە دیار و نادیارییەوە وەك کتێب و نوسراو قسەکەر وان وەسفی خودا دەکەن .

تف لە ڕەنگ و ڕەوانت ، دەگەڵ فیعل و ژیانت

چی تێدایە دووکانت ؟ چت لێ بکڕێ خڕیدار ؟

مومکینی سرڕ و نەهان ، هەم سوحوفن هەم بەیان

هەم کیتابن هەم زوبان ، بە وەسفی پەروەردگار ل 81

بۆیە لە کۆتاییدا وەفایی پێمان دەڵێت : کە ئەم قسانەی لەگەڵ خۆیتی و ئامۆژگاری خۆی دەکات و دەڵێ : قسە هەزارە و دووانی بەکارە ئەگەر پێت خۆشە بەخودا بگەی دەبێ بمری ، پاشان دەڵێ : وەفایی لە خەو هەستە ئیدی حەیات بێ بەسیەتی گێژی و مەنگیی تۆ لە شار و دێ دەنگی داوەتەوە .

قسە بیست و چوارە ، هەر یەکێکیان بەکارە

ڕێگای خودای دیارە ، بمرە ببە ڕەستگار

لە خەو هەستە ، حەیات بێ ! هێندە بەستە

وەفایی گێژ و مەستە ، دەنگە لە شار و بازاڕ ل 81

## 4 ـ لایەنی جیاوازیی شیعری دڵداریی و سۆفیانە

ـ شیعیری دڵداریی جەستەیی و ئیرۆتیك لە گەڵ شیعری سۆفیانە جیاوازیی هەیە ، چونکە لە شیعری دڵداریی جەستەیی چێژی سێکسی هەیە ، بەڵام لە شیعری سۆفیانە هەستی گیانی و رۆحانی هەیە و بەدەرە لە چێژە سێکسی و جەستەییەکان ، ئەگەر لەو لایەنە نزیك بۆوە ئەوە بە شیعری سۆفیانە هەژمار ناکرێ و دەچێتە خانەی شیعری دڵداریی جەستەیی . واتە: شیعرێك کە بەشە سێکسییەکانی ئافرەت و پیاو باس بکات ئەمە خۆی لە شەهوەت و ئارەزووودا دەبینێتەوە ، بەدەر لە عیشقێکی ڕووحی و جیایە لەو شعرە ڕووحی (عوزری / گیانی) یانەی ، کە عاشق بە بینینی

مەعشوقەکەی دەکەوێتە حاڵی سۆفیانە و خوێنەر بەرەو ئێستاتیکای ڕوحییانە و سۆفیانە ئاڕاستە دەکەن .

ـ جاری وا هەیە وەفایی لە یەك دەقدا باسی دوو جۆر لە یارمان بۆ دەکات ، جارێکیان یارەکەی کچێکە و جارێکی تریش یارەکەی حەقیقییە ، تەنانەت جاری واهەیە دەبێت بە شیعرێکی کراوەش ، دیارە هۆکاری ئەمەش دەکرێ بڵێین : دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی (هونەرمەند لە هونەرەکەیدا جیهانێك بنیاد دەنێ ، تا ئارەزووە چەپێنراوەکانی خۆی تێدا بخاتەڕوو ) [1] بۆیە ؛ زۆر ئاساییە هەست و نەستێکی دڵدارییانە بۆ کچێك تێکەڵ بە دەقی شیعرێکی سۆفیان ببێت ، چونکە دەق خۆی دووبارەبوونەوەی دەقەکانی پێش خۆیەتی و لەهەمان کاتیشدا ئەو شتانەی لەناوەوەی کپ کراون دەکرێ جارێکی دی سەرهەڵبدەنەوە و بەتایبەتی لە حاڵەتی بێ ئاگایدا ، بۆیە دەبینین شاعیر لە یەك دەقدا جارێك یارەکەی دەکاتە یارێکی مەجازی و جارێکی دی دەیکاتە حەقیقی ، چونکە دەق خۆی لە حاڵەتی نائاگایی لە دایك دەبێت ، بەڵام تۆی خوێنەر بە خوێندنەوە جیاوازەکان دەکرێ دەق بکەی بە دەقێکی کراوە . دەقی کراوەش : (( لە بنەرەتەوە پەیوەستە بە هێرمۆنتیکاوە ، چونکە واتای ئەم زاراوەیە پەیوەندی بە راڤەکردن و تەئویلی تێکستی ئەدەبی و هونەرییەوە هەیە ، بەو پێیەی تێکست کراوەیە لەوەی چەند مانا و چەند تەئویل هەڵدەگرێت . هەر وەك چۆن تیۆری رەخنەیی لە پرۆسەی گەڕان بە دوای واتای دەقدا ."سێ جۆر " لە واتا دیاری دەکات : واتای دانەر و واتای دەقی و واتای خوێنەر )) [2] ، واتا یەك دەق دەکرێ لای شاعیر واتا و مەبەسێکی هەبێت و لە ناو دەقیش واتایەکی دیی هەبێت و تۆی خوێنەریش بەپێی باکگراوند و زانیاری خۆت و لێکدانەوە و تەئویلی خۆت واتایەکی دیی بۆزیاد بکەی ، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە هەر بۆ دەقێکی سۆفیگەری زۆر گونجاو و لەبارە ، چونکە بەحوکمی ئەوەی ( ئەدەبیات خۆی لەسەر ڕەمز و زمانی دووەم دەچێت بەڕێوە ، بەڵام ئەدەبیاتی سۆفیگەری دووجار ڕەمز بەکاردەهێنێت ) [3] بۆیە ناتوانین وا بە ئاسانی جیاوازیی بکرێت لە نێوان دەقێکی دڵداریی ، کە بۆ عەشقی " حەقیقی " نووسرابێ یان " مەجازی " ، بۆ چارەسەری ئەمە تەنها دەبێت پەنا بۆ تەئویل و هێرمۆنتیکا ببەین .

---

[1] عزیز، م . ی. ڕەنجدەر ازاد; کریم، باوەددین م.ی. شاخەوان ، جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە ، ل 97 .

[2] سەعدوون، پ . ی. د. سامان عیزەدین ، دەقی کراوە ، بنەما و پراکتیك دەقی (زێوان)ی سەباح رەنجدەر بەنموونە ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، 2020، ل 75 ، 76 .

[3] کەسنەزانی ، بوشرا ،پەیوەندی عیرفان و شیعر ، دەقەی : 45 .

ـ له لایەکی دییشەوە ئەزموونی شیعری وەفایی خۆی له ڕۆمانسییەت و ناسکیدا دەبینێتەوە ، بۆیە ئەگەر تەمەشا بکەین (( مەولەوی ناوبراوە بە شاعیری سروشت بەڵام وەچەرخانی سروشت بۆ ئەزموونی رۆحی لە لای وەفایی قووڵترە وەك لە مەولەوی ، ئەمەش وایکردووە وەفایی زۆر ناسکبێت ، بۆیە زۆر شیعر هەیە واگومان براوە بۆ ئافرەتی وتبێت ، لەکاتێکدا بۆ ئافرەتی نەوتووە ، بەڵکو ئەزموونەکەی ناسکە )) [1]

له شیعری (85) دا شاعیر هەردوو جۆری شیعری سۆفیانە و دڵداریی تێکەڵ دەکات و دەڵێ:

ئەلا ئەی ساقی مەستان ! بەحەققی پیری مەیخانە

بەگەردش بێنە جامی مەی بە یادی چاوی جانانە

ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس بە حەققی تاری ڕۆحانی

بڵا بێ نەغمەکەی سازت کە ئاوی ئاوری هیجرانە ل254

لەم شیعرەدا وشەکانی پیری مەیخانە و ساقی و ڕۆحانی و مەی و ... هەموو دەلالەت لە شیعری سۆفیانە دەکەن و تام و بۆی عەشقی حەقیقی دەدەن ، کاتێك وەفایی داوا لە ساقی دەکات لەبەر خاتری پیری مەیخانە جامێك مەی بداتێ تاوەکو بێهۆش بێت و ساز لێدەری مەجلیسیش تارە ڕۆحییەکەی لێبدا ، تاوەکو ببێتە ئاو و ئاگری دووری یاری پێبکوژێتەوە .

ئەگەر شەوقی جەماڵی تۆ نەبێ من مەست و حەیرانم

لەبەرچی بۆتە بولبول گوڵ ، چرا بۆ چ بۆتە پـەروانە

لە شەوقی تۆیە سەرمەستە ، بە زەوقی تۆیە پا بەستە

ئەگەر عاریف لە کەعبەیدا ، ئەگەر کافـــــر لە بوتـــخانە

لە شیرینی جەماڵی تۆیە ڕۆژی ڕوونی لەیلایە

[1] حەمەغەریب ، تەحسین ، ئەدەب وەك ڕزگارکەر ( بەشی حەوتەم : وەفایی ) ، کتێبخانەی گەشە ، چاپی یەکەم ، 2019 ، سلێمانی ، ل 29 .

ئەگەر فەرهادی سەرگەردان ، ئەگەر مەجنوونی دێوانە     ل 254

وەفایی دەڵێ : شەوقی جەماڵی یار نەبێ من مەست و حەیران دەبووم ، باسی جوانی یارەکەی دەکات ، کە چۆن گوڵ لەبەر جوانی ئەو بۆتە بولبول و چرا لەبەر جوانی ئەو بۆتە پەروانە و بە دەوریدا هەڵدەسوڕێ ، واتا : لێرەدا هەم ئاماژە بە بولبول دەکات ، کە هێمایە بۆ عەشقی زەمینی و پەروانەش هێمایە بۆ عەشقی حەقیقی ، لە دواتردا مەبەستەکەی ڕوون دەکاتەوە ، کە مەبەستی عەشقی حەقیقییە و دەڵێ : ئەگەر عارف لەکەعبەدا و ئەگەر کافر لە بتخانەیە ، لەبەر شەوقی جەماڵی تۆیە سەرمەستە و دەیەوێت : بڵێت عەشقی مەجازی هۆکارێکە بۆ عەشقی حەقیقی : کاتێك ڕۆژی ڕووناکی شەو هەڵدێت ، لە شیرینی جەماڵی تۆیە ، بۆیە فەهادیش سەرگەردان بوو و مەجنوونیش دێوانە بوو ، مەبەستی ئەوەیە بڵێت : جوانی جەمالی تۆ لە جوانی شیرین و لەیلا ڕەنگی دایتەوە ، بۆیە ئەوانیش لە جوانی جەمالی تۆدا عاشقی شیرین و لەیلا بوون ، چونکە سۆفییەکان عەشقی مەجازی دەکەنە هۆکارێك بۆ عەشقی حەقیقی و ئەوانەی بە دولبەر نەگەیشتوون دڵدارییەکەیان بەرەو گیانی دەچێت .

ترازا دوگمەکەی سینەی ، بە یاریی زولفی هات غەمزە

بەیان بەربوو لەلای چین ، با خەبەربن تیرە بارانە

وەفایی بۆ گوڵێکی سەر و باڵا شێت و شەیدایە

وەکو قومری دەناڵێنێ وەکوو بولبول غەزەلخوانە     ل 255

کە دەگاتە کۆتایی شیعرەکەی ، شیعرەکەی بەرەو عەشقی زەمینی دەڕوات تەنانەت وشەی " ئیرۆتیك" یش بەکاردەهێنێت ، ئەمەش وەکو ئەوە وایە ؛ دوو پارچە شیعری جیاوازبن ، چونکە هەریەکە لە شیعری دڵداریی و سۆفیانە ئەگەر چی لە هەندێ وشە و دەربڕیندا وەکو یەکن یان لەیەکدیی نزیکن ، بەڵام هەندێ وشەی فەرهەنگی تایبەت بەخۆشیان هەیە ، بۆ نمونە لێرەدا کاتێك وەفایی دەڵێ : ( ترازا دەگمەکەی سینەی غەمزەی بەربووە تیرهاوێشتن ... سینەی وەك بەیان ڕووناکی دا و گوتی : ئاگەدار بن بە غەمزە یار خەریکی تیرە بارانە ) ، ئەمانە شتانێکن بۆ عەشقی مەجازییش دەست نادات ! کە مەبەستی لایەنی ڕووحی بێت ، بەڵکو لە شیعری کراوە ئیرۆتیك و جەستەیی نزیك دەبێتەوە و دەڵێ : وەفایی بۆ ئەو کەسە شێت بووە ، کە باڵای وەك سەوڵە ، بۆیە

هاوار دەکات هەر وەك چۆن ؛ بولبول بۆ گوڵ و قومری بۆ سەوڵ دەخوێنێ ، ئەمیش بەم شێوەیە دەناڵێنێ ، لێرەدا عەشقی مەجازی بۆوەتە پایەی عەشقی حەقیقی و سەرەتاکانی ئەم عیشقە لەم شیعرەدا ڕەنگیداوەتەوە .

ـ زۆرجار عاشق بوونی شاعیر دەکرێتە مەرجی سەرەکی بۆ هەنگاونانی بەرەو عەشقی حەقیقی ، بەتایبەتی لای وەفایی ئەم حاڵەتە بەزەقی هەستی پێ دەکرێت . تەنانەت لە خودی یەك تێکستدا زۆرجار یار ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت لە مەجازییەوە بۆحەقیقی و لە حەقیقییەوەش بۆ مەجازی .

ـ زۆر ئاساییە یارەکەی هەر کەسێ بێت ، بەڵام جیاوازیی ئەم جۆرەی شیعر لەگەڵ شیعری جەستەیی دڵداریی ئەوەیە : لێرەدا خۆشەویستییەکە روحیە بەدەر لە بەها چێژوو سێکسییەکان . واتا : کلێشەیەکی شیعری هەیە کۆد و کلیەکانی یار دەست نیشان دەکەن

ـ عەشقی زەمینی لەگەڵ عەشقی حەقیقی جیاوازیی زۆرە لە عەشقی زەمینی لایەنی غەریزە و جەستەیی فاکتەری دروست بوونیەتی ، بەڵام لە عەشقی حەقیقی لایەنی ڕووحانی لەبەر چاو دەگیرێ ، بە پێچەوانەی عەشقی زەمینی هەرچەندی تۆ لێی بترسی زیاتر بەرە و ڕووی دەچی و خۆشت دەوێت ، هەر ناخۆشی و ئازارێك ، کە لەم ڕێگایەدا بێتە ڕێگای وەکو هەنگوین وایە لایان و چێژی لێوەردەگرن ، چونکە ( ئەوینی سۆفیگەری ڕاستەقینە لە ڕچە و ڕەوتە دنیا نەویستییەکانی دی جیا دەکرێتەوە ، خۆشەویستی خودایش وا لە مرۆڤ دەکات بەرگەی تێکڕای ئەو ئازار و نەهامەتییانە بگرێت و تەنانەت چێژیشیان لێ ببینێت .) [1]، بۆ هەر لایەك و شوێنێك بچێت هەست بە بوونی مەعشوقەکەی دەکات ، تەمەننا بەمردن دەخوازێت ، بۆ ئەوەی بە مەعشوقەکەی بگات ، بەم جۆرە باکی بە مردن نییە و خۆزگەی بۆ دەخوازێت ، بە پێچەوانەوە لە عەشقی زەمینی لە مردن دەترسێت و بە هۆکاری جیابوونەوەی لە مەعشوقەکەی دادەنێت .

بەم شێوەیە ؛ عاشق لە عەشقی حەقیقی پشت لە جیهانی مادیات دەکات و بەرەو جیهانی مەعنەویات و ڕۆحانی سەفەر دەکات ، ئارامی و ئاسوودەیی دەروونی لەم فەزایەدا دەبینێت ، ئینجا ئەم عیشقەش مەرجی خۆی هەیە ، چونکە عەشقی خودایی نورێکە ناچێتە دڵی هەموو کەسێکەوە ، بەڵکو ئامادەسازی و زەمینەسازی گەرەکە ، دەبێت نەفس و ڕووح لە هەموو پاڵنەرێکی

[1] شمیل ، ئانا ماری ، ڕۆحم مێینەیە (ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا ) ، ل 15 .

مادی و دونیادا خاڵی ببێتەوە ، بکەوێتە جیهانێك هەست بە بوونی خودا بکات لە هەموو کات و شوێنێکدا ، بەم شێوەیە لە چنگی ژەهری دونیا و سەرقاڵ بوون بە مادده دەربازی دەبێت ، لەناو جیهانی ڕۆحانییەت دەگەڕێ بەخۆشیە ڕاستەقینەکان ئاشنا دەبێت و تامی ژیانی حەقیقی دەکات .

کاتێك بەم عیشقە دڵەکان ئاودێر دەکرێت ، مەقامی مرۆڤ لە دونیا و دواڕۆژدا بەرزدەبێتەوە و خۆشەویست و ناسراو دەبێت ، بە پێچەوانەوە لە خۆشەویستی زەمینی مرۆڤەکان هەست بە نائارامی دەکەن و حەز دەکەن مەعشوقەکەیان تەنها هی ئەو بێت و بەس بە پێچەوانەی عەشقی حەقیقی ، کەسی عاشق حەزدەکات هەموو کەس مەعشوقەکەی خۆشبوێت و بگات بەم عیشقەی ، کە ئەم پێیگەیشتووە .

جگە لەمەش کەسێك ، کە گیرۆدەی عەشقی حەقیقی دەبێت ، دەچێتە ناو قووڵایی ئەم عیشقەو لە دواجاردا هەموو جۆرە ئەرك و پەرستشێکی لا ئاسان و خۆش دەبێت ، تەنانەت کاتێك تووشی کێشە و گرفتێکیش دەبێت دڵتەنگ نابێت و بە ئاسایی وەریدەگرێ و دەڵێ : مادەم لای خودای گەورە هاتبێت ئەوە بەخششی خۆیتی و بە حیکمەتی دەزانێت ، چونکە هەست دەکات خوداش ئەوی خۆش دەوێت .

یەکێکی دییش لە جیاوازییە سەرەکییەکان ئەوەیە ، لە عەشقی حەقیقی کەسی عاشق لە پێناوی گەیشتن بە مەعشوق هەموو شتێك دەکات ، تاوەکو هەرچی زووە بگات بە دیداری یار ، تەنانەت (مردن) بەلای خەڵکەوە ناخۆشترین شتە ، کە حەزناکەن بیریشی لێبکەنەوە ، بەڵام عاشق بە پێچەوانەوە ئەو پردەی ، کە بیگەیەنێت بە مەعشوق و بە دیداری یاری شاد بکات مردنە ، یان بە واتایەکی دی مردن بە حیجابی گەیشتن بە یار دادەنێت .

ـ یەکێکی دی لە جیاوازییەکانی دڵداریی و سۆفیگەری ئەوەیە ، کە کەسی عاشق و سۆفی هەردووکیان بۆ عەشقەکەیان دەسووتێن ، بەڵام لێرەدا سووتان دووجۆرە : ( سوتان بەئاگر و سوتان بە نوور ئەو کەسەی لە ئاگردا دەسووتێت دەبێتە خۆڵەمێش و نرخێکی نییە ، بەڵام ئەوەی لە نووردا دەسووتێ دەبێتە چرایەك ،کە خەڵکی ڕوناکی لێ وەردەگرن مەبەست لە ئاگر هەواو شەهوات و ئارەزوە و مەبەست لە نوور عەشق و مەعریفەتە ) [1]واتە : ئەمەش یەکێکی دیە لە جیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان بابەتی شیعری دڵداریی و سۆفیگەری .

---

[1] ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، ل 28 .

ئەنجام

# ئەنجام

وەفایی شیعری دڵداریی حەزلێکردنی هەیە دواتریش کەوتۆتە داوی خۆشەویستی و بە شێوەیەکی واقیعی پراکتیکی ئەمەی کردووە دواتریش بەرەو شیعری دڵداری مەجازی و شیعری خۆشەویستی خوایی هەنگاوی ناوە ، بەڵام شیعرە دڵدارییە خواییەکانیشی لە ژێر کاریگەریی شیعرە دڵدارییە جەستەیی و مەجازییەکانی دایە ، چونکە بەشێکی کەمی شیعرەکانی عوزرین واتا : بەئاشکرا باسی جەستەی ئافرەت ناکات ،

وەفایی شیعری ئایینی سەربەخۆی زۆر کەمە و لە پەنجەی دەست تێپەڕی ناکات بەڵام لەبەر ئەوەی وەفایی لە عەشقی مەجازییەوە چووە بۆ عەشقی حەقیقی . بۆیە شیعرە دڵدارییەکانی بە پلەی یەکەم دێن و دواتریش شیعری سۆفیانە و شیعری ئایینی دێت . شیعرەسۆفیگەرییەکانی وەفایی لە شیعرە دڵدارییەکانی زیاتر نزیك دەبێتەوە وەك لەشیعری ئایینی بە حوکمی ئەوەی شیعرە سۆفیانەکەشی کاریگەریی عەشقەکەی زیاتر لەسەرە وەك لە ئایینی .

وەفایی بەرەو سۆفیگەری فەلسەفی چووە ، بەڵام لە چوارچێوەی ئیسلامییەکەدا دەرنەچووە ، واتە : هەوڵیداوە لەگەڵ قورئان و فەرموودە بیگونجێنێ و زیاتر لە (300 ) وشە و زاراوەی سۆفیگەری لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە ، لەنێویشیاندا : یانزە مەقام و حەوت حاڵی بەکارهێناوە ، لەوانە : مەقامەکانی : تۆبە ، زوهد ، فەقر ، سەبر، ڕەزا ، شوکر ، خەوف ، ڕەجا ، تەجەروود کە مەقامی ( فەنا و بەقا ) ڕێژەیەکی بەرچاوی شیعرەکانی وەفاییان داگیرکردووە بەبەراود بە مەقامەکانی دی ، بەڵام حاڵی شەوق ڕێژەکەی زیادیە لە حاڵەکانی دی و دوادییش حاڵی جەزبە و مەحەببەت وجەمال دێن و دوای ئەوەش حاڵەکانی کەمال و قورب و وەجد دێن .

یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی شیعری وەفایی ئەوەیە : جاری وا هەیە، لەناو بۆتەی یەك شیعردا هەر سێ ناوەڕۆکەکەی شیعر دەبینرێ ، دەبینین : سەرەتا بە ئاینی دەست پێدەکات و لە ناوەڕاست دڵداری و لە کۆتایشدا بە سۆفیگەری کۆتایی دێت .-

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

جگە لە قورئانی پیرۆز و فەرمووده سوود لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە :

**یەکەم : سەرچاوە بەزمانی کوردی**

**أ ـ کتێب**


- ئاوایی ، ئەحمەد ، مەلا ئەحمەد ، عەبدوڵڵا ، نەقشبەند و نەقشبەندییەکان ، چاپی یەکەم ، (2018).
- ئەحمەدی، بابەك ، هەقیقەت و جوانی وانەکانی فەلسەفەی هونەی ، و. بابایی، مەسعود ، چاپخانەی خانی ، چاپی یەکەم، دهۆك ، (2008).
- ئەدهەم، موسعەب ، عیشقنامە ، خانەی چاپ و پەخشی رێنما ،چاپی یەکەم ، (2017) .
- ئەمین، عبدالقادر محەمەد ، وێنەی شیعری لە رێبازی رۆمانسیی کوردی دا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، (2002 ).
- ئۆکتار، د. عەدنان ، خۆشەویستی و خۆشەویستی خودا ، و. رێبین طاهر ، چاپخانەی نارین ، (2014) .
- باپیر، عەلی ، خواناسی ، ئایین ، ئیمان ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی دووەم ، هەولێر ، (2008) .
- بەرزنجی ، عەبدولڕەحمان بێلاف ، چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف ، ناوەندی فێربوون ، هەولێر ، چاپی یەکەم .
- بەرزنجی، عەبدولڕەحمان بێلاف ، شێخی سەنعان (لە دەقەوە بۆ تەسەوف ) ، ناوەندی فێربوون ، هەولێر ، (2019).
- بەستامیی، بایەزیدی; نانەوازادە، عەلی ، سوڵتانی عارفان ، دەزگای توێژینەوە و بڵاو کردنەوەی موکریان ، (2011) .
- پیربال، د. فەرهاد ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، کتێبخانەی بەڕێوەبەراتی گشتی و ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم، هەولێر ، (2004) .
- تەوەککولی ، محەمەد رەئوف ، مێژووی تەسەوف لەکوردستان ، و یوسف زاهیر هەورامی ، چاپی یەکەم ، (2015) .
- حەسەن ، حەمەسەعید ، توانەوە لەزەریای عەشقی خوادا ، چاپخانەی تاران ، چاپی یەکەم ، (2017) .

- حەمەغەریب ، تەحسین ، ئەدەب وەك ڕزگارکەر ( بەشی حەوتەم : وەفایی ) ، کتێبخانەی گەشە ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ،( 2019 ) .
- حوسێن ، هیمداد ، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ، چاپی یەکەم ، (2007).
- حوسێن، هیمداد ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ، چایخانەی دەزگای ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ( 2007 ) .
- حوسێن ، محەمەد تەها ، سایکۆلۆژیای خۆشەویستی ( بەراوردارییەك لەنێوان هەڵچوون و عەقڵانییەتدا ) چاپی یەکەم ، ناوەندی فێربوون ، (2019) .
- خاڵ ، شێخ محەمەدی ، فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی پەروەردە ، چاپی دووەم ، هەولێر ، (2005) .
- خەزنەدار، مارف ، مێژووی ئەدەبی کوردی ، چاپخانەی ئاراس ، بەرگی چوارەم ، (2004).
- خورشید، قانع ، عەشق لەنێوان عەقڵ و ئاییندا ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، (2005) .
- خۆشناو ، هێمن عومەر ، هێرمینۆتیکای شیعری سۆفیانەی مەحوی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، (2016) .
- وەفایی ، دیوان ، عوسمان دەشتی ، ، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ، (2012 ).
- سەعدوون، پ . ی. د. سامان عیزەدین ، دەقی کراوە ، بنەما و پراکتیك دەقی (زێوان)ی سەباح ڕەنجدەر بەنموونە ، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ، (2020).
- ڕەسوڵ، د. عیزەدین مستەفا ، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، (2009) .
- سیوەیلی،ڕێبوار ، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، چاپی یەکەم .
- شاکەلی ، ئەمجەد ، خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی ، چاپی یەکەم ، تاران ، ( 2019 ) .
- شەریعەتی، د. عەلی ، عاریفانەییەکان ، و. باخەوان ، چاپخانەی هێڤی ، ساڵی چاپ ؟
- شێخ حسێن ، کازم ، جوانیناسی عیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەددینی بریفکانی دا ، چاپخانەی گەنج ، چاپی یەکەم ، (2018) .
- شمیل ، ئانا ماری ، ڕۆحم مێینەیە (ئافرەت لە عیرفانی ئیسلامیدا ) ، و. زانا ناجی ، چاپخانەی ناوەندی زەند ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، (2020) .

– شوان، د. ئیبراهیم ئەحمەد، سۆفیگەری لە شیعرەکانی "صابری" ، ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری ، کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ، چاپخانەی کوردستان ، لە ڕۆژانی (8و 9 /11/ 2009 ) لەشاری کەرکوك .
– شوان ، ئیبراهیم ئەحمەد ، لێکدانەوە و ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس ، چاپخانەی سپیرێز ، دهۆك ، (2010) .
– شوان ، ابراهیم احمد (پ.د.) ، ئەدەبی کۆنی کوردی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، چاپی یەکەم ، (2010 ).
– شوان ، ابراهیم احمد ، شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا ، چاپخانەی هێڤی ، چاپی دووەم ، هەولێر ، (2014) .
– عبدالفتاح ، حمید احمد، تەسەوف و ڕێبازەکانی لە ئاوێنەی مێژوودا ، چاپی یەکەم ، (2015).
– عزیز، م . ی. ڕەنجدەر ازاد; کریم، باوەددین م.ی. شاخەوان ، جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە .
– عەبدوڵڵا و دەروێش ، عەلی ، حەبیب محەمەد ، مەولانا خالید موسافیرە بێ نیشتمانەکە ، چاپی یەکەم ، (2012 ).
– قەرەداغی، عەبدوڵڵا ، دەیری عەشق .... کاتێك ناخی مرۆڤ دەدوێ ، چاپی یەکەم ، (2012).
– قەرەداغی ، عەبدوڵڵا ، سۆفیگەری لە شیعرەکانی "صابری" ، ڤیستیڤاڵی شاعیری کورد صابری ، کراوەتە کتێب بەناوی صابری لەدوو توێی چەند لێکۆڵینەوەیەکدا ، چاپخانەی کوردستان ، لە ڕۆژانی ( 8و 9 /11/ 2009 ) لەشاری کەرکوك .
– قوشەیری، ئیمام عبدالکریم ، ریسالەی قوشەیری ، و. فتاح، عبدالکریم ، چاپی یەکەم ، ( 2016).
– کەسنەزانی ، بوشرا ، شیعری کلاسیکی کوردی و تابووشکێنی ، چاپخانەی سەردەم ، چاپی دووەم ، سلێمانی ، (2019) .
– کەڵهوڕ ، نەوزاد ، رەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی ، نوسینگەی تەفسیر ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، (2008 ).
– گەردی ، موحسین ئەحمەد مصطفی ، بەهاری ڕەوانبێژی ، بڵاوکراوەی نارین ، چاپی یەکەم ، 2013 .
– محەمەد، سمکۆ، دیالیکتیکی ئەخلاق و زانست ، ناوەندی ڕۆشنبیری مەم و زین ، (2021) .

- ناوخۆش ، سەلام ، عیرفان و وڵاتپارێزیی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا نوسینگەی تەفسیر ، چاپی یەکەم ، (2022) .
- نەقشبەندی، شێخ ئەمین شێخ عەلائەدین ، تەصەوف چییە ،چاپی سێیەم ، هەولێر ، (2015).
- وەزیری ، ئەمیر نەقشبەندی لە کوردستان وەرگێرانی : عەلی میر زا عارف هەورامی ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی ، چاپی دووەم ، (2020).
- وەسمان ، محەمەد ، فەلسەفەی سۆفیگەری لای ئیمامی غەزالی و بن عەرەبی و جەلالەدینی رۆمی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، (2013) .
- وەفایی ، دیوان ، لە ڕووی نوسخەکەی موحەمەد عەلی قەرەداغی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی موحەمەد سەعید نەجاری ئاسۆ ، چاپی سێیەم ، بڵاوکراوەی کوردستان ، 1395().
- وەفایی ، بیرەوەرییەکانی وەفایی ( تحفه المریدین ) ، وەرگێرانی محەمەد حەمەباقی ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی ، (2010) .
- **ب ـ گۆڤار**
- . اسماعیل، د. ڕێبوار محەمەد ، ڕەهەندەکانی ڕەخنەی ڕۆمانسیزم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە ساڵانی 1920 ـ 1975 ، گۆڤاری ئەکادیمیا ، (2020) .
- بەرزنجی، د. عثمان عەبدول ، خۆشەویستی و ئافرەت و جیهانی شیعری ـ مەدهۆش ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، کانوونی دووەم ، ژ. 141 ، ( 2012 ) .
- بەرزنجی، د. عثمان عبدول ، جوانی و ڕەنگدانەوەی لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، کانوونی دووەم ، (2010) .
- حەسەن، پ.ی.د. لەتیف محەمەد ، ڕەهەندەکانی جوانی کچ لە هۆنراوەی بۆ کچیکی بێگانەی گۆراندا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژ. 17ی نیسان ، (2006) .
- حسەین، د . هەڤاڵ ئەبوبەکر، غەزەل لە ئەدەبیاتی نوێی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە 141، (2012 ) .
- حسین، م . ی . ناهیدە، ڕەنگدانەوەی عەشق لە شیعرەکانی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی) دا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ، ژمارە 46 .
- دەشتی، وەفایی عوسمان ،دیوانی وەفایی ، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی ، (2011) .
- زەند ، سیروان جەبار ئەمین ( پ.ی.د.) ، بەسەنتەرکردنی چەمکی مەعشوق و چەمکی ئەویدی لەناو جیهانبینیی مەحوی و ئیمانۆئێل لڤیناس دا ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی 3 ، ژمارە 3، پایزی ، (2020 ) .

- عزیز، م . ی. ڕەنجدەر ازاد; کریم، باوەددین م.ی. شاخەوان ، جوانی ئافرەت لەنێوان گۆران و هەردیدا لە هەردوو دەقە شیعری لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە ، گۆڤاری توێژەر ، بەرگی 2 ، ژمارە 2 بەهار (2019 ) .
- عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، ژمارە یەکی ساڵی (2008) .
- عەلی ، جەعفەر (د.)، لەبارەی ڕێبازەکانی سۆفیزم لە کوردستاندا ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، 1مارە یەکی ساڵی (2008).
- غەریب ، تەحسین حەمە ، عەشق و دین و ئومێد ، گۆڤاری هەژان، ژ. 13 .
- +قارەمانی، جەعفەر، شێخ ئەحمەدی سەید ئەسعەد ، جوانیناسی و شیعری هێمن ، پژوهشنامە ادبیات کردی سال سوم ، پاییز و زمستان شمارە 4 ، (1396).
- محەمەد، پ . د. محەمەد دلێر ئەمین; میرە ، محەمەد ڕەشید م.ی ئەحمەد ، گۆڕینی وێنەی مەعشوق لە نیشتمانەوە بۆ ژن لە دیوانی (ئێستا کچێك نیشتمانە ـ ی شێرکۆ بێکەس ) دا ، گۆڤاری زانستی زانکۆی هەڵەبجە ، ژ. 76 .

- **ج ـ فەرهەنگ**
- شوان، ئیبراهیم ئەحمەد ، فەرهەنگی زاراوەی سۆفیانە ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، (2010) .
- هەژار، هەنبانە بۆرینە فرهنگ کردی ـ فارسی ، تهران ، سروش ، یك جلدی ، چاپ اول ،( 1369 ) .
- **د. نامەی ئەکادیمی**
- عبدالقادر، فرید حمید ، سۆفیگەری مەولەوی ، کۆلێژی زانستە ئیسلامییەکان ، زانکۆی سلێمانی، (2018) .

- **ە ـ ئەنتەرنێت**
- زەندی سیروان (د.) ، شیعر و عیرفان ،بەرنامەی ماڵی عاریفان ، 23/ 6/ 2016 .https://www.youtube.com/watch?v=JzV2NBNi3P0
- شاد ، محمد ، عەشق و مەعنەویەت ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، 10 / 6/ 2016 .

- .شوان ، د. ابراهیم احمد (د.) ، دەیری عەشق ، بەرنامەی ماڵی عاریفان ، 10 / 6/ 2016 .
https://www.youtube.com/watch?v=Q2SVr2J3Ilo
- کەسنەزانی ، بوشرا ،پەیوەندی عیرفان و شیعر ، بەرنامەی ئێوارەی Nrt .
- میران ، علی صالح،پەیوەندی نێوان ئایین و ئەدەب .

**- دووەم سەرچاوە بە زمانی عەرەبی**

**- أ ـ کتێب**

- ابن عربي ، الفتوحات المكية ، ج 1 دار صادر ، بيروت .
- اللمع لأبی نصر السراج الطوسی ، محمود، الدكتور عبدالحليم; سرور، عبدالباقی طه ، دارالكتب الحديثه بصره ، (1960).
- النشار ، مصطفى ، مدخل جديد الي فلسقة الدين ، الدار المصرية اللبنانية ، طبع الطبعة الثانية ، (2015) .
- هداجي ، محمد ، اصطلاحات الصوفية ، اشراف : نورالدين سعيداني ، ريسالة ؟ ، كلية الآداب والغات قسم اللغة والأدب العربي (2015).
- محمود ، د. عبدالقادر ، الفلسفة الصوفية في الاسلام ، ط 2، دار الفكر العربي ، (1966 ).

**- ب ـ فەرهەنگ**

- صليبا ، جميل ،المعجم الفلسفي،المجلد الأول ، دارالكتاب اللبناني بيروت ، ،1978م، مادة الدين .

شوان ، ابراهیم احمد ، فەرهەنگی سۆفییانەی دیوانی جزیری و مەحوی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، (2010) .

پاشکۆ

حكومةتی هەرێمی كوردستان/ عيراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆكایەتی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
گۆڤاری پۆلیتەكنیك
بۆ زانستەكانی مرۆڤایەتی و كۆمەلایەتیەكان

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Erbil Polytechnic University Presidency

حكومة اقليم كوردستان/العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
رئاسة جامعة اربيل التقنية
مجلة بوليتكنيك
للعلوم الانسانية والاجتماعية

No.:
Date:

ژمارە: ٤٤٤١
رێكەوت: ٥ / ٥ / ٢٠٢٣ی زایینی
/ / ٢٧٢٢ی كوردی

بۆ توێژەری بەڕێز/

**م.ی. سۆزان برایم حمید، بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین.**
**بەشی میكانیك و ووزە، كۆلێژی تەكنیكی ئەندازیاری هەولێر، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر.**
**پ.د. ابراهیم احمد شوان، بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین.**

**ب/ڕەزامەندی بڵاوكردنەوەی توێژینەوە**

سڵاو و ڕێز .....
بە خۆشحاڵیەوە ئاگاداری بەڕێزتان دەكەینەوە كە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پۆلیتەكنیك بۆ زانستەكانی مرۆڤایەتی كۆمەلایەتیەكان بڕیاریدا بە پەسەندكردنی توێژینەوەی بەڕێزتان بە ناونیشانی (**جۆرەكانی شیعری دڵداری لە شیعرەكانی وەفایی دا**) بۆ بڵاوكردنەوە لە گۆڤارەكەمان دوای هەڵسەنگاندن وە هەبوونی گشت مەرجەكانی بڵاوكردنەوە لە توێژینەوەكەتان چاوەڕێی كاری داهاتوتانین سەركەوتوو بن.

لەگەل ڕێزدا...

پ.ی.د یوسف مصطفی رسول
سەرۆكی دەستەی نووسین

وێنەیەك بۆ
- سكرتێری لێژنە.
- دۆسیەی تایبەت.

Repubilc of Iraq
Ministry of Higher
Education and Scientific Research
Tikrit University
College of Education for women
Journal of Language Studies

جمهورية العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة تكريت
كلية التربية للبنات
مجلة بحوث اللغات


العدد: 143
التاريخ: 19/2/2023

الى / م.م سوزان برايم حميد / المحترمة
أ.د إبراهيم احمد شوان المحترم

م/ قبول نشر

تَحية طَيبة ...

يسر هيئة تحرير مجلة بحوث اللغات ان تعلمكم بأن بحثكم الموسوم بـ :

زاراوه مه قام و حال له شيعره كانى وه فاييدا

والذي سبق وان تقدمتم به الى مجلتنا لغرض النشر قد اجيز من قبل هيئة التحرير بعد اخضاعه للتقييم العلمي وفق ما تقضي به التعليمات؛

وإذا نهنئكم بقبول هذا البحث للنشر، نأمل أن يستمر تواصلكم معنا ورفدكم لمجلتنا بنتاج فكركم المتميز.

مع التقدير ...

نسخة منه الى//
– أدارة المجلة / لاتخاذ ما يلزم
– صادر صلاحيات

أ.د. هدى صلاح رشيد
رئيس التحرير
2023/2/19


موقع المجلة الإلكتروني Jls.tu.edu.iq
ISSN:6224-2616 print
ISSN:2663-9033 online
رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد 2282 لسنة 2018


Scanned with CamScanner

**Abstract**

This dissertation which entitled ‘ Wafaee among Love, Religious and Sufism Poetry”, delves into the themes of love, religion, and Sufism in the poetry of Wafaee. Comprising five chapters, a conclusion, and a reference list, the study aims to identify and explore the multifaceted aspects of Wafaee's poetic endeavors.

The first chapter addresses several theoretical facets pertinent to the subject matter. It encompasses an exploration of Wafaee's life, the conceptual framework and definition of poetry, the interplay between poetry and themes of love, religion, and Sufism, and a specific focus on the portrayal of love and love poetry within Kurdish literature. Additionally, this chapter presents the origin and significance of religion in Kurdish literature, various definitions of Sufism, the emergence of Sufism, the adoption of Sufi methodologies in Kurdistan, and the manifestation of Sufism among Kurdish poets.

Subsequently, the second chapter critically dissects the primary characteristics distinctive to Wafaee's poetry, categorizing and analyzing the various typologies of love poetry attributed to Wafaee based on these discernible characteristics.

The third chapter investigates Wafaee's religious poems, while the fourth chapter is dedicated to analyzing his Sufi poetry.

The fifth and final chapter aims to elucidate the similarities and distinctions among the three focal points of the study: love, religion, and Sufism. Ultimately, the study concludes that although Wafaee predominantly is identified as a Sufi and produced religious and Sufi poetry, the quantity of his love poems surpasses that of his Sufi works. This is primarily due to the stylistic approach he employed, infusing his Sufi poetry with the essence and conventions of love poetry.

**Keywords: Wafaee. Poetry, Love, Religion , Sufism**

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Wafaee between Love، Religious and Sufism Poetry

A Dissertation
Submitted to the Council of the College of Language at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of PhD in Kurdish Language/Literature

By
**Sozan Braim Hameed**
BA in Kurdish Language and Literature / Salahaddin University – Erbil – 2012
MA in Kurdish Literature / Salahaddin University – Erbil – 2016

Supervised by
**Prof. Dr. Ibrahim Ahmad Shwan**

Erbil, KURDISTAN
December 2023